# چریکەی حەزرەتی یوسف

# یا

# تەفسیری سوورەتی یوسف

نووسین و لێکۆڵینەوە:
محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێتێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

# چریکەی حەزرەتی یوسف

# یا

# تەفسیری سوورەتی یوسف

نووسین و لێکۆڵینەوە:
محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن کورتە، بۆ کەڵک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە رۆحــی ئێـمە
بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفرین: ویـلتێـر.

* شناسنامە:

* چریکەی حەزرەتی یوسف

* نووسین و لێکۆلینەوە:

* نوسراوی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

* ئوستادی دانشگـاه مـذاهب ئیسلامی دانشگای تاران.

* چاپی ٢٠٠٣ ی زاینی و ١٣٨٢ و ٢٧٠٣ ی کوردی.

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کـە تـەمەن، چـەن کورتە، بۆکەلک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێتێ
رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خویدا دەبارێنێ (شەپۆل)

# سەرەتا

## چریکەی حەزرەتی یوسف و واتاکردنی سوورەتی یوسف

سوورەتی یوسف لە مەککە نازل بووەو بە بیسمیللاوە ۱۱۲ ئـایەت و ۱۷[۶۶] بێژەو ۷۱[۶۶] پیتەو ۱۲ بەشەو تەواوی ئەم سوورەتە لە بابەت چریکەو چیرۆکی سەرنجڕاکێش و شیرینی حەزرەتی یوسف پێغەمبەرە. جا هەر لەبەر ئەمەیش بـە سوورەتی یوسف ناونریاوەو بە تێکڕا ناوی حەزرەتی یوسف لە قورئاندا (۲۷) جار بردراوە کە ۲[۵] جاری لەم سوورەتە دایەو جـارێکیش لە سـوورەتی غـافر، ئایەتی ۳[۴] و جارێکیش لە سوورەتی ئەنعام، ئایەتی ۸[۴] دا ناوبراوە.

بەشی یەکەم: باشترین چریکەمان بۆ تۆ گێڕایەوە، بە هۆی ئەم قورئانەوە کە بە تۆمان وەحی کردو بەر لەمە تۆ لە غافڵان بووی.

بەشی دووەم: (لە چارەنووسی یوسف و براکانیدا پەندو عیبرەت گەلێ هەیە، چونکە وتیان: یوسف و بنیامینی[(۱)] برای لای باوکمان لە ئێمە خۆشەویستترەو ئاژاوەی تیا بردنی یوسفیان نایەوە.

بەشی سێوەم: (خەون لێکدانەوەمان) بە یوسف فێر کردو خاوەنی میسر کە

---

۱ - نوکتە: حەزرەتی یەعقوب ۱۲ کوڕی بەم ناوانە هەبووە: روبیل، شەمعون، یەهودا، لاوی، نـەفتالیل، جاد، دان، زبالون، یەشحەر، ئەشەر، یوسف و بنیامین کە ئەم دووانەی ئاخر لە ژنی دووەم بـە نـیوی (راحیل) بوون کە راحیل دوای لە دوای ئەوەی بنیامینی بوو، خۆی مردو لەسەر زگ چو.

یوسفی کڕی بوو، بە ژنەکەی خۆی وت: ڕێزی یوسف بگرە، قازانجی بۆ ئێمە هەیە، بەڵکو بیکەینە کوڕی خۆمان.

بەشی چوارەم: (ئەمەیە ئەو کەسەی کە منتان لەسەر ئەو سەرزەنش و سەرکۆنە دەکرد)، ژنەکانی شار وتیان: ژنی عەزیزی میسر دڵی بە غوڵامەکەی[1] خۆی داوەو بۆی نەماوە.

بەشی پێنجەم: (دوو لاو چوونە بەندیخانە) بە یوسفیان وت: خەونمان دیوە، تکایە بۆمان لێک بدەوە.

بەشی شەشەم: (پاشا وتی: من حەوت گای قەڵەوم لە خەودا دیوە) کە حەوت گای لەڕ ئەوانی دەخوارد، واتاکەی چی‌یە بۆمان بەیان بکە.

بەشی حەوتەم: یوسف بە فیرعەونی وت: بمکە خەزێنەداری میسر کە راگرو زانا بەم کارەم.

بەشی هەشتەم: براکانی یوسف هاتنە لای یوسف، ئەوانی ناسی، بەڵام ئەوان یوسفیان نەناسی.

بەشی نۆیەم: وتیان ئاوخۆری (جامی) پاشامان گوم کردووە؟ بۆ کەسێ کە بیهێنێتەوە، باری وشترێ گەنم مزگێنی ئەدەینێ.

---

١ - بە مەولا گەر لە مەولا دڵ بە قوربانت نەبێ نابێ
بە دڵ گەر دڵ موتیع و بەندە فەرمانت نەبێ نابێ
کەسێ مەقسودی کەسبی دەوڵەتی قوربی حەقیقەت بێ
غوڵامی بۆ غوڵامانی غوڵامانت نەبێ،نابێ
«ناری»

بەشی دەهەم: چاوەکانی یەعقوب لە دوری یوسف لە بینایی کەوت و سۆمای نەما.

بەشی یازدەهەم: یەعقوب وتی: بۆنی یوسف دەکەم.

بەشی دوانزەهەم: لە گێڕانەوەی ئەم چریکەو چیرۆکەدا پەندو ئـامۆژگاری هەیە بۆ ژیران و ئەمە قسەیەکی سازکراو نیە.

چریکەی حەزرەتی یوسف کە لە تەورات بە (JOSEPH جوزیف) ناو براوە، یەکێکە لە چریکە درێژەکانی ئیسلامی و قورئانی. (ثعالبی) دەنووسێ کـە ئـەم چریکە پڕو تەژی‌یە لە نوکتەی جوان و پەندو ئامۆژگاری و حیکمەت، یوسف بە نمونەی پیاوەتی و گەورەیی و ئازایی و پاکی و چاکی و لێبوردویی، دەناسێنرێ. هەرچەندە چریکە بێژانی بێ ئارمانج و یا ئەوانـەی ئـامانجی پـەستو پـیس و ئالودەیان هەیە، کۆشاون کە لەم بەسەرهاتە شیرینە داستانێکی عەشقی بزوێنەر بۆ هەوەسبازان بسازن و دیمەنی راستەقینەی یوسف و بـەسەرهاتی ئـەو بگـۆڕن و تەنانەت بە وێنەی فیلمێکی عەشقی بیخەنە سەر پەردەی سینەما، بەڵام قـورئان هەموو شتێکی ئوسوەو نمونەیە. جا ئەوەیە کە لە لابـەلای ئـەم چـریکە جـوانو شیرینەدا بەرزترین پەندو دەرسی عیففەت و پاکی و چاکی و پاکداوێنی و بـێ خەوشی و خۆڕاگری و تەقوا و خۆپارێزی و بڕواو باوەڕو دەسەڵاتداری بەسەر نەوس و نەفسدا، رەنگ ئەداتەوەو مرۆڤ بۆ پاکی و چاکی و خوی باش و پیاوانەو مرۆیانە بانگ دەکاو فێری خو و ئاکاری پیاوانەو ئینسانانەو خودایی دەکا. ئـەم چریکە ئەونە شیرین و دڵگیرە کـە هـەر ئـینسانێک هـەرچـەند ئـەم بـەسەرهاتە

بخوێنێتەوە، هێمان لە کاتی خوێندنەوەیدا ئەکەوێتە بن شوێن دانانی جەزبەکانی مەعنەوی ئەم داستانە.

هەر لەبەر ئەمەشە کە قورئان ئەم چریکەی بەناوی (اَحْسَنَ الْقَصَص: باشترین چریکە) ناو ئەباو ئەڵێ: ئەم بەسەرهاتە بۆ خاوەن مێشکان دەرس و پەندو عیبرەتە (لاولوا الالباب).

قارەمانەکانی ئەم بەسەرهاتە حەقیقەتیان بۆ هەیەو ساز نەدراون و ئەمە خۆی نیشانەی کشگێری و ئیعجازی قورئانەو چریکەکە بێ وێنە دەکا.

بۆ وێنە قورئان لەم قارەمانانە قسە دەکا:

حەزرەتی ئیبراهیم قارەمانی بوتشکێن، وە بەو ڕۆحە بەرزەوە کـە لە راست تاغوتیاندا هەیبوە.

حەزرەتی نوح ئەو قارەمانە بە تابشتو خۆڕاگرو دڵسۆزە، بەو تەمەنە درێژو پڕ بەرەکەتەوە کە هەیبوە.

یوسف ئەو قارەمانە پاک و خۆپارێزە لە راست ژنی جوان و گزیکاردا.

بێجگە لەمەش قودرەتی بەیانی وەحی قورئان لەم چریکەدا بە جۆرێ خۆی نواندوە کە مرۆڤ مات ئەمێنێ، چونکە لە هەندێ مەبەست دا ئەگاتە چتگەلێکی باریکی عەشقی، وە قورئان بێ ئەوەی خۆی لێ لابدا یا خۆی لێ بـبوێرێ ئـەو شانۆیانە بە ریزەکارییەکانیەوە جۆرێک بەیان دەکاکە چکۆلەترین هەستی مەنفی و نامەتلوب لە بیسەر دا بەدی ناهێنێ.

قورئان خۆ دەخزێنێتە نێو هەموو رازو رەمزەکانی ئەو چریکە، بەڵام لە هەمو

شوێنێکدا تیرێژو تیشکی پڕ تینی لە تەقواو پاکی و چاکی و بێخەوشی باسەکان دەگرێتە بەر.

چریکەی یوسف بەر لە ئیسلام و دوای ئەو، بێ شک بەر لە ئیسلامیش چریکەی یوسف لە نێو خەڵک دا ناودار بووە.

چونکە لە تەوراتیشدا لە کۆی ٣٧ تا ٥٠ بە درێژی قسەی لەو چریکە کردوە.

شاعیرانی کوردەواریش لە بابەت بەسەرهاتی حەزرەتی یوسفدا دادی هەستیاری‌یان داوەو لەو چریکە جوان و ڕەنگینەدا خۆیان بە باشی ڕاناوەو بە کوردی بۆ کوردەواری‌یان داناوە(١).

چریکەو بەسەرهاتی حەزرەتی یوسف تێکڕا لەم سووڕەتەدا بەیان کراوەو نەتیژەی لێگیراوە، جا ئەوەیە کە لە ئاخری ئەم سووڕەتەدا دەخوێنینەوە، کاتێ حەزرەتی یەعقوب و براکانی یوسف دێنە میسرو لە ڕاست یوسفدا سەر دەچەمێننەوە، یوسف عەرزی باوکی دەکا: (یا اَبَتِ هذا تأویلُ رُؤیایَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلَها رَبّی حَقّاً - ئایەتی (١٠١) - واتا: باوە! ئەمە واتای ئەو خەونەیە کە لەبەرا دیبووم، خوا ئەوەی بەڕاست گێڕا.

---

١ - شەوی نوری ڕوی یوسفی سەروەر ... وەک ڕۆژی ڕوناک ئەبی شوعلەوەر
درگای ڕەحمەتی بۆ کرایەوە ... چوار بەشی جوانی بۆ ئەو مایەوە
ئادەم ئەمەی بیست بە کامرانی ... یوسفی بانگ کرد نایە سەر ڕانی
ئەم نازدارە یوسفی زەمان ... نەمامی باخی یەعقوبی کەنعان
ئەبێ بە شاهی خاوەن تەخت و تاج ... فەقیرو هەژار بەو ئەبن موحتاج
یوسف و زولەیخای محەمەدئەمین - چاپی ١٩٨٠.

لە قورئاندا کاتێ قسە لە پێغەمبەران دەکرێ، ملە بە ملانێی ئەوان لەگەڵ ستەمکاران و تاغوتیاندا دەگێڕێتەوە کە سەرەنجام هەندێ بڕوایان پێ دێنن و هەندێ کەسیش بە دژیان دەوەستن و باوەڕیان پێ ناکەن، بەڵام لە سووڕەتی یوسف دا خوا تەنیا قسە لە ژیان و بەسەرهاتی خودی یوسف دەکا کە چلۆن لە نێو گێژەلۆکەی ژیاندا تێدەپەڕێ و سەرەنجامیش بە میری و مەزنی دەگاو حوکومەت دەکا کە لە خودی خۆیدا بێ وێنە یاکەم نمونە بووە.

نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

❋ ❋ ❋

سوورەتی موبارەکەی یوسف:

١- بِسْمِ اللّٰه الرَّحْمٰنِ الرَّحيم.

٢- آلرا تِلْکَ آیاتُ الْکِتاب المبین.

٣- اِنَّا اَنْزَلْناهُ قُرْاناً عَرَبیاً لَعَلَّکُمْ تَعْقِلُون.

٤- نَحْنُ نَقُصُّ عَلَیْک اَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا اَوْحَیْنا اِلَیْکَ هٰذا الْقُرآن وَ اِنْ کُنْتَ مِنَ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغافِلین.

واتا:

١- بەناوی خوای بەخشەرو دەهەندەو دڵاواو دڵلاوێن.

٢- ئەوە نیشانەو ئایاتی کتێب و پەڕاوەی ئاشکراو دیاریدەرە.

٣- ئێمە ئەوەمان بەناوی قورئانی عەرەبی نازڵ کردووە تا ئێوە دەرکی بکەن (و بیری لێ بکەنەوە).

٤- ئێمە باشترین بەسەرهاتمان بۆ تۆ گێڕایەوە، لە ڕێگای وەحی کردنی ئەم قورئانەوە بە تۆ، هەرچەن بەر لەوە لە غافڵان بووی.

ئەم سوورەتەش بە پیتی (ئەلف و لام و رێ) دەس پێ کراوەو ئەمەش نیشانەی عەزەمەتی قورئانە کە لە سادەترین پیتی ئەلفەبێتکە ساز دراوەو ئاوا پڕو پڕ ناوەرۆکە، ئەشێ هەر لەبەر ئەمە بێ دوای ناو بردنی ئەم پیتانە، دەس بەجێ ئیشارەو ئاماژە بە عەزەمەتی قورئان دەکاو دەفەرمێ: ئامانە نیشانەو ئایاتی کتێبی ئاشکراو دیاریدەرن.

کتێبی ڕووناکیدەرو جیاکەرەوەی حەق لە باتڵ، کتێبی نیشاندەری ڕێگای ڕاست و سەرکەوت و ڕزگاریدەر.

(تلک آیات الْکتاب المبین)، سەرەنجڕاکێشە لەم ئایەتەدا ئیسمی ئیشارەی دور (تلک) بەکار براوە کە وێنەی ئەوە لە سەرەتای بەقەرەو هەندێ سوورەتی دیکەی قورئان کەڵکی لێوەرگیردراوە، وە ئەمانە خۆی نیشانەی عەزەمەت و بەرزی بڵیندی ئەم ئایەتانەن، یانێ بە جۆرێکی وا بەرزو تەرز و بڵیندن کە دەڵێی لە

شوێنێکی زۆر زۆر دورن. لەسەر سەرەوەی ئاسمانەکاندان، لە ناخی هەوای بێ سنوری لای خوان کە بۆ گەیشتن بەوانە، ئەبێ زۆر تەقالا بدەین و تێبکۆشین، تا بیانکەینە سەرمەشق بۆ ژیانی باش و بە کەڵک و مرۆڤانی و خودایی.

لە پاشان قسە لە ئامانج و مەبەست لە نازڵ کردنی ئەوانە دەکاو دەفەرمێ: (اِنَّا اَنْزَلْناهُ قرآناً عربیاً لَعَلَّکُمْ تَعْقِلُون) - واتا: ئێمە ئەم قورئانەمان بە عەرەبی بۆ ناردن تا بە چاکی دەرکی بکەن و فێری ببن.

مەبەست تەنیا خوێندنەوەو مدفەرک بوون نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە، دەرکی بکەن، بە جۆرێکی وا مرۆڤ رابکێشێ بۆ لای عەمەل کردن بە واتاکانی کە پەندی لێ وەربگرین و بیکەینە هۆی کارو کردەوەمان و خوی پێوەبگرین و لە هەستان و دانیشتن و ژیانماندا عەمەلی پێ بکەین، تا پێشکەوین و سەرکەوین.

بەڵام عەرەبی بوونی قورئان، لەبەر ئەوەیە کە قورئان بە عەرەبی نازل بووە، کە پێغەمبەر عەرەب زمان بووەو زمانی عەرەبیش زمانێکی خۆشە و لە دە شوێندا عەرەبی بوونی قورئان دوپاتە کراوەتەوە، ئەمە خۆی وەلامێکە بۆ ئەوانە کە دەیانوت ئەم ئایەتانە لە مرۆڤێکی عەجەمەوە وەرگیراوەو سەرچاوەی وەحی بۆ نیە.

لە پاشان دەفەرمێ: (نَحْنُ نَقُصُّ عَلیک احسن الْقَصَص بما اَوْحَیْنا اِلَیْکَ هٰذا الْقُرآن وَ اِنْ کُنْتَ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الْغافِلین) - واتا: ئێمە باشترین چریکەمان لە رێگای وەحی یەوە بۆ ناردی و بە هۆی ئەم قورئانەوە بۆت دەگێڕینەوە، هەرچەندە بەر لەمە تۆ لە غافڵان بووی.

هەندێ لایان وایە (اَحْسَنَ الْقَصَص) ئیشارە بە هەموو قورئانە و رستەی (بما اَوْحَیْنا اِلَیْکَ هٰذا الْقُرآن) بە قەرینەی ئەوە دەزانن.

❋ ❋ ❋

# نەخشی چریکەو چیرۆک لە ژیانی مرۆڤدا

بەسەرنجدان بەمە کە بەشی زۆر گرینگ لە قورئان بە وێنەی بەسەرهاتی هۆزو نەتەوەی پێشین و بە وێنەی چریکەو چیرۆکی رابوردوان بەیان کراوە، جا بۆچ ئەم قورئانە مرۆڤ سازە وا زۆر بە وێنەی مێژوو، چریکە قسە دەکا، لەبەر ئەمانە:

١-مێژوو ئازمایشتگەی مەبەستی جۆر بە جۆری ژیانی بەشەرەو ئەوەی مرۆڤ بە بەڵگەی ئەقڵی لە بیر و مێشکی خۆیدا دەیرازێنێتەوە، لەسەر لاپەڕەی مێژوودا بە وێنەی عەینی، بە دەسی دەهێنین. دیارە جێگای دڵنیایی‌ترین مەعلوماتیش هەر ئەوەیە کە باری (حِسّیی) هەبێ. نەخشی مێژوو لە نیشاندانی واقیعیاتی ژیاندا بە چاکی دەرک ئەکرێ.

مرۆڤ بە چاوی خۆی لە لاپەڕەی مێژوودا تێشکانی هۆزو نەتەوەیەک ئەبینێ کە لە سوێنگەی دژایەتی و لێکجیابوون، توشی ئەو تێشکان و کزو کەساسیە هاتوون، وە هەروا زاڵ بوون و سەرکەوتنیش بەسەر دژو دوژمناندا لە سایەی یەکبوون و یەکیەتی و یەک دڵ و یەک زمانی و هاورەنگی و هاودەنگیانە.

مێژوو بە زمانی بێ زوانی خۆی نەتیجەی قەتعی و غەیرە ئینکار-ی فێرگەو مەکتەبەکان (رەوشتەکان)، وە بەرنامەی هەر هۆزو نەتەوەو تاقمێک بۆ ئێمەمانان دەگێڕێتەوە.

چریکەو چیرۆکی پیشینان کۆمایەکە لە پڕ بایەخترین ئەزمونی ئەوان. ئەشزانین

کە بەرهەمی ژیان بێجگە لە ئەزمون و جەرباندن چتێ تر نیە.

مێژوو ئاوێنەیەکی بالانوێنە، کە لەش و لاری کۆمەلگای مرۆڤانی و ئینسانی لە خۆیدا نیشان ئەدا و دەینوێنێ، ناحەزی و جوانی لەباری کامڕەوانی و ناکامی، سەرکەوت و بن کەوت و تێشکان، بەرزی و نزمی، ئازایەتی و خوێڕیەتی، جوامێری، نامێرانی، پیاوەتی و ناپیاوی، نانبدەیی و دەس قوچاوی و چاوچنۆکی و چاو نەزێری و دەس و دڵ بازی و دلاوایی و دڵلاوێنی، قورسی و سوکی، پاکی و پیسی، راستی و ناڕاستی، دزی و گزی و فزی و بێخەوشی، داوێن پاکی و لەش پیسی، پارێزگارو خۆپارێز و بێ پارێز، لێنەوین و لێ بڕان، دواکەوتن و وچاندان، بووژانەوەو پوچانەوە، گوڵ کردن و پوشکان و نەپوشکان، کوێر بوونەوە، وە هۆی هەر یەکە لەوانە لە ناخی دڵی مێژوودا نووسراوەو بۆ بەرەی داهاتو نیشان کراوەو پێیان نیشان دراوە.

جا هەر لەبەر ئەمەیە خوێندنەوەو بەسەرهاتی رابوردوان، تەمەنی مرۆڤ دروست بە ئەندازەی تەمەنی ئەوان درێژ دەکاتەوە. چونکە مێژوو زۆر بە دلاوایی، بێ چاو نەزێری،کۆم و کۆگای ئەزمونی دەورانی تەمەنی ئەوانەت لەبەر دەس دا دەنێ، ئەڵێ: ها! فەرمو! ئەزمون و پیاوەتی و پەندی لێوەر بگرە.

دیارە مەبەست مێژوویەکە، کە درۆو دەلەسەی تیا نەبێ و راستی و دروستی نووسی بێ، بەلام بەداخەوە، ئەم جۆرە مێژووانەکەمن،وەگیر ناکەون، جا لەبەر ئەمە ئەبێ نەخشی گرینگی قورئان لە نیشان دانی وێنەگەلێ لە مێژووی رەسەن بگرینە بەرچاو، بە جوانی فێری بین و ئەزمونی لێ بەدەس بێنین و عەمەلی پێ بکەین.

مێژویەک هەروەکو ئاوێنە ساف بێ و بێ گەرد بنوێنێ، نەک تۆزی درۆو

دەلەسەو ریا بەری گرتبێ، مێژوویەک کە تەنیا رووداوی نەنووسی بێ، بەڵکو کۆڵی بێتیەوەو رەگ و ریشەی دەرخستبێ و نەتیجەی لێ وەرگرتبێ، هەروەکو پیوازی پاک کراو لەبەر دەستی خوێنەرانی دابنێ. جا هەر لەبەر ئەمە قورئان کە کتێبێکی بەرزو تەرزی فێرکردن و بارهێنان و راهێنانە، بۆ ئەزمون فێرکردن و پەندو ئامۆژگاری دادان، لە مێژوو و چریکەو چیرۆکی پێشینان کەڵک وەردەگرێ و میسال دێنێتەوە تا زیاتر پەند وەربگرین و زیاتر فێر بین و زیاتر تێبگەین و زیاتر بزانین.

٢-بێجگە لەوانەش مێژوو و چریکە جازیبەیەکی تایبەتی هەیە و مرۆڤ لە هەمو تەمەنی خۆیدا لە منداڵیەوە تا پیری ئەکەوێتە بن تەوژم و بن شوێن تێکردنی ئەو جازیبانە. جا هەر لەبەر ئەمەیە بەشی زۆر گرینگ لە بێژەو وێژەو وێژەوانی و وێژاوەری جیهان، وە بەشێ زۆر گەورە لە ئاسەوارو شوێنەواری نووسەران، بە وێنەی مێژوو یا چیرۆک و چریکەیە.

باشترین شوێنەواری شاعیران و هەستیاران و نووسەرانی گەورە چ کوردی و غەیرە کوردی، چریکەو چیرۆکی ئەوانە، مەمو زینی شاکاری حەکیم مەولانا ئەحمەدخانی، شیرین و خوسرەو شاکاری خانای قوبادی، وە شوێنەواری مەلای جزیری و نالی و عەلامە وەفایی و حەکیم مەولەوی کورد، وە شوێنەواری دڵگیر و سەرنجراکێشی نووسەرانی هاوچەرخ، هەروا گوڵستانی سەعدی و خەمسەی نیزامی، شوێنەواری هۆمێر، ویکتۆر هۆگۆی فەرانسەوی یا شوێنەواری شکسپیر-ی ئینگلیسی و گوتەی ئاڵمانی، هەموو بە وێنەی داستان بەیان کراون.

داستان چ بە وێنەی هۆنەو نەزم بێ یا بە وێنەی پەخشان یا لە بیچمی

نومایشنامەو فیلم نیشان بدرێ، شوێنێک لە خوێنەرو بینەردا دائەنێ کە بەڵگە هێنانەوەی ئەقڵی قەت قادر بە شوێن دانانێکی ئاوا نیە.

بەڵگەشی ئەوەیە کە ئینسان بەر لەوەی ئەقڵی بێ، حیسی‌یەو بەر لەوەی بیر لە مەسەلەی فیکری بکاتەوە، لە مەسەلەی حیسیدا غەرق ئەبێ و ئەکەوێتە مەلە باسکە.

مەسەلەی جیاجیای ژیان هەر ئەندازە لە مەیدانی حیس دوور ئەبنەوەو باری تەجەرودی ئەقلانی ئەگرنە بەر قورسترو دێر هەزمتر ئەبن.

جا هەر لەبەر ئەمەیە کە دەبینین، هەمیشە بۆ جێگیر بوونی بەڵگەی ئەقڵی لە وێنەو میسالی حیسی یارمەتی وەردەگیردرێ. جار جارە هێنانەوەی میسالێکی بەجێ، شوێن‌دانانی بەڵگە هێنانەوە، چەن بەرابەر دەکا.

جا هەر لەبەر ئەمە زانایانی سەرکەوتو، ئەوانەن کە دەسەڵاتێ زۆرتریان بۆ هێنانەوەی میسالی بەجێ هەیە، چونکە بەڵگەی ئەقڵی لە میسالی حیسی و عەینی و ئەزمونی کەڵک وەردەگرێ و خۆی پێوە رادەنێ.

٣ـ چریکەو مێژوو بۆ هەموو کەس قابیلی دەرک و فامە، بە راوەژوی بەڵگەی ئەقڵی کە هەموو کەس لەوا یەکسان و یەک جۆر نین.

جا هەر لەبەر ئەمە کتێبێ کە بۆ هەموو خەڵکەو باری گشتی بۆ هەیەو لە عەرەبی بیابانی بێسەوادی نیوە وەحشیەوە، بیگرە تا فەیلەسوفی گەورەو بیرەوەر، هەموو ئەبێ لەوە کەڵک وەرگرین، دیارە دەبێ پاڵ بدا بە چریکە و مێژوو و میسالگەلەوە.

ئەمانە بە تێکرا نیشان ئەدەن کە قورئان لە بەیان کردنی ئەم هەموو چریکەو مێژووەدا باشترین رێگای لە بابەت فێرکردن و بارهێنانەوە گرتۆتە بەر.

بە تایبەت کە قورئان لە هیچ بارو بابەتێکەوە رووداوی مێژوویی روت و بێ پەردە باس ناکات، بەڵکو لە هەر هەنگاوێکدا نەتیجەی لێ دەگرێ و کەڵکی فێرکردن و بارهێنانی لێ وەردەگرێ، هەر وەکو وێنەگەلێ کە هەر لەم سوورەتەیەدا بۆ ئێوەی ئازیزان دەهێنینەوەو بەیانیان دەکەین.

۵ـ اِذْ قالَ یوسف لِاَبیه یا اَبَت اِنّی رَایتُ اَحَد عَشَر کَوْکِباً والشمس والقمر رایْتُهُم لی ساجدین.

۶ـ قالَ یا بُنَّی لا تَقْصُصْ رؤیاکَ علی اِخْوَتِکَ فَیَکیدوا لَکَ کَیداً اِنَّ الشَّیْطانَ لِلْاِنْسان عَدّوٌ مبین.

۷ـ وَ کَذٰلِکَ یَجْتَبیک رَبُّکَ وَ یُعَلِّمُکَ مِنْ تأویل الاَحادیث و یُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَیْکَ و علیٰ آلِ یَعْقوبَ کَما اَتَمَّها علیٰ اَبَوَیْک مِنْ قَبْل اِبْراهیم وَ اِسْحاقَ اِنَّ رَبَّک علیم حکیم.

واتا:

۵ـ (بینەوە بیر) کاتێ کە یوسف بە باوکی وت: باوە! من لە خەونمدا دیم کە یازدە ئەستێرەو رۆژ و مانگ لەبەرم دا سوجدەیان دەبرد.

۶ـ وتی: کورم! خەونی خۆت بۆ براکانت مەگێڕەوە کە نەخشەی مەترسیدارو بفەت بۆ دەکێشن، چونکە شەیتان دوژمنێکی ئاشکرایە بۆ مرۆڤ!

۷ـ وە ئا بەمجۆرە پەروەردگارت تۆ هەڵدەبژێرێ، وە خەون لێکدانەوە بە تۆ فێر دەکا، وە نیعمەتی خۆی بۆ تۆ و بۆ ئاڵی یەعقوب تەواو دەکا، هەروەکو بەر لەمە بۆ باوباپیرانت ئیبراهیم و ئیسحاق ـی تەواو کرد، پەروەردگاری تۆ عەلیم و

حەکیمە.(١)

***

١ - توتی شەکەر نۆش راز ریزەی شەکەر    بەی سان حیکایەت ئاوەرد وە دەفتەر
فەوج نور ئەو شەو گر گرِ مەگریا    زرِ زرِ زێڵ زەنگ رەحمەت مەزریا
مەلاییک جۆق جۆق خێزا نەواشان    هەر یەک جە کەوکەب شەمعێ نیاشان
موشتەری ئاوەرد عوتارید وە شەست    فەڵەک جە پەروین عوقدەی کەمەر بەست
دەلیل ئیحسان پەیاپەی ئەو شەو    ماما وە کەنعان ئەو، شەو بە سەد دەو
یوسف عەتر خاو ئەسەر داش نەچەم    پەی رۆحەتی حاڵ چەم نیا وەهەم
ناگا خونچەی تەنگ لە بان لاڵ بێز    گوشاد کەرد رێزاش خەندەی شەکەر رێز
با بۆ جە خەندەش عەجەب کەردەوە    ستێزا جە خۆف تاش بەردەوە
واتەش ئەی شەکەر وەشەرمەندەی تۆ    موجیب نە چێشەن شەکەر خەندەی تۆ؟
واتەش نەخاو دا خورشید چەنی ما    کەواکیب یازدە جەسەر بین جیا
گرد ئامان سجود خاکپام بەردەن    تەعزیم وتەی کەریم بە جا ئاوەردەن
یەعقوب وات: ئەی ماه هەنی وەسەن وەس    چەنی تۆ ئی خاو نەواچی وەکەس
ئەگەر ئیخاو ئیخوان بزانان    سەد جەورو هیجران پەنەت مەنمانان
هەزار کینەی سەخت چەنی تودارەن    جە کوجەی تەعبیر تاقەت مەداران؟
پەنەت مەنمانان بە زودی عەزاب    پەی چێش؟ زاهیرەن تەعبیر ئیخاب
با بۆ نەصیحەت کەردەش بە تەدبیر    ئەندەرز باتڵەن جە ئەمر تەقدیر
خاصش وات ئەو شەخس نامی و دیاری    هەر حەرفێ جە بەین لەبان بۆجاری
مە بۆ جە صەد گۆش بەیۆ، بویەرۆ    دەرون صەد کەس خەبەردار کەرۆ
یوسف پەی بابۆ حیکایەت وانا    جە کار تەقدیر ئیخوانەش زانا.

=

# نوری هیواو سەرەتای گیروگرفت

قورئان داستانی یوسف لە خەو دیتنێکی عەجیب و پڕ واتـاوە دەگـێڕێتەوە، چونکە ئەم جۆرە خەو دیتنە لە راستیدا یەکەمین هەورازی ژیانی تەژی لە گیرەو کێشەی یوسف دێتە ژمار.

رۆژێک سەر لە بەیانی بە خۆشی و دڵ پڕی، یوسف هاتە لای یەعقوبی باوکی و پەردەی لەسەر رومەتی رووداوێکی تازە هەڵدایەوە کە بە رواڵەت ئەونە گـرینگ نەبوو، لە راستیدا فەسل وکەژی تازەی لە ژیانی یوسفدا رادەگەیاند.

یوسف وتی: باوە! من دوێنێ شەو لە خەوما دیتم کە یانزدە ئـەستێرە لەگـەڵ خۆرو مانگ هەموو وێکڕا سەریان بۆ من چەماندەوەو سوجدەیان بۆ بردم.

(اِذ قالَ یوسف لِاَبیه یا اَبَت اِنّی رَایتُ اَحَد عَشَر کَوْکِباً والشمس والقمر رایْـتُهُم لی ساجدین.)

کوڕی عەباس دەڵێ: یوسف ئەو خەونەی لە شەوی هەینی دا دی کە لەگـەڵ شەوی قەدر (شەوی خیرو بەرەت)دا بەرانبەر بوو.

لەوەدا کە لە کاتی ئەو خەون دیتنەدا یوسف چەن ساڵانە بووە، هەندێ نۆ ساڵ، هەندێ دوانزە ساڵ و هەندێ تر ٧ ساڵیان راگەیاندوە. بەڵام دیارە کە یوسف لەو سەردەمەدا منداڵ بووەو نەگەیشتبووە تەمەنی بلوغ.

جێگای وردبوونەوەو سەرنجە، رستەی (رأیت) بە ناوی تەئکیدو قەتعیەت کە لەم ئایەتەدا دوپاتە کراوەتەوە، ئیشارە بەمەیە، کـە مـن (یـوسف) وەکـو زۆر لە تاکەتاکی مرۆڤ نیم کە هەندێ لە خەون دیتنی خۆیان لە بیر دەبەنەوەو بەشک و

دوو دڵی یەوە قسەی لێوە دەکەن، من بەڕاستی لە خەونمدا دیتم کە یانزە ئەستێرە لەگەڵ مانگ و رۆژ سەریان بۆ دەچەماندمەوەو سوجدەیان بۆ دەبردم، لەم بابەتەوە هیچ شک و دوو دڵیم بۆ نیە.

نوکتەیێ دیکە ئەوەیە (ضیر-ی هم) کە بۆ جەمعی موزەکەری ئاقڵە بـۆ رۆژو مانگ و ئەستێرە بەکار براوە، هەر وا بێژەی (ساجدین) ئەمە خۆی ئیشارە بەمەیە کە سوجدەی ئەوانە چتێکی تەسادوفی نەبووە، بەڵکو هەروەکو تاکە تاکی ژیرو ئاقڵ و وشیار لە روی حیسابەوە سوجدەیان بردوە.

دیارە مەبەست لە سوجدە بردن لێرەدا خۆ بە کەم زانین و مل کەچ کردنە، ئەنا سوجدە بردن بە وێنەی سوجدە بردن بە وێنەی سوجدە بردنی تایبەتی مرۆڤ بۆ رۆژو مانگ و ئەستێرە بێ واتایە.

ئەم خەون دیـتنە پـڕ لە هـەست و بـزوێنەرو واتـادارە. یـەعقوبی بـردە نـێو بیرکردنەوەو تێفکرین، خۆرو مانگ و ئەستێرەی ئاسمان؟ ئەویش یانزە ئەستێرە لە راست یوسف -ی کوڕم دا سوجدەیان بردووە، چەن پڕ واتایە؟ دیارە رۆژو مانگ، من و دایکی (یا من و خالتیک-ی ئەو) بین، وە یانزە ئەستێرە براکانی بن. رێزو حورمەتی یوسفی کوڕم ئەونە ئەچێتە سەرێ کە ئەستێرەی ئاسمان و رۆژ و مانگ سەری بۆ دەچـەمێننەوە، ئـەونە لای خـوا بـەرزو بـەڕێزو خـاوەن ئـابڕووە کـە ئاسمانی یەکان سەری بۆ دائەنەوێنن، چ خەون دیتنێکی سەیرو سەمەرەو گرینگ و گەورەیە(١).

جا لەبەر ئەوە بوو کە بە نیگەرانی و پەشێوی یەوە، بەڵام بە شادی و خۆشیەوە، بە یوسفی کوڕی وت: (قالَ یا بُنَّی لا تَقْصُصْ رؤیاک علی اِخْوَتک) - واتا: وتـی: کوڕم! ئەم خەون دیتنەت بۆ براکانت مەگێڕەوە.

---

١- کوڕی چاکی بێ خێری بەلاشە بـێکەسی دەڵـێن: بـۆ خـوا بـاشە

چونکە ئەوانە نەخشەی مەترسیدارو بفەت بۆ دەکێشن (فیکیدوا لَکَ کَیداً) - دیارە شەیتان دوژمنێکی دیارو ئاشکرایە بۆ ئینسان (اِنَّ الشَّیْطانَ لِـلْاِنْسان عَـدّو مبین) - شەیتان چاوەڕوانی بیانویەکە، تا وەسوەسەی خۆی دەس پێ بکا. ئاگری قین و داغ لە دڵی و حەسودی خۆش بکا، تەنانەت براش بدا بەگژ برادا[1].

جێگای وردبوونەوەیە کە یەعقوب نەی‌وت: (ئەترسم براکانت قەستی خراپە لەگەڵ تۆدا بکەن)، بەڵکو ئەوەی بە وێنەی ئەمرێکی قەتعی بەیان کرد. بەتایبەت بە دوپات کردنەوەی (کید) کە بەڵگەیە لەسەر تەئکیدی مەبەستەکە، چونکە ئاگای لە بیروڕای باقی کوڕەکانی بوو، وە حەساسیەتی ئەوانی سـەبارەت بـە (یـوسف) دەزانی. ئەشگونجێ براکانیشی خەون لێکدانەوەیان زانی بێ، بێجگە لەوەش ئەم خەون دیتنە، خەون دیتنێک نەبووە، واتاکردنی زۆر سەخت بێ.

لە لایەکی دیکەشەوە خەون دیتنەکە، لە خەون دیتنی منداڵانە دەچوو، منداڵ دەگونجێ بە مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەوە خەون ببینێ، بەڵام ئەمە کە مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە بە وێنەی بوونەوەرانی ژیرو ئەقڵدار لە بەرانبەر ئەودا سوجدە ببەن، ئەمە خەون دیتنێکی منداڵانە نیە، جا لەبەر ئەمە بوو کە حەزرەتی یەعقوب لە بـابەت هەڵگیرسانی ئاگری حەسودی براکانی یوسف سەبارەت بە یوسف نـیگەران و پەشێو بێ.

---

١ - زاڵ گوتی: ڕۆستەم ڕۆڵـەی زەمـانە قـەت دوژمـنی خـۆت بـە کـەم مـەزانـە

مـــەڵێ: بـاشارم نـاکـا ئـەو گـوڵە چکـــۆڵە فـــێڵ و تـــەڵەکـەی زلە

ســــەر لە بـــەرنامەرد دامـــەنەوێنە بـــۆ وڵات و گـــەل خـوێنت بـــڕژێنە

بـــە زۆر بـــازو بـە هـێزی شـانان خـانی خـانان بـە، یـان تـۆزی بـابان

دیاری مەهاباد یا دیوانی مەلا غەفوری دەبـاغی، چاپی ١٣٦٣، ئـینتشاراتـی گـەورەی سـەییدان-ی مەهاباد.

ئەم خەون دیتنە، تەنیا عەزەمەت و ڕیزی یوسفی لە دوا ڕۆژدا نیشان نەئەدا، بەڵکو نیشانی ئەدا کە یوسف دەگاتە پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی، چونکە سوجدەبردنی ئاسمانیان بۆ یوسف نیشانەی چونە سەرەوەی پلەی ئاسمانی حەزرەتی یوسفە. لەبەر ئەوە بوو کە یەعقوب بە یوسفی وت: (و کذلک یجتبیک ربک) – واتا: ئا بەمجۆرە پەروەردگارت تۆ هەڵدەبژێرێ. (و یعلمک من تأویل الاحادیث) – واتا: واتاکردنی خەون دیتنت فێر دەکا.

(تاویل) لە بنەرەتا بە واتای گەڕانەوەی چتێکە، وە هەرکارێ بە هەر قسەیەکەوە بە ئامانجی خۆی بگا، (تأویل)ی پێ دەڵێن. تەحەقوقی خاریجی خەون دیتنیش میسداقی (تأویل)ە. (احادیث) بە واتای نەقڵی ماجەرایەکە، جا لەبەر ئەوەی مرۆڤ خەون دیتنی خۆی بۆ ئەم و ئەو دەگێڕێتەوە، لێرەدا کینایە لە خەون دیتن-ە.

(و یتم نعمته علیک و علی آل یعقوب) – واتا: خوا نیعمەتی خۆی بۆ تۆ و بۆ ئالی یەعقوب تەواو دەکا.

(کما اتمها علی ابویک من قبل ابراهیم و اسحاق ان ربک علیم حکیم) – واتا هەر بەو جۆرەی کە بەر لەمە بۆ باو باپیرانت ئیبراهیم و ئیسحاق تەواوی کرد. بەڵێ پەروەردگارت زاناو عەلیم و حەکیمەو لە ڕوی حیمکەتەوە عەمەل دەکا.

لێرەدا ئەبێ ئاماژە بۆ دوو نوکتە بکرێ.

١ـ ڕوئیاو خەون دیتن – مەسەلەی ڕوئیاو خەون دیتن، لەو جۆرە چتانە بووەکە هەمیشە بیرو باوەڕی تاکە تاکی عادی و زانایان و بیرەوەرانی لە زۆر بارو بابەتەوە، بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە.

لە شانۆی جوان و دزێو و مەترسیدارو دڵگیر، شادیهێنەرو خەفەتاوی کە مرۆڤ لە خەوندا ئەیبینێ چیە؟

ئایا ئەمانە پێوەندیان بە رابوردووەوە هەیە کە لە قولایی دڵ و دەرونی مرۆڤدا هێلانەیان کردووە، یا ئاڵ و گۆڕانێکە/خۆ نیشان ئەدەن و خۆ ئەنوێنن، یا پێوەندیان بە دوا رۆژەوە هەیە کە بە هۆی دام و دەزگای گـیرەندەی حـەساس-ی روحـی مرۆڤ لە رێگای پێوەندیگەلێکی مەرموزەوە لە رووداوەی دوا رۆژ وێنە هەڵگری دەکا، یا ئەنواع و بەشگەلێ جیا جیای هەیە کە هەندێگیان پێوەندییان بە رابوردو، هەندێ تریان پێوەندیان بە دوا رۆژەوە هەیەو هـەندێکیش نـەتیجەی ئـارەزو و ویستەکانی رازی نەبوونە.

قورئان لە ئایەتێ زۆردا بە ئاشکرا رادەگەیەنێ کە لانی کەم هەندێ لە خـەون دیتن دەنگدانەوەو رەنگدانەوەیە لە دوا رۆژی دور یا نیزیک.

لە چریکەی خەون دیتنی یوسف کە لەو ئایەتانە داکە رامانگەیاندن، وە هەروا چریکەی خەون دیتنی زیندانیان کە لە ئایەتی ٣٦ی ئەم سوورەتە، وە چریکەی خەون دیتنی عەزیز-ی میسر کە لە ئایەتی ٤٣ دایە، چەن وێنەی خەوبینین دێتە بەرچاومان کە گشتیان بە تێکڕا لەسەر رووداوی دوا رۆژ پـەردەیان لاداوەتـەوە. هەندێ لەو رووداوانە بڕێک دور بون، هەروەکو خەودیتنی حەزرەتی یوسف کە دەڵێی دوای چل ساڵ هاتە دی و هەندێکیش لە دوا رۆژی نیزیکتر داهـاتە دی، هەروەکو خەون دیتنی عەزیز-ی میسرو هاوبەندە زیندانیەکانی یوسف کە هاتە دی.

لە غەیری ئەم سوورەتەشدا ئیشارە و ئاماژە بە (خەونی تەعبیردار)ی دیکەش کراوە، هەروەکو روئیاو خەونێ کە پێغەمبەر(د.خ) دیتبووی و لە سوورەتی فەتحدا دیاردەی پێکراوە، یا خەون دیتنی حەزرەتی ئیبراهیم کە لە سوورەتی (صافات) دا قسەی لێکراوە، (ئەم خەون دیتنەش هەم فەرمانی خوایە و هەم تەعبیرداریشـە) سەرنج راکێشە. دەڵێن: خەون دیتن چار جۆرە: یا مزگێنی یە لە لایەن خواوە یا هۆی

خەفەتەو لە لایەن شەیتانەوەیە، یا مەبەستگەلێکە مرۆڤ لە بیرو مێشکی خـۆیدا پەروەردەی دەکاو لە خەودا دووبارە دەیبێنێتەوەو ئەبێتە خەو دیتن بۆ مرۆڤ یا ئەو خەون دیتنە نەتیجەی راستەوخۆی باری میزاجی و لەش و لاری مرۆیە، کە لە بیچمی خەون دیتن‌دا دێتەوە بەرچاوی مرۆڤ.

دیارە خەوێ کە بە هۆی شەیتانەوە بێ، بۆ ئەوە نابێ، واتا بکرێ، بەڵام خەونێ کە لە لایەن خواوە بێ کە مزگێنی‌هێنەرە، دیـارە ئـەبێ خـەوێک بـێ کـە لەسـەر رووداوی شادی هێنەر پەردە هەڵدەداتەوەو راستی خەون دیـتنەکـە بـۆ مـرۆڤ دەردەخا.

لە بابەت حەقیقەتی خەون دیتنەوە لە لایەن زانایانەوە بیرو رای جیا جیا زۆرە کە ئەتوانین ئەوانە بکەینە دوو بەش:

١ـ واتاو تەفسیری مادی و ئەنبوژەنی.

٢ـ تەفسیرو واتای روحی و مەعنەوی.

مادی‌یەکان دەڵێن: خەون دیتن ئەتوانێ چەند هۆی بۆ هەبێ:

ئەلف: ئەگونجێ خەون دیتن نەتیجەی راستەوخۆی کاری رۆژانەی مرۆڤ بێ، یانی ئەوەی لە رۆژەکانی رابوردودا بۆ مـرۆڤ روی داوەو لێـیقەوماوە لە کـاتی خەودا دێتەوە بەرچاوی.

ب: ئەگونجێ زنجیرە ئارەزوگەلێکبن کە بۆی نەهاتونەتە دی و بونەتە هۆی ئەو خەون دیتنانە، هەروەکو کەسێکی تینو، خەون بە ئاوەوە ئەبینێ، یا کەسێ کـە لە بیری هاتنەوەی ئازیزێکە، لە خەونیدا ئەبینێ وا ئەو ئازیزە لە سەفەر گەڕاوەتەوە. پێشینان وتویانە: (خەیاڵ پلاوان دەکا) یا وەکو دەڵێن: (وشتر خەو بـە پـەمۆوە دەبینێ). ئەشگونجێ مرۆڤ لە شتێ بترسێ کەچی خەونی پێوە ببینێ وەکو ئەمە مرۆڤ لە دز بترسێ کەچی خەونی پێوە ببینێ. پەندی پێشینانە کە دەڵێن: کەسێ،

کەسێکی ناخۆش بۆی (خەونی گوڵی پێوە دەبینێ).

(فروید) و پەیرەوانی فێرگەی فرۆید جۆرێ تەعبیر و واتای ماددی دیکەیان بۆ خەون دیتن هەیە:

ئەوانە لە قسەو لێکدانەوەیەکی دورو درێژدا، رادەگەیێنن کە خەون دیتن و روئیا بریتی یە لە: رازی کردنی ئارەزوی دەس بە سنگەوە نراو، سەر کوترکراوێک کە هەمیشە بە ئاڵ و گۆڕانێک بۆ فریودانی (من) روو دەکاتە مەیدانی خۆ ئاگاداری.

یا باشتر بڵێین: دوای قەبووڵ کردنی ئەم مەبەستە کە روح و گیانی مرۆڤ دارای دو بەشە:

١ـ بەشی ئاگادار، یانێ ئەوەی بە بیر کردنەوەی رۆژانەو ئاگاداری ئیرادی و لێ نەوێنی ئینسانەوە پێوەندی هەیە.

٢ـ بەشی بێ ئاگایە، یانێ ئەوەی وا لە دڵ و نێو دەروندا بە وێنەی ئارەزویەکی رازی نەکراودا شاردراوەتەوە.

دەڵێن: زۆر هەڵدەکەوێ ئارەزوگەلێ کە ئێمە هەمانە و لەبەر چەن هۆ نەمانتوانیوە ئەوانە رازی بکەین و لە نێو دڵ و دەرون و مێشکی ئێمەدا سەقامگیر بوون. لە کاتی خەودا کە دام و دەزگاو سیستمی خۆ ئاگادار لە کار دەکەون بۆ جۆرێ تێرو تەسەل کردنی خەیاڵی، روو دەکەنە پلەی خۆ ئاگادار، جار جارە بێ گۆڕان، دەنگ و رەنگ ئەدەنەوە (هەروەکو ئەویندارێک کە مەحبوبەکەی خۆی لە کیس چووبێ لە خەوندا دەیبینێ). وە جارجارەش بیچمی دەگۆڕێ و بە وێنەگەلی موناسب رەنگ و دەنگ ئەدەنەوە کە لەم بابەتەوە نیازیان بە خەون لێکدانەوە هەیەو ئەبێ خەون دیتنەکە واتا بکرێن و لێک بدرێتەوە.

جا کەوابێ خەون دیتن پێوەندی بە رابوردووەوە پەیا دەکا، قەت خەبەر لە دوا رۆژ نادا.

تەنیا ئەتوانێ هۆیەکی چاک بێ بۆ بانگ کردنی (دڵ و دەرونی بێ ئاگا). جا هەر لەبەر ئەمە بۆ دەرمان کردنی نەخۆشی روحی و رەوانی کە بە هۆی (کەشفی زەمیر و دڵی بێ ئاگا) بە دەس دێ، ئەکرێ لە خەو دیتنی نەخۆش کۆمەگ وەربگیردرێ.

هەندێ لە زانایانی خۆراکناس لە نێوان (خەو/ روئیا: خەون دیتن و نیازگەلی خواردەمەنی بەدەن) پێوەند دائەنێن و بروایان وایە: بۆ وێنە ئەگەر مرۆڤ لە خەونیدا ببینێ کە لە دیانی خوێن دێ دیارە ویتامین (ثی) بەدەنی کەمی کردووە! بەڵام ئەگەر لە خەونیدا ببینێ کە موی سەری سپی بووە، دیارە ویتامین (بی) لەشی لە کەمی داوە!!

بەڵام فەلاسیفەی روحی واتاو تەفسیرێ دیکەیان بۆ خەون دیتن هەیە، ئەوانە دەڵێن: خەون دیتن یا روئیا چەن بەشە:

١ـ خەون دیتنێک کە پێوەندی بە رابوردوی ژیان و نیاز و ئارەزوییێ کە بەشێکی گرینگ لە خەون دیتنی مرۆڤ پێک دێنێ.

٢ـ خەوی پەرێشان و بێ واتاو هاتەران و پاتەران کە لە کارو کردەوەی گومانو خەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێ (هەرچەند ئەگونجێ هۆی روحی و رەوانی هەبێ).

٣ـ خەوگەلێ کە پێوەندی بە دوا رۆژەوە هەیەو شایەدی لەوە ئەدا.

بێ شک خەوگەلێ پێوەندار بە ژیانی رابوردو و نیشاندانی شانوگەلێ کە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی خۆی دەیبینێ، واتاو تەعبیری تایبەتی بۆ نیە، هەروا خەونی هاتەران و پاتەران کە نەتیجەی بیرو باوەڕێکی پەرێشانە، لە بیرو باوەڕێک دەچێ کە مرۆڤ لە حاڵی لەرز و یاودا، ورینەی پێوە دەکا، ئەمەش ناتوانێ واتاو تەعبیری تایبەتی سەبارەت بە مەسائیلی دوا رۆژی ژیانی ئینسانەوە هەبێ، هەرچەن رەوانناسان و رەوانکاوان بەناوی دەربیجەیەک بۆ چونە ناو زەمیری بێ ئاگا لەوە کەڵک وەردەگرن و ئەوانە بە کلیلێ بۆ دەرمانی نەخۆشە رەوانیەکان دائەنێن، جا

لەبەر ئەمە ئەم واتاو تەعبیری خەونە بۆ کەشف و دەرخستنی رازی رەوان و سەرچاوەی نەخۆشیگەلە، نەک بۆ کەشف و دەرخستنی رووداوەی دوا رۆژی ژین و ژیان.

دیارە خەون دیتنی پێوەندار بە دوارۆژیش دوو بەشە:

١ـ خەو دیتنی دیارو رووناک، کە واتاو تەعبیری ناوێ، چونکە جاری وا هەیە ئەم جۆرە خەون دیتنە عەینەن بێ جیاوازی لە دوا رۆژی نیزیک یا دور دێتە دی.

٢ـ خەون دیتنێکە لە هەمان کاتدا کە لە رووداوی دوا رۆژ قسە دەکا، بەلام سوینگەی هۆگەلی تایبەتی زیهنی و روحی گۆڕاوە، ئەم جۆرە خەونە نیازی بە واتا کردن هەیە.

بۆ ئەم جۆرە خەون دیتنانە، وێنەیی زۆر هەیە کە ناکرێ هەموویان بدرێتە دواوە، چونکە لە سەرچاوەی ئاینی و مێژویی نمونەگەلی زۆریان ناوبراون، تازە لە ژین و ژیانی رۆژانەی خۆیشمان خەونگەلێ ئەبینین کە ناکرێ بێژین هەڵکەوتە.

لە ئایەتی [٦] دا خوا لە زمانی یەعقوبەوە بە یوسفی فەرمو: (قالَ یا بُنَّی لا تَقْصص رؤیاک علی اِخْوَتک) - ئەم ئایەتە پێمان دەڵێ: کە یەعقوب بێجگە لەوەی کە بە یوسفی وت خەون دیتنەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە، بەکورتی واتای ئایەتەکەی بۆ لێکدایەوەو پێی وت: تۆ یوسف! لە لایەن خواوە هەڵدەبژێردرێیت و واتای خەون لێکدانەوەت فێر دەکاو ناز و نیعمەتی خۆی بۆ تۆو بۆ ئالی یەعقوب تەواو دەکا (وَ کَذٰلِکَ یَجْتَبیک رَبُّکَ وَ یُعَلِّمُکَ مِنْ تأویل الاَحادیث و یُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَیْکَ و علیٰ آلِ یَعْقوبَ کَما اَتَمَّها علیٰ اَبَوَیْک مِنْ قَبْل اِبْراهیم وَ اِسْحاقَ اِنَّ رَبَّک علیم حکیم).

دەلالەتی خەونەکە لەسەر ئەوەکە لە دوا رۆژدا حەزرەتی یوسف دەگاتە پلەی گەورەی مەعنەوی و مادی و ئەنبوژەنی قابیلی دەرک و فامە، بەلام پرسیارێک دێتە پێشەوە کە ئەویش ئاگادار بوونی یوسفە لە واتای خەون لێکدانەوە، بەلام چلۆن؟

لە خەون دیتنی یوسف بۆ یەعقوب دەرکەوت و لەو مەبەستە تێ گەیی؟ ئایا ئەمە هەواڵێکی تەسادوفی بوو ،کە یەعقوب بە یوسفی کوڕی خۆی ڕاگەیاند و کارێکی بە خەون دیتنەکەی یوسفەوە نەبوو، یا ئەوەی لە خەون دیتنەکەی یوسفەوە بۆ دەرکەوت؟

وا دەردەکەوێ کە یەعقوب ئەمەی لە خەون دیتنەکەی یوسف بۆ دەرکەوتبێ، وە ئەمەش ئەگونجێ لە دوو ڕێگاوە بووبێ:

١ـ یەکەم ئەوەیە کە یوسف لەو تەمەنە کەمەدا ئەو خەون دیتنەی بە تایبەت بۆ باوکی، بێ ئەوەی براکانی پێ بزان تەنیا بۆ باوکی گێڕایەوە، لەم لاشەوە باوکی پێی گوت:

ئەو خەون دیتنە بۆ براکانت مەگێڕەوە، وە ئەمەش نیشان ئەدا کە یوسفیش لە خەون دیتنەکەی خۆی هەستی تایبەتی هەبوو، بۆیێ تەنیا لای باوکی ئەوەی گێڕاوەتەوە، هەبوونی ئاوەها هەستێ لە منداڵێکی کەم تەمەنی وەکو یوسف خۆی بەڵگەیە کە یوسف جۆرێ ئامادەبوونی ڕوحی بۆ کەشفی لێکدانەوەی خەون دیتن هەیەو یەعقوبیش تێ گەیی کە بە پەروەردەکردنی ئەم ئامادەبوونە یوسف لە دوا ڕۆژ دا ئاگادارێکی پەرەدار لەم بارو بابەتەوە پەیدا ئەکا.

٢ـ ئەوە کە پێوەندی پێغەمبەران لەگەڵ عالەمی غەیبدا لە چەن ڕێگاوە بووە، یا لە ڕێگای ئیلهامی ئیلاهیەوە یان لە ڕێگای نازڵ بوونی پەری وەحیەوە یا لە ڕێگای خەون و خەون لێکدانەوە بۆیان مەیسەر بووە، هەرچەن لەو ڕۆژگارەدا یوسف نەگەیشتبووە پلەی نبوەت، بەڵام خەون دیتنێکی ئاواگرینگ نشانی ئەداکە یوسف لە دوا ڕۆژدا لەم ڕێگایەوە لەگەڵ عالەمی غەیبدا پێوەندی پەیا دەکا. دیارە ئەبێ واتای لێکدانەوەی خەون دیتن بزانێ تا بتوانێ پێوەندیێکی وا پەیدا بکاو لەگەڵ عالەمی غەیبدا پێوەندی بۆ دەس بدا.

٣ـ لەو ئامۆژگاری یانەی کە لەم بەشەدا بە ئێمە فێر دەکا، نەدرکاندنی راز و ئەسرارە، تەنانەت لای براو برِبرِەی پشتیش،گەلۆ! جۆرە رازێک هەیە نابێ دووپاتە بکرێتەوە، چونکە لە ژیانی مرۆڤدا جۆرێ راز و ئەسرار هەیە کە ئەگەر بلاّوبێتەوە ئەبێتە هۆی بفەو مەترسی بۆ خۆی، یا بۆ کومەلّگا، خۆراگرتن و نەدرکاندنی ئەم جۆرە راز و رەمزە خۆی یەکێکە لە نشانەکانی پەرەدار بوونی رۆح و بە هێز بوونی ئیرادەو لینەوێنە، چونکە مرۆڤی کز و سست زۆرن کە لەم بابەتەوە،هەم خۆیان و هەم کۆمەلّگای خۆیان توشی بفەو مەترسی دەکەن.وەگیرو گرفتێ زۆر تۆشی بەرەی مرۆڤ بووە کە نەیان توانیە راز و ئەسراری خۆیان بشارنەوە.

٨ـ لَقَد کان فی یُوسفَ و اِخْوَتِهِ آیاتٌ لِلسّائِلین.

٩ـ اِذْ قالُوا لِیُوسُف و اَخوه اَحَبُّ اِلیٰ اَبینا مِنّا وَ نَحْنُ عُصْبَةٌ و اِن اَبانا لَفِی ضَلال مُبین.

١٠ـ اُقْتُلُوا یُوسف اَو اطْرَحوه اَرْضاً یَخْلُ لَکُمْ وَجْهُ اَبیکُم و تکونوا مِنْ بَعْدِهِ قَوْماً صالحین.

١١ـ قالَ قائِلٌ مِنْهُم لاٰ تَقْتُلُوا یُوسُف و اَلْقُوهُ فِی غَیابَتِ الْجُبِّ یَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّیارَةِ اِنْ کُنْتُمْ فاعلین.

٨ـ لە «داستان و چریکەی» یوسف و براکانیدا نیشانەگەلێ رێنوێنی و «هیدایەت» بۆ پرسیارکەران هەبوو.

٩ـ کاتێ کە «براکان» وتیان یوسف و «بنیامین»ی برای لای باوکمان لە ئێمە خۆشەویست ترن،کە چی ئێمە بە هێز و بە وزەترین، دیارە باوکمان لە لارێی یەکی دیارو ئاشکرا دایە.

١٠ـ یوسف بکوژن یا بیخەنە سەرزەوییێکی دور،تا سەرنجی باوکتان بەرەو لای ئێوە بکشێ، وەدوای ئەوە (لە گوناح و تاوانی خۆتان تۆبە دەکەن و تاکە تاکێکی

چاکو باش دەبن.

١١- یەکێ لەوانە وتی: یوسف مەکوژن، ئەگەر ئەتانەوێ کارێک بکەن، یوسف بخەنە نهێنگە (و تاقچەی) چالاوێکەوە تا (سەرەنجام) هەندێ لە کاروانیان هەڵیگرنەوە (و لەگەڵ خۆیان بیبەنە جێگایەکی دورە دەست).

## نەخشە گەلێ کە بۆ تیابردنی یوسف کێشرا

لێرەوە گیرەو کێشەی براکانی یوسف لەگەڵ یوسفدا دەس پی دەکا: لە ئایەتی یەکەمدا پەندو ئامۆژگارییێکی زۆر کراوە کە لەم چریکەدا باس کریاوەو دەڵێ: دیارە لەبەسەرهاتی یوسف و براکانیدا نیشانەگەلێ زۆر بۆ پرسیارکاران هەیە (لَقَد کان فی یُوسفَ و اِخْوَتِهِ آیات للسائلین.)

لەمەدا کە مەبەست لەم پرسیارکەرانە چ کەسانێکن، هەندێ لە تەفسیرنووسان (وەکو قورتوبی لە تەفسیری ئەلجامع و غەیری ئەویش) رایان گەیاندووە،کە ئەو پرسیارکەرانە، هەندێ لە جولەکەی شاری مەدینە بوون، کە لەم بابەتەوە چەن پرسیارێکیان لە پێغەمبەر دەکرد، بەلاّم زاهیری ئایەتەکە،موتلەقەو دەڵێ: (بۆ هەموو تاکەتاکی جۆیا،نیشانەو دەرس گەلێ لەم چریکەدا هەیە).

چ دەرسێک لەمە بەرزترە کە تاقمێکی بە هێزو خاوەن وزە،بە نەخشەگەلێکی حسێب کریاو کە لە حەسادەتەوە، سەرچاوەی گرتوە، بۆ لە نێو بردنی یەک تاکی بە زاهیر کز و بێ تینو تەنیا، هەموو تەلاش و تێکۆشانی خۆیان دەخەنە کار، بەلاّم هەر بەو کارە بێ ورد بوونەوە ئەو (یوسف) لەسەر تەختی قودرەتی دائەنێن و ئەیکەنە پاتشای ولاّتێکی پانو بەرین و پڕ بەرەکەت، وە لە ئاخریدا خۆیان لە راست ئەو دا سەری رێزدانان بچەمێننەوە، ئەمە نیشان ئەداکاتێ خوا بیەوێ کارێ بکا، ئەتوانێ تەنانەت ئەو کارە بە دەستی موخالیفانی ئەوکارە پیادە بکاو بە ئاکامی

بگەیەنێ، تا رووناک بێتەوە،کە یەک مرۆڤی پاک و بڕوادار نیەو ئەگەر تەواوی دنیا، بیانەوێ لە نێوی بەرن، بەڵام خوا نەیەوێ، کەس ناتوانێ مویەک لەسەری کەم بکاتەوە!

حەزرەتی یەعقوب دوانزە کوڕی هەبوو، کە دوو کەس لەوانە یوسف و بنیامین کە لە یەک دایک بوون کە نێوی:(راحیل) بوو، یەعقوب ئەو دوو کوڕەی بەتایبەت یوسف-ی زۆر خۆش دەویست، چونکە یوسف چکۆلەترین زارۆکی ئەو بوو. دیارە نیازی بە ئاگا لێبوونی زیاتر هەبوو، لە لایەکی ترەوە بە قسەی مێژونوسان (راحیل)ی دایکی یوسف و بنیامین نەمابوو، جا هەر لەبەر ئەمە ئەو دوو کوڕە نیازیان بە محەبەت و خۆشەویستی و ئاگادارێکی زیاتر هەبوو. سەرەڕای ئەوەش یوسف بە تایبەت دوا رۆژی جوان لە نێو چاویدا ئەدرەوشایەوە،گەورەیی لە لەش و لاری ئەباری، هەموو ئەمانە ببوونە هۆی ئەوەکە یەعقوب بە راشکاوی سەرنجێکی تایبەت بۆ لای یوسف رابکێشێ و زۆرتری خۆش بووێ.

برا حەسودەکانیش بێ وردبوونەوەو تێ‌روانین بۆ ئەو بارودۆخە لەو خۆشەویست بوونە،سەخت تورەو قەڵس و جنگز بوون، بەتایبەت کە لە داکێک نەبوون، جا ئەوە بوو، کۆبوونەوەو تێکرا وتیان: یوسف و بنیامین لای باوکمان لە ئێمە خۆشەویست‌ترن، باوەکو ئێمە بە وزەترین و کارسازتریشین و ژیانی باوکیشمان بە باشی بەڕێوە دەبەین. جا لەبەر ئەمە دەبوو باوکمان زۆرتر ئۆگرداری ئێمە بێ و ئێمەی لەو دوو منداڵە بێکارو کەم دەسەڵاتانە زیاتر خۆش بوێ، کەچی بەراوەژووەوە ئەوانی لە ئێمە خۆشتر دەوێ: (إذ قالوا لیوسف و اخوه احب الی ابینا منا و نحن عصبة). (عصبه) بە واتای کۆڕو کۆمەڵ و دەستەیەکە،کە دەس بنێنە نێو دەس یەکتری و بە یارمەتی و هاودەنگی یەکترین کارێ بەرن بەڕێوە و (عصبه) بە واتای کۆڕو جەمعەو موفرەدە و تاکی نیە.

بەو جۆرە بە داوەری کردنی یەک لایەنەی خۆیان، باوکیان بە تاوانبار داناو زۆر بە لێبڕانەوە وتیان: باوکمان لە لاڕێی یەکی دیارو ئاشکرادایە:(و ان ابانا لفی ضلال مبین).

ئاگری قین لە دڵی و حەسودی ئیجازەی بەو کوڕانە نەئەدا کە لە گشت بـارو بابەتێکەوە بیربکەنەوەو هۆی ئوگربونی بـاوکیان لە بـابەت ئـەو دوو مـنداڵـەوە، تێبگەن. چونکە هەمیشە حەسودی تایبەتی هەر کەسێ پەردەیەک ئەدا بە رووی بیرو تێڕوانی ئەو داو ناتوانێ باش بچێتە بنج و بناوانی کارو نەتیجەی لێوەربگرێ و باش داوەری تێدا بکا.

دیارە مەبەستی ئەوان لاڕێی باوکیان نەبوو لە دین و ڕێبازی دینی دا، چونکە ئەوانە بڕوایان بە گەورەیی و نبوەتی باوکیان هەبوو، تەنیا لەباری ئۆگر بوونی زۆر بەو دوو کوڕەوە،رەخنەیان لە باوکیان دەگرت کە بۆچ وا یوسف و بنیامینی لەوان زیاتر خۆش دەوێ، نەک وا بزانن کە یەعقوبی باوکیان لە دین لای دابێ.

سەرئەنجام گڕی حەسودی نێڵی دان و کۆبوونەوە، بۆ تیابردنی یوسف، دوو پێشنیاریان نیشان دا و وتیان: (یا یوسف بکوژن یا بیخەنە سەر زەوییەکی دورە دەست تا محەبەت و خۆشەویستی باوکمان بە تێکڕا بۆ لای ئێمە بکشێ). (اقلتوا یوسف او اطرحوه ارضا يَخْلُ لَكُمْ وجه ابیکم).

ڕاستە کە بەم کارە هەست بە تاوان و شەرمەساری ویـژدان دەکـەن، چـونکە تاوانێکی وا ناشیاوتان لەگەڵ یوسفی برا چوکەی خۆتاندا کردووە. بەڵام ئەگـرێ تۆبە بکەن و ئەم تاوانەتان لە لایەن خواوە ببخشرێ و دوای ئەوە ببنە کۆڕو تاقمێ چاک: (و تکونوا من بعده قوماً صالحین).

ئەم ڕستە خۆی بەڵگەیە،بۆ ئەمە کە ئەو کوڕانە دەیانزانی کە ئەوە تـاوانـەو لە ناخی دڵ و دەرونی خۆیاندا لە خوا ئەترسان، بۆیێ دوای ئەنجام دانی ئەو تاوانە،

داوای تۆبەکردنیان لە خوا دەکرد.

بەڵام گرینگی باسەکە لێرە دایەکە قسەکردن لە تۆبە بەر لە ئەنجامدانی تاوانەکە لە راستیدا بۆ فریودانی ویژدان و ڕێگا خۆش کردنە بۆ تاوان کردن، دیارە ئـەمە نابێتە بەڵگە بۆ پەشیمانی و نەکردنی کارە تاوانەکە.

بە واتایێ تر تۆبەی بەڕاستی ئەوەیە کە دوای تاوانەکـە،مـرۆڤ شـەرمەسارو پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام قسەکردن لە تۆبە بەر لە تاوان کردن تۆبە نیە(١).

ڕووناکتر بڵێین مرۆڤ لەکاتی دەسەو یەخە بوون لەگەڵ تاوان دا ویژدانی دەس دەکا بـە دژایـەتی کـردن،یـا بـیرو بـاوەڕی ئـایینی لە راست ئـەودا سـەدێک و بەرهەڵستێک بەدی دێنێ و لە دەس دانە تاوان بەرگری لێوە دەکاو ئەویش بۆ ئەوەی ئاسان لەو بەرهەڵستە تێپەڕێ و ڕێگای خۆی بۆ تاوان کردن خۆش بکا، ویژدان باوەڕی خۆی،بەم جۆرە قسە،فریودەرانە کە دوای تاوانە،زۆر زۆر تۆبە دەکـەم و تۆڵەی دەکەمەوە، ئێستا نابێ دەس بە ئەژنۆ دانیشم و ئەبێ ئەم کارە بکەم لە دواییدا تۆبە دەکەم و رو دەکەمە قاپی خوا، دەس دەکەم بە چاکەو چاکەکردن و سەرەنجام تاوانی خۆم پاک دەکەمەوەو کاری چاک و پیاوانە،ئەو تاوانە قەرەبوو دەکەمەوەو بە ئاوی تۆبە پاک پاک دەیشۆمەوە!

نوکتەیێ دیکە، ئەمەیە کە ئەوانە وتیان: دوای دور خستنەوەی یوسف سەرنج و خۆشەویستی باوکمان بەرەو لای ئێمە دەکشێ (یَخْلُ لَکُمْ وجە ابیکم) نەیانوت: دڵ و دەرونی ئەو بەرەو لای ئێوە دەجوێ و «یخل لکم (قلب) ابیکم» یان،نەوت، چونکە لایان وانەبوو کە یەعقوب بەو زوانە یوسف لە بیری بـباتەوە، هـەر ئـەوەندە بـە رواڵەت باوکیان سەرنجیان بدا بۆیان بەسە. دەشگـونجێ بـڵێین کـە دەم و چـاو دەربیجەیە بۆ دڵ و دەرون. کاتێ کە بـاوە بـۆ ئـەوانـی روانـی، وردە وردە دڵ و

١ ـ خەتای نەکردوم بـەملدابـێنێ شانەکەت لەسەر مـندا دەشکـێنێ.

دەرونیشی بەرەو لای کورەکان دەجوێ و دەکشێ.

بەلاّم لە نێو ئەو برایانەدا یەکێک هەبووکە لە هەمووان بە هۆشترو ژیرتر بوو، یا بلێین بە ویژدانتر بوو، جا هەر لەبەر ئـەمە، بـە دژی کـوشتنی یـوسف وەسـتاو نەیهێشت بیکوژن و نەیشیهێشت کە یوسف بخەنە شوێنێکی دورکە مەترسی تیاچوونی یوسفی تێدا بێ. نـەخشەیەکـی سـێوەمی دارشت و وتـی: (یـوسف مەکوژن، بەلّکو بیخەنە نێو نهینگەی:(تاقچەی) چالێک (بە جۆرێکی واکە ساغ و سلاّمەت بمێنێ،تا هەندێ لە رێبوار و کاروانەوانان بـێن و دەریبـێنن و لەگـەلّ خۆیاندا بیبەن) و لەبەر چاوی ئێمەو لەبەر چاوی دایک و باوکمان دوری بخەنەوە: (قالَ قَائِلٌ مِنْهُم لا تَقْتُلُوا يُوسُف و اَلْقُوهُ فِى غَيابَتِ الْجُبِّ يَلْتَقطْهُ بَعْضُ السَّـيارَةِ اِنْ كُنْتُمْ فاعلين).

نوکتە: (جب) بە واتای چالە، کە سەنگ چین نەکرابێ، دیارە زۆربەی چالاّوی بیاوان سەنگ چین نەکریاوە.

(غیابت) بە واتای نیهانگایە، (تـاقچەی) دەم ئـاوی چـالاّو،کـە لە چـالاّودا سازدراوە،کە لە دیدو تەماشا نیهانەو شاردراوەتەوە. ئەم تەعبیرە،گوایا ئیشارەیە بە شتێ کە لە چالاّوی بیابانیدا مەعمولەو ئەویش ئەمەیە کە لە نێو چالاّوەکـە دا لە نێزیک ئاوەکە،لە نێو بەدەنەی چالاّوەکە، جێگایەکی چکۆلەو تـاقچەمانەندساز دەکەن کە ئەگەرکەسێک بچێتە نێو چالەکە،بتوانێ وەکو سەکۆ لەسەری دابنیشێ، وە کاسەیەک کە لە تەک خۆیدا بردویەتی بتوانێ بە ئاسانی پڕ و تەژی بکا لە ئاو، بێ ئەوەی خۆی بچێتە نێو ئاوەکە، دیارە ئەگەر لەسەر چالاّوەکەوە بڕوانن، ئەو شوێنە نابینن، چونکە باش دیاری ناکا، جا هەر لەبەر ئەمە بە (غیابت) نێو براوە. (ئەلّمنار لە باسی ئەم ئایەتەدا). دیارە لە ولاّتی کوردەواری ئێمەش، چالاّوی بەو چـەشنە زۆرە.

٢ـ دیارە مەبەستی پێشنیارکەر، ئەوە نەبووە کە یوسف جۆرێ بخەنە نێو چالاوەکە، کە تیا بچێ، بەڵکو ویستویەتی لەسەر سەکۆی نێو چاوەکەی دابنێن تا سەرەنجام کاروانێک دێ و لەگەڵ خۆی بیبا.

٣ـ لە رستە (ان کنتم فاعلین) وا دەردەکەوێ کە پێشنیاردەر ئەوەی بە لێبڕانەوە، دەرنەبڕیوە، لەوە دەچێ مەبەستی ئەوە بووبێ کە بە دژی یوسف نەخشەیەک نەبرێ بەڕێوەو بە دژی یوسف کارێکی نەکەن.

[4]ـ لەوەداکە نێوی ئەو تاکە چی بووە لە تەفسیری قورئاندا قسە زۆرە، هەندێ وتویانە نێوی (روبین) بووە ،کە لە هەمویان بە هۆش و ژێرتر بووەو هەندێکیش لایان وایە (یەهودا) یا (لاوی)یە.

[5]ـ نەخشی حەسودی لە وێران کردنی ژیانی بەرەی مرۆڤدا:

دەرسێ گرینگ تر کە لەم چریکە فێری دەبین ئەمەیە کە حەسودی چلۆن دەبێتە خۆرە، مرۆڤ دەخواتەوەو تا لێواری براکوشتن راکێشی دەکاو توشی دەردەسەریێ دەکا، کە ئەگەر لەم ئاگرە بەرگری نەکرێ، هەروا بەرەی مرۆڤ ئاگر ئەداو دەیکاتە قەقنەس.

دەڵێن: کاتێ نیعمەتێ بە یەکێ دەگاو ئەوکەسە خۆی لەوە بێ بەشەو نیەتی چوار حاڵەتی بۆ پەیا ئەبێ بەمجۆرە:

١ـ ئەوکەسە ئارەزو دەکا، ئەویش وەکو خەڵکی دیکە لە نازو نیعمەت دا بژی، ئەم حاڵەتە (غبطە)ی ناوە، حاڵەتێکە پەسەند، چونکە مرۆڤ وادار بەکارو تێکۆشان دەکاکە ئەمیش لە سازدان و پێگەیشتن بەجێ نەمێنێ و سەرکەوێ و ئەمە شوێنێکی شومی لە کۆڕ و کۆمەڵا نیە.

٢ـ دووەمی ئەوەیە کە ئەو مرۆیە ئارەزو دەکات ئەو نازو نیعمەتە لە خەڵک دا بڕندرێ و توشی کزی وکەساسی و بێ ئەنوایی بن و هەژارو دەسەو ئەژنۆ بکەونو

بۆ ئەم کارە دەکەوێتە کارو تێکۆشان و ئاراو قارای لێ هەڵدەگیردرێ، ئەمە (حەسەدی) ناوەو زۆر ناشیاوەو خویەکی زۆر بەد فەڕانەیە، کە مرۆڤ وادار دەکا بۆ نابودی خەڵکی تر تەلاش بکاو بتروقێتەوە،بێ ئەوەکارێکی سازندە ئەنجام بداو کاری باش و چاک و خێرخوازانە بکا.

٣ـ سێوەم ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە ئارەزو دەکا خۆیشی دارای ئەو نازو نیعمەتا نە بێ کە خەڵکی تر هەیانەو بەڵام خەڵکی تر بەگشتی لەو نازو نیعمەتانە بێ بەش بکەون،هیچیان بە دەس نەمێنێ و ئەم حاڵەتە (بخل)ی ناوەو ئینحسار خوازی‌یە، کە مرۆڤ هەموو شتێکی بۆ خۆی بوێ و لە بێ بەشی و هەژاری و کزو کەساسی خەڵکی تر لەزەت ببا.

٤ـ چوارەم ئەوەیە ئەو مرۆیە پێی خۆشە کە خەڵکی دیکەش لە نازو نیعمەت دا بن، هەرچەندە خۆیشی بێ بەش بێ و تەنانەت پێی خۆشە ئەوەی هەیەتی بە خەڵکی بداو لە سودو بەشی خۆی چاوپۆشی بکاو ئەم حاڵەتەش (ایثار)ی ناوە کە یەکێ لە گرینگترین خوی باشی مرۆڤانی‌یە.

هەر جۆر بێت حەسودی نە تەنیا براکانی یوسفیان،تا لێواری کوشتنی حەزرەتی یوسف برد، بەڵکو جاری وا هەیە کە حەسودی مرۆڤ بۆ نابودی خۆیشی ئەباو راکێشی دەکا.

ئەوەیە کە خوا لە سوورەتی فەلەقدا لە ئاخرین ئایەتی ئەم سوورەتەیەدا فەرمویەتی (مِنْ شر حاسدٍ اذا حسد) - واتا بڵێ: خۆ دەپارێزم لە شەڕو شۆڕی هەر حەسودێ، کاتێ کە حەسودی ئەبا. وە ئەو خووە پیسە تاوی پێ ئەدا، ئەم ئایەتە نیشان ئەداکە حەسودی لە دزێوترین و بەدفەڕترینی خوی رەزیلەو قورئان ئەمەی لە ریزی کاری حەیوانی دڕندەو ماری گەزندە و شەیتانی وەسوەسەگەر داناوە.

خوا لە ئایەتی ١٢ سوورەتی یوسفا دەفەرمێ:

١٢ـ قالُوا يَا اَبَانَا مَالَکَ لاٰ تَأْمَنَّا عَلىٰ يُوسُفَ و اِنَّا لَهُ لَنَاصِحُون.

١٣ـ اَرْسِلْهُ مَعَنا غَداً يَرْتَعْ وَ يَلْعَبْ وَ اِنَّا لَهُ لَحَافِظُون.

١۴ـ قالَ اِنّى لَيَحْزُنُنِى اَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَ اَخافُ اَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَ اَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُون.

١٥ـ قالوا لَئِنْ اَكَلَهُ الذِّئْبُ وَ نَحْنُ عُصْبَةٌ اِنَّا اِذاً لَخاسِرُون.

واتا:

١٢ـ (براکان چوونە لای باوکیان و) وتیان: باوەگیان! تۆ بۆچ لە بابەت یوسف-ی برامانەوە لە ئێمە دڵنیا نابی، کەچی ئێمە خێرخوازی ئەوین؟

١٣ـبەیانی ئەومان لەگەڵدا بنێرە (دەرەوە) تا تێربخواو تێر کایەوگەمە بکاو ئێمە پارێزەری ئەوین.

١۴ـ (باوکیان) وتی: من لە دوری ئەو غەمگین ئەبم و تابی دوری ئەوم نیە، لەوە دەترسم کە گورگ بیخوا، وە ئێوە لەو بێ ئاگابن و بیرتان بە لایەوە نەمێنێ.

١٥ـوتیان: ئەگەر گورگ بیخوا باوەکو ئێمە تاقمێ بە هێزو خاوەن وزەین، دیارە ئێمە لە زیان لێکەوتوان دەبین (دیارە چتی وا ناشێ).

## تەفسیرو لێکدانەوە:

### شانۆگێری شۆفاری:

برایانی یوسف دوای ئەوەی نەخشەیان کێشا تا یوسف بخەنە نێو چاڵ کەوتنە ئەم بیرە کە چلۆن یوسف لە یەعقوبی باوکیان جیا بکەنەوە؟

جا بۆ ئەوە نەخشەیەکی دیکەیان کێشاو بە قلاًفەیەکی حەق بە من و بە زبانی چەورو نەرم و تێکەڵ بە گازندەی دڵلاوێن، چونە لای باوکیان و وتیان: باوە بۆچی قەت یوسف لە خۆت دور ناخەیتەوەو لەگەڵ ئێمە نای نێریتە دەرێ؟ بۆچ سەبارەت بەو دوو برایەمان ئێمە بە ئەمین و دڵسۆز نازانی کە بەڕاستی ئێمە خێرخوازی

ئەوانین و یوسف‌مان خۆش دەوێ: (قالوا یَا ابانا مالک لا تامنا علی یوسف) – وەرە وەرە بڕوامان پێ بکەو تۆمەتمان لێ مەدە، تازە یوسف، برامان، تازە لاوە، ئەویش خاوەن دڵە، نیازی بە ئاو و هەوای خۆش و تازەو دەرەوەی شار هەیەو ئەیەوێ تۆزێ بگەڕێ و کایە بکا، وەراگرتنی ئەو لە ماڵدا باش نیە، بەیانی یوسفمان لەگەڵدا بنێرە دەرەوەی شار، تا بگەڕێ و خاوی بشکێ و هەندێ میوەی تازەی نێو باغ و دەرو دەشت بخواو کەمێ بە خێرو خۆشی لەگەڵ ئێمە دا رای بوێرێ (ارسله معنا غدا یرتع و یلعب) – (یرتع) لە (رتع) لەسەر وەزنی قەتع لە بنەڕەتا بە واتای چەرین و زۆر خواردنی ئاژاڵە، بەڵام جار جارە لە بابەت (ئینسان = ئەنزان)ەوەش بەکار دەبرێ، بە واتای شادی و گەڕان و خواردن و خۆراکی زۆرەوە، بەکار دەبرێ.

کوڕەکان بە یەعقوبیان وت: جا ئەگەر خوا نەخواستە نیگەرانی ئەوی، ئێمە تێکڕا پارێزەرو نیگاوانی ئەو دەبین، چونکە برامانەو لە چاومان باشتر دەی پارێزین (و إنَّا له لحافظون).

بەو جۆرە نەخشەی جیاکردنەوەی یوسفیان بەڕێوە بردو بە قسەی چەورو نەرمیش یوسفیشیان فریو دا تا لەگەڵیان بڕواو باوکی لەو بارەوە رازی بکا.

ئەم نەخشە لە لایەکەوە باوکیانی خستە بن بەست کە ئەگەر یوسفیان پێ نەسپێرێ نیشانەی بێ بڕوایی یە، بەوانەو لە لایەکی دیکەوە یوسفیش زۆری بۆ باوکی هێنا بوو، کە بڕواتە دەرێ.

بەڵێ ئا بەمجۆرەیە، نەخشەی ئەوانەی کە دەیانەوێ خەڵک غافڵگیر بکەن و دەسی خۆیان بوەشێنن، لە هەموو مەسائیلی رەوانی و رۆحی و عاتفی بۆ بە ئامانج گەیاندنی نەخشەی خۆیان کەڵک وەردەگرن، بەڵام مرۆڤی خاوەن بڕواو باوەڕ بە حوکمی (المؤمن کیس) باوەڕدار وشیارە، نابێ فریوی رواڵەتی جوانی بخوا، هەرچەندە لە لایەن براتەوە بێ.

حەزرەتی یەعقوب لە راست قسەی براکانی یوسفدا بێ ئەوەی تۆمەتی بەد نییەتیان لێ بدا، وتی: پێم خۆش نیە یوسف لەگەڵ ئێوە بێتە دەرێ، بە دوو دەلیل: یەکەم تابی دوری یوسفم نیە (قال انی لیحزننی ان تذهبوا به). دووەم لەبەر ئەوەیە ئەترسم لەو دەشت و دەرە گورگی خوێن خۆر هەبێ و بێ کوڕە ئازیزەکەم بخواو ئێوە خەریکی کایەو گەمە بن و پێ‌نەزانن. (و اخاف ان یأکله الذئب و انتم عنه غافلون)، ئەمەش کارێکی سروشتی و خۆرسکەکە کوڕەکان خەریکی یاری بن و لە یوسف غافڵ بن و لەو بیاوانە پڕ لە گورگەدا گورگ یوسف ببا.

کوڕەکان وەلامێکیان بۆ بەڵگەی یەکەمی باوکیان نەبوو، چونکە خەفەتی جیایی و دورکەوتنەوەی یوسف لە یەعقوب شتێ نەبوو کە تۆڵەو قەرە بوی ئەوە بۆ حەزرەتی یەعقوب بکاتەوە، وە بەڵکو ئەو قسە ئاگری حەسودی براکانی زیاتر گڕ ئەداو تاوی ئەدان،کە بەڵکو زووتر لە چنگی دەربێنن.

لە لایەکی دیکەوە ئەم دەلیلەی باوکیان وەلامێکی هەبوو کە چەندان نیازی بە قسە لێکردن نەبوو، ئەویش ئەمە بوو کە سەرەنجام منداڵ بۆ نمو و پەروەرش و پەرەدان بە بیروڕا خواناخوا لە باوک جیا دەبێتەوە، ئەگەر بیەوێ هەروەکو گیایەکی نەورستە هەمیشە لە بن سێبەری داری وجودی باوکیدا بمێنێتەوە، پێناگاو هەڵنادا، باوک ناچارە بۆ هەڵدان و پێگەیشتنی رۆڵەی خۆی بە جیا بوونەوە، رازی بێ، ئەمڕۆ گەڕان و سەیاحەت،سۆزی بۆ خوێندنی زانست و زانیاری، دوسبەی بۆ کارو کەسبە، ئەبێ بڕواو بکۆشێ و ژیان دابین بکا، سەرەنجام جیا بوونەوە پێویستە.

جا هەر لەبەر ئەوە بوو، وەلامی ئەمەیان نەدایەوە، بەڵکو چونە سەر وەلام دانەوەی دەلیلی دووەم کە لە روانگەی ئەوانەوە زۆر گرینگ بوو و وتیان: چلۆن ئەشێ گورگ براکەمان بخوا، کەچی ئێمە تاقمێ خاوەن وزەین. جا ئەگەر شتی وا

بقەومێ، ئێمە زیان لێکەوت و بەد بەخت ئەبین، (قالوا لئن اکله الذئب و نحن عصبه انا اذا لخاسرون) - واتا مەگەر ئێمە مردوین کە دابنیشین و تەماشا بکەین گورگ یوسفی برامان بخوا، سەرەڕای ئەوە کە ئەو برامانەو بـرایـەتی وامـان لێ دەکـا، ئاگامان لێی بێ، لە نێو ئێمەدا مرۆڤی ئابڕودارو خوبە پیاوزان هەیە، جا ئەگەر شتێ وا بقەومێ، جا لای خەڵک چلۆن لە رومان هەڵدێ سەر بەرز بکەینەوە.

ئەوانە لە زیمندا بەم قسە باوکیان کە دەگونجێ ئێوە خەریکی یاری بـن و لە یوسف غافڵ بن، وەڵامیان داوەو ئەوەش مەسەلەی زیان و لە دەس دانی دەسمایەو ئابڕووە، مەسەلە ئەوە نیە کە یاری کردن مرۆڤ لە یوسف غافڵ بکاو بیر لای ئەو ببڕێ. جا ئەگەر وا بێ ئێمە ئابڕومان نامێنێ و دەزرنگێین.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوەو ئەویش ئەمەیە کە بۆچ یـەعقوب لە نـێو ئـەو هەمووە بفەو مەترسیەدا تەنیا تپلی نا بەسەر مەتریسی گورگ؟

هەندێ دەڵێن : بیاوانی کەنعان پڕ گورگەو جا هەر لەبەر ئەوە زیاتر لەوە ترساوە.

هەندێ دیکە وتویانە: لەبەر خەوێک بوو کە لە بەرا یەعقوب دیتبووی کە چەن گورگێ هێرشیان کردبووە سەر یوسفی کوڕی. ئەشگونجێ کە یەعقوب بە زمانی کنایە قسەی کردبێ و مەبەستی مرۆڤی گورگ خو بووبێ، هەروەکـو هـەندێ لە برایانی یوسف کە گورگ خو بوون.

بەڵام براکانی بە هەر فێڵ و تەلەکەیەک بوو، بەتایبەت کە یـوسفیان لە خشـتە بردبوو و بە گزی و فزی فریویان دابوو، کە لەگەڵیان بچێتە دەرەوەی شارو گوایە ئەمە یەکەمین جاربوو کە دەرەتانێکی وا بۆ یوسف هەڵکەوتبوو، تا بچێتە دەرەوەی شار بۆ یاری و گەمەکردن، لە ئاکامدا توانیان باوکیان رازی بکەن.

لێرەدا پێویستە سەرنجی چەن نوکتە بدەین کە ئامۆژگاری‌و پەندی زۆر چاک لەم بەشە لە چریکەکەدا هەیەو دەکەوێتە بەرچاو:

## ١ـ گزی و فزی دژ و دوژمنان لە جلکو بەرگی دۆستیدا.

دیارە قەت دوژمن بە ئاشکرا و بێ گزی و فـزی بـۆ دەست وەشـاندن نـایێتە مەیدان، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانن تەرەف غافڵگیر بکەن و دەرەتانی دەسکردنەوەی پێ نەدەن، کارو نەخشەی خۆیان لە جلکی رەنگاو رەنگدا دەشارنەوە. براکـانی یوسف نەخشەی مەرگ یا دورخستنەوەی ئـەویان لە ژێـر پـۆششی بـەرزترین ئیحساسات و عەواتیفی برایانەدا شاردبوویانەوە، ئیحساساتێک کە هەم یوسفی قانەقدیلە ئەداو هەم بۆ باوکیشیان بە رواڵەت قابیلی قەبوڵ بوو.

ئەمە هەر ئەو شێوەیە کە ئێمەمانان لە ژیـانی رۆژانـەدا لە روانگـایەکـی زۆر پەرەداردا لەگەڵ ئـەوەدا روبـەرو بـن، ئـەو زەرەر و زیـانانەی وا لە دەست دژو دوژمنانی سوێند خواردو، پێمان گەیوە،کەم نـیە. جـار جـارە نـاوی دۆسـتی و دڵسۆزی یارمەتی‌دان بە پەناهێنان یارمەتی فیکری، کەچی زۆر جار وابووە پەندو عیبرەتمان وەرنەگرتوەو دووبارە بە تەڵەوە بووین، جارێ بەناوی یارمەتی ئابوری، رۆژێ بەناوی پێوەندی فەرهەنگی، کەڕەتێ تر لە جلکی پشتیوانی کردن لە مافی مرۆڤ، زەمانێک بەناوی پەیمانی دیـفاعی و بـەرگری،بـەدفەڕترین قـەراردادی نەنگین بەسەر گەلانی کەم دەسەڵاتا دائەسەپێنن، بۆ وێنە بەسەر وڵاتە مـوسڵمان نشینەکاندا دایان سەپاندووە، ئەوانە جارجارە بە ناوی ناردنی پزیشک و دەواو دەرمان یا لە ژێر نێوی باڵوێزوکاردارو دیپلۆمات و دۆستی و یارمەتی‌دان، بفەترین و مەترسیدارترین سیخورو جاسوسی خۆیان دەنێرن.

جارجارە بەنێوی موستەشارانی نیزامی و فێرکردن و بارهێنان و بەکارهێنانی چەکی تازەو نوێ و مودێرن و پێچیدەو رازو رەمـزی نـیزامـی لەگـەڵ خـۆیان دەیهێنن و بە نێوی تیکنیسییەن و کارناسان و کارمەندانی فەننی، باری ئابوری

ئەم وڵاتانە دەخەنە سەر رێبازی وابەستەگی بە خۆیان کە لە کاتی خۆیدا جولەمان لێ ببڕن و جۆرێ بڕۆین بەڕێوە کە ئەوان ویستویانە.

ئایا ئەو هەموو ئەزمونەو ئەو هەمووە تاقیکردنەوە، کافی و بەس نیە کە دەرسی لێوەربگرین و ئیتر لەمەو لا فریوی گزی و فزی و درۆو دەلەسەی ئەو شـەیتانانە نەخۆین و دەستی گزی و خەیانەتی ئەوانە بگرین و بیبڕین تا ئیتر چاو نـەبڕنە خواردن و کوروسانەوەی ئێمەمانان.

## ٢ـ نیازی خۆرسکی مرۆڤ و ئەنزان بە سەرگەرمی سالم:

سەرنجڕاکێشە یەعقوب پێغەمبەر لە راست بەڵگەی کوڕەکانیدا سەبارەت بەوە کە یوسف نیازی بە گەڕان و سەیرو سیاحەت هەیە وەڵامێکی نەدایەوەو بە کردەوە ئەوەی قەبوڵ کرد، ئەمە خۆی بەڵگە بۆ ئەمەیە کە ئەقڵی سالم ناتوانێ ئەم نـیازە سروشتی و خۆرسکە ئینکار بکاو نەیسەڵمێنێ.

مرۆڤ وەکو ماشینێکی ئاسنەواڵە نیە، کە هەرچی بیانەوێ کاری لێبکـێشن، ئینسان گیان و رۆحی تێدایە، هەروەکو لەش و لاری ماندو ئەبێ، هەروەکی لەش و لاری نیازی بە پشودان و وچان و خەو هەیە، گیان و رۆحیشی نیازی بە گەڕان و سەیرو سیاحەت و شادی هەیە.

ئەزمونیش نیشانی داوە کە ئەگەر مرۆڤ خـەریکی کـارگەلێکی یـەکسـان و یەکجۆر بێ، کارەکەی لەبەر ناڕەوێ و راندمانی کارەکەی لەبەر شەکەتی و لەش گرانی کەم دەکا، بەڵام بەراوەژوو، دوای چەن سەعات سەرگەرمی سالم و گەڕان و شادی دێتەوە سەرخۆ، لەباری کەمیەت و چ لەباری کەیفییەتەوە کارەکەی لەبـەر دەرەوێ و ئاکام و نەتیژەی کارەکەی زۆر، وە چاک و باش دەبێ، جا هەر لەبەر ئەمە ساتەکانی گەڕان و شادی یارمەتی بە ساتەکانی کارو کوێرەوەری مرۆڤ ئـەداو

ئاکام و بەرهەمی فرەترو چاکتر ئەدا.

## ئەمەیە کە لە ئیسلام دا وتراوە:

ژیانی مرۆڤی خودان بڕواو باوەڕ لە سێ بەشداکورت ئەکرێتەوە، بەشێکی کات و ساتی بە مەعنەویات و دوعاو پاڕانەوە لە خواو عیبادەت رائەبڕێ، بەشی دیکەی بۆ دابین کردنی هۆی ژیان،وەبەشێ تریشی بۆ لەزەت بردن لە شتی حەڵاڵ و مەشروع،تەرخان ئەکاو ئەم سەرگەرمی و تەفریحە سالمانە یارمەتی بە بەرنامەکانی تری ئەو ئەدا.

بە قسەی هەندێ کەس گەڕان و شادیکردن هەروەکو سرویس کردن و رەوغەن کاری چەرخی ماشینە، هەرچەند ئەو ماشینە ساتێ لەکار ئەوەستێ، بەڵام لە دواییدا تەوان و هێز و ئەنرژیێکی تازە پەیا دەکاو راوەستانەکان بە باشترین شێوە قەرەبۆ دەکاتەوەو تەمەنی ماشینەکەش بەوگریس و رەوغەنکاریە زیادتر ئەبێ.

گرینگ ئەوەیە، کەگەڕان و سەرگەرمیە‌کە سالم بێ، ئەنا نە تەنیاکەندوکۆسپێک لانابا، بەڵکو سەرگەرمی ناسالم ئەبێتە هۆی ماندوبوونی گیان و رۆح و ئەعسابی ئینسان، وە رۆحی ئینسان دەکوترێ و وەها شەکەت ئەبێ تا ماوەیەک هێزو تەوانی کارو باری نامێنێ و تەنانەت لە ژیانیش بێزار دەبێ.

ئەمەیە کە لە ئیسلام دا ئیجازەی گەڕان و سەیرو سیاحەت و تەفریحاتی سالم دراوە، تەنانەت لە حوزوری رەسولی ئەکرەمدا غار غارێنێ وشتر کراوەو تەنانەت حەزرەت وشتری خۆی بۆ ئەوکارە بە خەڵک و یارانی خۆی داوە، تا غار غارێنی پێ بکەن.

نوکتەیێ دیکە ئەمەیە هەروەکو برایانی یوسف لە ئارەزوی مرۆڤ بە تایبەت تازە لاوان بەگەڕان و تەفریح و شادی بۆگەیشتن بە ئامانجیان گزی وگەڕیان کرد،

لە دنیای ئەمڕۆکەیشدا دەستی چەپەڵی مەرموزی دژو دوژمنانی حەق و دادگەری لە مەسەلەی وەرزش و گەڕان و جەفەنگ و خۆشی بۆ ژەهراوی کردنی بیرو باوەڕی بەرەو نەسلی گەنج و لاوان وگزی و بێ فەڕێکی زۆر دەکەن، ئەبێ بیدار بین تا زل هێزە گورگە خۆرەکان لە جلک و سیپاڵی وەرزش و گەڕان و تەفریحدا نەخشەی بێفەڕانەی خۆیان لە نێو لاواندا بەناوی وەرزش و گەمەو کێ بەرکێی هەرێمی یا جیهانی پیادە نەکەن و نەتوانن بە زیانی ئێمەو گەلە موسڵمانەکەمان بیبەن بەڕێوە.

### ٣ـ لە ژێر سیبەرو سەرنجی باوکدا:

هەرچەندە دۆستی و خۆشەویستی زۆرو زەوەندی باوک و دایک بە رۆڵەکانیان واداریان دەکا منداڵەکانیان هەمیشە لای خۆیان بن و لە بن چاوەدێری راستەو خۆیان، پەروەردە بکرێن، بەڵام دیارە کە فەلسەفەی ئەم خۆشەویستییە لە روانگای قانونی ئافەرینشەوە هەر ئەو ئاگا لێبوون و پشتیوانی کردنە، بێ درێخەیە لە زارۆکەکانی خۆیان لەکاتێ کە نیازیان بەوە هەبێ، جا هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەبێ لە تەمەنی گەورەیی دا لەم پشتیوانی کردنە کەم بکرێتەوە.

وە بە منداڵەکانیان ئیجازە بدرێ بەرەو سەر بە خۆیی ژیان هەنگاو دابنێن، چونکە ئەگەر هەروەکو یەک خەڵف، وە نەمامێکی تازە چەقاو، بۆ هەمیشە لە بن سێبەری یەک داری گەورەو پڕ لق و پۆپ و گەڵادا، بمێنێتەوە، رۆشد و نمۆی پێویست ناکا.

دەگونجێ هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە وا یەعقوب لە راست پێشنیاری کوڕەکانیدا بەو هەمووە خۆشەویستیە کە سەبارەت بە یوسف هەیبوو، ئیجازەی دا یوسف لەگەڵ براکانیدا بڕواو لە باوکی جیابێتەوەو بڕواتە دەرەوەی شار، هەرچەند

یەعقوب ئەمەی بە دڵ نەبوو، بەڵام بەرژەوەندی یوسف و روشد و نموی سەربەخۆیی ئەو، وای لە یەعقوب کرد کە ئیجازە بدا یوسف کەمێ لە باوکی دور بکەوێتەوەو خۆی خو بە ژیانی سەر بە خۆ بگرێ.

ئەمە مەسەلەیەکی گرینگی بارهێنانە، کە زۆرێ لە باوک و دایکان بەوە نازان و لێی خافڵن و بەناو منداڵانی خۆیان (نازدارە)و بە نازداری پەروەردەی ئەکەن و باریان دێنن و نازیان دەکێشن، بە جۆرێکی وا هێز و قەوتی ئەوەیان نابێ دور لە نازی باوک و دایک بژین، لە راست کەندو کۆسبدا خۆ رابگرن و لە راست تەنگوچەڵەمەدا دێن بە چۆکدا، هەر لەبەر ئەمەیە زۆربەی گەورە پیاوان و هەڵکەوتوان لە دنیادا کەسانێک بوون کە بە منداڵی باوک و دایکیان نەماوەو بە هەتیوی و هەناسەساردی و بێ کەسی و بێ ئەنوایی ژیاون.

گرینگ ئەوەیە کە باوک و دایک سەرنجی ئەم مەسەلە بارهێنانە گرینگە بدەن تا منداڵەکانیان سەربەخۆو باش باربێن و پیاوانە پەروەردەبن، خۆشەویستی بە درۆ، نەبێتە هۆی ئەوە منداڵ و زارۆک و تازە لاو سەر بە خۆی خۆیان لە دەس بدەن و نەتوانن بێ یارمەتی ئەم و ئەو بەرەو شەنگی خۆیان لە قوڕ دەربێنن.

سەرنجراکێشە کە ئەمە بە وێنەی غەریزە لە بابەت هەندێ لە ئاژاڵەوە بیندراوە، بۆ وێنە جوجەڵەو جوچکەی مریشک لە سەرەتاوە دەچنە بن باڵ و پەڕی دایکیانەوە و مریشکەکەش هەروەکو رۆحی خۆی لە بەرامبەر هەر روداوێکەوە لەو جوجکانە دیفاع دەکاو هەروەکو گیانی شیرینی خۆی ئەوانە دەپارێزێ.

بەڵام کاتێ کەمێ زلبوون، دایکە نە تەنیا پشتیوانییان لێوە ناکا، بەڵکو ئەگەر بە دوی بکەون، بە نوک تیان دەسرەوێنێ و لە خۆی دوریان دەخاتەوە، یانێ بڕۆن و رێو شوێنی ژیانی سەر بە خۆ فێربن، تاکەی ئەتانەوێ بە دوی منەوە بن، وەناسەر بە خۆ بژین؟ ئێوەش بەلای خۆتانەوە پێگەییون و بوونەتە (پیاو) و زەلام بوون؟!

دیارە ئەم مەبەستە هەرگیز لەگەڵ مەسەلەی پێوەندی خزمی و پاراستنی خۆشەویستی و محەبەت دژ نیە، بەڵکو خۆشەویستی‌یەکی قووڵ و پێوەندییێکی حسێب کراوەو لەسەر بنەڕەتی بەرژەوەندی هەر دوک لایە.

## ۴ـ نە تۆڵە ئەستاندن و نە تۆمەت لێدان،بەر لە تاوان:

لەم قسەو باسە لەم چریکەی یوسفەدا بە جوانی دەردەکەوێ کە یەعقوب باوەکو لە حەسودی براکان سەبارەت بە یوسف ئاگادار بوو، هەر لەبەر ئەوەش دەستوری بە یوسف دا خەونە سەیرو پڕ سەمەرەکەی بۆ براکانی خۆی نەگێڕێتەوە و قەت حازر نەبوو، ئەوانیش تاوانبار بکا کە نەبادا ئێوە قەستە سەری یوسفی کوڕمتان هەیە، بەڵکو بیانوی تەنیا ئەوە بوو کە تابی دوری یوسفم نیەو لە گورگی بیاوان ئەترسم.

ئاکارو خوو ئەخلاق و بەراوردی مرۆڤانی و ئوسولی داوەری و دادگەرانەش هەر ئەبێ وابێ، کە تا نیشانەی کارو کردەوەی خراپ و ناشیاو لە کەسێکەوە دەرنەکەوێ نابێ لە خۆوە تۆمەتی لێ بدرێ و تاوانبار بکرێ، ئەسڵ پاکی، بێ تاوانی و راستی و دروستی و چاک و چاک بوونە،مەگەر پێچەوانەی ئەوە دەربکەوێ و بسەلمێندرێ.

## ۵ـ تەڵقێنی دژو دوژمن:

نوکتەیێ دیکە ئەمەیە کە دەڵێن: بە درۆ تەلقین مەکەن تا درۆتان پێ بڵێن، چونکە دەڵێن تا ئەو دەمە کوڕانی یەعقوب نەیان‌دەزانی ئەگونجێ گورگ هێرش بۆ مرۆڤ بێنێ و بیخوا، جاکاتێ یەعقوب ئەم قسەی بە زارا هات، لێی فێر بوون.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ،ئەشێ تەرەفی قسە سەرنج نەداتە بیانو گرتن و هەڵبژاردنی

رێگای کەچ ، جا ئێوە لەوەی ئاگادار بن کە خۆتان بەو قسانەی کە دەکەین رێگای خوارو ناحەزو دزێو نیشان نەدەن.

ئەمە دروست وەکو ئەوەیە کە جار جارە ئەنزان و مرۆڤ بە منداڵی، چکۆڵەو کەم تەمەن بێژێ تۆپەکەت نەدەی لە چرای ژورەکە، کەتا ئەو دەمە نەیدەزانی ئەکرێ تۆپ لە چراکە بدرێ، سەرنجی بۆ ئەوە رادەکێشرێ کە کارێکی وا ئەگونجێ و دوا بە دوای ئەوە گوێ قولاخ دەبێ و خۆی قانەقدیلە ئەدا، کە ئەبێ بزانم ئەگەر تۆپەکەم لە چراو لامپەکە بدەم چ دەبێ؟ جا ئەو کارە تاقی دەکاتەوە، ئەزمونێ کە دەبێتە هۆی شکانی چراو لامپەکە.

ئەمە تەنیا مەبەستێکی سادە نیە لەبابەت منداڵانەوە، لە نێو کۆڕو کۆمەڵگایەکیش جارجارە ئەمرو نەهی لارێیانە ئەبێتە هۆی ئەوەکە زۆرێ لە خەڵک ئەوانەی کە نەیاندەزانی فێری بین، وەبکەونە بیری ئەوە تاقی بکەنەوە، لەم بابەتەوە تا ئەو شوێنەی دەگونجێ دەبێ قسەو مەبەست بە جۆرێ گشتی بەیان بکرێ تا نەبێتە هۆی لارێ فێرکردن.

دیارە حەزرەتی یەعقوب پێغەمبەر لەبەر دڵپاکی و سینەسافی و سەفای دڵ و دەرون ئەم قسەی لەگەڵ کوڕەکانیدا درکاند، بەڵام کوڕە لارێکانی لە قسەکەی باوکیان دزێوی و بەدفەڕی فێر بوون.

وێنەی ئەمە، رەوشت و شێوەگەلێکە لە زۆرێ لە نووسراوەکاندا دێنە بەرچاو، کە بۆ وێنە یەکێک دەیەوێ لە بابەت زەرەرو زیانی (تریاک و هیرۆئینو زیناوە) قسە بکا، بە جۆرێکی وا لەوانە دەکۆڵێتەوەو قسەی لێوە دەکا یا شانۆکانی بە هۆی فیلم و شتیواوە نشان ئەدا کە بێ ئاگایانە خەڵکەکە بە رازو رەمزو نهێنیەکانی ئەو کارە ناسیاو، وە بەدفەڕانە ناسیاو دەبن، لە پاشان مەبەستێک کە لە بابەت دزێوی و بەدبەفەڕی و ناحەزی و زیاناوی ئەوانە، بەیانی دەکاو رێگای رزگارکالەو شتە

خراپانە بەیان دەکاو دەیەوێ بەوانی نیشان بدا، لە بیریان دەچێتەوە. جا هەر لەبەرە ئەمە، ئەغلەب زیان و دزێو و بەدئامۆزی ئەم جۆرە قسەو ئەو جۆرە فیلمانە زەرەرو زیانیان لە فایدەکەیان زیاترە.

## ٦ـ ئاخرین نوکتە

ئەمەیە: براکانی یوسف وتیان: ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا گورگ بێ و براکەمان (یوسف) بخوا ئیتر ئێمە خۆمان بە مرۆڤ نازانین و زیانکارین، ئەم قسە ئیشارە بەمەیە کە ئینسان و ئەنزان کاتێ شتێک ئەگرێتە سوکرو خۆی ئەبێتە بەرپرس ئەبێ تا دواین هەناسە، خۆی بە عودەدار بزانێ و پابەندی بێ، ئەنا دەسمایەی ئابڕۆ و باری کۆمەڵایەتی و سەرمایەی ویژدان، بەفیرۆ لە کیس دەچێ.

چلۆن ئەکرێ مرۆڤ ویژدانی،وەشەخسییەتی بەرزو باشی هەبێ، وە بە ئابڕو بێ و بە حەیسیەتی کۆمەڵایەتی خۆی پێ بەندبێ و بەو حاڵەوە کەچی لە بەرپرسی خۆی مل باداو لە راست ئەوەدا بێ تەوفیر بێ و خۆگێل بکا.

خوا لەبابەت حەزرەتی یوسفەوە کە لەگەڵ براکانی چووە سەیران دەفەرمێ:

١٦ـ فَلَمَّا ذَهبُوا بِهِ وَاجْمَعوا اَنْ يَجْعَلُوهُ فِى غَيابَتِ الْجُبِّ و اَوْحَيْنا اِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُمْ بِاَمْرِهِمْ هٰذٰا وَ هُمْ لا يَشْعُرُون.

١٧ـ وَ جٰاءُوا آباٰهُمْ عِشاءً يَبْكُون.

١٨ـ قالُوا يا اَبَانَا اِنّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَ تَرَكْنَا يُوسُف عِنْدَ مَتاعِنا فَاَكَلَهُ الذِّئْبُ وَ ما اَنْتَ بِمُؤمِنٍ لَنا وَ لَوْ كُنّا صٰدِقين.

١٩ـ وَ جاءوا عَلىٰ قَميصِهِ بِدَمٍ كذب قال بَل سَوَّلَتْ لَكُمْ اَنْفُسَكُمْ اَمْراً فَصبْرٌ جَميلٌ وَاللّٰهُ الْمُسْتَعان عَلىٰ مَا تَصِفُون.

واتا:

١٦ - کاتێ کە ئەویان لەگەڵ خۆیان برد و لێبڕان یوسف لە نهێنگەی (تاقچەی) چاڵاو دابنێن، وەحیمان بۆ نارد کە لە دوا ڕۆژ دا لە کردەوەی خۆیان ئاگاداریان دەکەی، کەچی ئەوانە نازانن.

١٧ـ بە شەو، بە گریە کردن هاتنە لای باوکیان.

١٨ـ وتیان: ئەی باوە، لێمان قەومیاوە، لەو دەمەی خەریکی گەمەو کایە بووین، یوسفمان لای جلک و کەرەستەکان دانابوو، گورگ دەرفەتی هێناو خواردی! لامان وایە هیچ کاتێ باوەڕمان پێ ناکەی، هەرچەندە ڕاست بێژیش بین.

١٩ـ وە کراسەکەی یوسفیان بە درۆ لە خوێن وەرداو لە بەر دەس یەعقوبی باوکیان دانا، یەعقوب وتی: هەواو هەوەسی نەفسانی و شەیتانی، ئێوە ئەم کارەی بۆتان ڕازاندەوە! من تاپشتی جەمیلو جوان دەکەم، خو ی خۆم و خۆرادەگرم (و ناسپاسی ناکەم) و لە خوا لە ڕاست ئەوەی دەیلێن، یارمەتی لە خوا دەخوازم و هەر ئەویشە یارمەتیدەری بەڕاستی.

بە پێی ئەو ئایەتە سەرەنجام براکان سەرکەوتن و یەعقوبی باوکیان ڕازی کرد تا یوسفیان لەگەڵدا بنێرێتە کەژو دەرو دەشت.

ئەو شەوە زۆر بە خۆشی و ئارامیەوە نوستن، بەو هیوایەکە بۆ سۆزیدا نەخشی خۆیان لەبابەت یوسفەوە دەبەن بەڕێوەو ئەو براو گرێیە بۆ هەمیشە لەسەر ڕێگای ژیانیان لائەبەن و تیا ئەبەن.

تەنیا دڵهۆڕەیان لەوە بوو، نەوەکو باوکیان پەشیمان بێتەوەو یوسفیان لەگەڵدا نەنێرێتە سەیرانگە.

بەرەبەیان کە تازە سپێدە بەرپدا بوو، کوڕەکان هاتنە لای باوکیان و زۆر بەڕێزەوە یوسفیان هەڵگرت و بەرەو سەیرانگا کەوتنە ڕێ، یەعقوبی باوکیان زۆر دەسەو دامێنی کوڕەکانی بووکە هۆشیان بە یوسفەوە بێ و چاوی لێ نەتوروکێنن، ئەوانیش

بەڵێنی پێویستیان داو دەرکەوتن، دەڵێن حەزرەتی یەعقوب تا دەروازەی شار ئەوانی بەڕێ کردو بۆ ئاخرین جار یوسفی هەڵگرت و توند نووساندی بە سینگی خۆیەوەو تێر تێر ماچی ماڵ ئاوایی لێکرد، فرمێسک و ئەسرین و رۆندک بە چاوی دا شۆڕبوونە خوارێ و ئەوسا یوسفی دا بە دەس براکانی و خۆی بەرەو ماڵ گەڕا دواوە، بەڵام یەعقوب چاوی بڕیبووە یوسف و کوڕەکانی کە دەڕۆیشتن و ئەوانیش تا لە چاوی باوکیان ئاوا بوون، هەروا دەسی یوسفیان گرتبوو و بە پێی ئەو دەڕۆیشتن، بەڵام کاتێ کە دڵنیابوون کە یەعقوب چاوی ئەوان نابینێ، دیقی دڵی چەن ساڵەی خۆیان بەسەر یوسف دا خاڵی کرد، کە رق و قین و حەسودی دڵ و دەرونی پڕو تەژی کردبوون. دەسیان کرد بە ئازاردانی یوسف، ئەویش هەر چارەی پەنای بۆ یەکێکیان دەبرد، دەڵێن لەو سەردەمەی داکە دەیانەویست یوسف بخەنە نێو چاڵاوەکە، یوسف لە قاقای پێکەنینی دا، براکان زۆریان پێ سەیر بوو، کە بۆچ وا پێدەکەنێ، لە باتی ئەوەی بگری، نەکا ئەمەی بە گاڵتە گرتبێ، ئاگای لە رۆژەرەشی خۆی نیە کە توشی چ توشی و دەردو مەینەتێک ئەبێ.

بەڵام یوسف پەردەی لەسەر ئەو راز و نهێنیە لاداو پەندو دەرسێکی گەورەی بە هەمووان فێر کردو وتی: (لە بیرم ناچێتەوە رۆژێ پڕ بە دڵ و داو تەماشای بەژن و باڵا و هێز و دەس و بازۆڵەی ئێوەم دەکرد و زۆر شادو دڵخۆش بووم و خۆم بە خۆمم دەوت: کەسێ کە ئەم هەمووە برا دەس و بازۆڵە جوان و بە هێزانەی هەبێ چ غەمێکی لە کەندو کۆسپی رۆژگار دەبێ، ئەو رۆژە زۆرم شایی بە خۆم و بە ئێوە هەبوو و ئێوەم بە پشتیوانی خۆم دەزانی و دڵ و دەرونم دابوو بە ئێوە،ئێستا کە لە چنگاڵی بێ بەزەیی ئێوەداگیرم خواردوە، لە دەس شەڕو شۆڕ و وەیشومەی تاکە تاکی ئێوە، پەنا دەبەمە بەر ئەم و ئەوتان، کەچی پەنام نادەن و ئازارم ئەدەن و خۆشبەختی و سەرکەوتی خۆتان لە تیاچون و تیا بردنی مندا ئەبینن و پەنام نادەن و

یارمەتیم نادەن و پشتیوانیم لێ ناکەن. خوا ئێوەی کردۆتە ملوزم بە سەر منەوە تا ئەم دەرسە فێر بم کە تەنیا ئەبێ هیوام هەر خوا بێ و هەر ئەویش بە پشتیوانی بەڕاستی خۆم بزانم، تەنانەت برایش بە یارو پشتیوانی خۆم نەزانم. قورئان دەفەرمێ: (کاتێ کە یوسفیان لەگەڵ خۆیان بردو وێکرا لێبڕان کە یوسف لە نهێنگەی:(تاقچەو سەکۆی دەم ئاوی چاڵاوەکە) چاڵاوێک بخەن، ئەوەی کە نەدەکرا لە زوڵم و ستەم سەبارەت بە یوسف کردیان (فَلَمَّا ذَهبُوا بە وَاجْمَعوا اَنْ يَجْعَلوه فی غِيٰبتِ الجب). خاوەنی تەفسیری قورتوبی لای وایە لەم ئایەتە دا (جوابی لما) قرتاوە و راستیەکەی بەمجۆرەیە: (فَلَمَّا ذَهبُوا به وَاجْمَعوا اَنْ يَجْعَلوه فی غِيٰبت الجب،عظمت فتنتهم)، وە ئەم جۆرە حەزفە دەشێ لەبەر ئەوە بێ کە عەزەمەتی ئەم رووداوە، دەرداوییە،بە جۆرێکی وا بووە کە بێژەر خۆی لێ بێدەنگ بکاو ئەمەش خۆی فەنێکە لە فنونی بەلاغەو جوانی و رێک و پێکی قورئان.

رستەی (اجمعوا) نیشان ئەدا کە براکان بە تێکڕا لەو بەرنامە شومەدا بیرو رایان یەک بوو، وە بۆ تیا بردنی یوسف یەکیان گرتبوو، هەرچەن لە کوشتنی یوسف دا جیایی بیرو رایان هەبوو.

دیارە (اجمعوا) لە مادەو ریشەی جەمەعەیە، بە واتای کۆکردنەوەیە،وەلێرەدا ئیشارە بە کۆکردنەوەی بیروڕایە.

لە دواییدا خوا دەفەرمێ: (لەو سەردەمەدا وەحی و ئیلهاممان بۆ یوسف کردو پێمان راگەیاند کە خەفەت نەخوا (رۆژێک دێ کە ئەوان لە نەخشەی شوم و بەدفەڕی خۆیان ئاگادار ئەکەیتەوە، لە حاڵێکدا کە ئەوانە تۆ ناناسنەوە (و اوحينا اليه لتنبئنهم بامرهم هذاو هم لا يَشْعُرون).

ئەو رۆژەی کە تۆ لەسەر تەختی بەختی دەسەڵات و شایی پاڵ ئەدەیتەوە، هەر خۆت هەمەکارە دەبی، جا براکانت دێنە لات و دەسی نیاز بۆ لای تۆ رادەکێشن،

هەروەکو مرۆڤی تینو لە بیابانێکی گەرم و سوتێنەر دا بە دوای ئاو دا بگەڕێن، لەو پەڕی بێ هێز و ئاتاجی و موحتاجیدا دێنە لای تۆ، تۆیش بە جۆرێکی وا چویتە سەرێ و پایەو پلەت بڵیند بووەو شکۆت پەیا کردوە، باوەڕ ناکەن تۆ هەر ئەو یوسفەی برایان بی، جا ئەو رۆژە پێیان دەڵێی: ئایا ئێوە نەبوون کە لەو رۆژەدا لەگەڵ برا چکۆلەکەی خۆتاندا «یوسف» واتان دەکرد؟ جا لەو رۆژە دا براکانت ئارەقی شەرم بە روخساریاندا چۆڕاوە دەبەستێ و سەری شەرم و شەرمەساری لە راست تۆ بەر ئەدەنەوە.

ئەم وەحیەی خوا بۆ حەزرەتی یوسف بە قەرینەی ئایەتی ٢٢ی هەر ئەم سوورەتەیە، وەحی نبووەت نەبوو، بەڵکو ئیلهامێک بوو، چووە نێو دڵ و دەرونی یوسفەوە، بۆ ئەوەی بزانێ تەنیا نیە، راگرو پارێزگارێکی هەیەکە خوایە، ئەو وەحیە نورو تیرێژی هیوای پرژاند بە نێو دڵ و دەرونی یوسف داو لکەی رەش و تاریکی بێ هیوایی لە دڵ و دەرونی یوسف دا رامالی و بە نوری خوا پاکی کردەوەو دڵ و دەرونی نورانی و گەشەدار و خۆش کرد.

براکانی یوسف نەخشەی شوم و بەدفەڕانەی خۆیان لە بابەت یوسفەوە بەڕێوە برد، بەڵام کەوتنە ئەو بیرەوە کە ئەبێ لە کاتی گەڕانەوە بۆ لای یەعقوبی باوکیان، شتێ ساز بدەن کە باوکیان بڕوایان پێ بکا، تا سەرنجی باوکێنی یەعقوب بۆ لای خۆیان رابکێشن، شتێ کە لە مێشکی خۆیاندا گەڵاڵەیان کردبوو، دروست لەو شوێنەوە کە یەعقوب لێی دەترساو تێبینی کردبوو، وتیان دەڵێن: بابە ئێمە خەریکی تەقلەو رمبازێن و سواری و یاری کردن بووین، یوسفمان لای جلک و کەل و پەلەکان دانا بوو، لە ناکاو گورگ پەلاماری داو رفاندی و خواردی.

قورئان دەفەرموێ: بە شەو براکان بە گریەو زاری هاتنە لای یەعقوبی باوکیان (و جاءوا آباهُمْ عِشاء یبکون).

یەعقوب کە بێقەرارانە چاوەڕوانی یوسفی خۆشەویستی بوو، کاتێ چاوێکی بە کوڕەکانیدا گێڕا و یوسفی نەدی، دڵە خورپەی پێ کەوت و لەرزی و بە دڵەلەرزەوە پرسی، ئەوانیش وتیان: (باوەگیان ئێمە چوینە سەیران و خەریکی جلیتێن و سواری و تەقلە بووین و یوسفمان لای سیپاڵەکانمان دانا بوو، چون ئەو نەیدەتوانی دارجلیت و سواری و رمبازێن بکا، بە جۆرێکی وا بە کایەوە پیچرا بووین، یوسفمان لە بیر چوبۆوە و گورگ دەرەتانی پەیداکردبوو و یوسفی رفاندو خواردی.

(قالوا یا آبانا اِنّا ذهبنا نستبق و ترکنا یوسف عند متعنا فاکله الذئب و ما انت بمؤمن لناو لو کنا صدقین).

بەڵام دەزانین تۆ قەت بە قسەی ئێمە باوەڕ ناکەی، هەرچەندە راستبێژیش بین، چونکە خۆت تێبینییەکی وەهات کردبوو و قسەکانمان بە بیانو دائەنێی (ما انت بمؤمن لناو لو کنا صدقین).

قسەی براکان بە رواڵەت خونجاو بوو، چونکە لە سەرەتاوە بە باوە قسەیان لەگەڵ یەعقوبی باوکیاندا کرد (یا ابانا) کە باری عاتفی و باوکێنی تێدایە،لە لایەکی دیکەوە جوان دیارە،کاتێ ئەو برادەس و بازوڵە قەوی و بە هێزانە لە ئاوەها سەیرانگایەکدا خەریکی کایە و سواری و تەقلەوگەمەبن و برایەکی چوکەی وەکو یوسف لای سەرو سیپاڵ دابنێن، سەرەڕای ئەمانەش بۆ بە هەڵە بردنی باوکیان دەستی خۆیان رە پێش خست و بە چاوی فرمێسک ئاوی و قوڵپەی گریانەوە، وتیان: تۆ قەت باوەڕ بە ئێمە ناکەی هەرچەندە راستبێژیش بین.

بۆ ئەوەی نیشانەیەکی زیندو بنێنە نێو لەپی دەستی باوکیان (کراسی یوسفیان کە بە درۆ خوێناوی کردبوو - جا خوێنی گیسک بوو یا بەرخ یا ئاسکۆڵە بوو، بە درۆ لە کراسەکەیان ساوی بوو) دایانە دەس یەعقوبی باوکیان (و جاءوا علی قمیصِهِ بِدَمٍ

کذب).

کورد دەڵێ درۆزن کەم حافیزەیە، لەو شوێنەی وا یەک ڕووداوی حەقیقی پێوەندی جۆراوجۆری بە چلۆنایەتی و مەبەستگەلی دەورو بەری خۆیەوە هەیە، کە کەمتر دەتواندرێ هەموو ئەوانە لە ڕێک و پێک خستنی بۆ سازدانی درۆ و دەڵەسەو چاو و ڕاوگزی و فزی یەک بگرنەوەو درز نەدا، ئەوە بوو براکانی یوسف لەو نوکتە بێ ئاگا بوون کە لانی کەم کەراسەکەی یوسف لە چەن لایەکەوە لەت و شیراڵ بکەن تا بەڵگەی جێ کەڵپی گورگ بێ و زو بە درۆ نەکەونەوە، ئەوانە کراسی یوسفی برایان بێ هیچ دڕاویەک لە ئەندامی یوسف داڕینی بوو و هەندێکیان لە خوێن وەردا بوو، نایانە بەردەس باوکیان، باوکی وشیاو پڕ ئەزمون کاتێ چاوی بە کراسەکەوت، هەموو شتێکی لێ حاڵی بوو و وتی: ئێوە درۆ دەڵێن: (بەڵکو هەواو هەوەسی نەفسانی و شەیتانی ئەو کارە دزێوەی لەبەرتان جوانو شیرین کردو توشی وەیشومەی کردن و ئەم نەخشە شەیتانیەی فێر کردن، (قال بَل سَوَّلَتْ لَكُمْ اَنْفُسَكُمْ امراً).

خاوەنی تەفسیری (روح المعانی) لێرەدا نووسیویەتی کە لە هەندێ لە ریوایات دا هاتووە کە دەڵێن: کراسەکەی گرت و ئەم دیو و ئەو دیوی پێ کرد، هەرای کرد، ئەی بۆچ جێگای کەڵپەی گورگی پێوە دیار نیە؟ هەندێ تر دەڵێن: حەزرەتی یەعقوب کراسەکەی هێنا بە دەم و چاویداو ناڵاندی و گریاو رای گەیاند: ئەوە چ گورگێکی میهرەبان و خاوەن بەزەیی بووە، کە یوسفی کوڕمی خواردوە، بەڵام کەڵپەی لە کراسەکەی نەداوەو نەیدڕاندوە؟ ئەوسا بێهۆش بە دەمەوە تخێل بوو، وەک داری ویشکی لێهات، هەندێ لە براکانی یوسف هاواریان کرد کە وای بۆ ئێمە خاک بەسەر خوێن، لە دادگای ڕۆژی قیامەت لای خوا ڕو زەرد خوێن، هەم براکەمان لە دەس چوو، هەم بووینە هۆی کوشتنی یەعقوبی باوکمان، یەعقوب

هەروا تا بەیانی رۆژی دوایی بێ هۆش و نارەحەت بوو، بەلاّم لە بەرەبەیاندا کە سروەی دەم بەیان کە دای لە دەم و چاو و لەش و لاری فێنکی کردەوە، کەم کەم هاتەوە هۆش.

با وەکو دڵ و دەرونی گڕی گرتبوو، گیانی دەسوتا، بەلاّم هەرگیز قسەی کاڵ و نەکۆڵیو یا ناسپاسی نەهات بە زاریدا، وە هەراو هوریای نەکرد، بەڵکو وتی: (تابشت دێنم و خۆ رادەگرم، صبر جمیل - وە جوان و رازاوە لەگەڵ شوکری خوا دەکەمە خوی خۆم)(١).

فصبر جمیل - ئەم ئایەتە، وەکو سیفەت و مەوسوف وایە، وە خەبەرە بۆ مبتدایەکی مەحزوف و قرتاو، لە بنەڕەتدا ئاوایە (صبری صبر جمیل)، لە پاشان وتی: (من لە راست ئەو قسانەی ئێوەدا یارمەتی لە خوا دەخوازم). (والله المستعان علی ما تصفون).

لە خوا دەخوازم تاڵ و تفتی جامی تابشتم لەسەر دەم و زارمم دا شیرین بکاو هێز و توانایێ زیاتریش بە من بدا، تا لە راست ئەم گێژە لۆکە گەورەدا بتوانم خۆڕاگرم و تابشت بێنم و زمانم بە قسەی کاڵ و نەکۆڵیو پیس نەکەم.

یەعقوب نەیوت: خوایا لە بەرانبەری بەلاّی مردنی یوسف دا تابشت و خۆڕاگریم بدەرێ، چونکە دڵی خەبەری پێ دا بوو کە یوسف نەکوژراوە، بەڵکو وتی: لە راست ئەوەی دەیڵێن کە نەتیجەکەی جیابوونەوەی یوسفە لە منی دڵ سوتاو، سەبرو تابشتم گەرەکە.

لە ئایەتی (وَاَجْمَعوا اَنْ یَجْعَلوه فی غَیٰبت الجب - هەموو لەسەر ئەوە رێک کەوتن

---

١- جا یەعقوب فەرموی جەرگم براوە زوڵمێ واگەورە لە کەس نەکراوە
(فصبر جمیل) هاتە خەیاڵی بۆ رائیل بونی پەشێوی حاڵی
بێدەنگ بو، گرتی موددەتێ ئارام لێی گرد بونەوە، پیاوانی پڕ فام.

کە یوسف لە نهێنگەی،(تاقچەی) دەم ئاوی چاڵاوەکە دابنێن).

جوان دەردەکەوێ کە یوسف یان تۆرهەڵنەدایە نێو چاڵاو، بەڵکو بردیانە خوارێ و لە قوڵایی ئەوێدا لەسەر سەکۆ مانەندێک یان،دانا، کە لە بەرا چاکرا بوو، تا ئەو کەسانەی دەچنە نێو چاڵاوەکە بۆ ئاوهێنان راحەت لەوێ دانیشن و لە نێزیکەوە ئاو هەڵجێنن، دەڵێن: تەنافیان تێ بەست و رۆیان هێشتە نێو چاڵەکەو لەسەر ئەو سەکۆیە دایاننا، وە بە تەنیا لەو چاڵاوە قوڵەدا بەجێیان هێشت.

ئایەتی (سَوَّلَتْ) لە (تسـویل) بە واتای (تەزیین و رازاندنەوەیە) جار جارە بـە واتای (تەرغیب) و جار جارەش بـە واتـای (وەسـوەسە کـردنە) یـانێ هـەواو هەوەسی نەفسانی ئەوکارەی بە براکانی یوسف کردو ئەوکارە دزێو و ناشیرینەی لە بەرچاوی جوان و شیرین کردن، تا توشی ئەو تاوانە زلە دزێوە بوون.

دیارە کاتێ هەواو هەوەسی سەرکێش،خۆ بەسەر گیان و رۆح و بیر و هـۆشی مرۆڤدا زاڵ دەکا ناحەزترین جینایەت وەکو کوشتن، یا دورخستنەوەی برا لە بەر چاوی مرۆڤ،وەها رەش دەکاو دەی‌رازێنێتەوە کە بەلایەوە شتێ بـاش و چـاک ئەنوێنێ، وە بە پێویستی دائەنێ، ئەمە خۆی دەلاقەو دەربێجەیەکە رۆ بەروی یەک ئەسلی کوللی کە لە مەبەستی رۆحی و رەوانیدا دەکرێتەوەو مرۆڤ وا لێ دەکا کە بەرەوکاری دزێو و ناشیاوی بێ ئەخلاقی بکێشی و پەردەی رەش بدرێ بەسەر هەستی تەشخیسی ئەنزان و ئینساندا، وە حەقیقەتی لە بەرچاو بگۆڕدرێ، خراپ بە چاک و ناشیاو بە شیاو ، پیس بە پاک و دزێو بە جوان بێتە بەرچاوی.

جا ئەوەیە کە وتویانە: قەزاوەتی راست و دروست و دەرکی واقعیاتی عەینی، بێ پاک و بێخەوش راگرتنی نەفس، ناگونجێ،بۆیێ دادگەری یان کردوّتە مەرج بۆ قازی، یەکێ لە بەڵگەکانی هەر ئەمەیە، جا ئەگەر قورئان لە سوورەتی بەقەرە ئایەتی ٢٨٢ دا فەرمویەتی: (اتقوا الله و یعلمکم الله – لە خوا بترسن، جا خوایش زانست و

زانینتان فێر دەکا)، هەر ئیشارە و ئاماژە بەمەیە.

چریکەی یوسف لەگەڵ براکانی ئەم واتایە دەخاتەوە بیر و مێشک کە درۆزن کەم حافیزەیە، چونکە درۆزن ناتوانێ بۆ هەمیشە درۆی خۆی بشارێتەوەو شوێنە گومکێی لە خەڵک بکا، چونکە واقیعیەتی عەینی کاتێ وجودی خاریجی پەیا بکا پێوەندییێکی زۆر لەگەڵ مەبەستی تری دەرەوە پەیا ئەکا، مرۆڤی درۆزن کە ئەیەوێ بە درۆ شانۆیەکی نادروست بەدی بێنێ و نیشانی خەڵکی بدا، هەرچی زیرەک و وریاش بێ ناتوانێ هەموو ئەو پێوەندانە بپارێزێ و تێکەڵاویان نەکاو نەیبزرکێنێ، وە کەمتر سەرەنگری دان و هەڵەنگوتن ئەبێتە هۆی دژاو دژ وتن و سەرەنجام بە درۆ دەکەوێتەوە، ئەمە لە راستیدا دەرس و پەندێکی گەورەیە، بۆ ئەوانەی پێیان خۆشە ئابڕو و کەسایەتیان بپارێزرێ، کە قەت بەلای درۆدا و بەلای کاری ناحەزو دزێو دا نەچن و نەبنە هۆی قەلسی و تورەیی خەڵک و خوا.

بزانین (صبر جمیل) چیە؟ تابشتهێنان و خۆ راگرتن لە راست سەختی و سەخڵەتی و گێژاوەوگێژەلۆکەی توند و قورسداکە ئەوە خۆی نیشانەی کەسایەتی و پەرەدار بوونی رۆحی مرۆڤانییە، کە بە گێژەلۆکەی رۆژگار نەلەرزێ و جێی پێی لەق نەبێ و نەسوڕێ.

سروەیەکی نەرم ئەتوانێ ئاوی گۆل و ئەستێرەیەکی چکۆڵە بشلەقێنن و شەپۆلی پێ بدا، بەلام دەریای گەورە هەر وەکو زەریای ئارام، گەورەترین گێژەلوکەو توندترین گژەگژی با لە نێو دڵ و دەرونی خۆیدا رادەگرێ و تەکانیش ناخواو پێی ماندو نابێ.

جارێ وا هەیە مرۆڤ بە رواڵەت خۆ رادەگرێ و تابشت هێنان لە خۆیدا نیشان ئەدا، بەلام بە قسەی توندو هەراو هوریا وتن و قسەی دزێو کە نیشانەی ناسپاس و هەڵنەگرتنی رووداوەکەیە، خۆ روتاڵ و ترش نیشان ئەداو دزێو دەنوێنێ.

بەڵام مرۆڤی خاوەن ئیمان و بڕوادار و بە ئیرادە و پڕ زەرفی یەت کەسانێکن کە لەم بابەتانەوە کاسەی تابشتهێنانیان پڕ نابێ و کەلاوە ناکاو لێوڕێژ نابێ، قسەیەک کە نیشانەی ناسپاسی و کفران و بێ تابی و نیشانەی سستی بێ، بە دەم و زاریدا نایێ، سەبری ئەوانە (سەبرو تابشتی جوان و رازاوە)یە، کە لە قورئاندا بە (صبر جمیل) بەیان کراوە.

٢٠ـ وَ جاءَتْ سَيّارَةٌ فَاَرْسَلُوا وٰارِدَهُمْ فَاَدْلىٰ دَلْوَهُ قالَ يٰابُشْرىٰ هٰذاٰ غُلامٌ وَ اَسَرُّوهُ بِضٰعَةً وَاللّٰهُ عَليمٌ بِما يَعْمَلُون.

٢١ـ وَ شَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَراهِمَ مَعْدُودَةٍ وَ كانُوا فِيهِ مِنَ الزّاهِدين.

واتا:

٢٠ـ وە کاروان گەیشت (ە نێزیک چاڵاوەکە) ئاوهێنەریان بۆ ئاوهێنان نارد، ئەویش چو بۆ ئاو لەسەر دەمی بیرەکەوە دۆڵچەکەی روهێشتە نێو چاڵاوەکەو یەک بە خۆی هاواری کرد، مزگێنی بێ، ئەمە منداڵێکی (جوانکیلەو لەبەر دڵان)ە، وە ئەمەیان بەناوی یەک دەسمایە لەوانی تر شاردەوەو خوا بەوەی ئەوان دەیان کرد ئاگادارە.

٢١ـ وە ئەو (یوسف)یان بە نرخێ کەم چەن دراو (قۆشە) فرۆشت، وە سەبارەت بە (فرۆشتنی) ئەو خۆپارێز بوون و زۆر سور نەبوون (چونکە لەوە دەترسان رازیان دەربکەوێ).

## بەرەو شاری میسر چون:

یوسف لە تاریکی مەترسیداری ئەو چاڵە قووڵ و تاریکەدا زۆر ناڕەحەت بوو، بەڵام بڕوا بە خوا ئەوی پتەو راگرت و نوری هیوا نیشتە سەر دڵ و دەرونی پاک و بێخەوشی، وە هێزو توانای خۆراگری پێدا، کە لەو چاڵە تەنگ و تاریکە دا بە

تەنیایی تابشت بێنێ و لە کوورەی ئەم ئەزمون و تاقی کردنەوە بە باشی لە کـڵ دەربێ و سەرکەوێ و سەر بەرز و بڵیند بێ.

چەن رۆژێک لەو چاڵەدا بـوو، هـەندێ دەڵـێن دوو رۆژ، هـەندێ لە تـەفسیر نووسان دەڵێن: سێ رۆژ، خوا خۆی چاک دەزانێ.

هەر جۆر بێ کاروان گەیی (و جائت سیارة) - بۆیێ بەکاروانیان وتوە (سیارة) چون هەمیشە لە سەیرو حەرەکەت دابووە.

کاروان لە نێزیک ئەو بیرە،کە یوسفی تیا بوو، بارگەی خست. دیارە یەکەمین پێویست بۆ کاروان لە رێگا ئاوە، ئەوە بوو ئاوهێنەریان بـۆ ئـاو نـارد (فـارسلوا واردهـم) وارد بە واتای ئاوهێنەرە، لە (ورود) گیراوە کـە هـەر وەکـو راغـیب لە مفرەدات دا وتویەتی بە واتای بۆ ئاوچوونە، هەرچەندە لە پاشان بۆ هەر ورود و دخولیک - هاتن و چونێک بەکار براوە.

ئاوهێنەر دۆڵچەکەی لە دەم چاڵەکەوە روهێشتە خوارێ (فادلی دلوه).

یوسف لە نێو چاڵەکەوە گـوێی لە هـەراو هـوریا بـوو، دیـتی وا دۆڵـچەیەک لەسەرەوە بەرەو خوار دێ و ئەوەی بە لوتفی خوا زانی و زوگرتی و خۆی لێ قایم کرد.

ئاوکێشەکە هەستی کرد کە دۆڵچەکە لە رادە بەدەر قورسە، کاتێ بە هەموو هێزی بازۆڵەی خۆی هێنایە سەرێ، لە پڕ چاوی بە منداڵێکی جوانکیلە کەوت و یەک بە خۆی قاوی کرد منداڵێک، ئای منداڵێک، دەڵێی پەری و فرشتەیە، لە جوانیدا (قال یا بشری هذا غلام).

بەرە بەرە تاقمێ لە کاروانیەکان لەوە ئاگادار بوون، بەڵام بۆ ئەوە ئەوانـی تـر ئاگادار نەبن و خۆیان ئەو منداڵە جوانکیلە بەرن لە بازاڕی مـیسردا بـیفرۆشن، ئەوەیان بەناو دەسمایەیەکی بە نرخ لەوانی دیکە شاردەوە.

(واسروه بضاعة) (بضاعه) له (بضع): تیکه گۆشت، ماڵ و دەسمایه، (بضعه): پاره لەش، (حسن البضع) مرۆڤی قەڵەو، تێرگۆشت، (بضع): ژمارەی ٣ تا ١٠ موفرەداتی راغیب.

سەرەنجام کاروانیان یوسفیان بە نرخی کەم، چەن قۆشەو دراو فرۆشت • (و شروه بثمن بخس دراهم معدودات).

لێرەدا پرسیارێک هەیە بۆچ یوسفیان وا هەرزان فرۆشت؟ خۆ زۆر بە نرخ بوو، وەڵام ئەمەیە کە دز و چەتە ماڵ و سامانێک کە بێ زەحمەت بە دەسی هێناوە لە ترسی ئەوەی نەوەکو، پێیان بزانن بە فیرۆ لە دەسی ئەدەن، ناتوانن زۆری رابگرن تا بە نرخێ باشی بدەن.

(بخس) لە بنەڕەتا بەم واتایە، کە چتێ بەستەمگەری کەم بکەنەوە، ئەوەیە کە قورئان فەرمویەتی: (و لا تبخسوا الناس اشیائهم) سوورەتی هود، ئایەتی ٨٥ - یانێ چتی خەڵک بە زۆر و ستەمگەری کەم مەکەنەوە.

لە ئاخری ئایەتەکەدا دەڵێ: (ئەوانە سەبارەت بە فرۆشی یوسف خۆپارێز بوون و زۆر لەسەری سور نەبوون، لە راستیدا ئەم رستە لە حوکمی بەیانی عیللەت بۆ رستەی بەروە، ئیشارە بەمەیە ئەگەر یوسفیان بە نرخێ کەم فرۆشت لەبەر ئەوە بوو کە سەبارەت بەو کارە بێ مەیل و بێ ئیعتنا بوون.

ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە کاروانیەکان یوسفیان مفت گیرهاتبوو، دیارە کاتێ مرۆڤ چتێ مفت بەدەس بێنێ، مفتیش لە کیسی ئەدا، یا لەبەر ئەو بوو، ئەترسان رازیان دەرکەوێ و خاوەنی بۆ پەیابێ، یا لەبەر ئەوە بوو نیشانەی غولام بوونیان لە یوسفدا بەدی نەدەکرد. بەڵکو شوێنەواری ئازادی وگەورەیی و مەزنیان لە نێو چاوی ئەو دا ئەدی، جا لەبەر ئەوە لە فرۆشی یوسف خۆیان دەپاراست و زۆر لەسەر ئەو کارە سور نەبوون و پێیان دانەگرت.

٢٢ـ وَ قالَ الَّذی اشْتَریٰهُ مِنْ مِصْرَ لِاَمْرَاَتِهِ اَکْرَمی مَثْویٰهُ عَسیٰ اَنْ یَنْفَعَنا اَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً وَ کَذٰلِکَ مَکَّنّا لِیُوسُفَ فِی الاَرْضِ وَ لِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأویل الأَحَادیثِ وَاللّٰهُ غَالِبٌ عَلیٰ اَمْرِهِ وَ لٰکِنَّ اَکْثَرَ النَّاسِ لاٰ یَعْلَمُون.

٢٣ـ وَ لَمَّا بَلَغَ اَشُدَّهُ آتَیْنٰه حُکْماً وَ عِلْماً وَ کَذٰلِکَ نَجْزِی الْمُحْسِنین.

واتا:

**٢٢ـ وە ئەو کەسەی کە ئەو (یوسف)ی لەسەر زەوی مصر کـڕی بـە خـێزان (ژن)ی خۆی وت: ڕێزی لێبگرە، بەڵکو کەڵکی بۆمان هەبێ، یا بەناوی منداڵ بۆ خۆمانی هەڵبژێرین، وە ئا بـەمجۆرە یـوسفمان لەو سـەر زەوی‌یـەدا ڕاگـرت و سەقامگیرمان کرد، (ئێمە ئەم کارەمان کرد) تا لێکدانەوەی خەون دیتنی فێر بکەین و خوا بەسەرکاری خۆیدا زاڵ و بە دەسەڵاتە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن.**

**٢٣ـ وە کاتێ بلوغی بوو و خۆی ناسی ئێمە (حـوکم) و زانسـتمان بـەو دا، ئـا بەمجۆرە پاداشی چاکە بەکارچاکان ئەدەینەوە.**

**ڕاوەت:**

**چریکەو بەسەرهاتی یوسف لەگەڵ براکانیدا کە خرایە چاڵاو... دوایی هـات کەژی تازە لە ژیانی ئەو منداڵەدا لە شاری میسر هاتە گۆڕ: بەم جۆرە کە یوسفیان هێنایە میسرو لە بازاڕا فرۆشتیان، دیارە چون توحفەیێ نەفیس و ئەنتیکەو چاک بوو کەوتە گیر (ی عەزیز میسر) کە سەرۆک وەزیری فیرعەون بوو، چـون هـەر ئەوان بوون کە ئەیانتوانی نرخێ زیاتر بۆ ئەو (غولامە ئەنتیکە) لەبەرچاو بگرن. ئێستا بزانین لە ماڵی عەزیز-ی میسر، چ ڕوو ئەداو چی بەسەر یوسف دێ؟**

**قورئان دەفەرمێ: (ئەو کەسەی کە لە میسر دا یـوسفی کـڕی، بـەژنی خـۆی ڕاگەیاند کە ڕێزی بۆ دابنێ و وتی: لە پلەو پایەی ئەم کوڕە ڕێز بگرەو بە چاوی**

بەندەو غولام بۆی مەڕوانە، چونکە بە هیواین کەڵکی زۆری بۆمان هەبێ یا بیکەینە منداڵی خۆمان (وَ قالَ الَّذی اشْتَریٰهُ مِنْ مِصْرَ لِاَمْرَاَتِهِ اَکْرَمی مَثْویٰهُ عَسیٰ اَنْ یَنْفَعَنا اَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَداً). مثوا لە ثوی -یە، بە واتای اقامت -ە کە لێرەدا بە مانای مەوقیعیەت و پلەو مەقام و مەنزیلەتە.

لەو رستە وا دەردەکەوێ کە عەزیز -ی میسر منداڵی نەبووەو ئارەزوی زارۆکی کردووە، کاتێ چاوی بەو منداڵە جوانکیلان و لەبەر دڵانە کەوتووە، ئوگوری بووە کە بیکاتە منداڵ بۆ خۆی.

لە پاشان خوا دەفەرمێ: (ئا بەو جۆرە یوسفمان لەو سەر زەوی‌یەدا موتەمەکین کردو ناز و نیعمەتمان پێدا (وَ کَذٰلِکَ مَکَّنّا لِیُوسُفَ فِی الأَرْضِ).

ئەم مەکانەتە بۆ یوسف لە عەرزدا یا لەبەر ئەوە بووە کە چونی یوسف بۆ میسر بەتایبەت پێدانانی ئەو لە ژینگەی ژیانی عەزیز -ی میسردا سەرەتا بووە بۆ سەرکەوتنی ئەو لە دوا رۆژدا یا لەبەر ئەوە بووە کە ژیان لە کۆشکی عەزیز دا لەگەڵ ژیان لە جاڵاودا، پێکەوە بۆ بەراورد نابن، ئەو تەنیایی و برسیەتی و ترسە، لە کوێ و ئەم هەمووە ناز و نیعمەتە لە کوێ؟

لە پاشان خوا دەفەرمێ: (ئێمە ئەم کارەمان کرد تا لێکدانەوەی واتای خەون دیتن بەو (یوسف) فێر بکەین (وَ لِنُعَلِّمَهُ مِنْ تَأویل الأَحَادیثِ).

مەبەست لە (تأویل احادیث) هەر بەو جۆرەی لە پێشدا رامانگەیاند فێرکردنی واتاکردنی خەون دیتنە کە یوسف لەو ڕێگایەوە ئەی‌توانی بە بەشێ گرینگ لە راز و رەمزی دوا رۆژ ئاگادار بێ، یا مەبەست وەحی خوایە، چونکە حەزرەتی یوسف بە تێپەڕ بوون لە ملەو زەردو بەردی هەڵدێری، ئەزمونی ئیلاهی لە دەربارى عەزیز -ی میسر دا ئەم شیاوی‌یەی پەیدا کرد، کە هەڵگری ئەسپاردەی وەحی ئیلاهی بێ، بەڵام قسەی یەکەم باشتر دێتە بەرچاو.

لە ئاخری ئایەتەکەدا دەڵێ: (خوا بەسەرکاری خۆیدا زاڵ و بە دەسەڵاتە، بەڵام زۆربەی خەڵک بەمە نازانن (وَاللّٰهُ غَالِبٌ عَلىٰ اَمْرِهِ وَ لٰكِنَّ اَكْثَرَ النَّاسِ لاٰ يَعْلَمُونَ).

یەکێ لە نوێنگەی سەیرو سەمەرەی هێزی خواو دەسەڵاتی ئەو بەسەر کارو باردا، ئەمەیە کە زۆر جاران هۆی سەرکەوت و رزگار بوونی مرۆڤ و ئەنزان بە هۆی دژ و دوژمنانیەوە، بۆی ساز ئەداو هۆی سەرکەوتنی بۆ پێک دێنێ، هەروەکو لەبابەت یوسفەوە ئەو کارەی کرد: ئەگەر نەخشەی براکانی نەبووایێ، قەت نەدەکەوتە چاڵاو، ئەگەر نەکەوتیایە چاڵ، رێگای نەدەکەوتە میسر، ئەگەر نەچووبایەتە میسریش نەدەکەوتە بەندو زیندان، نە ئەو خەون دیتنە سەیرو سەمەرەی فیرعەونی لێک دەدایەوەو نەسەرەنجامیش دەبووە عەزیزو هەمەکارەی وڵاتی میسر.

لە راستیدا خوای بەرزو بڵیند و کارساز بە دەستی براکانی یوسفی لەسەر شابەختی تەختی ریسالەت و قودرەت دانا، هەرچەندە ئەوانە وایان بیر دەکردەوە کە یوسفیان خستۆتە نێو چاڵی رۆژەرەشی وکوڵۆڵی و بێ بەختی.

یوسف لەم ژینگە تازەدا کە بەڕاستی یەکێ لە کانونەکانی گرینگی رامیاری میسر بوو، لەگەڵ مەبەستی تازە یەک روبەرو بوو، لە لایەک دام و دەزگای سەیرو سەرسوڕهێنەری کۆشکە عەجباتەکان و سامانە زۆر و زەوەندەکانی تاغوتیانی میسری دەدی، وەلە لایەکی دیکەوە روانگای دیل و یەخسیر فرۆشان لە مێشکیدا دەگیرساو لە بەراورد کردنی ئەو دووانە پێکەوە ئەو دەردو رەنجە زۆرەی کە نیشتبووە سەر دڵ و دەرونی زۆربەی خەڵکی هەژارو بێ ئەنواو دەسەوستان دڵ و مێشکی حەزرەتی یوسفی داگرتبوو، لە بیری ئەوەدا بوو ئەگەر خوا یارمەتی بداو دەسەڵات پەیا بکا، ئەو بارە نالەبارو ناخۆش و دزێوە بگۆڕێ و خەڵک بە تایبەت هەژاران بخاتە ئاسودەیی و لەو بارە نالەبارە رزگاریان بکا.

بەڵێ یوسف لەو ژینگە تازەدا زۆر چت فێر بوو، هەمیشە لە دڵ و دەرونیدا تۆف و کوڵ و کۆیەک لە غەم و پەژارە و خەفەت بۆ ئەو خەڵکە کز و ژێر دەستانە، وەکو گێژەلوکە لە تەپ و تۆز بوو، وە گێژەوی بە گیان و لەش و لاری ئەدا، چونکە لەو هەڵ و مەرجەدا کارێکی لە دەس نەدەهات و یوسف لەو رۆژانە خەریکی (خۆسازی) و بێخەوش راگرتنی خۆی بوو. قورئان دەڵێ: (کاتێ کە یوسف دەگەیشتە پلەی بلوغ و پێگەیشتنی لەش و گیان و ئامادەیی بۆ وەرگرتنی نوری وەحی پەیا کرد، ئێمە (خوا) حوکم و زانستمان پێدا : (وَ لَمَّا بَلَغَ اَشُدَّهُ أَتَـیْنٰهُ حُکْماً وَ عِلْماً).

وە ئاوا بەمجۆرە پاداشی کارچاکان بە چاکە ئەدەینەوە (کَذٰلِکَ نَـجْزِی الْمُحْسِنِین).

(اشد) لە ریشەی (شد)یەو بە واتای گرێی پتەوەو لێرەدا ئیشارە بە پتەوبوون و خۆ دارِشتنی لەش و لارِو گیانە، هەندێ وتویانە (اشد)کۆیەکە موفرەدو تاکی نیە، بەڵام هەندێ تر ئەوەیان بە کۆی (شد) لە سەروەزنی (سدّ)ە، بەڵام واتای کۆ و جەمعەکەی دیارەو نادرێتە دواوە.

مەبەست لە واژەی حوکم و عیلم کە لە ئایەتەکەدا فەرمویەتی : ئێمە (خوا) دوای گەیشتنی یوسف، بەرادەی بلوغی جسمی و رۆحی حوکم و زانستمان پێدا، یا مەقامی وەحی و پێغەمبەرایەتی یە، هەروەکو هەندێ لە تەفسیرزانان رایانگەیاندوە،یا مەبەست لە (حوکم) ئەقڵ و فام و وزەی داوەری کردنی راست و دروستەکە لە هەواپەرستی و هەڵەدوربێ و مەبەستیش لە عیلم و زانست ئاگاداری و زانینێک بێ، لەگەڵ نەزانیدا تێکەڵاو و ئامێتە نەبێ، هەر جۆر بێ ئەم (حوکم و عیلم)ە دوو نیعمەتی مومتازو پرِ بایەخ و بە نرخی ئیلاهی بوون، کە خوا بە حەزرەتی یوسفی دابوو، چونکە یوسف پاک و بە تەقواو خۆپارێز و خۆراگر و بە

تابشت بوو، وە تەوەکولیشی هەر بە خوا بوو (و من یتوکل علی الله فهو حسبه - سوورەتی [٦٥]، ئایەتی ٣).

کە تەواو ئەو خووپەسەندانە لە واژەی (محسنین) داکۆبوونەتەوە. ئیمام فەخری رازی خوای لێبێ رازی لە جەلدی ١٨ لاپەڕەی ١١١ تەفسیری کەبیرەکەی خۆیدا فەرمویەتی: مەبەست لە حوکم و عیلم دا لەم ئایەتەدا لە سێ بەشدا دائەکوژێ بەم جۆرە:

١ـ حوکم ئیشارە و ئاماژە بە پلەی پێغەمبەرایەتی یە (چونکە پێغەمبەر حاکمی بەرحەقە) و زانست و عیلمیش ئاماژە بە زانستی دینە.

٢ـ حوکم بە واتای خۆڕاگری و تابشتهێنانە، لە بەرانبەر هەواو هەوەسی سەرکێش و کەڵەوەکێشدا، کە لێرەدا ئیشارە بە حیکمەتی عەمەلی یە، وە عیلم و زانستیش ئیشارە بە حیکمەت و دانشی نەزەری یە، پێش خستنی حوکم لەسەر عیلم لەبەر ئەوەیە کە تا ئینسان (ئەنزان) خۆ بێخەوش رانەگرێ و خۆسازی نەکا، دەسی ناگاتە زانست و عیلمی راست و دروست.

٣ـ حوکم بەم واتایە، کە مرۆڤ بگاتە پلەی (نفس مطمئنه) و دەسەڵات بەسەر خۆیدا پەیا بکا، بە جۆرێکی واکە بتوانێ نەفسی (امارة)و وەسوەسەگەر کۆنترۆڵ بکاو هەوسارەکەی رابکێشێ، تا نەیەڵێ سەرکێشی بکا، نەوەکو سەر سم بداو خۆی و سوارەکەی تخێڵ بکاو توشی کەندو کۆسب بێ.

وە مەبەست لە زانست ئەنواری قودیسیەی تیرێژو پرشنگی فەیزو نوری ئیلاهی یە،کە لە عالەمی مەلەکوتەوە، گزینگ و نور و تیریژ دەخاتە سەر دڵ و دەرونی پاک و خاوێن و بێخەوش و بێ گەردەوە (تەفسیری کەبیر ج ١٨ لاپەڕەی ١١١، نووسراوی ئیمام فەخری رازی).

## نوکتەی جوان و ورد:

١ـ لەو مەبەستانەی کە سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆیان رادەکێشن، ئەمەیە کە عەزیز-ی میسر لەم ئایەتەدا نێو نەبراوە، تەنیا وتراوە: ئەو کەسەی کـە لە مـیسر یوسف-ی کڕی، کە ئایا مەبەست لەو کەسە، کێ بووە، روون نـەکـراوەتـەوە، لە ئایەتەکانی دوایشدا بە یەکجاری پەردە لەسەر ئەو کەسە لانەدراوەو بەڵکو بـەرە بەرە دەیناسێنێ، بۆ وێنە لە ئایەتی ٢٦ دا دەفەرمێ: (والفیا سیدهالدی الباب) -کاتێ کە یوسف خۆی نەدا بە دەس ئەوینی زلێخاوەو بەرەو لای درگای دەرەوە رای‌کرد، لە ناکاو ئاغای (مێردی) ئەو ژنەی لە دەم درگا دی.

کاتێ دەگەینە ئایەتی ٣١ ئەم سوورەت (امراة العـزیز - ژنـی عـەزیز) دێـتە بەرچاو.

ئەم بەرەبەرە،پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو کەسە یا لەبەر ئەوەیە کە قورئان بە پێی رەوشتێک کە هەیەتی قسە، بێ ئەندازەی پێ ویست دەر نـابڕێ کـە ئـەمە خـۆی نیشانەی فەساحەت و بەلاغەت و قسەڕەوانی و نیشانەی زمـان پـاراوی‌یـە، یـا هەروەکو ئەمڕۆ لە وێژاوەری و وێژەوانیدا باوە، لەکاتی گێڕانەوەی چریکەیەک لە نوختەیەکی سەربەستەوە دەس پێ دەکەن، تا سەرنجی خوێنەر هەڵخرێنن و بیر و مێشکی ئەو بۆ لای چریکە و چیرۆکەکە رابکێشن، قورئانیش ئەوەی کردووە.

٢ـ نوکتەیەکی دیکە کە لە ئایەتی سەرەوە دێتە بەرچاو ئـەمەیە کـە مـەبەستی ئاگاداری لە لێکدانەوەی خەون دیتن چ پێوەندییێکی بە هاتنی یوسف بۆ کۆشک و تەلاری عەزیز-ی میسرەوە هەیەکە بە (لام) لە (لِنُعَلِّمَهُ) کە (لامی غایەتە) ئیشارەو ئاماژەی بۆ کراوە.

بەڵام وردبوونەوە لەم نوکتە ئەگونجێ وەڵامێک بێ بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە، کە خوا زۆری لە نازو نیعمەتی زانست و زانین لە راست خۆپاراستن لە گوناح و

تاوان و خۆڕاگرتن لە راست هەواو هەوەسی نەفس و کەلەوەکێشیدا بە مرۆڤ ئەدا یا بە واتایێ تر، ئەم نازو نیعمەتانەکە میوەو بەری داری رووناک بینی دڵ و دەرونی پاک و بێخەوشە جایزەو مزگانی‌یە،کە خوا بەو جۆرە مرۆ وانەی ئەدا.

لە (ابن سیرین) خەونامەنووسی زاناو ناوداری کورد دەگێڕنەوە کە پیاوێکی جوانچاک و خۆش قەدو باڵا بووە و خەریکی بەزازی و کاری بازاڕ بووە، ژنێک ئەویندارى دەبێ و بە گزی و فزی فریوی ئەداو ئەی‌باتە ماڵە خۆی و درگاکـانی لەسەر دەبەستێ‌و لە ماڵەخۆیدا قەتیسی دەکا، بەڵام کوڕی سیرین خۆی نەدا بـە دەس هەواو هەوەسی ئەو ژنەوەو هەی‌پەند و ئەندەرزی ئەداو خراپی و پیسی و دزێوی گوناح و زیناو تاوانی ئەوەی بۆ باس دەکرد، بەڵام ئاگری ئـەوینی ژنـە بڵێسەی سەند بـوو، دانـەدەمرکاو بـە ئـاوی پـەندو مـەوعیزەی (ابـن سـیرین) نەدەکوژایەوە، زیاتر چرە دوکەڵی دەکرد و (ابن سیرین)ی قانگ دەدا، کـوڕ-ی سیرین بۆ رزگـار بـوونی خـۆی لە دەس ئـەو گـڕە ئـاگـرە سـوتێنەرە، زۆر بـە چەرمەسەرێ و خۆ دزێو کردن خۆی لە دەست ئەو ژنە دەرباز کـرد، جـا دوای رزگار بوون لە فەرتەنەی ئەو ژنە فرتۆڵە گزی کارە، خوا ژیری و هۆشیاری و بیرێ ورد و قووڵی پێداو بووە ئەو زانا بـلیمەتە،لە خـەون لێکـدانـەوەدا، وە چـریکەو بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەیان بۆ (ابن سیرین) لە بابەت واتا کردنی خەون و لێکدانەوەی خەون دیتندا لە کتێبدا بۆ (کوڕ-ی سیرین) نووسیوە،کـە نـیشانەی زانستی خوا پێداوی‌یە،کە زۆر ئاگاو ئاگادار بووە.

جا هەر لەبەر ئەمە دەشێ بێژین بۆیێ خوا ئەم زانستەی بە حەزرەتی یوسف داوە، چونکە لە راست گزی و فزی و ئەوینی زلێخای ژنی عـەزیز-ی مـیسر دا خۆی راگرت و خۆی نەدا لە تیغی خوا.

سەرەڕای ئەوە لەو چاخەدا دەربارو دیوەخانی فەرمانڕەوایانی گەورەو گەورە

گەورەکان جێگای ئەو کەسانە بوو، کە باسی واتای خەون دیتنیان لێک ئەدایەوە. لاوێکی وەکو یوسف بەو دڵ بێداری و وشیاری و ژیریەوە کە خوا پێی دابـوو، ئەی‌توانی لە دەرباری عەزیزی میسر دا لە ئەزمون و تاقی کاری خەڵکی تر ئاگادار بێ و بۆ نوردانەوەی زانستی ئیلاهی لە دڵ و دەرونی خۆیدا ئامادەیی رۆحی پەیدا بکا، بەڵێ فەرمودەیە (العلم نور یقذفه الله فی قلب من یشاء) - ئیشارەو ئاماژە بۆ ئەم راستیەیە.

ئەمە زانست و زانینێک نیە، لە فێرگەی مامۆستادا بخوێندرێ یا هەروا رەمەکی بێ حسێب و کتێب بە کەسێ بدرێ.

ئەمانە جایزەو مزگانی بۆ ئەو کەسانەن کە لە جیهاد لەگەڵ نەفسی (ئەمارە)دا گرەوی بردۆتەوە.

٣ـ مەبەست لە (بلوغ اشد) چییە؟

وتمان: (اشد) بە واتای پتەو بوون و داڕشتنی باری لەش و گیانە (و بلغ اشده) بە واتای گەیشتنە ئەو پلە، کە خۆی لەباری لەش و گیانەوە داڕشتوەو بە خۆ دا هاتوەو پێگەیشتوەو خۆی ناسیوە، بەڵام ئەم ناو و زاراوە لە قورئاندا بە واتای پلەی جیا جیا لە تەمەنی مرۆڤ بەکار دەبرێ.

جار جارە بە واتای تەمەنی بلوغ بەکار دەبرێ، هەروەکو (ولا تقربوا مال الیتیم الا بالتی هی احسن حتی یبلغ اشده - سوورەتی ئیسرا ئایەتی ٣٥ - نێزیک ماڵ و سامانی هەتیو مەکەون مەگەر بۆ باری چاک تا زەمانێ دەگاتە تەمەنی بلوغ). جاری وایشە بە واتای گەیشتن بە تەمەنی چڵ ساڵی بەکار دەبرێ، هەروەکو: (حتی اذا بلغ اشدەو بلغ اربعین سنه - تا زەمانێ تەمەنی شەدیدی خۆی کە دەبێتە چل ساڵانە - ئەحقاف، ئایەتی ١٥)

جاری وایشە بە واتای پلەی بەر لە پیری‌یە (ثم یخرجکم طفلاً ثم لتبلغوا اشدَّکُمْ

ثم لتکونوا شیوخا - سوورەتی غافر، ئایەتی [٦٥] - ئەوساکە خوا بە وێنەی منداڵ لە دنیای پز و جەنینەوە دەردێنێ، ئەوسا دەگەنە پلەی داڕشتنی لەش و گیان و رۆح و لە پاشان ئەگەنە پلەی پیری و پیر بوون).

ئەم جیاوازی‌یە لە تەعبیرو قسە کردندا ئەشێ لەبەر ئەمە بێ کە مرۆڤ بە گەیشتن بە پلەی رۆح و گیان و لەش و لار پلەگەلێ ببڕێ کە بێ شک گەیشتن بە رادەو تەمەنی بلوغ و خۆناسین، یەکێ لەوانەیەو گەیشتن بە چل ساڵانە لەگەڵ جۆرێ پوختە بوون لە ژیری و بیر دایە، پلەیێ ترەو هەروا بەر لەوەی مرۆ سەرەو خوار بێتەوەو کزۆکە نەفت و کەلەلا بکەوێ.

بەڵام لەم ئایەتەدا مەبەست هەمان پلەی خۆ داڕشتنی لەش و گیانە،کە لە یوسف دا لە سەرەتای لاویدا پەیدا ببوو. ئیمام فەخری رازی لە تەفسیرەکەی خۆیدا قسەیەکی جوان و لەبەر دڵانی هەیەکە فەرمویەتی: (ماوەی گەڕانی مانگ تا دەچێتە میحاق ٢٨ رۆژی پێ دەچێ، کاتێ ئەو ٢٨ رۆژە بکەینە چوار بەش هەر بەشەی دەکاتە ٧ رۆژ (کە رۆژانی حەوتو بەدی دێنن).

جا لەبەر ئەوە زانایان گۆڕانی لەش و لاری مرۆڤ، وە ئەنزان ئەکەنە چوار دەورەی حەوت ساڵە: یەکەم کە لە دایک ئەبێ کز و بێ‌تینەو ناتەوانە، هەم لەباری لەش و هەم لە باری گیان و رۆحەوە، بەڵام کاتێ دەگاتە ٧ ساڵی ئاسەواری هۆش و بیرو هێزی لەشی لەودا خۆ دەردەخا.

ئەوسا پێی دەنێتە پلەی دووەم و کەم کەم بەرەو پێگەیشتن و تەکامول دەڕوا، تا لە چواردە ساڵی تێدەپەڕێ و پێ دەنێتە نێو پانزدە ساڵیەوە، لەم سەردەمەدا دەگاتە پلەی بلوغ و خۆناسینی لەش و گیان و رۆحی،وەئارەزوی ژن و مێردی، لەودا دێتە بزوتن (و بە تەواو کردنی پانزەهەمین ساڵ) موکەلەف و ئەرکدار ئەبێ.

هێمان بەرە بەرە پێ دەگاو کامڵ ئەبێ تا دەورەی سێوەمیش تەواو دەکاو

پێدەنێتە ۲۸ساڵی، ئیتر ماوەی روشت و نمو و هەڵدان و بە خودا هاتنی لەش و لاری تەواو ئەبێ، وە مرۆڤ پێدەنێتە پلەیێ کە پلەیێ وەستانە،کە هەمان پلەی (و بلغ اشـدە)وە، وە ئەم پلەی وەستانە تا تەواو بوونی دەورەی پێنجەم یانی تـا ۳۵ ساڵی بەردەوامە (ئیتر لەمە بە دوا سەیری نزولی و لەکەم وکورِی دانە - تەفسیری ئیمام فەخری رازی، ج ۱۸، لاپەرِەی ۱۱۱).

هەرچەندە ئەتوانین بڵێین: ئەو دابەش کردنە تا رادەیەک قەبوڵە، بەڵام زۆر ورد نیە، چونکە پلەی بلوغ لە دوای دەورەی دووەمەوە نیەو هەروا تەواو بوونی روشت و بە خۆدا هاتن و هەڵدانی لەش و لار بە قسەی زانایانی ئەمرۆ، لە ۲۵ ساڵییەوەیەو بلوغی هزرو بیری تەواو بە پێی هەندێ فەرمودە لە چڵ ساڵییەوە دەست پێ دەکا، تازە ئەو قسانە کە لەبەرا راگەیەندرا یەک قانون و زاکۆنی گشتی نیە کە لە بابەت هەموو تاکە تاکێکەوە راست بێ.

۴ـ ئاخرین نوکتەیەک کە پێویستە قسەی لێی بکـەین ئـەمەیە کـە قـورئان لەو ئایەتەی وا رابورد لەوکاتە کە قسە لە دانی حیکمەت و عیلم بە یوسف دەکا، دەڵێ: (ئا بەمجۆرە پاداشی چاک بە کارچاکان ئەدەینەوە) یانێ چاکەی خوا تەنانەت لە پێغەمبەرانیشدا بێ حسێب وکتێب نیە، هەرکەس بە پێی کارچاکی و چاکەکردنی لە دەریای بێ لێواری فەیزو بەرەکەتی خواکەڵک وەردەگرێ، هەر بەو جۆرەی کە حەزرەتی یوسف لە بەرانبەر خۆڕاگرتن و تابشتهێنان لە راست ئەو سەختی و زەختی وکەندوکۆسپەدا بەشێ زۆری لە پیت و بەرەکەتی خواگیرهاتوە.

۲۴ـ وَرَاوَدَتْهُ الَّتی هُوَ فِی بَیْتِها عَنْ نَفْسِهِ وَ غَلَّقَتِ الأَبْوابَ وَ قالَتْ هَیْتَ لَکَ قـالَ مَعاذَاللهِ اِنَّهُ رَبّی اَحْسَنَ مَثْوای اِنَّهُ لا یُفْلِحُ الظالِمُونَ.

۲۵ـ وَ لَقَدْ هَمَّتْ به وَ هَمَّ بِها لَوْلا أَنْ رَءَا بُرْهانَ رَبِهِ کَذٰلِکَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّـواء وَالْفَحْشاء اِنَّهُ مِنْ عِبادِنَا الْمُخْلَصین.

یانێ:

٢٤ـو ئەو ژنەکە یوسف لە ماڵیدا بوو، داوای دەس تێکەڵ کردنی لەگەڵدا کردو درگاکانی بەست و وتی: بە پەلەو بە لەز، وەرە بۆ ئەو چتە بۆ تۆ ئامادەیە! (یوسف) وتی: پەنا بەرخوا ئەو (عەزیز-ی میسر) خاوەن نیعمەتی منە، ڕێزی بۆ من داناوە (ئایا دەکرێ ستەم و خەیانەتی پێ بکەم؟) دیارە ستەمکاران ڕزگار نابن.

٢٥ـ ژنەکە دڵە ڕۆچکەی بوو، وە ئەویش - ئەگەر بەڵگەی خوای نەدیبا - دڵە ڕۆچکـەی دەبـوو، ئـا بـەمجۆرەمان کـرد تـا بـەدفەڕی و دزێـوی و خـراپـە و خراپەکاریمان لەو (لە یوسف) دور خستەوە، چونکە ئەو لە بەندەکانی ساغ و بە سۆزی ئێمە بوو.

## ڕاوەت کردن:

عەشق و ئەوینی پڕ گڕو بڵێسەداری ژنی عەزیز-ی میسر، یوسف بەو شێوەی شێواو جوان و مەلەکوتیەوە، نە تەنیا سەرنجی عەزیز-ی مـیسر-ی بـەرەو لای خۆی ڕاکێشا، بەڵکو دڵی ژنی عەزیز-یشی بردو زۆر بە پەلەو بە لەز دڵ و دەرونی لێ سەند، عەشق و ئەوینی ئەو پەنجەی لە پەنجەی دڵ و دەرونی وەراند، هەروەکو خەزەلوەر هەموو گیان و لەش و ڕوح و گشت ئەندامی هەڵوەراند، ئەو عەشقە ڕۆژ بە ڕۆژ داغتر و پڕ گڕ و ئاگراویتر دەبوو و گڕی ئەوینی لێ بەرز دەبۆوە، بـەڵام یوسفی پاک و بێخەوش و خۆڕاگر و خۆپارێز، تەنیا و تەنیا بیری لە خوا دەکردەوە و دڵ و دەرونی پاکی، پاک لە گرەوی ئەوینی بەڕاستی خوا دابوو.

چەن هۆی تریش دەسیان دابوو بە دەس یەکترەوەو ئاگری عەشق و ئەوینی ژنی عەزیز-ی میسر،زیاتر خۆش دەکرد.

نەبوونی زارۆک و وەجاخ کوێری، غەرق بوون لە ژیانێکی خۆش و جوان و تێر

و تەسەل و بێ دەردەسەر، نەبوونی کەند وکۆسپ لە ژیانیماڵەوە، هەروەکو هەموو داراو دەست رۆیشتویەک وان.

بێ بەندو باری دەرباری تاغوتیانی ئەو سەردەمەی میسر، ئەم ژنە کە بڕواو باوەڕو تەقوای نەبوو، لە نێو شەپۆلی وەسوەسەی شەیتانیدا نوقم ببوو، بە جۆرێ وا لێبڕا کە رازی دڵ و دەرونی خۆی بێ پەردە،بە یوسف بڵێ و داوای دەس تێکەڵاوبوونی لێ بکا.

زلێخا بە هەموو شێوەیەک بە گزی و فزی، پاڕانەوە،زۆر تێ کۆشا تا لە دڵ و دەرونی ئەودا شوێن دابنێ و دڵی پڕ لە نوری ئەو بەرەو لای خۆی رابکێشێ، هەروەکو قورئان فەرمویەتی: (وَرَاوَدَتْهُ الَّتی هُوَ فِی بَيْتِها عَنْ نَفْسِهِ).

رستەی (راودتە) لە ریشەی (مراودە)یە، لە بنەڕەتا بە واتای گەڕان بە دوی مێرگ و لەوەڕگە،دایە، وە مەسەلەی (الرائد لا یکذب قومە) یانێ: کەسێ کە لە دوی مێرگ و لەوەڕگەدا دەگەڕێ بە هۆزو خێڵەکەی خۆی درۆ ناڵێ - ئیشارە بەمەیە، وە هەروا بە کڵچێو، کلچۆ، کلچێوک (کلچۆک)ی کلەش دەڵێن،کە هێدی و ئارام لە سەرەخۆ چاوی پێ دەڕێژن، پێی دەڵێن (مرود)، وە هەروەها بە هەرکارێک دەڵێن کە بە هێدی و ئارامی بیانەوێ سەر بگرێ.

ئەم تەعبیرە ئیشارەو ئاماژەیە بەمە کە ژنی عەزیز بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئارمانجی خۆی بەناو لە رێگای نەرم و نیانی و دۆستی و خۆشیەوە، وە دور لە هەڕەشەو گوڕەشە، لەو پەڕی ئەوینەوە یوسفی بانگ کرد.

سەرەنجام ئاخرین رێگایەک کە هات بە بیریدا ئەمە بوو کە رۆژێ بە تەنیا لە خەڵوەتگەی خۆیدا یوسف بخاتە داو، هەموو ئەو چتانەی دەبنە هۆی قانەقدیلەو فریودانی ئامادە کرد، جوانترین جلک و باشترین خۆڕازانەوە، خۆشبۆترین عەتری بەکار بردو شانۆی وەها رازاندەوە،کە یوسفی،خواناس و رو لە خوا بە هەڵە

بباو لە ڕێگای ڕاستی خوا دۆزی بترازێنێ و لە گرێژنەی ببا.

قورئان لەم بابەتەوە فەرمویەتی: (ئەو هەموو، درگاکانی لێ گالْداو هەمووی لەسەر قایم کردو درگاکانی لێ بەست و پێی وت: وەرە بۆت ئادەم (و غلقت الابواب و قالت هیت لک)[١].

(غلقت) واتای موبالەغە دەگەینێ و نیشان ئەداکە زلێخا هەموو درگاکانی توند بەست و ئەمە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە یوسفی بردۆتە شوێنێک لە کۆشک کە هۆدەی تۆ دەرتۆ بووە، بە قسەی هەندێ حەوت درگای لەسەر قفل داوە، تا یوسف ڕێگای دەرباز بوون و هەڵاتنی پێ نەمێنێ، دەشگونجێ بەو کارە ویستبێتی بە یوسف بڵێ: کەس پێمان نازانێ و لە نەتیجەی کار دڵنیا و ئارخەیەن بە، کە هیچ کەس ناتوانێ بمانبێنێ و بۆمان بڕوانێ.

لەو دەمەداکە حەزرەتی یوسف چاوی بە فڕو قێڵی هەڵخزان بەرەو تاوان دی و ڕێگای ڕزگاری بەرچاو نەدەهات، لە وەڵامی زلێخا دا وتی: پەنا بە خوا! هەر ئەو ماوە ڕزگارم بکا لە دەس گزی و فزی و هەڵ خزان (قال معاذالله).

حەزرەتی یوسف بەو جۆرە زۆر بڕایانە، وەڵامی زلێخای دایەوەو داوخوازە ناشەرعی یەکەی دا دواوەو بەرپەرچی کرد و تێیگەیاند کە هەرگیز خۆنادا بە دەسەوە، وە هەروا ئەم ڕاستیەی بەو ، وە بە گشت کەس ڕاگەیاند کە لە هەڵ و مەرجێکی ئاوا سەخت و گراندا بۆ ڕزگار بوون لە چنگاڵی وەسوەسەی شەیتان و لە

---

١ - درگای حوجرەکەی داخست زلێخا هیچ شەرمی نەکرد قفلێکی لێدا
وتی: بە یوسف ڕۆحی ڕەوانم مەیل بە من بدە ئارامی گیانم
یوسف هاتە جواب وتی: زلێخا ناوێرم بکەم ئەم نەوعە کارە
یەزدان لەم ئیشە خۆ ئاگادارە وتی: زلێخا وازم لێ بێنە
شوشەی ناموسم بە بەرد مەشکێنە•

بن چنرۆکی ئەوانەی وا خولق و خوّی شەیتانیان هەیە،تەنیا ریّگای رزگاری پەنا بردن بە خوایە، خوایێ کە نهێنی و ئاشکرا بۆ ئەو یەکەو هیچ شتێک لە راست لیّ برانی خوادا تاب و تەوانی نیە و ناتوانیّ خوّ رابگریّ یا خوّ بنویّنیّ.

حەزرەتی یوسف بەم رستەکورتە هەم بە یەکتابوونی خوا لە روانگای عەقیدەو باوەڕەوە، وە هەم لە روانگای کردەوەو عەمەلەوە ئیعتیرافی کرد.

لە پاشان فەرموی: (جا چلۆن من دەتوانم کاریّ وا دزێو بکەم، کەچی مـن لە مالّی عەزیز-ی میسر دەژیم و نان و نمەکی ئەوم کردووەو ئەو ریّزی بۆ من داناوە (انه ربی و احسن مثوای)، ئایا ئەمە ستەم و خەیانەت نیەکە نانی کەسیّ بخۆیی و نان دێنەکەشی بدڕ ی و نمەکی بکەیت و نمەکـەدانـەکـەشی بشکـێنی، دیـارە ستەمکاران،رزگار نابن: (انه لا یفلح الظالمون).

مەبەست لە واژەی (رب) لەم رسـتەی (انـه ربـی و احسـن مـثوای) چـیـیە؟ خاوەنی تەفسیری (المنار) فەرمویەتی: رب واتایێ پـەرەداری بـۆ هـەیەو لێـرە مەبەست (عەزیز-ی میسرە) کە زۆری ریّـز بـۆ یـوسف دانـاوەو لە سـەرەتاوە سپاردنی حەزرەتی یوسفی بەم رستە بە خێزانی راگەیاند و وتی: (اکرمی مثواه) - دیارە لەم سوورەتەدا واژەی (رب) چەندین جار بۆ غەیری خوا بەکار براوە، چەن جاریّ لە زمانی یوسفەوە، جار جارەش لە زمانی غەیری یوسفەوە.

بۆ وێنە لە چریکەی واتای خەون دیتن و خەو لێکـدانـەوەی خـەون دیـتنی زینددانیاندا دەخوێنینەوە کە یوسف بەو بەندکراوەی وت:کە مزگێنی ئازاد بوونی پیّ داو من بخە بیر «ربِّ» خۆتەوەو لای پاشا نێوم بێنە (و قال للذی ظن انـه نـاج منهما اذکرنی عند ربک - ئایەتی ۴۳ی ئەم سوورەتە).

هەروا لە زمان یوسفەوە دەخوێنینەوە کە پیاوی فیرعەون هاتە لای یوسف، پێی وت: بچو لای (رب) خۆت «فیرعەون»و لێی بخوازە بکۆلێتەوە تا بزانـیّ بـۆچ

ژنانی میسر دەسی خۆیان بڕی: (فلما جائه الرسول قال ارجع الی ربک فَسْأَلْهُ ما بال النسوة اللاتی قطعن ایدیهم - ئایەتی ٥١، ئەم سوورەتە).

وە لە ئایەتی ٢[٤] هەر ئەم سوورەتەدا لە زمانی یوسفەوە،لە خوار ئایەتی ٣[٤] دا لە زمانی قورئانەوە دەخوێنینەوە کە واژەی (رب) بۆ ماڵێک و خاوەنی نازو نیعمەت بەکار هاتوە. لە ئایەتی ٥٠ی ئەم سوورەیە ٠

ئەگەر جوان بڕوانین دەزانین کە لەم سووڕەتە موبارەکەدا لە چوار شوێندا بێجگە لەم شوێنەی وا قسەی لێ دەکەین واژەی (رب) بۆ غەیری خوا بەکار براوە، هەرچەند واژەی (رب) لەم سووڕەتی یوسف و لە سووڕەتەکانی دیکەی قورئاندا چەندین جار بۆ پەروەردگارو بۆ زاتی پاکی خوا بەکار براوە، مەبەست ئەمەیە کە بزانین واژەی (رب) موشتەرەک و هاوبەشە بۆ هەر دوو واتاکە بەکار برياوە. بەلاّم هەندێ لە تەفسیری زانایان لایان وایە کە بێژەی (رب) لەم ئایەتەدا (انه ربی و احسن مثوای) بە واتای خوایە، چونکە واژەی (الله) کە بەر لەو لە (قال معاذالله) دا ناو براوە بۆتە هۆی ئەمە کە زەمیری (انه) بگەڕێتەوە بۆ لای ئەللاّ، وە بەمجۆرە واتای رستەکە، بەمجۆرە ئەبێ: یوسف وتی: من پەنا دەبەمە بەر خوا کە پەروەردگارمەو پلەو پایەی بە من داوەو ریزی بۆ من داناوەو هەر نیعمەتێکم هەیە لە خواوەیە، بەلاّم لەوە دەچێ راسپاردنی ئەوە لەم ئایەتەدا کە قسەی لێ دەکەین، واتای یەکەم جوانتر و لە بارتر و راستتر بێ.

لە تەوڕات دا لە کەژی ٣٩ ژمارەی ٨و ٩و ١٠ بەم جۆرە لە بابەت یوسفەوە قسە کراوە: (وە دوای سەرەتایەک دەلێ: ژنی ئاغەکەی چاوی بڕیبووە یوسفو پێی وت: دەسم لەگەڵ تێکەلاّو بکە، بەلاّم یوسف بە قسەی نەکرد و بە ژنی ئاغاکەی وت: ئێستا ئاغام ئاگای لە ماڵەوە نیە، وە هەموو ماڵەکەی بە من سپاردوە، لەم ماڵەدا کەس لە من مەزنتر نیەو لەم ماڵەدا هیچی لە من درێخ نەکردووە، تۆ نەبێ کە ژنی

ئەوی، جا کەوابێ چلۆن ئەم قەباحەتە گەورە بکەم؟ وە لای خوا خۆم تـاوانـبار بکەم؟ ... ئەم قسانەی تەورات واتای یەکەم بە هێز تر دەکا.

لێرەداکاری یوسف و ژنی عەزیزی میسر دەگاتە شوێنێکی زۆر باریک و ناسک کە قورئان بە واتایێ پڕ و تەژی لەوە قسە دەکاو دەفەرمێ: (ژنی عەزیز-ی میسر) قەستی ئەوی کردو یوسفیش ئەگەر بەڵگەی خواو پەروەردگاری نەدیبا لەوانەبوو وا بکا (و لقد همت به و هم بها لولا ان رای برهان ربه).

لە واتای ئەم رستەدا لە نێوان تەفسیر زانانـدا قسە زۆرە کە ئەتوانـین لەم سـێ تەفسیرو واتایەی خوارەوەدا کورتی‌یان بکەینەوە:

١ـ ژنی عەزیز-ی میسر لێ بڕا بوو، تا دەس لەگەڵ یوسف تێکەڵ بکا، بۆ ئەوە زۆر خۆی لە دارو بەرد دا، یوسفیش ئەگەر بەڵگەی خوای نەدیبا لەوانە بوو، لێی نێزیک بێتەوە، لەمەوە بە جوانی دەردەکەوێ (هَمَّ بها)-ی یوسف مەشروت بوو بە شەرتێ کە نەهاتە دی: (یانی نەبوونی وجودی بورهانی پەروەردگار) بەڵام هـی ژنی عەزیز-ی میسر بێ شەرت و شۆن بوو، هەر لەبەر ئەمەش بوو سەری دای لەبەرد.

وێنەی ئەم قسانە لە وێژاوەری و وێژاوەنیشدا زۆرە، بۆ وێنە دەڵێن: تاکە تاکی دز و جەردە ماڵی کابرا ببڕن و ببەن، منیش لەوانە بوو ببمە شەریکە جورمیان، ئەگەر قسەکانی پیرو دەستگیرم لە بیر نەبایە، بەڵام قسەکانی پیر دای چڵەکاندم! لەو تاوان و فەرەتەنە دوری خستمەوە، شوکر بۆ خوا.

یوسفیش تەقواو لە خوا ترسان و دیتنی بورهانی خوا لەو تاوانەی پاراست.

٢ـ دوەمین قسە ئەمەیە کە ژنی عەزیز-ی میسر و حەزرەتی یوسف هیچ کامیان مەبەستیان دەس تێکەڵاوکردن نەبووە، بەڵکو هێرش بۆ یەک بردن بووە، بە تایبەت کە زلێخا لە دەس تێکەڵاوکردن لەگەڵ یوسف بێ هیوا بووەو تێشکاوەو یوسف

خۆی لەوە پاراستوە.

چونکە ژنی عەزیزی میسر زۆر بەر لەوە لێ بڕابوو تا بە هەرگزی و فزیێک بۆی بلوێ، دەس لەگەڵ یوسف تێکەڵ بکا، بەڵام بۆی نەلوا، ئیتر لەم دەمەدا ماوەی لێ بڕان نەمابوو، دیارە حاڵەتی توندو تیژی کردن دوای تێشکانی ئەو بوو، چونکە لە بەرا زۆر بە نەرمی و نیانی لەگەڵ یوسفدا بزوتەوە، تا بەڵکو خۆ بدا بە دەسەوە، چونکە لێرەوە هیچی دەستگیر نەبوو، دەسی کرد بە هەرەشە کردن، خوایش دەفەرمێ: (کذلک لنصرف عنه السؤ والفحشاء) - واتا ئێمە بەدفەڕی و دزێوی و کاری ناشیاو و ناحەزمان لە یوسف دور خستەوە. فحشا واتا پیسی و داوێن پیسی و بێ عیفەتی و سوء رزگار کردن لە چنگالی بێ ئابڕوی ژنی عەزیزی میسر.

دیارە چون یوسف بورهان و بەڵگەی پەروەردگاری دی، لە ئاوقەبوون بەو خۆی پاراست، نەوەکو بەڵگەیەک بکەوێتە دەسی بیکاتە بیانو، ئەوە بوو، یوسف رای کرد تا خۆی رزگار بکا.

٣- بێگومان یوسف لاوێ بووە بە گشت هەستی لاوەتی و هێزی گەنجی، هەرچەند غەریزەی بە هێزو وزەی ئەو لە بن فەرمانی ئەقڵ و ئاوەزو ئیمان و بڕوای دابوو، بەڵام خۆرسکە، وە تەبیعی یە، هەر دەمێ مرۆیکی ئاوەها لە بەرانبەری شانۆیەکی بزوێنەردا،روبەرو بێ تۆف و تۆفانێ لە دڵ و دەرونیدا گڕ دەگرێ و غەریزە و ژیری و ئەقڵ دەکەونە ملە بە ملانێ، هەرچی شەپۆلی غەریزەی بزوێنەر بە وەزەتر بێ، تای ترازوی غەریزە، هەڵدەچێ تا ئەو شوێنەی لەوانەیە لە یەک چاو لێکدانانێکدا ئاخرین پلەی کەف و کوڵی خۆی ، هەروەکو شیر هەڵچێ، بە جۆرێکی وا ئەگەر هەنگاوێ بڕواتە بەرەوە،دەگاتە شوێنی هەڵخێسکان و شیرەکە، هەڵدەچێ و بە لێواری مەردۆشەکەدا تاڤگە ئەکاو چۆڕی لێ ئەبڕێ، ئا لەو دەمەدا هێزی بازۆڵەی بڕواو ئیمان و ئەقڵ دەکەونە خۆو بەناو بەسیج دەبن و لێی

هەڵدەگەڕێنەوە و هێزی غەریزە کە تا لێوار هەڵدێر کشا بوو، بەرپەرچی ئەدەنەوەو بەری دەگرن.

قورئان ئەو کەلامە پیرۆزە، ئەو سەردەمی کەف و کوڵ و هەڵچونە کە لە نێوان دوکاتی ئارامش و جێ دڵنیایی قەراری گرتبوو، لەو ئایەتەدا وێنەی کێشاوە. جا لەبەر ئەمە مەبەست لە ئایەتی (هم بها لولا ان رأی برهان ربه) - ئەمەیە کە لە کێشە کێشی غەریزەو ئاوەزو ئەقڵدا یوسف تا لێوار هەڵدێران راکێشرا، لە ناکاو هێز و بڕوای ئیمان و باوەڕ، هێزی غەریزەی شکاند، تا هیچ کەس گومان نەکا کە ئەگەر یوسف خۆی لەو فەرتەنە رزگار کردوە، کارێ سادەی کردوە، چونکە هۆی گوناح کردن و هێزی بزوێنەر، لە وجودی ئەوداکز و بێ تین بووە، نا نەخێر بەڵکو ئەویش بۆ پاراستنی پاکی خۆی لەو سەردەمە، حەساسەدا دەسی کردوە بە ملە بە ملانێیەکی، سەخت و لەگەڵ نەفسدا جیهادی کردوە (ئەمە کورتەیەک بو لە بیرو ڕای خاوەنی «فی ظلال القرآن»، جلد ٤، لاپەڕەی ٧١١).

## مەبەست لە بورهانی پەروەردگار چی‌یە؟

«برهان» لە ریشەی «بره» بە واتای سپی بوونە، لە پاشان بەڵگەیەکی بە هێز کە ببێتە هۆی روناک بوونەوەی مەبەست، بورهانیان پێ وتوە. جا ئەو بورهانەی کە بووە هۆی رزگاری یوسف، جۆرێ بەڵگەی رووناکی خوا بووە، کە موفەسیران بەمجۆرانە واتایان کردوە:

١ـ زانست و بڕواو بارهێنانی مرۆڤانی و خوی بەرزو تەرز و باش.

٢ـ ئاگاداری مرۆڤ لە بابەت حوکمی حەرام بوونی زینا.

٣ـ پلەو پایەی بەرز و بێخەوشی پێغەمبەرایەتی.

٤ـ جۆرێ یارمەتی‌دانی خودایی، کە لەبەر کارچاکی لەو سەردەمانەدا دێتە

یارمەتی‌دانی مرۆڤی چاک و کارچاک.

٥ـ هەندێ دەڵێن: لەو هۆدەدا بوتێک هەبوو، ژنی عەزیزی میسر بە مەعبودی خۆی ئەزانی، کاتێ لە ناکاو ئەو ژنە چاوی بە بوتەکە کەوت، ترسا و لای وا بوو چاوی لە گزی و فزی ئەوە، کە سەبارەت بە یوسف ئەیکا، خێرا پەردەیەکـی بـە بوتەکەدا داو داپپۆشی. ئەو دیمەنە یوسفی بێدارکردەوەو راچەنی و وتی: تۆکە لەو بوتە بێ مێشک و بێ شعور و بێ ئەقڵە شەرم دەکەی، ئەی من چلۆن لە پەروەردگارم شەرم نەکەم،کە ئاگای لە هەموو شت هەیە.

هەر ئەوە هێزێ تازەی خستە بیرو مێشکی یوسفەوەو لە دەس نەفس و شەیتان رزگاری کردو پاک و بێخەوش مایەوەو لەو جەنگەدا زاڵ بوو (تەفسیری قورتوبی، ج ٥، لاپەڕەی ٣٣٩٨).

دیارە ئەگەر هەموو ئەو ٥ واتایەی کە رامانگەیاند بگرینە بەرچـاو دروسـتە، چونکە (برهان) مەفهومی عام و گشتی بۆ هەیە، جا هەموویان دەگرێتە بەر.

ئێستا با بزانین قورئان چ دەفەرمێ و چ دەڵێ: (ئێمە ئا بەمجۆرە بورهانی خۆمان بە یوسف نیشان دا، تا بەدفەڕی و بەدی و دزێوی و پیسی و کاری ناشیاو لەو دور بخەینەوە): (كذلك لنصرف عنه السؤ والفحشاء). چونکە یوسف لە بـەندەکـانی هەڵبژاردەو موخلیسی ئێمە بوو: (انه من عبادنا المخلصين). ئیشارە بەمەیە کە ئەگەر خوا پشتیوانی لێ کردوەو بورهانی خۆی بە یوسف نیشان داوە تا توشی تاوان و زیناو گوناح نەبێ، بێ بەڵگە نەبووە، یوسف بەندەیێ پاک و بە ئیمان و خۆپارێز بووەو دڵ و دەرونی خۆی لە تاریکی شیرک و بێ بـڕوایـی، پـاک و بـێخەوش راگرتوە، جا لەبەر ئەوە شیاوی ئەوەی پەیاکردوە کە ئیمدادی غەیبی لە تەنگانەدا بێ بە هاواریەوەو یارمەتی خوای بگاتێ.

ناو بردنی ئەم بەڵگە نیشانەی ئەوەیە کە ئیمدادی غەیبی و پشتیوانی کـردنی

خوا، لە پێغەمبەران و حەزرەتی یوسف لە تەنگانەدا، تایبەت بەوان نیە، بەڵکو هەرکەس لە جەرگەی بەندەکانی چاکی خوابێ، شیاوی پشتیوانی کردنی خوا پەیدا ئەکا.

نوکتە:

### ١ـ جیهادو ملە بە ملانێ کردن لەگەڵ نەفس و ئارەزوی نەفسانی:

هەموو دەزانین لە ئیسلام دا گەورەترین جیهاد، جیهاد لەگەڵ نەفسە، کە بە جیهادی ئەکبەر ناو براوە، یانێ گەورەترە لە جیهاد لەگەڵ دوژمن کە بە جیهاد -ی ئەسغەر ناو براوە. دەڵێن: تا واتای جیهادی ئەکبەر لە دڵ و دەرونی مرۆڤدا جێ نەگرێ،لە جیهاد لە تەک دوشمندا سەرناکەوێ.

خوا لە قورئاندا شانۆگەڵی جیاجیای لە مەیدانی جیهادی ئەکبەر دا لە پێوەندی لەگەڵ پێغەمبەران و ئەولیای خوا نوواندوەو رەسمی کێشاوە،کە بەسەرهاتی یوسف و چریکەی ئەوینی ئاگرینی ژنی عەزیزی میسر، یەکێ لە گرینگترینی ئەوانەیە، هەرچەندە قورئان لە بەر جوان وتن هەموو رازو رەمزی ئەوەی باس نەکردوە، بەڵام بە رستەیەکی کورت (و هم بها لولا ان رأی برهان ربه)، ئەو ئاژاوە سەختە بەیان دەکا.

یوسف لە مەیدانی ئەو ملە بە ملانی کردنەدا، بووە روو سوری لای خوا، بە سێ بەڵگە:

١ـ یەکەم: ئەوە بوو کە یوسف خۆی بە خوا سپاردو پەنای بە خوا برد (قال معاذالله).

٢ـ ئەوە بوو کە ئەمەکناسی لە بابەت عەزیزی میسر نیشاندا کە لە ماڵی ئەودا بوو و نان و نمەکی ئەوی کردبوو، نمەکدانی ئەوی نەشکاندو هەروەها کەوتە یادی

ئەوە کە خوا روحمی لەگەڵدا کردو ئەوی لە چاڵاوەکە رزگار کردو هێنایە ژینگەیەکی هێدی و هێمن و بیری لە دوا رۆژی خۆی کردەوەو خۆی پاراست.

٣ـ سێوەم ئەوە بوو کە یوسف خۆی بێخەوش راگرتبوو، بە دڵ بەندەگی خوای دەکرد،کە قورئان دەفەرمێ: (انه من عبادنا المخلصین). هەموو ئەوانە هێز و وزەی بە یوسف داکە لەو داوە رزگاری ببێ،کە هەم لە دەرەوەو هەم لە دەرونەوە داو؛تەڵەی نەفس و شەیتان زەختی خستبووە سەری.

وە ئەمە دەرس و پەندێکە بۆ هەموو ئەوکەسانەی دەیانەوێ لە مەیدانی جیهاد لەگەڵ نەفسدا بەسەر ئەو دوژمنەدا زاڵ بن و سەرکەون.

## ٢ـ پاداشی چاکی و بێخەوشی:

هەروەکو لە واتای ئایەتەکانی پێشودا رامانگەیاند، قورئان رزگار بوونی یوسف لەگزی و فزی ژنی عەزیزی میسر ئەداتە پاڵ خۆی و دەفەرمێ: (کذلک لنصرف عنه السؤ والفحشاء) - یانێ:خوی بەدی و بێ فەڕی و گزی و فزی،ئەوی،لە یوسف دور خستەوە، بە سەرنجدان بە رستەی (انه من عبادنا المخلصین - یانێ بەڕاستی یوسف لە بەندەکانی موخلیسی ئێمە بوو)، رووناک دەبێتەوە کە خوا بەندەی چاک و موخلیسی لە تەنگانەدا یاری ئەداو بە تەنیا وێڵی ناکاو پشتیوانی خۆی لەو درێخ ناکا، بەڵکو بە لوتفی خەفی خۆی و ئیمدادی غەیب کە بە قسە کردن لەوە بەیان ناکرێ، بەندەی دەپارێزێ و لە راستیدا ئەمە پاداشی خوایە،کە بەو جۆرە بەندە چاک و بێخەوش و خۆپارێزو بە تەقوایانەی،یارمەتی ئەدا لە تەنگانەدا.

نوکتەیەک کە ئەبێ قسەی لێ بکەین ئەمەیە کە حەزرەتی یوسف لە بەندەکانی (مخلص -اسم مفعول) یانێ خالیس کریاو نەک (مخلیص - اسم فاعل)کە بە واتای خالیس کونەندەیە، یادکراوە.

وردبوونەوە لە ئایەتەکانی قورئان نیشان ئەدا، (مخلص - بکسر لام) زیاتر لە شوێنگەلێکدا بەکار براوە کە مرۆڤ لە پلەی یەکەمی پێگەیشتن و لە حاڵی خۆ سازیدایە: (فاذا رکبوا فی الفلک دعوا الله مخلصین له الدین - کاتێ کە سواری کەشتی ئەبن بە ئیخلاس هاوار بۆ خوا ئەبەن - عنکبوت [٥٥]). (و ما امروا الا لیعبدوا الله مخلصین له الدین - بەوانە فەرمان نەدراوە مەگەر ئەوەی کە بە ئیخلاسەوە پەرستشی خوا بکەن - بینە [٥]).

بەڵام (مخلصین - بفتح لام) بە پلەیێ بەرز دەوترێ کە دوای جیهاد لەگەڵ نەفس پێکدێ، ئەو پلەی کە شەیتان نەیتوانیوە رەخنە بکاتە نێو دڵ و دەرونی ئەو جۆرە مرۆیانە، لە حەقیقەتدا بیمەی خوان (قال فبعزتک لاغوینهم اجمعین الا عبادک منهم المخلصین - شەیتان وتی: بە عیزەتت سوێند کە گشت ئەوانە لارێ ئەکەم، مەگەر بەندەکانی خالیس کریاوت نەبێ). یوسف بەو پلە بەرزە گەیبوو کە تابشتی هێناو خۆی نەدۆڕان و بەسەر نەفسا زاڵ بوو، زۆری پێ دەوێ مرۆڤ بگاتە ئەو پلە بەرزو خواییە.

### ٣ـ مەتانەت و عیفەتی بەیان

یەکێ لە نیشانەکانی کشگێری و ئیعجازی قورئان و هۆی سەر سوڕمان ئەوەیە کە هیچ تەعبیرێکی زەننەدەو رەکیک و نامەوزون و بێ تام و بێ عیفەتی لە قورئاندا نیەو وەکو قسەی تاکێک لە هی مرۆڤ ناچێ، ئەمەیە هۆی کشگێری و ئیعجازی قورئان،لە نێو گشت ئەو بەسەرهاتانەی وا قورئان نەقڵی کردون، تەنیا یەک چریکەی ئەویندارانەی بەڕاستی هەیە کە ئەویش چریکەی یوسف و ژنی عەزیزی میسرە.

چریکەیەک کە لە ئەوینداری گڕی گرتوو و سوتاوی ژنێکی نەشمیل و

جوانچاک و هەوەساوی لەگەڵ جوانێکی تاهیر و پاکدا قسە دەکا.

قسەبێژان و نووسەران کاتێ کە لەگەڵ ئەم جۆرە شانۆیانەدا رو بەرو دەبن، یا ناچارن بۆ تەرسیمی دیمەن و چێهرەی قارەمانان و شانۆگەلی بنەڕەتی داستان بەری زمان یا بەری قەڵەم ئازاد بکەن و بە ناو مافی قسە بنێنە ناو لەپی دەستی، هەزار جۆرە قسەی بزوێنەر یا زەنندەو غەیرە ئەخلاقی دێ بە زاریاندا.

وە یا مەجبور دەبن بۆ پاراستنی نزاکەت و عیفەتی زمان و قەڵەم، هەندێ لە شانۆکان لە نێو پەردەی ئیبهام بپێچنەوەو بە نادیار بە خوێنەران و بیسەرانی رابگەینن.

بێژەرو نووسەر هەرچی شارەزا بێ، زۆربەی کات توشی یەکێ لەو دوو موشکیلە دەبێ. بەڵام قورئان لە تەرسیمی شانۆ پڕ هەستەکانی ئەم داستانە بە جۆرێکی سەیرو سەمەرە (دیقەت لە بەیان) دا (مەتانەت و عیفەت) لێکی داوەتەوەو بێ ئەوەی لە نێو بردنی رووداوەکان چاوپۆشی بکا، یا ناتەوانی دەربڕێ هەموو ئوسولی ئەخلاق و عیفەتیش لە بەرچاو دەگرێ.

باش دەزانین لە هەموو شانۆکانی ئەم چریکە تەژی و پڕ لە هەستە، قسە لە باسی ئەو (خەڵوەتگەی عەشق و ئەوین)ە کە (ئیبتکار) و (هەوەس)ی ژنی عەزیزی میسر، پێکەوە دەسیان دا بە دەس یەکترەوەو ئەوەیان بەدی هێنا.

قورئان لەم چریکەدا هەموو وتنێکی وتوە، بەڵام چکۆلەترین لاڕیی و وێڕێکی لە ئوسولی عیفەتی قسەدا تێدا نابینی، لەو جێگایە کە دەفەرمێ: (وَرَاوَدَتْهُ الَّتی هُوَ فِی بَیْتِها عَنْ نَفْسِهِ وَ غَلَّقَتِ الأَبْوابَ وَ قالَتْ هَیْتَ لَکَ قالَ مَعاذَاللهِ اِنَّهُ رَبّی اَحْسَنَ مَثْوای اِنَّهُ لا یُفْلِحُ الظالِمُونَ) - یانێ ژنێک کە یوسف لە ماڵی ئەودا بوو، لەوی ویست و گشت درگاکانی بەست و پێی‌وت: بە پەلەو بە لەز وەرە بۆ لای ئەوەی بۆت ئامادەیە، وتی: پەنا بەرخوا (عەزیزی میسر) گەورەو خانەخۆی منە، رێزی لە

من گرتوە، دیارە ستەمکاران و (داوێن پیسان) رزگار نابن.

## نوکتە بەرچاوەکانی ئەم ئایەتە بەم جۆرەن:

١- واژەی (راود) لە شوێنێک بەکار دەبرێ بە پێ داگرتن وتێکەڵاو بوون لەگەڵ نەرم و نیانی،کە چتێک لە کەسێک بخوازێ، چون داخوازی ژنی عەزیزی میسر دیار بوو. قورئان هەر بەو کنایە روناکە باسی کردوەو ئیتر ناوێکی لەوە نەبردوە.

٢- قورئان تەنانەت بە (امراة العزیز)یش ناوی نەهێناوەو بەڵکو دەفەرمێ: (التی هو فی بیتها) - یانێ ژنێک کە یوسف لە ماڵی ئەو دابوو تا لە پەردە پۆشی و لە عیفەتی بەیان نێزیکتر بێ.

بەم تەعبیرە،هەستی حەقناسی یوسفیشی نواندوە، هەر بەو جۆرەی کە دژواری یوسف لە خۆ بە دەسەوە نەدان بە کەسێک نیشانداوە،کە ژیانی یوسف لە بن دەس ئەو دایە.

٣-غلقت الابواب کە واتای موبالەغە ئەدا، وە بە واتای بە توندی و پتەو درگاکانی لەسەر بەست و ئەمەش خۆی لەو شانۆ بزوێنەرانەیە.

٤- رستەی (قالت هیت لک) کە بە واتای بە پەلەو بە لەز وەرە بۆ لا ئەوەی بۆت ئامادەیە، ئاخرین قسە لە زمانی ژنی عەزیزی میسرەوە،بۆگەیشتن بە یوسف شەرح ئەدا، بەڵام لە رستەیەکی پڕ واتاو قورس و مەتیندا، بێ ئەوەی بزوێنەر یا بەد ئامۆز بێ.

٥- (معاذالله ان ربی احسن مثوای) کە یوسف لە وەڵامی بانگ کردنی ئەو ژنە جوانچاکە،جادوگەرەدا رایگەیاند بە قسەی زۆربەی تەفسیر نووسان پەنا دەبەمە بەر خوا، عەزیزی میسر مێردی تۆ گەورەو خانەخۆی منەو رێزی بۆ من داناوەو بڕوای بە من پەیدا کردوە، جا چلۆن تاوان بکەم و خەیانەتی پێ بکەم. ئەمە هەم

خەیانەت و هەم ستەمە، (انه لا یفلح الظالمون)و بەم جۆرە تێکۆشانی یوسف بۆ بێدار کردنەوەی عەواتیفی ئینسانی ژنی عەزیزی میسر شەرح ئەدا.

٦- رستەی (وَ لَقَدْ هَمَّتْ بِه وَ هَمَّ بِها لَوْلا أَنْ را بُرْهانَ رَبِّهِ) لە لایەکەوە تەرسیمێکی وردە لەو خەڵوەتگەی عەشق و ئەوینە،بە جۆرێ بزوێنەر بووە کە ئەگەر یوسف ئەقڵدارو بە ئیمان نەبووایێ توشی کۆسپ و کەند و تۆشی ئەبوو، هەروا قورئان سەرکەوتن و پیرۆزی یوسف لە هەڵو مەرجێکی وا توشدا بەسەر دێوی نەفس و شەیتان بە جۆرێکی هیندە جوان بەیان کردوە، لەوە جوانترەو گیراترە، واژەو رستە گیر نایێ.

سەرنج‌راکێشە،قورئان تەنیا واژەی (هم)ی بەکار بردوە، یانی: ژنی عەزیزی میسر لێ بڕابوو، وە یوسفیش ئەگەر بوڕهانی خوای نەدیبا، لێ دەبڕا، ئایا بێژەو واژەیەک لەوە جوانتر و مەتین‌تر لە: (لێبڕا - لێنەوەی) کورت‌ترو بە واتاتر لێرەدا هەیە؟

٢٦- وَاسْتَبَقَا الْبَابَ وَ قَدَّتْ قَميصَهُ مِنْ دُبُرٍ وَاَلْفَيا سَيِّدَها لَدَ الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزٰاءُ مَنْ اَرٰادَ بِاَهْلِکَ سُوءاً اِلاّٰ اَنْ يُسْجَنَ اَوْ عَذابٌ اَليم.

٢٧- قالَ هِیَ رٰاوَدَتْنِی عَنْ نَفْسِی وَ شَهِدَ شَاهِدٌ مِنْ اَهْلِهَا اِنْ كَانَ قَميصُهُ قُدَّ مِنْ قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَ هُوَ مِنَ الْكٰذِبين.

٢٨- وَ اِنْ كانَ قَميصُهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَ هُوَ مِنَ الصَّادِقين.

٢٩- فَلَمَّا رَاٰیٰ قَميصَهُ قُدَّ مِنْ دُبُرٍ قالَ اِنَّهُ مِنْ كَيْدِكُنَّ اِنَّ كَيدَكُنَّ عَظيم.

٣٠- يُوسُف اَعْرِضْ عَنْ هٰذاۚ وَاسْتَغْفِری لِذَنْبِكِ اِنَّکِ كُنْتِ مِنَ الْخَاطِئين.

واتا:

٢٦- وە هەردووکیان بەرەو لای درگا رایانکرد (لە حاڵێکدا ژنی عەزیز یوسفی هەڵبڕی)و کراسەکەی ئەوی (یوسفی) لە پشتەوە داتلێشاندو لەو کاتەدا ئاغا

(مێرد)ی ئەو ژنەیان لەم دەم درگا دی!

ئەو ژنە وتی: جەزا و سزای کەسێ کە سەبارەت بە ژنی تۆ تاوان و خراپە بکا، بێجگە لە زیندان، وە یا عەزابی دەرداوی چی دیکەیە؟

٢٧ـ (یوسف) وتی: ئەو منی بانگ کردە لای خۆی و لەو کاتەی دا شایەدێک لە بنەماڵەی ژنەکە شایەدی دا کە ئەگەر کراسی ئەو (یوسف) لە پێشەوە دڕابێ، ئەوا ژنەکە لە راستبێژانەو ئەو (یوسف) لە درۆزنانە.

٢٨ـ وە ئەگەر کراسەکەی (یوسف) لە پشتەوە دڕابێ ئەوا ژنەکە درۆزنەو ئەو (یوسف) لە راستبێژانە.

٢٩ـ کاتێ کە (عەزیزی میسر) دیتی کراسی ئەو (یوسف) لە پشتەوە دڕاوە (تلێشاوە) وتی: بەڕاستی ئەوە لەگزی و فزی ئێوەی ژنانە، بەڕاستی گزی و فزی ئێوەی ژنان گەورەو قورسە.

٣٠ـ (هۆ) یوسف! خۆ لەمە لادا، وە تۆیش ئەی ژن (زلێخا) لە تاوان و گوناحەکانت داوای لێبوردن بکە، چونکە بەڕاستی تۆ لە تاوانباران و هەڵەکارانی [١].

جامی بەدناوی ژنی عەزیزی میسر زڕا و زرینگەی لێهات، واژەی (استبقا - بە واتای پێشەو بردانەوەی دوو یا چەن کەس لە یەکترەو (قُدَّ) بە واتای تلێشانە، لەباری درێژاییەوەو (قَطَّ)یش دادڕینە لە باری پانی (والفیا سیدها لدی الباب). (لَفَتْ) لە (اِلْفاءَ) بە واتای گیرکەوتن و دیتنی لە ناکاوە. (سیدها) ئاغای ژنەکە، لەو سەردەمەدا ژنان بە مێردو شوی خۆیان وتوە (سید): ئاغا - هەروەکو ئەم سەردەمە کە هەندێ ژن بە شووەکانیان دەڵێن: ئاغا - ئاغات هاتەوە.

---

١ - ژن ئەگەر ناوی سوکی دواخستی - خێرا سێ بەردەی بنێ لە مستی
پیاو ئەگەر هاوڕێی نەبو هاوبیری - دەڵێن: سێ بەردەو ماڵی فەقیری

لەو دەمەدا کە ژنی عەزیزی میسر نێوی بەد نێوی زڕا بوو، ئەی ویست تۆڵەی خۆی لە یوسفی (مەزلۆم) بکاتەوە، بە کزە لۆکیەوە رووی کردە مێردەکەی خۆی، وە یوسفی بە تاوانبار دانا و وتی: یا هاواری کرد ئەرێ سزای کەسێ کە سەبارەت بە ژن و ناموسی تۆ خراپەی بکا،بێجگە لە زیندان یا عەزابی دەرداوی چی دیکەیە؟!

(قالت ما جزاء من اراد باهلک سوءاً الا ان یسجن او عذاب الیم).

سەرنجڕاکێش ئەمەیە، ئەو ئافرەتە بێ فەڕو خەیانەتکارە تا خۆی لە حاڵی رو زەردی و رو رەشیدا نەدی،لە بیری چوبووەوە کە ژنی عەزیزی میسرە، بەڵام لەو دەمەدا بە گوڵواژەی (باهلک: بە ژنەکەت) ئەیەوێ هەستی غیرەتی غەریزە بجولێنێ،کە چلۆن ئەوە (یوسف) ئەبێ لەگەڵ ژنی تایبەتی تۆدا، چاوی چاو نە زێری هەڵبڕێ؟

ئەم قسەی زلێخا، لە قسەی فیرعەون دەچێ،کە لە رۆژگاری موسادا لە سەردەمی دەسەڵاتدا وتی: (اَلَیْسَ لِی مُلْکُ مصر - ئایا وڵاتی میسر هی من نیە؟ سوورەتی زوخروف، ئایەتی ٥١). بەڵام کاتێ تاج و تەختی کەوتە مەترسی و جێگای پێ لەق بوو و ئەستێرەی تاریک بوو، وتی: ئەم دوو برایە (موساو هارون) ئەیانەوێ ئێوە (لەسەر زەوی خۆتان) دەربکەن: (یریدان ان یخرجاکم من ارضکم - طه ٦٣)

نوکتەیەکی دیکە ئەمەیە کە ژنی عەزیزی میسر، قەت نەی‌وت: یوسف قەستی خراپەی لەگەڵ ئەو دا هەبووە، بەڵکو لە بابەت ئەندازەی جەزاو سزای ئەو لەگەڵ عەزیزدا قسەی کرد، بەو جۆرەی کە دەڵێ شتەکە بووەو قسە لە ئەندازەی سزا و چلۆنی تۆڵە، لەو وەگرتنەوەیە و ئەم جۆرە قسە حسێب کراوە، لەو دەمەدا کە ئەبو ئەو ئافرەتە شەرم بیگرێ و متەقی نەیێ، خۆی نیشانەی فێڵبازی ئەوە لەمەیشدا کە (ما) لە رستەی (ما جزاء...) نافیە، یا ئیستفهامیە بێ؟ هەرچەندە لە نێوان

موفەسیراندا قسە زۆرە، بەڵام نەتیجەکەی لە هەر حاڵێکدا ئەونە جیاوازی بۆ نیە.

هەروا ئەم قسە کە لەسەرەتاوە کە لە زیندان ئەدوێ و لە دواییدا وەک ئەوە بە زیندانیش رازی نابێ، زۆرتر هەڵدەچێ و لە (عذاب الیم) قسە ئەکا.

یوسفیش بێدەنگ بوونی بە باش نەزانی و زۆر بە راشکاوی پەردەی لە روی مەبەستەکە لاداو گوتی: (ئەو منی بۆ لای خۆی رادەکێشاو بانگی لێ دەکردم - قال هی راودتنی عن نفسی)، خوا خۆی پشتیوانی پاک و چاکانە، ئەوەیە کە قورئان دەفەرمێ: (لەو دەمەدا شایەدێک لە بنەماڵەی ئەو ژنە شایەدی دا، کە بۆ پەیداکردنی تاوانباری ئەسڵی لەم بەڵگە رووناکە کەڵک وەر بگرن، ئەگەر کراسی یوسف لە پێشەوە دڕابێ، ئەو ژنە راست ئەڵێ و یوسف لە درۆزنانە (و شهد شاهد من اهلها ان کان قمیصه قد من قبل فصدقت و هو من الکذبین)، وە ئەگەر کراسەکەش لە دواوە هەڵدڕابێ، ئەو ژنە درۆزنەو یوسف لە راستبێژانە.

(و ان کان قمیصه قد من فکذبت و هو من الصادقین).

عەزیزی میسر دوای قسەی شایەدەکە، چاوێکی بەکراسەکەی یوسفدا خشاند، کاتێ دیتی کراسی یوسف لە دواوە داقلێشێنراوەو دادڕاوە (بە تایبەت کە تا ئەو رۆژە درۆیەکی لە یوسف نەبیستبوو) روی کردە خێزانی و وتی: ئەم کارە لەگزی و فزی ئێوەی ژنانە کە فێڵ و گزی ئێوەی ژنان گەورەو زۆرە - (فلما رای قمیصه قد من دبر قال انه من کیدکن ان کیدکن عظیم).

عەزیزی میسر بۆ ئەوەی لەوە زیاتر ئابڕوی نەڕوا، وتی: یوسف تۆ چاوپۆشی بکەو لەوە زیاتر لەمە باس مەکە (یوسف اعرض عن هذا).

لە پاشان رووی کردە خێزانی و پێیوت: (تۆیش لە گوناح و تاوانت داوای لێخۆشبوون بکە، چونکە تۆ لە خەتاکارانی - (واستغفری لذنبک انک کنت من الخاطئین). تەغلیب لەبەر چاو گیراوە، دەنا دەبوو بفەرمێ: (من الخاطئات جمع

مذکر بو تغلیبه).

نوکته: هەندێ لە تەفسیرزانان لە روی ئایەی (و شهد شاهد من اهلها...) لایان وایە شایەد کە لە خزم و کەسی زلێخا بووەو زۆر ژیرو پڕ بیر بووەو موشاویری عەزیزی میسریش بووەو هەر لەو دەمەدا لەگەڵ عەزیز بووەو کاتێ چاوی بە لاهەڵدراوی کراسەکەی یوسف لە دواوە کەوتوە، ئەو بەڵگەی راگەیاندەو هەندێکیش لایان وایە منداڵێک لەوێ بووەو باوەکو هێمان زمانی نەگرتبوو، خوا زمانی پێدا تا شایەدی لەسەر پاکی یوسف بدا. (ابن عباس فەرمویەتی: چوار زارۆک: کوڕی سەرتاشی فیرعەون، شایەدی یوسف، صاحب جریج و عیسای کوڕی مەریەم بەر لە زمان گرتن قسەیان کردووە - تەفسیری ئەلمنار، ج ١٢، لاپەڕەی ٢٨٧.)

* ئەگەر پرسیارێ بکرێ بوچ عەزیزی میسر لە بابەت ئەو مەبەستە گرینگەوە هەر بەمە قنیاتی کرد کە بە ژنەکەی خۆی وت: داوای لێبوردن لە خەتاکانت بکەو ئیتر لەوە زیاتر لەسەری نەڕۆیی؟ لەوە دەچێ لەبەر ئەوە بێ تاغوتیان ئەونە لە تاوان و خەتادان، گوێ نادەنە بێناموسی،وەغیرەتیان باری کردووە، یا لەبەر ئەوە بووە کە لەوە زیاتر ناوی بەدناوی ژنەکەی نەزرێ، هەر لەبەر ئەوەش ژنی عەزیزی میسر کە بۆی دەرکەوت ناوی زراوەو لە نێو ژناندا لە میسردا قسە لە خەتاو گزی و فزی زلێخایە، ژنانی ئەشرافی میسری بانگ کردو لە کۆڕێکی گشتیدا چریکەی ئەویندراری خۆی بێ پەردە بۆ گێڕانەوە.

* پشتیوانی کردنی خوا لە مەزڵومان و پاکان، دەرسێکی گەورەی ترە کە ئێمە لەو چریکە وەرئەگرین، ئەمەیە کە چون یوسف بێ تاوان بوو، خوا بە فریایی هات، ئەوەیە کە قورئان فەرمویەتی: خوا لە کاتی گیرو گرفتدا دێتە یارمەتی بەندەکانی (... یجعل له مخرجاً و یرزقه من حیث لا یحتسب)، لەم رێگایەوە کە یوسف بیریشی لێ

نەکردبووەوە، خوا فریای کەوت و دڕانی کراسەکەی بۆکردە هۆی پاکی و لە تۆمەت بەری کرد، ئەو کراسە کە چریکەسازەکە رۆژێ براکانی یوسفی لای یەعقوبی باوکیان رووزەردکرد، کە نەدڕابوو و نیشانەی کەلپەی گورگی پێوە نەبوو - رۆژێ دیکە بە هۆی دڕان لە پشتەوە بووە هۆی شەرمەساری و بەدفەڕی ژنی عەزیزی میسر، وە رۆژێ تر بووە هۆی بینایی و چاوکردنەوەی چاوی بێ نوری یەعقوبی باوکی، وە بۆ نی ناسیاوی ئەو کراسە لەگەل سروەی بەرەبەیان لە میسرەوە گەیشتە کەنعان و مزگێنی مانی یوسفی بەو پیرە ژیرەدا.

بەڵێ لوتفی خوا ئەونە لەتیفە کەم کەس لە قوولّی و بێ بنی ئەوە ئاگادار ئەبێ، کاتێ سروەی لوتفی لەتیفی خوا بێتە بزوتن بە جۆرێ شانۆکان دەگۆڕێ کە کەم کەس ئەتوانێ تێبینی بۆکا، هەر بە دەس خۆیەتی عیزەت و زیللەت، سەرکەوت و تێشکان، بە قسەی کوردان باوەڵێ باوێکی بەسە.

٣١ـ وَ قالَ نِسْوَةٌ فی الْمَدینَةِ امرَاتُ الْعَزیزِ تُراوِدُ فتٰها عَنْ نَفْسِهِ قَدْ شَغَفَها حُبّاً اِنّا لَنَریها فی ضَلالٍ مُبین.

٣٢ـ فَلَمّا سَمِعَتْ بِمَکْرِهِنَّ اَرْسَلَتْ اِلَیْهِنَّ وَ اَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّکَئاً وَ آتَتْ کُلَّ واحِدة مِنْهُنَّ سِکّیناً وَ قالَتِ اخْرُجْ عَلَیْهِنَّ فَلَمّا رَاَیْنَهُ اَکْبَرْنَهُ و قَطَّعْنَ اَیْدیَهُنَّ و قُلْنَ حاشَ لله ما هٰذا بَشَرٌ اِنْ هٰذا اِلاّ مَلَکٌ کَریم.

٣٣ـ قالَتْ فَذٰلِکُنَّ الَّذی لُمْتُنَّنی فیه و لَقَدْ راوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ و لَئِنْ لَمْ یَفْعَلْ ماآ اٰمُرُهُ لَیُسْجَنَنَّ وَ لَیَکُوناً مِنَ الصّاغرین.

٣۴ـ قالَ رَبِّ السِّجْنُ اَحَبُّ اِلَیَّ مِمّا یَدْعُونَنی الیه و اِلاّ تَصْرِفْ عَنّی کَیْدَهُنَّ اَصْبُ اِلَیْهِنَّ وَ اَکُنْ مِنَ الْجاهِلین.

٣۵ـ فَاسْتَجابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ کَیْدَهُنَّ اِنَّهُ هُوَ السَّمیعُ الْعَلیم.

واتا:

٣١ـ تاقمێ لە ژنانی شار وتیان: ژنی عەزیز-ی میسر جووانە (غولامە)کەی بۆ لای خۆی بانگ دەکاو ئەوینی ئەو جووانە دەڵیوەتە نێو دڵ و دەرونی، بەڕاستی ئێمە «ژنانی میسر» ئەو لە لاڕێگایەکی دیاردا ئەبینین(١).

٣٢ـکاتێ کە (ژنی عەزیز-ی میسر) لە بیرو باوەڕی ئەوانە ئاگادار بوو، ناردیە شوێنیان (و بانگ هێشتنی کردن) و پاڵ و پشتی بە نرخی بۆ ئەوان سازداو بە هەر کامیشیان چەقۆیەکی دا دەسیان (بۆ لەت کردن و بڕینی میوە)و لەو دەمەدا بە یوسفی وت: وەرە لای ژنەکان (و خۆیان نیشان بدە)، جا کاتێ چاویان بەو (یوسف) کەوت، سەریان سوڕماو (پڕ عەزەمەتیان) هاتە بەرچاو (لە هوش چون) دەسی خۆیان بڕی! وتیان: دور لە خوا ئەمە بەشەر نیە، بەڵکو پەریەکی کەریمە!

٣٣ـ (ژنی عەزیزی میسر) وتی: ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەوینی ئەو منتان لۆمە و سەرکۆنە دەکرد، (بەڵێ) من ئەوم بانگ کردە لای خۆم و ئەو خۆی گرت، وە ئەگەر مل لە دەستورم بابدا ئەیخەمە زیندان و دیارە خوارو پەستدەکەوێ!

٣٤ـ (یوسف) وتی: ئەی پەروەردگارم! زیندانم پێخۆشترە لەوەی ئەمانە من بۆ لای ئەوە بانگ دەکەن، ئەگەر گزی و فزی ئەوانە لە من دور نەخەیتەوە دڵم بۆ لایان دەکشێ و لە نەزانان و جاهیلان دێمە ژمار.

٣٥ـ پەروەردگاری دوعاو پاڕانەوەی ئەوی وەلاّم دایەوەو گزی و فزی ئەوانی لەو دور خستەوە، چونکە بەڕاستی ئەو لە ژنەواو دانایان بوو.

---

١ - یوسف لە زیندان کردی بە عادەت بە شەو و بە ڕۆژ ئەیکرد عیبادەت
لەو لاش زلێخا بەر بووە خەیاڵ عاجزو زوێر و مات بوو پەشێو حاڵ
لە دوی یوسف شێت بوو، دیوانە نەبوو دەربەست بۆ تیری تانە

## راوەت کردن:

تاقمێ لە ژنانی میسر چاو،رایان داخست کە ژنـی عـەزیزی مـیسر لە تـەک غولامەکەیدا راز و نیازی پەیاکردو بانگی کردۆتە لای خۆی - ئەوینی ئەو جووانە وەها دەڵیەوەتە نێو دڵ و هەناوی، بڕستی ژیری و خۆ راگری لێ بڕیوە (قد شغفها حباً) - (شغف) لە (شغاف) بە واتای گرێی بان : قەلب و دڵ، یا پۆستەو توێژی ناسکی روی دڵە،کە وەک کالان هەموو دڵ و دەرونی داپۆشیوە (شغفها حباً) یانێ بە جۆرێ دڵی پێداوە،کە خۆشەویستی ئەو دەڵیوەتە نێو دڵ و دەرونـی و هـەمووی داگرتووەو ئەمە دیاریە،بۆ عەشقێ سەخت و ئاگرین.

عەللامە ئالۆسی لە تەفسیری (روح المعانی)،ج ١٢، لاپەڕەی ٢٠٣و لە کتێبی (اسرار البلاغە) دا بۆ عەشق و ئۆگردار بوون پلەگەلێ دەخاتە بەرچاو، بەمجۆرە:

١ـ یەکەم پلەی خۆشەویستی (هەوایە: بە واتای مەیل).

٢ـ عەلاقە، یانێ خۆشەویستیەک،کە مولازیمی قەلبە.

٣ـ کولف بە واتای شدەتی خۆشەویستی.

٤ـ عەشق، هەرچی لە بابەت عیشقەوە قسە بکەم، کاتێ دەگەمە عیشق شـەرم دەمگرێ.

٥ـ شەغەف یانی: حاڵەتێ کە دڵ و دەرون لە ئاگری عەشقدا ئـەسوتێ و لەو سوتانەش هەست بە لەزەت ئەکا.

٦ـ لوعە.

٧ـ شەغەف یانێ پلەیەک کە عەشق دەڵێوەتە نێو گشت کەلێن و گاژێری دڵ و دەرونەوە.

٨ـ تدلە، وە ئەمیش پلەیەکە لە عەشق،کە ئەقل و ئاوەزی مرۆڤ دەرفێنێ و دواین پلەی عەشق هیومە، ئەویش پلەی بێ قەراری موتلەقە کە ئاشق و ئـەویندار، بـێ

ئیختیار بەم لاو ئەولادا رادەکێشرێ.

جا کاتێ ئەوینی ژنی عەزیزی میسر بە گوێی ژنانی شار گەیی، وەکو بنێشتە خۆشەکەوتە‌نێو زاری ژنان، ژنی عەزیزی میسر، کاتێ لە مەکروگزی و فزی ژنانی میسر ئاگادار بوو، پەرێشان بوو، بەلاّم چارەیەکی دۆزی‌یەوە،وەئەویش ئەوە بوو، هەموو ژنە ناودارەکانی میسری بانگ هێشتن کرد، پالّ و پشت و تەختی رازاوەی بۆ دانان و میوەی «ئەترەج»ی پێ دانو بە هەر یەکەش چەقویەکی تیژی دا دەستیان، بۆ میوە پاک کردن، بەلاّم چەقوکان لە نیازی میوە پاک کردن تیژتر بوون (فَلَمّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ اَرْسَلَتْ اِلَيْهِنَّ وَ اَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَئاً وَ اٰتَتْ كُلَّ واحِدة مِنْهُنَّ سِكّيناً).

ئەمە خۆی بەلّگەیە کە ئەو ئافرەتە لە شوەکەی باکی نـەبووەو لە ریسـوایـی رابردوی دەرسی وەرنەگرتوە.

بەلّێ ژنی عەیزی میسر دەستوری بە یوسف داکە بێتە نێو ئەوکۆڕە،تا ئەو ژنانە بە دیتنی یوسف کارێ وایان بەسەر بێ کە ئیتر لەسەر عەشقی یوسف لەوە زیاتر سەرکۆنەی نـەکـەن و لە پشت سـەری نـەخوێنن (وَ قـالَتْ اَخْـرَج عَـلَيْهِن) وتـی: وەرەدەرێ، لە باتی وەرەژورێ، ئەم تەعبیرە ئەمە رادەگەینێ کە ژنی عەزیزی میسر یوسفی لە دەرەوە رانەگرتبو، بەلّکو ئەوی لە هۆدەیەکدا کە دەگـونجێ جـێگای خۆراک و میوە بووبێ، رای‌گرتووە،تا چونی یوسف بۆ نێو کۆڕی میوانـەکـان لە درگای ورودی‌یەوە نەبێ، وە بە روالّەت خۆرسک و بێ چاوەڕوانی و واق وڕمان هێنەر بێ!

بەلاّم ژنە میسریەکان کاتێ بە ژن و بالاّو جوان چاکی و دەم و چاوی نورانی یوسف‌یان دی، کە هەر وەکو تەبەقێ رۆژ لە ناکاو لە پشت هەورەوە دەرکـەوت، چاویان بە مۆلەق وەستا، بە جۆرێکی وا شێت و شەیدەلاّو والّەو حەیرانێ بوون،

خۆیان بزر کردو لە بیریان چووەوە کە تورنجیان[۱] بە دەسەو بە چەقۆ خەریکی پاک کردنی میوەن، هەموو دەس و پەنجەی خۆیان بڕی و یوسفیان زۆر پڕ عەزەمەت هاتە بەرچاو (فَلَمّا رَاَیْنَهُ اَکْبَرْنَه)، وەها مەستی دیداری یوسف ببوون لە باتی پاک کردنی میوە، دەست و قامک و تپڵی خۆیان پاک کرد و بڕیان (قَطَّعْنَ اَیْدِیَهُنَّ).

کاتێ دیتیان بەرقی شەرم و پاکی و حەیا لە نێو چاوانی پاکی یوسف دەدرەوشێتەوەو لە شەرمان،لە گەرمان سورهەڵگەڕاوە، هەموو ژنەکان هاواریان لێ بەرز بووەوە، گوڵ بێ لە خوا، ئەم گەنجە ئالودە نەبوو، دور لە خوا ئەوە بەشەر نیە، یەک پەڕی گەورەی ئاسمانی‌یە (و قُلْنَ حاشَ لله ما هٰذا بَشَرٌ اِنْ هٰذا اِلاّ مَلَکٌ کَریم). (حاش لله) لە ریشەی (حشی) بە واتای تەرەف و ناحیەیەو (تحاشی) بە واتای کەنارەگیری‌یەو واتای (حاش لله) ئەمە خوای پاک و بێخەوشە، ئاماژە بەمەیە کە یوسفیش بەندەی پاک و بێخوشی خوایە، ژنی عەزیزی میسر کە دیتی ژنە میسری‌یەکان واقیان وڕماو لەبەر مەستی دەس و پلی خۆیان بڕیوەو لە دیتنی یوسف چاویان بە مۆڵەق وەستاوە، دەرەتانی بۆ هەڵکەوت و وتی: (ئەمەیە ئەو کەسەی لەبەر ئوگردار بوون بەو سەرکۆنەم دەکەن - قالَتْ فَذٰلِکُنَّ الَّذی لُمْتُنَّنی فیهِ). ژنی عەزیزی میسر ویستی بەو ژنانە بڵێ کە ئێوە بە یەکەم جار دیتنی یوسف ئاوا شێت و مەدهۆش بوون و لە جەماڵی ئەو دا تووانەوەو هەموو دەس و پەلی خۆتان بڕی، ئەی بۆچ منی پروزە با بردو،سەرکۆنە دەکەن کە شەو و رۆژ بە بەرچاوم دا دێ و دەچێ و ئەی بینم.

ژنی عەزیزی میسر کە لەو بانگ هێشتنە نەتیجەی گرتبوو، هەستی غولوری دەکرد و عوزری خۆی بە مووەجە،دەزانی، زۆر بە راشکاوی پەردەی لەسەر راز و

---

۱ - سێوی ئاوی، بالەنگ، میوەیەکە لە مازندەران بالەنگی پێ دەڵێن، مورەبایشی لێ ساز دەکەن.

نهێنی لاداو دیانی بە راستیا ناو وتی: (بەڵێ من یوسفم بۆ لای خۆم بانگ کـرد، بەلاّم ئەو خۆی راگرت - و لَقَدْ راوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ فَاسْتَعْصَمَ)و ئـەوسا زۆر بـە پڕ ڕووی‌یەوە، بێ شەرمانە وتی: ئەگەر ئەو (یوسف) لە قسەم دەرچێ و لە راست عەشقی ئاگرینمدا مل بادا، لێ توند ئەکەم - و لَئِنْ لَمْ يَفْعَلْ مٰا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ) نە تەنیا ئەیخەمە زیندان، بەڵکو لە بەندیشدا خوار و پەست ئەبێ - وَ لَـيَكُوناً مِـنَ الصّاغرين).

چتێکی تەبیعی‌یە،کاتێ عەزیزی میسر لە راست ئەو کارە ناشیرین و دزێوەی ژنەکەیدا بەم رستە (واستغفری لذنبک - لە تاوانت داوای لێبوردن بکە)، بـەسی کرد. ئەبێ ئەو ئافرەتە ئاوا شوی لێ هەڵبکێشێ و بیداتە لانی بێعاری و هاری، چون ئەوە،خوی ئافرەتانی تاغوت و تاغوتیانە.

هەندێ لە موفەسیران لەم بابەتەوە دەگێڕنەوە کە تاقمێ لە ژنانی میسر کە لەو کۆڕە دابوون دەستیان کرد بە پشتیوانی کردن لە ژنی عەزیزی میسرو مافیان بەو داو دەورەی یوسفیان گرت، هەر یەکە جۆرە قسەیەکی درکاند، بەم‌جۆرە:

یەکێ وتی: ئەی جوان! ئەم هەمووە خۆراگرتن و نازە بۆچی؟ بۆچ بەو ئەویندارە سوتاوە، تەرەحوم ناکەی؟ وا دڵبەرە؟ مەگەر تۆ دڵت نیە و لاو نیت و لە عیشق و زێبایی لەزەت نابەی؟ ئاخر مەگەر تۆ دارو بەردی؟ تاکەی وا دەکەی؟

دوەمی وتی: وای بگرین کە تۆ لە زێبایی و عیشق ناگەی، بەلاّم مەگەر تۆ نازانی کە ئەوە ژنی عەزیزی میسرە، وە ژنێ کە خاوەن دەسەلاّتی ئەم هەمووە،سامانەیە؟ بیر ناکەیتەوە،کە ئەگەر دڵی ئەو بەجێ بێنی،گشت ئەم دام و دەزگایە،ئەبێتە هی تۆ؟ وە هەر پلەیەکت بوێ بۆت ئامادە ئەکرێ؟

سێوەمی وتی: وای دابنین نە ئارەزوی جەماڵ و جوانیت هەیەو نە نیازیشت بە پلەو پایە هەیە، بەلاّم تۆ نازانی ئەوە ژنێکی تۆڵە ئەستێنی،بفەیە؟ وەکەرەستەی تۆڵە

ئەستاندینشی بە دەسەوەیە، ئایا لە زیندانی تەڕو شێدار و تەنگ و تاریک ناترسی و لە تەنیایی لەو زیندانە لە غەریبی خۆت بیر ناکەیتەوە؟!

هەڕەشەو گوڕەشەی ژنی عەزیزی میسر٬بە زیندانی کردنی یوسف لە لایەک و وەسوەسەی ئەو ژنانەش٬لە لایەکی ترەوە کە لەو دەمەدا نەخشی دەلاّلیان بە ئەستۆ گرتبوو، لە لایەکی ترەوە، دەموکاتی پڕ مەترسیان بۆ یوسف پێکهێنا بوو، تۆف و گێژەلوکە٬لە هەر لایەکەوە یوسفی داگرتبوو، بەلاّم یوسف لەبەرا خۆی بێخەوش و چاک کردبوو، زۆر بە ئازایی و بە نەبەزیەوە، لێبڕاوە، بێ ئەوەی خۆبدا بەدەس ئەو ژنە هەوەسبازانە، رووی کردە بارەگای پەروەردگارو دەستی کرد بە پاڕانەوەو وتی:

ئەی پەروەردگارم! زیندان بەو هەمووە سەختی و زەختیە کە هەیەتی زۆرم پێ خۆشترە، لەوەی وا ئەم ژنانە من بۆ لای ئەوە بانگ دەکەن (قالَ رَبِّ السِّجْنُ اَحَبُّ اِلَیّ مِمّا یَدْعُونَنی الیه). لە پاشان کە ئەیزانی تەنیا خۆ دانەدەس خوا رێگای رزگاری‌یەو خۆی بە خوا سپارد و وتی: ئەی پەروەردگارم! ئەگەر لە گزی و فزی و لە نەخشەی بفەی ئەم ژنانە دورم نەخەیتەوەو نەمپارێزی دڵم بۆ لایان دەکشێ و لە نەزانان و نەفامان و لە جاهێلان دەبم: (و اِلاّ تَصْرِفْ عَنّی کَیْدَهُنَّ اَصْبُ اِلَیْهِنَّ وَ اَکُنْ مِنَ الْجاهِلِین).

خودایا لەبەر فەرمانی تۆ و خۆپاراستن زیندانم لەمەکە، بکەومە داوی ئەم ژنە گزیکارە، پێ خۆشترە. تۆ خۆت رزگارم بکە، یارمەتیم بدە، وزەم بدەرێ، نەک تێکەوم، ئەوە بوو خوا دوعاو پاڕانەوەی یوسفی وەرگرت (فاستجاب لە ربە) و گزی و فزی ئەوانی لە یوسف دور خستەوە (فصرف عنه کیدهن). چونکە خوا بیسەرو زانایە، هەم پاڕانەوەی بەندەکانی دەبیسێ و هەم لە رازی دەرونیشیان ئاگایە.

نوکتە: هەر بەو جۆرەی زانیمان و رامانگەیاند ژنی عەزیزی میسر و ژنانی

میسر بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان لە هەموو شێوەگەلی جیاجیا کەڵکیان وەرگرت: دەربڕینی عەشق و ئەوین و خۆ بە دەسەوە دان و تەماع وەبەرنان، دوای ئەوە هەڕەشەو گوڕەشە کردن یا بە واتایێ تر تەوەسول بە (شەهوەت) و (زێڕ) و لە پاشان بە (زۆر).

ئەمانە چتگەلێکن کە هەوسار پساوەکان و تاغوتیان لە هەر رۆژگارێکدا پێی موتەوەسیل بوون، تەنانەت خۆیشمان زۆر جاران دیومانە کە ئەوانە بۆ خۆ بە دەسەوە دانی پیاوانێ، لە سەرەتاوە لە کۆڕێکدا زۆر بە نەرم و نیانی دەجولێنەوە، یارمەتی‌دانێک دێننە پێشەوەو لە ئاخری دا هەر لەو کۆڕەدا دەس دەکەن بە هەڕەشەو گوڕەشە، ئیتر گوێ نادەنە ئەوە کە ئەمە دژ بە یەکتر قسە کردنەو ئەویش هەر لە کۆڕێکدا تا چ رادەیەک ناحەز و ناشیرین و دزێوەو شیاوی وتن نیەو ئەبێتە هۆی دژ گۆیی و ئەکەونە بەر لۆمەو سەرکۆنە کردن.

بۆ بەڵگە، گەڕانی ناوێ، چونکە ئەوان ئارمانجیان گەرەکە، وەسیلەو هۆ بۆ ئەوان گرینگ نیە، بە واتایێ تر ئەوانە بۆگەیشتن بە ئامانج هەموو هۆیەک بە جایز دائەنێن.

* رستەی (یدعوننی الیه): ئەم ژنانە منی بۆ لا بانگ دەکەن و (کیدهن - نەخشەی ئەم ژنانە...) زۆر جوان نیشان ئەداکە دوای دەس و پەڵ بڕین، ژنە هەوەسبازەکانی میسر، ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان سەبارەت بە یوسف چونە مەیدان و یوسفیان بانگ کرد، تەسلیمی ئەوان بێ، یا سەبارەت بە ژنی عەزیزی میسر خۆبدا بە دەسەوە، یوسف دەسی رەدی ناوە،بە سینگی هەموویانەوەو ئەمە خۆی نیشانی ئەوەیە کە ژنی عەزیزی میسر بە تەنیا لەو تاوانەدا بەشدار نەبووە.

لە کاتی تەنگانەدا،بەڵکو لە هەموو کات دا ئینسان و ئەنزان ئەبێ پەنا بە خوا بەرێ، ئەگەر لوتفی خوا نەبێ، هیچ کارێک مەیسەر نابێ، ئەمە پەندو دەرسێکە کە یوسف ئەو ئینسانە پاک و گەورە،خودایی یە، بە ئێمە مانانی فێرکردووە، یوسفە کە

دەڵێ: ئەی پەروەردگارم! ئەگەر گزی و فزی و نەخشەی بەدفەڕانەی ئەوانەم لێ دور نەخەیتەوە، بۆ لایان دەکێشم، ئەگەر لەم کەندو کۆسپە رزگارم نەکەی، وەکو کەنگەلاشک بە دەم باوە دەڕۆم و با دەمبا و پرۆزەم با دەیبا، ئەمە تۆی پارێزەرو پشتیوانی منی، نەک وزەو تابشت و تەقوای من!

ئەم حاڵەتە : (وابەستەگی بە خوا، خۆ بە هی خوا زانینە، خۆ دانە پاڵ لوتفی خوا، سەرەڕای ئەوەی هێزو خۆڕاگری بێ سنور بە بەندەکانی خوا ئەدا، دەبێتە هۆ بۆ ئەوەی مرۆڤ لە لوتفی خەفی خواکەڵک وەربگرێ، ئەو لوتفەی بەیان ناکرێ و ئەبێ بە عەیان بیبینێ و باوەڕی پێ بێنێ.

٣٦ـ ثُمَّ بَدالَهُمْ مِنْ بَعْدِ مٰا رَاَوُا الأٰياتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتّىٰ حين.

٣٧ـ وَ دَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيٰانِ قالَ اَحَدُهُما اِنِّى اَرٰانى اَعْصِرُ خَمْراً و قالَ الأٰخَرُ اِنِّى اَحْمِلُ فَوْقَ رَاسْى خُبْزاً تَأكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنا بِتَأويلِهِ اِنّا نَريٰکَ مِنَ الْمُحْسنين.

٣٨ـ قالَ لا يَأتيكُمٰا طَعٰامٌ تُرْزَقانِهِ اِلاّٰ نَبَّأتُكُما بِتَأويلِهِ قَبْلَ اَنْ يَأتِيَكُما ذٰلِكُما مِمّا عَلَّمَنى رَبّى اِنِّى تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لا يُؤْمِنُون بِالله وَ هُمْ بِالأٰخِرَةِ هُمْ كٰافِرون.

٣٩ـ وَتَّبَعْتُ مِلَّةَ اٰبٰاىء اِبْرٰهيمَ وَ اِسْحٰق و يَعْقُوب مٰا كانَ لَنٰا اَنْ نُشْرِکَ بِاللهِ مِنْ شَىء ذٰلِکَ مِنْ فَضْلِ اللهِ عَلَيْنا و عَلىٰ النّٰاس وَ لٰكِنَّ اَكْثَرَالنّٰاسِ لا يَشْكُرُون.

واتا:

٣٦ـ دوای ئەوەی نیشانەکانی (پاکی یوسف)یان دی، لێبڕان تا ماوەیەک زیندانی بکەن(١).

---

١ ـ مەعلوم بوو لە لای هەموو ئەهلی شار مەعسوم و پاکە یوسفی نازدار
بەم نەوعە یوسف لەگەڵ غولامان رۆیشت هەتاکو خرایە زیندان
لە شەوقی نوری یوسفی حەزین زیندان بوو بە چەشن، بەهەشتی بەرین
ئەو بەندییانەی کە لە زیندان بوون هەموو دڵخۆش و تەواو شادان بوون

٣٧ـ وە دوو گەنج لەگەڵ ئەو دا چونە زیندان، یەکێکیان وتی: من لە خەونمدا دیتم کە (ترێ بۆ) شەراب دەگوشم، ئەوی تریشیان وتی: من لە خەونمدا دیتم کە نان لەسەر سەرمەو باڵندە لیێ دەخۆن، لە واتاکەی ئاگادارمان بکە، چونکە تۆ لە پیاوچاکان ئەزانین (ئەبینین).

٣٨ـ (یوسف) وتی: بەر لەوەی جیرەی خۆراکی ئێوە بێت لە واتـای خـەون دیتنەکانتان ئاگادارتان دەکەم، ئەمە زانستێکە کـە پـەروەردگارم فـێری کـردوم، بەڕاستی من ئایینی نەتەوەیەک کە بڕوایان بە خوا نیەو مونکیری ئاخیرەتن،تەرکم کردووە (شیاوی ئەمە بووم).

٣٨ـ من پەیرەویم لە ئایینی باوانم؛ ئیبراهیم و ئیسحاقو یەعقوب کرد، بۆ ئێمە شیاو نەبوو، هاوبەش بۆ خوا دابنێین، ئەمە فەزلی خوایـە لە سـەر مـن و لەسـەر خەڵک، بەڵام زۆربەی خەڵک شوکرانە بژێر نین.

راوەت:

قورئان دەفەرمێ: دوای ئەوەی ئەوان نیشانەکانی پاکی یوسفیان دی، لێبڕان کە یوسف تا ماوەیەک (بۆ شوێنەونکێ) بخەنە زیندان، (ثُمَّ بَدالَهُمْ مِنْ بَـعْدِ مٰـا رَأَوُا الْأٰياتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتّىٰ حـين). تەعبیر بە (بدا) کە بە واتای پـەیدابـوونی بـیروڕای تـازەیە، نـیشان ئـەداکـە لە بـەرا خـەیاڵی وایـان نـەبووە، لەوە دەچێ عـەزیزی مـیسر دوای بـــیستنی کۆبـــوونەوەی ژنـــانی مـــیسر لەمـــاڵی ئـــەودا، وەهـــەروەها دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کەکراسی یـوسف لە دواوە، شـەقار کـراوەو خـۆی بـە دەس ژنـــانانەوە نـــەداوە، وە پـــاک و بێـخەوش و خـودایـی مـاوە، بێ ئـابڕوی خێـزانـی دەنگی دڕاوەوکاسەی بەدنێوی زرینگاوەتەوە، بە خەیاڵ ئاوێکیان بە ئاگری بەدنێـوی ژنی عەزیزی میسر داکردبێ، دەسە چەور و چڵکنەکەیان لەسەری یوسف هەڵسوی و ئەم بێ تاوانەیان لە باتی تاوانبار، خستە زیندان. ئـەمە نـەیەکـەمجارەونە دواجـاریشە

کە مرۆڤی پاک و چاک و خودایی بە تاوانی بێ تاوانی دەخرێتە بەندو ئازار ئەدرێ.

بەڵێ لە ژینگەیەکی پڕو تەژی لە پیسی و چەپەڵی و دزی و درۆزنی و بوختان و شەڕلاتانی، برەوی فەرمان و قسە بەدەس،ئالودەکانە،کە بە دەم خۆڕێنی ئاودا خۆلول دەکەن و قیل قاجی ئەدەنێ، مرۆڤی پاک و چاکی وەکو یوسف کە هاورەنگی ئەوانە نین، ئەبێ بەرکەنار بن، بەڵام تاکەی؟ ئایا بۆ هەمیشە؟ نا نا بۆ هەمیشە وانابێ! وە دوو گەنجیش لەگەڵ ئەودا خرانە زیندان (وَ دَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانِ).

دەڵێن: کاتێ مرۆڤ نەتوانێ لە ڕێگای ئاسایی‌یەوە،کارێ بکاو شەڕەی خۆی لە قوڕ دەرهێنێ و دەسی نەگاتە هەواڵ و قسەو باس، ئیحساساتەکانی دیکەی دەکەونە کار، تا ڕێگای ڕووداوی دەوروبەری خۆی بدۆزێتەوەو تێبینی بۆ بکا، دیتن بۆ ئەو جۆرە مرۆڤە،خۆی دەبێتە مەبەستێک.

هەر لەم ڕووەوە بو،ڕۆژێک ئەو دوو گەنجە، کە یەکێکیان چاپەزو ئەوی دیکەیان، ئاشپەز بوو، بە تۆمەتی ئەوەی ویستبوویان شا، دەرمانداو بکەن و ژەهری بدەنێ خرابوونە زیندان، هاتنە لای یوسف و ئەو خەونەی دیبوویان بۆ یوسفیان گێڕاوە.

یەکێ لەوانە وتی: من لە خەونمدا دیتم کە ترێ بۆ شەراب دەگوشم! (قالَ اَحَدُهُما اِنِّی اَرانی اَعْصِرُ خَمْراً).

وە دووەمیەکەیش وتی: لە خەونمدا دیتم نان و پێخور لە بان سەرمەو باڵندە لەوە دەخۆن ! (و قالَ الْاُخَرُ اِنِّی اَحْمِلُ فَوْقَ رَاسْی خُبْزاً تَأكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ). تکایە بۆمان لێک بدەوە، چونکە تۆ لە پیاوچاکان دەبینین و دەزانین.

ئەگەر پرسیار بکرێ کە ئەوانە چلۆنیان زانی یوسف واتای خەو لێک ئەداتەوەو لە پیاوچاکانە. هەندێ لە تەفسیرنووسان فەرمویانە، خۆی رایگەیاندوە کە واتای

خەو لێک ئەداتەوە، هەندێ تریش دەڵێن لە سەرو سیمای یوسف دەیانزانی ئەو جوانە گەورەو مەزن و خودابیە، لەسەرەتاوە کە یوسف چووە زیندان، بە خولق و خوی باش و خزمەت کردن بە زیندانیان و دیدەنی کردن لە نەخۆشەکان و بە هەستان و دانیشتن و کردنەوەی گرێ کوێرەو لابردنی کەند و کۆسپی زیندانیان، خەڵکەکە، تێ گەیی کە یوسف پیرۆزەو بەرەکەتی خوایە، ئەوە بوو ئەو دوو لاوە بوغچەی دڵ و دەرونی خۆیان لای ئەو کردەوەو یارمەتیان لەو خواست کە واتای خەونەکەیان بۆ بەیان بکا.

تەعبیر بە (انی اعصر خمراً - شەرابم دەگوشی، یا لەبەر ئەوەیە کە ئەو لە خەودا ترێی بۆ سازدانی شەراب گوشیوە، یا ترێیەک کە لە کۆپەدا گەیبوو، بۆ ساف کردن و دەرهێنانی شەراب،لەوە دەیگوشی، یا ترێکەی گوشیوە، تا شیرەکەی بدا بە شا، بێ ئەوەی بووبێتە شەراب لەو شوێنەی کە ئەو ترێیە،بۆ ئەوە بووە کە ببێتە شەراب، ئەو واژەی بۆ وتراوە[1].

تەعبیر بە (انی ارانی - من دەبینم) یا ئەوە کە دەبوو بڵێ: من لە خەونمدا دیتم - بەناوی حیکایەتی حاڵە، یانێ خۆی لەو دەمەی دا وا خەو دەبینێ فەرز دەکاو ئەم قسە بۆ تەرسیمی ئەو حاڵەتە بەیان دەکا.

---

١ - خەوی بدیایە هەر کەس لە مەحبوس    تەعبیری دەکرد یوسفی مەئیوس
ئەو دوو بەندەیە مەعلوم بوو لایان    هەرکەس ببینێ خەو لە بەندی‌یان
یوسفی کەنعان تەعبیری دەدات    بە گورجی و راستی بۆی بەیان دەکات
ئەو دوو بەندەیە،رۆژێ لە رۆژان    چونە خزمەتی،یوسفی کەنعان
یەکێکیان وتی: بەر لە بەیانی    لە خەودا من دیم،ئەی یاری گیانی
ترێم دەگوشی دەمکرد بە شەراب    تەعبیری چییە؟ پێم بدە جەواب
ئەویشیان وتی: سفرەیەکی نان    لەسەر سەرم بوو لە قەسری رەیان
وەختێکم زانی هێندە قەلەرەش    هەموویان فڕاند کردیان بە بەش بەش

بەڵێ حەزرەتی یوسف وتی: (بە زوویی بەر لەوەی جیرەی خۆراکتان بۆ بێ، لە واتای خەونەکەتان ئاگادار دەکەم (قالَ لا یَأتیکُما طَعامٌ تُرْزَقانِهِ اِلاّ نَبَّأتُکُما بِتَأویلِهِ قَبْلَ اَنْ یَأتِیَکُما). بەو جۆرە دڵنیای کردن کە تیاندەگەیەنێ، ئەو (یوسف) رایگەیاند کە ئەم زانست و ئاگاداریە پەروەردگارم فێری کردوم (ذٰلِکُما عَلَّمَنی رَبّی). وە بۆ ئەوەی وا نەزانن کە خوا هەروا رەمەکیانە بێ حسێب و کتێب شتێ بە کەسێ ئەدا، وتی: (اِنّی تَرَکْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لا یُؤْمِنُون بِالله وَ هُمْ بِالأٰخِرَةِ هُمْ کافِرون). مەبەست تەرکی بوتپەرستانی کەنعان و میسرە، یوسف فەرموی من ئەبێ لەوانە دور بم، چونکە بوتپەرستی دژی فیترەتی مرۆڤانی‌یە، تازە من لە نێو خانەدانێکی زانست خاز و خوا بە یەکزانین پەروەردە کراوم. من لە ئایینی باوانم ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب پەیرەوی دەکەم (وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ اٰبائیء اِبْرٰهیمَ وَ اِسْحٰق و یَعْقُوب). حەزرەتی یوسف ئیحساقی لە باوان (آباء) داناوە، کەچی یوسف کوڕی یەعقوبەو یەعقوب کوڕی ئیسحاق، کەوابێ (اب بۆ باپیریش بەکار ئەبرێ). شایەد، ئەمە یەکەمجار بووبێ کە یوسف خۆی وا بە زیندانیان ناساندبێ. تا بزانن یوسف زادەی وەحی و پێغەمبەرایەتی‌یە و بێ تاوان کەوتۆتە زیندان، نەک وەکو زیندانیانی دیکە، کە لە رژێمی تاغوتیان دا بوون و خراونەتە بەند.

لە پاشان بۆ تەئکید دەڵێ: (بۆ ئێمە شیاو نیە کە شتێ بکەینە هاوبەش بۆ خوا، چونکە خاندانی ئێمە خانەدانی تەوحیدو خوا بە یەک زانن و لە تۆمی ئیبراهیمی بۆتشکێن (ما کانَ لَنا اَنْ نُشْرِکَ بِاللهِ مِنْ شَیء).

ئەمە فەزلی خوایە، بۆ ئێمە و بۆگشت بەرەی مرۆڤ (ذٰلِکَ مِنْ فَضْلِ اللهِ عَلَیْنا و عَلیَ النّاس). بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵک شوکرانە بژێر نین و لە رێگای خواو بڕوا لائەدەن (وَ لٰکِنَّ اَکْثَرَالنّاسِ لا یَشْکُرُون).

٤٠- یا صاحِبَیِ السِّجْنِ ءَاَرْبابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَیْرٌ اَمِ الله الْواحِد الْقَهّارُ.

۴۱ـ مٰا تَعْبُدُونَ مِنْ دوُنِهِ اِلاّٰ اَسْمٰآءً سَمَّیْتُمُوها اَنْتُمْ وَ آباؤکُمْ مٰا اَنْزَلَ اللهُ بِها مِنْ سُلْطان اِنِ الْحُکْمُ اِلاّٰ لِلهِ،اَمَرَ اَلاّٰ تَعْبُدوا اِلاّٰ اِیّٰاهُ ذٰلِکَ الدِّینُ الْقَیِّمُ وَ لٰکِنَ اَکْثَرَالنّٰاسِ لا یَعْلَمونَ.

۴۲ـ یٰا صاحِبَیِ السِّجْنِ اَمّٰا اَحَدُکُما فَیَسْقی رَبَّهُ خَمْراً وَ اَمّٰا الأُخَرُ فَیُصْلَبُ فَتَأکُلُ الطَّیْرُ مِنْ رَأسِهِ قُضِیَ الأَمْرُ الَّذی فیه تَسْتَفْتِیان.

۴۳ـ وَ قالَ لِلَّذی ظَنَّ اَنَّهُ نٰاجٍ مِنْهُمٰا اذْکُرْنی عِنْدَ رَبِّکَ فَاَنْسٰهُ الشَّیْطانُ ذِکْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِی السِّجْنِ بِضْعَ سِنینَ.

واتا:

۴۰ـ ئەی دۆستانی هاوزیندانی من ئایا خوایانی جیاجیا باشترن یا خوای تاکی قەهارو بەدەسەلات؟

۴۱ـ ئەم مەعبودانەی کە بێجگە لە خوا ئەی‌پەرستن شتێ بێجگە لە ناوی (بێ ناوەرۆک) نین کە ئێوەو باو باپیرانتان ئەوانەتان بۆ خوا ناو بردوە، خوا هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەوە نازڵ نەکردووە، حوکم و فەرمان تەنیا بۆ خوایە، فەرمانی داوە کە بێجگە لەو کەسێ تر نەپەرستن، ئەمەیە ئایینی بەردەوام، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن.

۴۲ـ ئەی دۆستانی هاوبەندی من! یەکێ لە ئێوە (ئازاد دەکرێ) ئەبێتە ساقی شەراب بۆ پاشاکەی خۆی، وە ئەوی دیکەش لە دار ئەدرێ و باڵندە لە مێشکی سەری دەخۆن، ئەمە کارێکە قەتعی و حەتمی کە لە بارەی ئەوەوە بیروڕاتان لە من ویست.

۴۳ـ وە بە یەکێ لەو دووانە کە ئەی‌زانی رزگار ئەبێ، وتی: لای پاشاکەت (پاشای میسر) یادم بکە، بەڵام شەیتان یادکردنی ئەوی لای پاشاکە لە بیر ئەو بردەوەو دوا بە دوای ئەوە،چەن ساڵ لە زینداندا مایەوە.

راوت:

حەزرەتی یوسف زیندانی کرد بووە کانونی فێرکردن و بیرکردنەوەو بارهێنان. کاتێ یوسف بە گێڕانەوەی ئەو باسەی کە لە بەرا باسمان کرد، دڵی ئەو دوو زیندانیەی ئامادە کرد بۆ باوەڕکردن بە تەوحید و خوا بە یەک زانین، جا روی کردە ئەو دووانەو پێی وتن:

ئەی هاوزیندانیانی من! ئایا خوایانێ جیاجیاو مەعبودگەلی پرش و بلاو و پەراکەندە باشترن یا خوای تاقانەو قەهارو بە دەسەلات (یا صاحِبَی السِّجْنِ ءَأَرْبابٌ مُتَفَرِّقُونَ خَیْرٌ اَمِ اللهُ الْواحِدُ الْقَهّارُ).

وەک ئەوە یوسف دەیەوێ ئەوانە حاڵی بکا کە بۆچ لە خەودا ئازادی ئەبینن، بۆچ مەگەر نازانن کە جیاوازی و نیفاقی نێو خۆتان کە لە شیرک و بوت پەرستی و خێوی جیاجیاوە،سەرچاوە دەگرێ بووەتە هۆکە تاغوتیانی ستەمکار بەسەرتانا زاڵ بن، چونکە لە ژێر ئالای خوا بە یەک زانین کۆ نابنەوەو ناچنە نێو پەرژینی پەرستشی (الله واحد القهار) تا بتوانن ئەو زاڵمانە کە بە بێ تاوان ئێوە دەخاتە زیندان، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و ولاتی خۆتان دوریان بخەنەوەو دەریان بکەن و تەفر و تون بە تونیان بکەن.

ئەوسا یوسف وتی: ئەو مەعبودانەی کە بێجگە لە خوا بۆ خۆتان داناوە، بێجگە لە ناوگەلی بێ ناوەرۆک چتێ تر نین کە باو باپیرانتان و خۆتان بە دەسی خۆتان ئەوانەتان ساز داوە (ما تَعْبُدُونَ مِنْ دوُنِهِ اِلاّ اَسْماءً سَمَّیْتُمُوها اَنْتُمْ وَ آباؤُکُمْ). ئەمەش بزانن حکومەت تەنیا بۆ خوایە (ان الْحُکْمُ اِلاّ اللـه)، جا کەوابێ نابێ لە راست تاغوت و بوت و فیرعەونەکانی میسر سەر بچەمێننەوەو خوا فەرمانی داوە کە بێجگە لەو عبادەت بۆکەسێ تر نەکەن (اَمَرَ اَلاّ تَعْبُدوا اِلاّ اِیّاهُ). ئەمە دینی بەڕاستی و

بێ خوارو خێچی یە (ذٰلِکَ الدِّینُ الْقَیِّمُ) - یانێ خوا بە یەک زانین لە هەموو لانێک، لە عبادەتدا، لە حکومەت، لە کۆڕو کۆمەڵدا، لە فەرهەنگ و فێر کردن و بارهێناندا، لە هەستان و دانیشتندا، لە هەموو چتدا ئایینی راست و خۆڕاگرو بەردەوامی خودایی یە.

بەڵام چ سود کە زۆربەی خەڵک بێ ئاگان و نازانن(وَ لٰکِنَّ اَکْثَرَالنّاسِ لا یَعْلَمونَ).

یوسف دوای ڕێنوێنی ئەو دوو زیندانی یەو بانگکردنیان بۆ خوا بە یەک زانین، واتای خەون دیتنەکەی بۆ لێکدانەوەو دەرەتانی پەیا کرد، وەکەژێ زۆر باشی لە بابەت خواناسی و ملەبە ملانێ کردن لەگەڵ ستەمکاران و تاغوتیان بەوان فێر کردو ڕێگای بەوان نیشان دا.

٤٤ـ وَ قالَ الْمَلِکُ اِنّی اَریٰ سَبْعَ بَقَراتٍ سِمانٍ یَأْکُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجافٌ و سَبْعَ سُنْبُلاٰتٍ خُضْرٍ و اُخَرَ یابِساتٍ یَا اَیُّهَاالْمَلَأُ اَفْتُونی فِی رُءْیَایَ اِنْ کُنْتُمْ لِلرُّءْیا تَعْبُرُونَ.

٤٥ـ قالوا اَضْغَاثُ اَحْلاَمٍ وَ ما نَحْنُ بِتَأْویل الأَحْلاٰمِ بِعَالِمین.

٤٦ـ وَ قالَ الَّذی نَجا مِنْهُما وَادَّکَرَ بَعْدَ اُمَّةٍ اَنَا اُنَبِّئُکُمْ بِتَأْویلِهِ فَاَرْسِلوُن.

٤٧ـ یُوسُفُ اَیُّهَا الصِّدیقُ اَفْتِنا فی سَبْعِ بَقَراتٍ سِمانٍ یَأکُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ و سَبْعِ سُنْبُلاتٍ خُضْرٍ و اُخَرَ یا بِساتٍ لَعَلّی اَرْجِعُ اِلی النّاسِ لَعَلَّهُمْ یَعْلَمُون.

٤٨ـ قالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنینَ دَاباً فَما حَصَدْتُمْ فَذَرُوُهُ فی سُنْبُلِهِ اِلاّ قَلیلاً مِمّا تَأْکُلُون.

٤٩ـ ثُمَّ یَاتی مِنْ بَعْدِ ذٰلِکَ سَبْعٌ شِدادٌ یَاکُلْنَ ما قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ اِلاّ قَلیلاً مِمّا تُحْصِنون.

٥٠ـ ثُمَّ یأتی مِنْ بَعْدِ ذٰلِکَ عامٌ فِیهِ یُغاثُ النّاسُ و فیه یَعْصِرونَ.

واتا:

[٤٤] ـ پاشا وتی: لە خەونمدا دیتم حەوت گای لەڕو لاواز حەوت گای قەڵەویان دەخواردو گولەگەنمی سەوز حەوت گوڵی ویشک (کە گوڵە ویشکەکان خۆیان لە

گوڵە سەوزەکان ئاڵاندو ئەوانیان لە نێو برد) ئەی تاقمی ئەشراف! لە بارەی ئەم خەون دیتنەی منەوە،بیروڕای خۆتانم بۆ دەربخەن، ئەگەر ئەتوانن خەون لێک بدەنەوە.

٤٥ـ وتیان: خەونی هاتەران و پاتەرانەو ئێمە بە لێک دانەوەی خەونی وا ئاگادار وەزانا نین!

٤٦ـ وە ئەوکەسەی وا لە زیندان رزگار بوو (لەو دووانەی لەگەڵ یوسفدا لە بەند دابوون) دوای ماوەیەک هاتەوە بیری، وتی: من واتای ئەو خەونەتان پێ دەڵێم بمنێرنە (دوای ئەو لاوە بەند کراوە).

٤٧ـ یوسف! ئەی راستبێژ لە بابەت ئەم خەونەوە،پێم بڵێ کە حەوت گای لەڕو لاواز، حەوت گای قەڵەویان دەخوارد،وەحەوت گوڵە گەنمی سەوز حەوت گوڵی ویشک (کەگوڵە سەوزەکانیان لە نێو خۆیان گرت و لەناویان بردن) تا بگەڕێمە لای خەڵک و ئەوانە ئاگاداربن.

٤٨ـ (یوسف) وتی: حەوت ساڵ باش کشت و کاڵ دەکەن، وە ئەوەی دوریتانەوە، بێجگە لەوەی کە هەندێکی بۆ خواردن دائەنێن، ئەوی تر بە گوڵەکەوە هەڵگرن (و ئازوخەی بکەن).

٤٩ـ دوای ئەوەی حەوت ساڵ ویشکە ساڵ و قات و قڕی ئەبێ، جا ئەوەی کە ئازوخەتان کردووە، دەیخۆن،مەگەر ئەوەی (کە بۆ چاندن) ئازوخەی دەکەن.

٥٠ـ لەپاشان ساڵێ دێ کە تەڕەساڵ دەبێ و باران زۆر دەبارێ یاگیا دەڕوێ یا خەڵک لە قات و قڕی رزگار دەبن و دەکەونە فەرعانە، وەئەم فەرعانە دەبێتە بەشی خەڵک، وە لەو ساڵەدا خەڵک شیرە (وە میوەو تۆمی ڕۆندار) دەگرن.

## راوت:

بڵێ دوای ئەوەی دەربارییانی (ولید بن ریان) کە عەزیزی میسریش وەزیری بوو، نەیانتوانی واتای خەونەکەی لێک بدەنەوە، ساقیی‌شا کە ماوەیەک بوو لە زیندان هاتبووە دەرێ، کاتێ گوێی لەو قسەو باسانە بوو، لە پڕ کەوتە یادی یوسف و رایگەیاند کە یوسف زۆر باش واتای خەون لێک ئەداتەوە، ئیجازەی بدەن تا بچم وەواتای خەونەکەتان بۆ بێنمەوە.

ئیجازەیاندا و چووە زیندان لای یوسف و عەرزی کرد، خەونێ وا هەیە، واتاکەی چییە؟ حەزرەتی یوسفیش بێ داواکردنی پاداشێ، واتای خەونەکەی بۆ لێک دایەوەو فەرموی: حەوت ساڵ تەڕە ساڵ ئەبێ، زۆر بکۆشن، وەکشت و کاڵی زۆر بکەن، بەڵام بێجگە لەوە دەیخۆن، ئەوی تر بە گوڵەکانەوە، ئازوخە بکەن، چونکە دوای ئەو حەوت ساڵە، حەوت ساڵ قات و قڕی ئەبێ و لەو ئازوخە کەڵک وەربگرن تا خەڵکەکە برسی نەبن (قالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنینَ دَاباً فَما حَصَدْتُمْ فَذَرُوُهُ فی سُنْبُلِهِ اِلاّٰ قَلیلاً مِمّا تأكُلُون. ثُمَّ یَاتی مِنْ بَعْدِ ذٰلِکَ سَبْعٌ شِدادٌ یَاكُلْنَ ما قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ اِلاّٰ قَلیلاً مِمّا تُحْصِنون)، (دأب): هەم بە واتای بەردەوام بوونی بزوتنە، کە جوت بەندە بەردەوام خەریکی کاری کشت و کاڵە، هەم بە واتای کۆشش و تێکۆشان و ماندوبوونە، (داب و دئوب): زۆر تێکۆشان و خۆ ماندو کردن، بۆ بەدەس هێنانی بەرهەمی زۆرتر.

نوکتە: واتایێ کە یوسف بۆ ئەو خەونە لەبەر چاوی گرت، چەن بە رێگاو جێگا بوو (گا) لە ئەفسانەی کۆندا (گوڵەگەنمی ساڵە) قەڵەو بوون نیشانەی زۆری خەلەو خەرمان و نیعمەتە، لەڕو لاوازی نیشانەی ویشکە ساڵی و قات و قڕییە، هێڕشی گا لەڕەکان بۆ گا قەڵەوەکان نیشانەی ئەوەیە کە ئەبێ لەم حەوت ساڵەدا لە ئازوخەی ساڵە بەروەکان کەڵک وەربگیردرێ.

تێک ئالاٚنی حەوت گوڵی ویشک لە حەوت گوڵەگەنمی سەوز و شین و تەڕو ناسک،نیشانەیێ ترە، بۆ ئەو دوو دەورە تەڕەساڵی و زۆری نـیعمەت و ویشکـە ساڵی و قات و قڕیە،کە یوسف وتی: ئەبێ دەخڵ و دانەکە،بە خۆشەوگوڵەوە ئەنبارو ئازوخە بکرێن تا فاسد نەبن و بۆ حەوت ساڵ راگرتن دەوام بێنن.

ئەمە کە (گالەڕ)وگوڵەگەنمە ویشکەکان حەوت بوون نیشانەی ئەوەیە کە دوای حەوت ساڵ، تەڕەساڵی پەیدا ئەبێ و نابێ تۆمی چاندن بخورێ، بەڵکو ئەبێ بۆ چاندن، رابگیردرێ، ئەمە نیشان ئەداکە حەزرەتی یوسف تەنیا خەون لێکدەرێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو خوا پێداوێک بووە،کە توانـیویەتی لە سـوچی زیـندانـدا رێبەری بکاو خەڵک تەنانەت لە کارو باری ئابوریدا،رێنوێنی بکاو چەن گەلاٚڵەی چەن مادەیی،بۆ پانزە ساڵ نیشان خەڵک بدا، ئەو بەرنامەی کە حەزرەتی یوسف دایڕشت، بووە هۆی رزگاری خەڵکی میسرو ئەو ناوە ناوە، وە شاو ستەمکاران پاتەختیان لەقی،وەیوسفیش لە بەند رزگار بو،وەخۆی بووە،رێبەری بەڕێوەبەری ئەو کارانە.

جارێکی تر ئەم چریکە جوانە ئەم پەندو دەرسەمان پێ ئەداکە هێزی خوا زۆر لەوە زۆرترە کە دێ بە بیری ئێمەماندا، ئەوە خوایە لە خەون دیتنێکەوە بە هـۆی جەبارانەوە، هەم گەل و هۆزی لە قات و قڕی رزگار دەکاو هەم بـەندەی پـاک و بێخەوشی خۆی یوسف دەخاتە روو، ئەبێ شا خەونێ وا ببینێ و ساقیەکەی لەو دەمەدا حازر بێ و بکەویتە بیر خەون دیتنەکەی،خۆی لە زینداناو سەرەنجام ئەو کارەساتە گەورە رووبدا، هەر خودایە، خۆی کارسازی کارو بارە، جا لەبەر ئەوە هەر دەبێ روو بکەینە قاپی خواو هەر ئەو بپەرستین و هەر لەویش بۆ سەرکەوتن یارمەتی بخوازین.

لەم سووڕەتە،بە خەون دیتنی یوسف، هی زیندانیان و خەون دیـتنی پـاشای

میسر (ولید بن ریان) ئیشارە کراوە، ئەمە خۆی نیشانەی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا خەڵک زۆریان گرینگی بە خەون دیتن داوە، واتا کردنی خەون دیتن لە زانستی باوی رۆژ بووە، هەر بۆیە یوسف پێغەمبەریش لەو زانستە زۆر شارەزا بووە، کە خۆی،وەک کشگیری و موعجیزەیەک،بۆ ئەو بووە، لە کاتی داماوی زانایاندا رازی خەونی شای دەرخستووە، تا خەڵک تێبگەن کە ئەو زانستەش سەرچاوەی ئیلاهی بۆ هەیە، نەک ئینسانی و ئەنزانی.

٥١ـ وَ قالَ الْمَلِکُ ائْتُونی بِهِ فَلَمّا جاءَهُ الرَّسُولُ قالَ ارْجِعْ اِلیٰ رَبِّکَ فَسْئَلْهُ ما بالُ النِّسْوَةِ اللاّتی قَطَّعْنَ اَیْدِیَهُنَّ اِنَّ رَبّی بِکَیْدِهِنَّ عَلیمٌ.

٥٢ـ قالَ ما خَطْبُکُنَّ اِذْ راوَدْتُنَّ یُوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ قُلْنَ حاشَ لله ما عَلِمْنا عَلَیْهِ مِنْ سُوءٍ قالَتِ امْرَاَتُ الْعَزیزِ الْأنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ اَنا راوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ وَ اِنَّهُ لَمِنَ الصّادقین.

٥٣ـ ذٰلِکَ لِیَعْلَمَ اَنّی لَمْ اَخُنْهُ بِالْغَیْبِ وَ اَنَّ الله لا یَهْدِی کَیْدَ الْخائنینَ.

٥٤ـ وَ ما اُبَرِّئُ نَفْسِی اِنَّ النَّفْسَ لَاَمّارَةٌ بِالسُّوءِ اِلاّ ما رَحِمَ رَبّی اِنَّ رَبّی غَفُورٌ رَحیمٌ.

واتا:

٥١ـ پاشا وتی: ئەو (یوسف) بێنە لای من، بەڵام کاتێ راسپاردەی ئەو هاتە لای ئەو (یوسف) وتی: بڕۆوە لای خاوەنەکەت و لێی بپرسە، ئەوە چلۆن بوو، کە ژنانی میسر دەس و پلی خۆیان بڕی؟ بەڕاستی پەروەردگارم بە گزی و فزی ئەوان زاناو ئاگایە.

٥٢ـ (شا ئەوانی بانگ کردو) وتی: ئەوە چ بوو کە یوسفتان بانگ کردە لای خۆتان (بۆم بگێڕنەوە)، ئەوانیش وتیان: پاک و بێخەوشی بۆ خوایە، ئێمە هیچ خراپەیەکمان لەو (یوسف) نەدی (لەو دەمەدا)، ژنی عەزیزی میسر وتی: ئێستا

حەق و راستی دەرکەوت، ئەوە من بووم کە ئەوم بۆ لای خۆم بانگ کرد، چونکە بەڕاستی ئەو (یوسف) لە راستبێژانە.

٥٣- ئەم قسەم لەبەر ئەوە گوت، تا بزانێ من لە پاشملە خەیانەتم بەو نەکردووەو خواگزی و فزی خائینان رێبەری ناکا.

٥٤- من خۆم تەبرەئەو بەری ناکەم، چونکە بەڕاستی نەفس (ی سەرکێش) بە خراپەو بەدفەڕی فەرمان،زۆر ئەدا، مەگەر ئەوەی پەروەردگارم روحم بکا، چونکە بەڕاستی پەروەردگارم غەفور و رەحیمە.

خەون لێکدانەوەی یوسف سەرنجی شاو دەرباریانی بۆ لای خۆی راکێشا، شا تێ گەیی لە زیندان، یەکێ نەناسیاو بێ چاوەڕوانی و داواکردنی چتێ، خەونەکەی لێکداوەتەوەو رێگا چارەیشی نیشان داوە، شا تێ گەیی کە ئەوە غولامێکی زیندانی نیە، بەڵکو مرۆڤێکی شیاوە کە بە گزی و فزی خراوەتە زیندان، ئەوە بوو شەوقی دیداری ئەوی پەیدا کرد، بەڵام جۆرێ کە غولوری شایی نەشکێ، جا لەبەر ئەوە خۆی نەچووە دیداری یوسف، بەڵکو دەستوری دا یوسف بانگکەنە لای و (وَ قالَ الْمَلِکُ ائْتُونی بِهِ).

بەڵام کاتێ راسپاردەکە،چووە لای یوسف، یوسف بێ ئەوەی خۆی بزر بکا کە ماوەیەکی زۆر لە چاڵی رەشی زیندان دابووە،کە سروەی ئازادی هاتە بەرلوتی، وەڵامی مەنفی بە راسپاردەی شا داوەو وتی: من لە بەند نایەمە دەرێ، تا بچێتە لای شاو لەو بپرسێ، ئەو ژنانە لەکۆشکی عەزیزی میسر (وەزیری تۆ) بۆچی دەست و پەلی خۆیان بری؟ (فَلَمّا جاءَهُ الرَّسوُلُ قالَ ارْجِعْ اِلیٰ رَبِّکَ فَسْئَلْهُ ما بالُ النِّسْوَةِ اللاّتی قَطَّعْنَ اَیْدِیَهُنَّ) - یوسف نەیدەویست بە سادەیی لە زیندان بێتە دەرێ و نەنگی بەخشینی شا، قەبوڵ بکا، ئەو نەیدەویست بە وێنەی تاوانبار یا تۆمەت لێدراو،کە بەر عەفوی شا کەوتبێ بژی، ئەو دەیەویست کە ئەبێ لە سەرەتاوە لە

بابەت هۆی زیندانی کردنی ئەو بکۆڵدرێتەوە، تا پاکی و بێتاوانی ئەم بە تەواوی روون بێتەوەو دەرکەوێ. جا دوای بەربوون،سەر بڵیندانە لە زیندان بێتە دەرێ. وە هەروا لە زیمندا ناپاکی مەکۆی حکومەتی میسریش بۆ خەڵک دەربکەوێ کە لەماڵی وەزیرەکەیدا چ دەبورێ؟

بەڵێ یوسف بۆ شەرەف و ئابڕوی خۆی گرینگی‌یەکی زۆرتری ئەدا تا ئازادبوون لە زیندان، ئەمەیە رێگای ئازاد،پیاوانی رێگای خواو چاک و باش و مرۆڤانی و ئینسانی[1].

یوسف ئەونە گەورەیی نیشان دا تەنانەت ناوی ژنی عەزیزی میسری نەبرد کە تاوانباری ئەسڵی بوو، کە ئەوی خستە زیندان، بەڵکو بە گشتی بە تاقمێ لە ژنانی میسر ئیشارەی کرد.

لە پاشان فەرموی ئەگەر خەڵک یا دام و دەزگای شایش نەخشەی زیندانی بوونی من نەزانن، پەروەردگارم لەگزی و فزی ئەوانە ئاگاو زانایە (اِنَّ رَبِّی بَکَیْدِهِنَّ عَلیمٌ). جا کاتێ راسپاردەی شا گەڕاوەو پێشنیارەکەی یوسفی راگەیاند، ئەو پێشنیارە ئەونە بەرزو تەرز بوو، زۆرتر شوێنی لەسەر شا داناو زیاتر عەزەمەتی یوسفی بۆ دەرکەوت، ئەوە بوو، ناردی ژنەکانیان هێناو روی تێکردن و وتی بڵێن: بزانم کاتێ یوسفتان بانگ کرد چ بوو؟ چ روی دا؟ (قالَ ما خَطْبُکُنَّ اِذْ راوَدْتُنَّ یُوسُفَ عَنْ نَفْسِهِ). راستبێژ ن تا راستی دەرکەوێ،ئایا تاوان و خەوش و چاونە زێری لەو ئەبینن؟!

وەک ئەوە وێژدانیان لە خەو راچەنی و وێکڕا دیانیان بە پاکی و بێتاوانی و بێخەوشی،یوسفدا ناو وتیان: (قُلْنَ حاشَ للە ما عَلِمْنا عَلَیْهِ مِنْ سُوءٍ).

ئاگریش لە دەرونی ژنی عەزیزی میسر بەر بوو، لە پڕ تەقیەوەو هاواری کرد

---

١ - ئەگەر نەشخوێنێ کەڵەبابە سور     رۆژ دەبێتەوە، بڵاو دەکا نور

ئێستا حەق ئاشکرا بوو، بەڕاستی ئەو بێ تاوانەو من تاوانبارم، چون من ئەوم بانگ کرد (قالَتِ امْرَاَتُ الْعَزیزِ الْاٰنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ اَنا راوَدْتُهُ عَنْ نَفْسِهِ وَ اِنَّهُ لَمِنَ الصّادقین)[١]. ژنی عەزیزی میسر هەروا رایگەیاند کە ئەم ئیقرار کردنەم لەبەر ئەوەیە کە یوسف بزانێ لە غیابی ئەودا خەیانەتم بەو نەکردوە (ذٰلِکَ لِیَعْلَمَ اَنّی لَمْ اَخُنْهُ بِالْغَیْبِ. چونکە تێگەییم کە خواگزی و فزی خائینان رێنوێنی ناکا (وَ اَنَّ اللّٰه لا یَهْدِی کَیْدَ الْخائنینَ). بەڕاستی کە ئەم رستە قسەی ژنی عەزیزی میسرە، هەروەکو زاهیری عبارەتەکەش وایە، ئەو بە دوو دەلیل ئیقراری بە بێ تاوانی یوسف کردووە:

١ـ ویژدانی یا ئۆگر بوونی بە یوسف! ئیجازەی پێنەداوە لەوە زیاتر حەق بشارێتەوەو لە غیابی ئەو دا بەم جووانە خەیانەت بکا[٢].

٢ـ بە رابوردنی رۆژگار، دەرسی وەرگرتووەو ئەوەی بۆ روون بووەتەوە کە خوا پشتیوانی پاکان و چاکانەو قەت لە خائنان پشتیوانی ناکا، ئەوە بوو دیانی بە بێ گوناحی یوسف داناو خۆی بە تاوانبار دانا.

ژنی عەزیزی میسر درێژەی بە قسەکانی داو وتی: (من قەت نەفسی سەرکێشی

---

١ - دەرزی لە قاچ و قولی خۆت راکە — ئەوکاتە شوژن بە پێی من داکە
زستان بەسەر چوو بەفر تووواوە — رو رەشی هەموو بۆ رەژی ماوە
هەموو کەس دەکا بەم پەندە بڕوا — هەرچی با هێنای هەر بە بادە دەڕوا
کێبێتو نەکا بەرگری لە خۆی — بەلاّم کەس خەتا ناگرێتە ئەستۆی

دیاری مەهاباد

٢ - خۆت لێ ون نەبێ هۆشت نەتاسێ — پیاو دۆست و دوژمن دەبێ بناسێ
نەخۆش باوەڕ بە،نەبێ باوەڕ بە — نە تێهەڵقورتێ نە کوێرو کەڕ بە
لای ژیر و زانا هیچیان پە سەند نین — گوێ بۆ بیستنەو چاویش بۆ بینین
هاتەوە بیرم پەندێکی زەریف — ئەم چاوە لێل بێ،نەبینێ حەریف

دیاری مەهاباد

خۆم بەری ناکەم، چونکە دەزانم ئەم نەفسی ئەمارە بە خراپە و بەدفەڕی فەرمان ئەدا (وَ ما أُبَرِّئُ نَفْسِی اِنَّ النَّفْسَ لَأَمّارةٌ بِالسُّوءِ)، مەگەر ئەوەی کە پـەروەردگارم روحم بکاو بە یارمەتی ئەو بپارێزرێم (اِلاّ ما رَحِمَ رَبّی)و لە راست ئەم تاوانـەدا چاوەڕوانی لیبوردن و بەخشینم هەیە، چونکە پەروەردگارم غەفورو رەحیمە (اِنَّ رَبّی غَفُوٌ رَحیمٌ).

هەندێ لە تەفسیر نووسان ئەم دوو ئایەتی ۵۳و ۵۴ بە قسەی حەزرەتی یوسف دائەنێن و نووسیویانە کە ئەم دوو ئایەتە لە راستیدا درێژەی پەیامێکە کە یوسف بە هۆی راسپاردەی شاوە بەوی راگەیاندو ماناکەی بەمجۆرەیە:

(من ئەگەر دەڵێم لە ژنانی میسر بکۆڵدرێتەوە، لەبەر ئەوەیە کە شا (یا عەزیزی میسر؛وەزیرەکەی) بزانن کە من لە غیابیدا لە بابەت ژنەکـەیەوە، سـەبارەت بـەو خەیانەتم نەکردووەو خواگزی خائینان رێنوێنی ناکا، من خۆیشم تەبرەئەو بەری ناکەم، چونکە نەفسی سەرکێش بە خراپەکردن فەرمان بە مرۆڤ ئەدا، مەگەر ئەوەی کە خوا روحم بکاو مرۆڤ بپارێزێ، چونکە هەر خوایە غەفورو رەحیم[1].

لەوە دەچێ هۆی ئەم تەفسیر کردنە کە دژی زاهیرە، ئەمە بێ کە ئـەو تـەفسیر نووسانە، نەیانویستووە،ئەو ئەندازە زانست و مەعریفەت بۆ ژنی عەزیزی میسر دابنێن کە ئەو بە دەنگی پڕ سۆز کە نیشانەی تەمێ بوون و بێداری بێ،قسەی کردبێ.

کەچی دور نیە، مرۆڤ کاتێ لە ژیاندا سەری لە بەرد ئەدرێ و توشی کەندو

---

١ - کەسێ خۆی لە لا گەورەو گرانە نـەچێتە پـێستی خـەڵکەوە جـوانـە
کـەسێ ئـاکـاری پـەسەند و چا بێ حـورمەتی خـەڵکی دەبێ لە لا بێ
عەیب و عـاری خۆی بـنێتە بـەرچـاو خەڵکی بە سوک و چـروک نـەبا نـاو
مـریشک خـوێندی سـەری بـبڕە زو دەڵـێن: تـێک دەدا بـەینی ژن و شـو

دیاری مەهاباد

کۆسپ و توشی دی، جۆرێ بێداری لەگەڵ هەست بە تاوان و شـەرمەساری لە وجودیدا پەیدا بێ، بە تایبەت زۆر بیندراوە، کە تـێشکان لە عـەشقی مـەجازیدا دەربیجەیەک بۆ ئینسان و ئەنزان کە عەشقی حەقیقی (عەشق بە پەروەردگار) بڕوا کراوەتەوە! بە واتای ڕەوانکاوانی ئەمڕۆ، ئەو ئارەزووە،سەختە سەرکوت کـراوە (تـەصعید و بـەرز) ئـەبێتەوەو بـێ ئـەوەی تـیا بـچێ لە بـیچمێکی دیکـەدا ئەدرەوشێتەوەو خۆ ئەنوێنێ.

تازە پێوەند دانی ئەم دوو ئـایەتە بـە حـەزرەتی یـوسف زۆر دورەو لەگـەڵ مەحەکی وێژاوەری و ویژەوانیدا نایەتەوە، چونکە:

۱ـ «ذلک» کە لە سەرەتای ئایەتەکەوە،هاتوە لە ڕاستیدا بە نێوی هۆ ناو براوە، هۆ بۆ قسەکەی پێشەوە،کە قسەی ژنی عەزیزی میسرە، وە لکانی ئەم قسە بە زمانی یوسفەوە کە لە ئایەتی پێشودا فاسیلەی زۆر کەوتوتە نێوانیان، زۆر دور و عەجیبە.

۲ـ ئەگەر ئەم دوو ئایەتە بە مانای قسەی یوسف بێ جۆرێ دژی و تەنافور لە نێوان ئەوەدا پەیدا ئەبێ، چونکە یوسف لە لایەکەوە فەرمویەتی: هیچ خەیانەتێکم بە عەزیزی میسر نەکردووەو لە لایەکی ترەوە بڵێ: من خۆم بەری ناکەم، چونکە نەفسی سەرکێش بە خراپەو بەدفەڕی فەرمانم پێ ئەدا، ئەم جۆرە قسە،کەسێ دەیکا کە هەڵەو تاوانی هەرچەندە چکۆلەش بێ،لێی ڕودابێ، کەچی یوسف هەڵەو تاوانی نەبووە.

۳ـ ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێ کە عەزیزی میسر بزانێ کە ئەو بێ تاوانە، ئەو لە سەرەتاوە دوای شایەدی ئەو شایەدە،زانی کە یوسف بێ تاوانەو گزی و فزی لە بن سەر زلێخا دایەو پێی وت: داوای لێبوردن لە تـاوانت بکـە، کـە وابـوو جـووان دەرکەوت کە ئەمانە قسەی ژنی عەزیزی میسرەو بێدار بۆتەوەو ئیقراری بە تاوانی خۆی و بێ تاوانی یوسف کردووە.

لەم چریکەدا زانیمان کە سەرەنجام تاوانبار ئیقراری بە تاوانی خـۆی و بـێ تاوانی یوسف کرد، ئەمە نیشانەی تەقواو پاکی و بێخەوشی یوسفەو ئەمە واتای ئەم ئایەتەیە،کە خوا فەرمویەتی : (و من یتق الله یجعل له مخرجاً و یرزقه من حیث لا یحیسب) - هەرکەس بە تەقواو خۆپارێزبێ، خوا رێگە چارەی ئەداو لە شوێنێکەوە کە بیری بە لایدا ناچێ رسق و رۆزی پێ ئەدا.

## تۆ پاک و چاک و عال و ساڵ بە، خوا پشتیوانیت لێ دەکا

زانایانی خوو ئاکار بۆ نەفس و نەوسی بەرەی مرۆڤ بە سێ پلە ئـیشارەیان کردووە کە قورئان دەڵێ:

١ـ نفس امارة: یا نەفسی سەرکێش کە بە خراپەو بەدفەڕی فەرمان ئەدا، ئەمە لە کاتێکدایە،کە ئەقڵ و ئیمان نەتوانن نەفسی سەرکێش رام بکەن.

٢ـنفس لوامە: کە مرۆڤ دوای فێر بوونو بارهاتن بەرەو چاکە دەگاتە ئەو پلە، لە کردەی خۆی پەشیمان بێتەوەو بە ئاوی تۆبە تاوانی خۆی بشـواتـەوەو ئـەقڵ و ئیمانی زاڵ بێ بەسەر نەفسیدا.

خوا لە سوورەتی قیامەتدا سوێندی بەمە خواردوە (لا اقسـم بـیوم القیامةولا اقسم بالنفس اللوامه)

٣ـ نفس مـطمئنة: کە دوای پاکی و چاکی و فێربوون و بارهاتنی تەواو بـەرەو چاکە، مروڤ بەم پلە دەگا و نەفسی سەرکێش باشاری ئەقڵ و ئیمان ناکاو رامدەبێ، ئەوەیە،کە قورئان دەڵێ: (یا ایها النفس المطئنة ارجعی الی ربک راضیة،فادخلی فی عـبادی وادخـلی جنتی) - ئـەی نـەفسی مـوتمەئینە و ئـارام،بگـەڕێوە بـۆ لای پەروەردگارت،کە هەم تۆ لەو خوشنودبی و هەم ئەو لە تۆ، بچۆرە نێو جـەرگەی

بەندەکانی تایبەتی خواو بچۆرە بەهەشتی خوا.

٥٥ـ وَ قالَ الْمَلِکُ ائْتُونی بِهِ اَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسی فَلَمَّا کَلَّمَهُ قالَ اِنَّکَ الْیَوْمَ لَدَیْنا مَکینٌ امینٌ.

٥٦ـ قالَ اجْعَلْنی عَلیٰ خَزآئنِ الأَرْضِ اِنّی حَفیظٌ عَلیمٌ.

٥٧ـ وَ کَذٰلِکَ مَکَّنّا لِیوسُفَ فی الأَرْضِ یَتَبَوَّأُ مِنْها حَیْثُ یَشآء نُصیبُ بِرَحْمَتِنا مَنْ نَشآءُ و لا نَضیعُ اَجرَ الْمُحِسنین.

٥٨ـ وَ لَاَجْرُ الْاٰخِرَةِ خَیْرٌ لِلَّذینَ اَمَنُوا و کانوا یَتَّقُوْن.

واتا:

٥٥ـ پاشای (میسر) وتی: ئەو (یوسف) بێننە لای من تا بیکەمە تایبەتی خۆم، جا کاتێ (یوسف‌یان هێنایە،لای ئەو) وەقسەی لەگەڵ کرد، پاشا پەی بە ژیری و بیروردی ئەو برد (پێی وت: تۆ لەمڕۆوە، پلەت بەرزەو جێی دڵنیایی).

٥٦ـ (یوسف) وتی: بمکە سەرپەرستی گەنجینەی سەر زەوی (میسر) کە راگرو ئاگام.

٥٧ـ ئا بەمجۆرە یوسفمان لەسەر زەوی (میسر) راگرت و هەر جۆرێ کە دەیویست مەنزڵی ئەگرت (و تەسەروفی ئەکرد)، ئێمە رەحمەتی خۆمان بە هەرکەس کە بمانەوێ (و بە شیاویشی بزانین) پێی ئەبەخشین و پاداشی چاکان زایە ناکەین.

٥٨ـ وە پاداشی رۆژی بەرێ، بۆ ئەوانەی‌کە بڕوایان هێناوە، وە خۆپارێزن باشترە.

## راوەت و راڤە کردن:

### حەزرەتی یوسف دەبێتە گەنجینەوانی وڵاتی میسر.

دەڵێن: کاتێ نوێنەری پاشای میسر چووە زیندان، بە حەزرەتی یوسفی وت: شا

ڕێزی بۆت هەیەو لەسەر قسەی تۆ ژنانی میسری بانگ کرد و دوای لێکۆڵینەوە، هەموو تێکڕا لەسەر پاک و بێ تاوانی تۆ شایەدیان دا، ئێستا شا منی ناردووە کە بڕۆنە دەربار، حەزرەتی یوسف رابو و چووە لای شاو پێکەوە، دەسیان بە قسەکرد، کاتێ شاگوێی لە قسە بەکاکڵ و تەژی لە واتای ورد وردی یوسف گرت، زیاتر بە زانایی و کارزانی و دڵسۆزی و زانین و وشیاری و دوا ڕۆژ بینی یوسف بـڕوای پەیدا کرد، بە جۆرێکی وا ئۆگری یوسف بوو و باوەری پێ پەیدا کرد، پێی وت لەمڕۆکەوە ئیتر تۆ هەمەکارەی ئێرەی، هەر خۆت خاوەن دەسەڵاتی و هەر جۆر پێشت باشە وا رەفتار بکەو بۆ دابین کردنی پێ بژیوی خەڵک و چاک کردنی باری ئابوری وڵات بکۆشە (فَلَمَّا كَلَّمَهُ قالَ اِنَّکَ الْيَوْمَ لَدَيْنا مَكينٌ امينٌ). وتی: تۆ هەمەکارە بە، چونکە بەو جۆرەی تۆ واتای خەون دیتنەکەمت واتاکرد و تێبینی دوارۆژت کرد، لێکتدایەوە، هەر تۆ ئەتوانی باری ئابوری دوا رۆژی وڵات بە چاکی چاک بکەی و بە چاکی وڵات هەڵسوڕێنی، یوسفیش فەرموی بمکەرە گـەنجینەوانـی وڵات، چونکە زاناو کاردان و ئاگام (قالَ اجْعَلْنی عَلیٰ خَزآئنِ الْأَرْضِ اِنّـی حَـفیظٌ عَليمٌ). یوسف دەیزانی هۆی کەندو کۆسپ لە میسر دا زوڵم و زۆرویێژیە، بە تایبەت لە بابەت ئابوریەوە،کە لە هەژاران دەکرێ. جا بۆ لابردنی تەبعیز لە کز و نەداران، وای بە باش زانی کە باری ئابوری بگرێ بە دەسەوە، تا باشتر بتوانێ بەکز و نەداران رابگات، بەتایبەت باری کشت و کاڵ لە وڵات بخاتە ژێر چاوەدێری خۆی و بۆ ساڵانی ویشکە ساڵی گەنم و خواردەمەنی ئازوخە بکا، کە لە کاتی قات و قڕیدا، دانەمێنن و هەژاران و نەداران تیا نەچن، شاکە زۆر ئەترساو دەیویست خۆی لەو فەرتەنە، رزگار بکاو خۆی کەنارە بگرێ،کارو باری وڵاتی بـە یـوسف ئـەسپارد، تەنانەت کارو باری سەرۆک وەزیریشی بەو سپارد، دیارە ئایەتی ١٠٠و ١٠١ی ئەم سوورەتی یوسفە خۆی دەگەیێنێ کە یوسف بووە جێنشینی شاو هەمەکارەی میسر

کە بە یارمەتی خوا لێکدانەوەی ئەو ئایەتانە،کە مەبەستەکەجوان‌تر روونـاک دەکەینەوە، هەرچەند بە پێی ئایەتی ۸۹ کە ئەفەرمێ: براکان بە یوسفیان وت: (ایها العـزیز)، بەڵگەیە کە ئەو بۆتە جێ‌نشینی عەزیزی میسرو بۆتە سەرۆک وەزیران، بەڵام بەرە بەرە لە پلەی گەنجینەوانی و سەرۆک وەزیریەوە،بۆتە شاو هەمەکارەی وڵاتی میسر، ئەمەیە کە خوا فەرمویەتی: (وَ كَذٰلِكَ مَكَّنَّا لِيوسُفَ فِى الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْها حَيْثُ يَشآء).

ئەگەر پرسیار بکرێ بۆچ یوسف هاوکاری لەگەڵ تاغوت و ستەمکەرانـدا کردووە، وەڵامەکەی لە خودی ئایەتەکەدایە،کە یوسف بە ناوی ئینسانێکی (حفیظ و علیم)، ئەمین و ئاگاوکاردان، داوای گەنجینەوانی کرد، تا لەو رێگایەوە زیاتر بە کز و کەساسان و هەژاران و کەم دەسەڵاتان رابگـا، یـوسف لە روی لێکدانـەوەی خەوەکە،دەیزانی قات و قڕی لەباری ئابوری بۆ خەڵکی میسر و ئەو ناوە ناوە روو ئەداو فەقیر و هەژار، تۆشی برسیەتی و کەندو کۆسپ ئەبن، جا بۆ رزگـارکردنی هەژاران (بە شای) وت بمکە گـەنجینەوان، تـا لەو رێگـایەوە فـریای نـەداران و لێقەوماوان بکەوێ و ئەوەیش کە وتی: (انی حفیظ علیم) نیشانیدا کە هەم مودیرو هەڵسوڕێنەرێکی چاک و کارزانەو هەم زاناو ئاگـایە، بـەکـارو بـاری ئـابوری و مودیریەت، ئەمەیش خۆی دەرسە کە ئەبێ ئێمەی موسڵمانان هەم مودیریەت و هەم باری ئابوری بگرینە بەرچاو، چونکە ئەگەر مودیری شیاو و کارزان نەبێ بفەو مەترسی ئەو لە دزی و خەیانەت بە ماڵ و سامانی موسڵمانان زیـاترە، ئـەگـەر سەرنجی باری ئابوریش نەدەین،کارمان پێ ناکرێ و دژ و دوژمنان بەسەرماندا زاڵ ئەبن، دیارە تەنیا (بەرهەمی زیاتر) کافی نیە، ئەبێ کونترۆڵی مەسرەفیش هەبێ، بۆ ئەوە بوو کە یوسف لە ماوەی حکومەتی خۆیدا بە تایبەت لەو حەوت ساڵەدا، کە دەغل و دان و دانەوێڵەی زۆر کرد بوو، چاوەدێریشی لە مەسرەف دەکردو جوان

ئەوەی کونترۆل دەکرد،تا بۆ حەوساڵەی قات و قڕی و گرانی ئازوخەی زۆر بێ، هەم تەولیدی زۆرتر و هەم کونترۆڵی دروستی لە بەرچاو گرت، ئەوە بوو سەرکەوت و نەی‌هێشت فەقیرو هەژار تیا بچێ.

حەزرەتی یوسف لە ئابوریدا هەم زەمانی حاڵی گرتە بەرچاو، هەم دوا رۆژ، جا بۆ ئەو حەوت ساڵەی دوایی، ئازۆخەیێ زۆری زەخیرە کردبوو، ئەمەش خۆی دەرسە،کە ئێمەیش دەبێ دوا رۆژمان لە بەرچاو بێ.

حەزرەتی یوسف بە (انی حفیظ علیم) کە پێشنیاری کرد،ببێتە گەنجینەوان، خۆی ناساند، لازم بوو تا خەڵکی میسرو پاشا بیناسن،کە مودیری چاکەو کارزانە، ئەمە خۆهەڵکێشان و تاریف کردن لە خۆی نەبوو، جارجارە لازمە مرۆڤ خۆی بناسێنێ، تا خەڵک لە دەسمایەی وجودی ئەو جۆرە کەسانە کەڵک وەربگرن، جا چونکە حەزرەتی یوسف چاک بوو و بە پێی ئایەتی (و لا نضیع اجرالمحسنین) لە دنیا بە پاداشی چاکی خۆی گەیی.

بەڵام ئەگەر مرۆڤێکی چاک لەم دنیایە پاداشی چاکەی خۆی نەگەیێ، مانای ئەوە نیە پاداشی نادرێتەوە، بۆ لابردنی ئەم گومانەیە، کە خوا فەرمویەتی (وَ لَأَجْرُ الْآخِرَةِ خَيْرٌ لِلَّذينَ آمَنُوا و كانوا يَتَّقُونَ).

گرینگ ئەمەیە،کە تەنیا بە پاداشی دنیا قنیات نەکەین، پاداشی دوا رۆژ بۆ ئەوانەی وا بڕوایان هێناوەو خۆپارێزن، باشتر و شیاوترە.

٥٩ـ وَ جاءَ اِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلوا عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَ هُمْ لَهُ مُنْكِرون.

٦٠ـ وَ لَمّا جَهَّزَهُمْ بِجَهازِهِمْ قالَ ائْتُونى بِاَخٍ لَكُمْ مِنْ اَبيكُمْ اَلا تَرَوْنَ اَنّى اوُفى الْكَيْلَ وَ اَنا خَيْرُ الْمُنْزِلين.

٦١ـ فَاِنْ لَمْ تاتونى بِهِ فَلا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدى وَ لا تَقْرَبون.

٦٢ـ قالوا سَنُراوِدُ عَنْهُ اَباهُ و اِنّا لَفاعِلون.

۶۳ـ وَ قالَ لِفِتْیانِهِ اجْعَلوا بَضاعَتَهُمْ فی رِحالِهِمْ لَعَلَّهُمْ یَعْرِفونها إذا انْقَلَبوا إلیٰ اَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ یَرْجِعون.

واتا:

۵۹ـ برایانی یوسف هاتن و هاتنە لای ئەو، ئەوانی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەویان نەناسیەوە.

۶۰ـ وە کاتێ کە (یوسف) بارەکانی ئاوانی ئامادەکرد، پێی وتن: (جارێ ترکە هاتنەوە،برا باوکی یەکەتان،بێننە لای من، ئایا نابینن کە مافی کیلەو پەیمانەم داوەو باشترین مێواندارم؟!

۶۱ـ جا ئەگەر ئەو نەهێننە لای من (جارێ تر) نە کیلە (و پەیمانەیێ لە دانەوێڵەتان پێ ئەدرێ و نە) لای منیش شتێکتان پێ ئەدرێ و ناشتوانن بێنە لام.

۶۲ـ وتیان: لەگەڵ باوکیدا قسە دەکەین (و دەکۆشین رازی بکەین) و ئێمە ئەم کارە ئەنجام ئەدەین.

۶۳ـ (ئەوسا) بە کار بەڕێوە بەرانی خۆی وت: ئەوەی بەناوی نرخی دانەوێڵە داویانە،بۆیان بخەنەوە نێو بارەکانیان، بەڵکو دوای گەیشتنەوە نێو خاوخێزانی خۆیان،ئەوە بناسنەوە، بەڵکو بگەڕێنەوە.

## راوەت و راڤە کردن:

هەر بەو جۆرەی حەزرەتی یوسف پێش‌بینی کردبوو، حەوت ساڵ تەڕەساڵ بوو، گەنم و دانەوێڵەیێ زۆریان ئازوخەکردو جا دوای ئەوە حەوت ساڵ ویشکە ساڵی و قات و قڕی دەسی پێ کرد و یوسف بەکارزانی خۆی نەیهێشت خوێن لە کەپۆی یەکێک بێ و بەرەبەرە خۆراک و دانەوێڵەی بە خەڵک ئەدا، دەڵێن لەوانەی کە ساماندداربوون، پارە، کوتاڵ، ئاژاڵی لە باتیان لێ وەردەگرتن و سامانێ زۆر لەو

ڕێگایەوە بۆ دەوڵەت پێکەوەنا، دەڵێن: لەساڵی یەکەم و دووەمدا دراو، زێڕ و جەواهیرات و زیو، لە ساڵی سێوەمدا ئاژاڵ و پاتاڵ، لە ساڵی چوارەمدا، غولاّم و کەنیزەکان، لە ساڵی پێنجەمدا ماڵ و خانوبەرە، لە ساڵی شەشەمدا موچەو مەزراو ئاو، لە ساڵی حەوتەمدا لە بەرانبەر گەنم و دانەوێڵە،کە بە داراو سامانداره‌کانی ئەدا بەناوی قیمەت و نرخ لە وانی وەرئەگرت و لە پاشان بە وێنەیەکی دادگەرانەو خواپەسەندانە، ئەوانەی بەناوی نرخی دانەوێڵەو گەنم لە داراو دەوڵەمەندەکانی وەرگرتبوو، پێی دانەوەو بەشی هەژاران و نەدارەکانیشی لێ داو بەمجۆرە تەعدیلی سامانیشی لە نێو خەڵکدا بە ئەنجام گەیاند.

ویشکە ساڵی و قات‌و قڕی وڵاتی فەڵەستین و یەمەن و سەرزەوی کەنعانیشی گرتبووە، لەو ناوەشەوە، خەڵک بۆ کڕینی خۆراک و دانەوێڵە، ڕوویان لە میسر کرد، دەڵێن حەزرەتی یەعقوب بێجگە لە (بنیامین) کە برای دایک و بابی یوسف بوو، لەباتی یوسف لای خۆی ڕایگرت، کوڕەکانی تری بە کاروانەوە بەرەو میسر بەرێ کردو دوای ۱۸ ڕۆژ کە بەڕێوە بوون، گەیشتنە میسر، هەروەکو مێژوو دەنووسێ: لاوەکیەکان،کە دەهاتنە میسر دەبوو خۆیان بناسێنن و ناسنامە نیشان بدەن، تا ناوی ئەوانە بە یوسف ڕابگەینن، جا کاتێ یوسف ناوی براکانی خۆی بیست، بێ ئەوە بێڵێ، کەس بزانێ کە ئەوانە برای ئەون، کوڕانی حەزرەتی یەعقوبی بانگ کردە لای خۆی و زۆری ڕێز بۆ دانان و ئەوانی ناسیەوە، بەڵام ئەوان یوسفیان نەناسیەوە، هەروەکو قورئان دەڵێ: (وَ جآءَ اِخْوَةُ یُوسُفَ فَدَخَلوا عَلَیْهِ فَعَرَفَهُمْ وَ هُمْ لَهُ مُنْکِرون).

جا دوای قسەو وتووێژێکی زۆر کە بەسەرهاتی خۆیان و یوسف و بنەماڵەی خۆیان بۆ یوسف گێڕایەوە، گەنم و دانەوێڵەیان کڕی و لە باتیان پوڵ یا کەندر یا کەوش یا شتێ تریان دا، هەندێ لە موفەسیران دەڵێن: عادەتی یوسف وابووە کە بە هەرکەس باری وشترێکی دەغڵ ئەدا، زیاتری پێ نەدەفرۆشت، جا چونکە براکانی

یوسف دە کەس بوون، دەباری پێ دان، ئەوانیش بە یوسفیان وت براچکۆڵەو بابێکی پیرمان هەیە، نەیانتوانیوە بێن، بەشی ئەوانیشمان پێ بدە، یوسف دەستوری داوە، دوو باریش بۆ ئەوان لەبەرچاو بگرن و زۆریان ڕێز لێ دەگرێ و پێیان دەڵێ: ئەمجارە دەبێ ئەو برا چکۆڵە لە تەک خۆتانا بێننە ئێرە وَ لَمّا جَهَّزَهُمْ بِجَهازِهِمْ قالَ ائْتُونی بِاَخٍ لَکُمْ مِنْ اَبیکُمْ). لە پاشان پێی وتن: ئەگەر ئەو لەگەڵ خۆتان نەهێنن، نە کیلە گەنمێکتان ئەدەمێ و نە چاویشتان بە من دەکەوێ (فَاِنْ لَمْ تاتونی بِهِ فلا کَیْلَ لَکُمْ عِنْدی وَ لا تَقْرَبون). وە بۆ ئەوەی مەنەتباریان بکا، پێیان دەڵێ: تێفکرن بزانن چەن چاکەم لەگەڵ کردنو مێوانداریم بەڕێزەوە لە ئێوە کرد (اَلاٰ تَرَوْنَ اَنّی اوُفی الْکَیْلَ وَ اَنا خَیْرُ الْمُنْزِلین).بەڵێ یوسف هەم لە ڕێگای محەبەت و هەم لە ڕێگای هەرەشەوە،ویستی کارێ بکا، کە ئەوان (بنیامین)ی برای بۆ بێنن، تەنانەت فەرمانی دا ئەو پوڵ و شت و مەکەی لە بابەت گەنم و دانەوێڵەکانەوە دابویان بۆیان بخەنەوە نێو بارەکانیان، بێ ئەوەی پێیان بڵێن، بۆ ئەوەی کاتێ گەڕانەوەو بارەکانیان کردەوەو چاویان بە شتەکانیان کەوت، تێبگەن کە هەم گەنمیان هێناوەو هەم دەسمایەکەیشیان بۆ گەڕاوەتەوەو ئەم چاکە و پیاوەتی‌یە، ببێتە هۆی ئەوە لە گەڕانەوە بۆ میسر (بنیامین) لەگەڵ خۆیاندا بێننە میسر لای یوسف.

## چەن نوکتەی وردو جوان

١-بۆچ یوسف خۆی بە براکانی نەناساند، تا زووتر ئەو بناسن، بگەڕێنەوە لای یەعقوبی باوکیان و لە خەفەتی دوری یوسف رزگاری بکەن؟ ئەگەر پرسیارێ وا بکرێ، بەتایبەت بڵێن: حەو هەشت ساڵ بوو یوسف لە زیندان هاتبووە دەرێ و ببووە گەنجینەوانی میسرو هەمەکارەی ئەو وڵاتە، وە لەو حەوت ساڵە تەڕەساڵیەدا دەغڵ و دانێ زۆری ئازوخە کردبوو، لە کاتی قات و قڕیدا گەنم و دانەوێڵەیێ

زۆری بەسەر هەژاراندا بەخشیبوو، پێویست بوو کە یوسف هەواڵ بە براکان و باوکی بدا کە من ئاوا دەسم ئەڕوا و یارمەتیان بداو لە قات و قڕی و ویشکە ساڵی رزگاریان بکا.

قورتوبی خاوەنی تەفسیری (ئەلجامع لی ئەحکامولقورئان) لە وەڵامی پرسیارێکی ئاوادا فەرمویەتی: یوسف لە لایەن پەروەردگارەوە،ئیجازەی ئەوەی نەبووە، چونکە جیابوونەوەی،یوسف لە باوکی ئەزمونێک بووە،بۆ یەعقوبی باوکی و ئەبوو ئەو دەورانە،ئەزمونە بگەینێتە ئاخرو بەر لەوە یوسف ئیجازەی نەبووە ئەو کارە بکا، تازە ئەگەر یوسف لەو دەمەی دا کە براکانی هاتبوونە میسر، خۆی پێ بناسانبان، ئەگونجا بترسابان و نەیانوێرابا بگەڕێنەوە میسر، لە دڵی خۆیاندا لە تۆڵە ئەستاندنی یوسف بترسابان کە بیان کوژێ.

٢ـ ئەگەر پرسیار بکرێ بۆچ یوسف پوڵ و نرخی گەنم و دانەوێڵەکانی بۆ خستنە نێو بارەکانیان و پێی دانەوە؟ ئیمام فەخری رازی لە تەفسیری کەبیریدا، لە وەڵامدا نووسیویەتی: هەروەکو خوا فەرمویەتی: (لَعَلَّهُمْ يَعْرِفونها اِذا انْقَلَبوا اِلىٰ اَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعون). مەبەستی یوسف ئەوە بووە،کە ئەوانە دوای گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان و کردنەوەی بارەکانیان، کۆتاڵەکانی خۆیان ببینن و پەی بە کەرامەت و مەزنی و دلاوایی پاشای میسر (یوسف) بەن و ئەمە ببێتە هۆی ئەوە جارێ تر بگەڕێنەوە،میسر و (بنیامین)یش لەگەڵ خۆیان بێنن و حەزرەتی یەعقوبی باوکیشیان بە سەرنجدان بەوە ببێتە دڵنیایی،ئەوە بنیامین‌یان لەگەڵدا بنێرێتە میسر.

٣ـ ئەگەر پرسیار بکرێ چلۆن بوو یوسف بە خۆڕایی لە بەیتولماڵ گەنمو دانەوێڵەی بە براکانی خۆیدا، لە وەڵامدا ئەتوانین بە دوو جۆر وەڵام بدەینەوە: ١ـ حەق و مافێ لە (بيت المال) دا بۆ هەژاران هەیەو سنوریش بەرگری لەوە ناکا،

حەزرەتی یوسف لەوە بە براکانی خۆی دا، هەروەکو بە هەژاران و فەقیرانی ترشی ئەدا. ٢ـ یوسف کە هەم گەنجینەوان و هەم هەمەکارەو پاشای میسر بوو، خۆی ماف و حەقێکی هەبوو و ئەبوو لەو ماف و حەقەی خۆی بەشی خۆی و خاوخێزانو باوک و براو کەس وکاری خۆی لەباری ژیان و پێ بژێوی دابین بکا، جا ئەوە بوو لە حەقی خۆی بەوانی بەخشی، هەر وەکو بە نەدارانی تریشی بە خۆڕایی ئەبەخشی و یارمەتی ئەدان.

٦٤ـ فَلَمَّا رَجَعُوا الیٰ اَبیهِمْ قالوا یا اَبانا مُنِعَ مِنَّا الْكَیْلُ فَاَرْسِلْ مَعَنا اَخانا نَكْتَلْ وَ اِنّا لَهُ لَحافِظون.

٦٥ـ قالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَیْهِ اِلاَّ كَما اَمِنْتُكُمْ علیٰ اَخیهِ مِنْ قَبْلُ فَاللهُ خَیْرٌ حافِظاً وَ هوَ اَرْحَمُ الرّحمین.

٦٦ـ وَ لَمّا فَتَحوا مَتاعَهُمْ وَجَدوا بِضاعَتَهُمْ رُدَّتْ اِلَیْهِمْ قالوا یا اَبانا ما نَبْغی هٰذهِ بِضاعَتُنا رُدَّتْ اِلَیْنا و نَمیرُ اَهْلَنا و نَحْفَظُ اَخانا و نَزْدادُ كَیْلَ بَعیرٍ ذٰلِکَ كَیْلٌ یَسیرٌ.

٦٧ـ قالَ لَنْ اُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتّیٰ تُؤتُون مَوْثِقاً مِنَ اللهِ لَتَأْتُنَّنی بِه اِلاَّ اَنْ یُحاطَ بِكُمْ فَلَمّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قالَ اللهُ علیٰ ما نَقولُ وَكیلٌ.

واتا:

٦٤ـ وە کاتێ کە ئەوانە هاتنەوە لای باوکیان وتیان: ئەی بابە دەستور دراوە کە کێلەیەک (یا رەبەیەک)مان دانەوێڵە پێ نەدەن، جا لەبەر ئەوە (بنیامین-ی) برامان لەگەڵدا بنێرە، تا بەشێ (لەخەلە) وەربگرین و ئێمە پارێزگاری لەو دەکەین.

٦٥ـ وتی: ئایا لە بابەت ئەودا بە ئێوە باوەڕ بکەم، هەروەکو سەبارەت بە (یوسفی) براتان، متمانەم پێ کردن (و دیتتان چ قەوما؟!) وە (هەر جۆربێ) خوا باشترین پارێزەرو ئەرحەمی راحیمینە.

٦٦ـ وە کاتێ کە کۆتاڵ و باری خۆیان کردەوە دیتیان کە دەسمایەکەیان بۆ

گێڕاونەتەوە! وتیان: باوە ئیتر چمان دەوێ؟ ئەمە دەسمایەکەمانە کە بۆیان خستوینەتە نێو بارەکان (و پێیان داوینەتەوە - جا چاک وایە بنیامینی برامان لەگەڵدا بنێری) و ئێمە بۆ خانەوادەی خۆمان گەنم و خۆراک دێنین و براکەیشمان دەپارێزین و پێوانەیێ گەورەتر، وەردەگرین، ئەم پێوانە چکۆڵەیە!

۶۷ـ وتی: قەت ئەو لەگەڵ ئێوە دا نانێرم، مەگەر عەهدو پەیمانێکی پتەوی خودابیم بدەنێ، کە حەتمەن دەیهێننەوە لای من، مەگەر (بمرێ یا توشی بەلایێ ببێ) کە هیچ لە دەس ئێوە نەیێ، جاکاتێ عەهدو پەیمانی پتەوی خۆیان بۆ باوکیان هێنا، وتی: خوا سەبارەت بەوەی پێتان دەڵێم چاوەدێرو پارێزەرە.

## راوەت و راڤە کردن:

براکانی یوسف بە دەسی پڕەوە گەڕانەوە، بەڵام لە بیر دوا رۆژ دا بوون. جا کە چونە خزمەت باوکیان، وتیان: باوە! دەستور دراوە کە ئەگەر بنیامین لەگەڵ خۆماندا نەبەین نە دانەوێڵەمان دەدەنێ و نە چاومان بە خێوی میسر دەکەوێ، جا کەوایە بنیامینی برامان لەگەڵ دا بنێرە (فَاَرْسِلْ مَعَنا اَخانا نَکْتَلْ) تا بتوانین کێلەو پەیمانەیێ وەربگرین (نکتل) لە (نکتال)ە لە ریشەی کَیْلْ و بە واتایی وەرگرتنی شتێکە بە کیلەو پێوانە، بەڵام (کال) بە واتای دانە بە کیلەو پێوانە.

یەعقوب فەرموی ناتوانم ئەوتان لەگەڵ دا بنێرم، بەتایەت بەو سابیقە بەدەوە کە هەتانەو نەتانتوانی یوسفم بە بێ وەی بۆ بێننەوە.

لە پاشان وتی: (فَاللهُ خَیْرٌ حافِظاً وَ هوَ اَرْحَمُ الرّحمین)، ئەم ئایەتە دەگەیەنێ کە ئەگەر بنیامین بنێرم بە دڵنیایی بوونە لە رەحمەتی خوا، ئەنا لە ئێوە دڵنیا نیم.

ئەشگونجێ ئیشارە بە ژیانی یوسف بێ، هەروەکو لە ئایەتەکانی دوایدا دەخوێنینەوە کە یەعقوب بە زیندوبوونی یوسف دڵنیا بوو، جا لەبەر ئەوە دوعای

سلامەتی و ژین و ژیانی بۆ دەکرد و وتی: (فَاللهُ خَيْرٌ حافِظاً وَ هوَ أَرْحَمُ الرَّحمين)

* جا کاتێ بارەکانیان کردەوەو شت و مەک و نرخێ کە دابوویان لە نێو بارەکانیان دا دی، بە دڵنیایەوە بە باوکیان وت: (قالوا یا أَبانا ما نَبْغی هٰذهِ بِضاعَتُنا رُدَّتْ اِلَیْنا) - ئایا گەورەیی لەمە زیاتر،کە لە وشکە ساڵیدا، سەرەڕای بەخشینی گەنم و دانەوێڵە، نرخەکەیشمانی پێداوەتەوە، رستە (ما نبغی) یا (استفهامیه) و بەمجۆرەی لێدێ (ما نبغی وراء ذلک) زیاتر لەمە چمان دەوێ؟ یا (نافیه) ئا بەمجۆرەیە : (ما نبغی بذلک الکذب یا - ما نبغی منک دراهـم) یانێ قەستی درۆمان نیە، یا ئەوەکە ئێمە دراوی دیکەمان لە تۆ ناوێ، هەر ئەمە بەسە.

جا کەوایە بنیامین‌مان لەگەڵ بنێرە - ئێمە بۆ خاو خێزانمان گەنم و خـۆراک دێنین (و نمیر اهلنا) و بۆ پاراستنی براکەمان دەکۆشین و (نـحفظ اخـانا) و بـاری وشترێکمان زیاتر لەبەر ئەو ئەدەنێ (و نزداد کیل بعیر) ئـەمە بـۆ خـێوی مـیسر سـادەیەو لە دەسـی دێ، (نـمیر) لە (نـیرا) - بـە واتـای جـەلبی خـۆراک و خواردەمەنیە، ئەمەی هێناومانە کەمە (ذلک کیل یسیر) ئەگونجێ بەم واتابێ: ئەوەی هێناومانە کەمە، ئەگەر بنیامین لەگەڵمان بێت دەخل و دانێ زۆرتر وەردەگرین.

بەڵام حەزرەتی یەعقوب هەل و مەرجی بۆ دانان تا ئەویان لەگەڵدا بنێرێ: (قالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتّیٰ تُؤتُون مَوْثِقاً مِنَ اللهِ لَتَأْتُنَّنی بِه اِلاّ اَنْ یُحاطَ بِكُمْ).

تا وەسیقەوگرەوێکم لە خوا نەدەنێ نای‌نێرم - رستەی (الاان یحاط بکم) مەگەر مەغلوبی رووداوێک بن، بمرن یا تیا بچن، هەروەکو ئایەتی (و ظنوا انهم احیط بهم - یوسف ٢٢ - و احیط بثمره - کهف ٤٢) - واتا عوزری واتان بۆ پێش بێ کە هێز لە مرۆڤ ببرێ.

ئەم قسە نیشانەی ژیری وتژیرایەتی یەعقوبە کە لە تاقەتی کـوڕەکـانی زیـاتر داوای نەکردووە، کوڕەکانیش گرەویان هێناو سوێندیان بە خوا خواردو خوایان بە

شایەدگرت کە بۆ پاراستنی بنیامینی برایان بکۆشن.

## چەن نوکتەی وردو جوان جوان

١ـ ئەگەر بوترێ چلۆن بوو کە یەعقوب بنیامینی دا دەس ئەوانە کەچی ئەوان پێشینەیان چاک نەبوو و رقیان لە بنیامینیش بوو، هەروەک قورئان فەرمویەتی (اذ قالوا لیوسف و اخوه احب الی ابینا منا و نحن عصبه) وتیان: یوسف و براکەی لای باوکمان لە ئێمە خۆشەویسترە کەچی ئێمە بە هێز و وزەترین.

وەڵامی ئەمە روونا کە، چونکە سی چل ساڵ لە رووداوی یوسف رابرد بوو و براکانی گەیبوونە تەمەنی پیری و لە پێشو پوختە تر بوون و لە دەرونی خۆیشیاندا بۆ یوسف دەکوڵین و ئەزمون نیشانی دابوون کە تیاچونی یوسف نە تەنیا سەرنجی یەعقوبی بۆ لای ئەوان رانەکێشا، بەڵکو بووە هۆی کەمبوونەوەی خـۆشەویستی سەبارەت بەوان، تازە ئامادەکردنی خۆراک و دانەوێڵە لەو قات و قـری‌یەدا، بـۆ بنەماڵەیەکی وا پڕ خێزان، شتێکی حەیاتی و هۆی ژیان بوو، وەکو سەیران وگەڕان نەبوو، کە بۆ یوسفیان پێشینار کرد، هەموو ئەمانە بوونە هۆ، بۆ ئەوەی یـەعقوب بنیامین‌یان لەو هەل و مەرجەدا لەگەڵیاندا بنێرێتە میسر.

٢ـ ئەگەر بوترێ تەنیا سوێند خواردن و خوا بە شایەدگرتن بەس بوو کە بنیامین بدا بە دەست ئەوانەوە؟ وەڵام ئەوەیە: نا تەنیا سوێند بەس نەبووە، بەڵام بەڵگەگەلێ هەبووە کە ئەمجارە درۆ یا فریو یاگزی و فزی لەکار دانەبووەو سوێندەکەش وەک ئەمەیە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا نوێنەران مـەجلیس یـا سـەرکۆماران سـوێندی وەفاداری بۆ ئەنجامی ئەرک و ئەسپاردە ئەخۆن، ئەنا بڕوا پـێکراون ئـەم جـۆرە سوێندانە بۆ دڵنیایی زیاترە.

٦٨ـ وَ قالَ یا بَنِیَّ لا تَدْخُلُوا مِنْ بابٍ واحِدٍ وَادْخُلُوا مِنْ اَبْوابٍ مُتَفَرِّقَةٍ وَ ما اُغْنِی

عَنْكُمْ مِنَ الله مِنْ شَىءٍ اِنِ الْحُكْمُ اِلاَّ لله،عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ و عَلَيْه فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلون.

٦٩ـ وَ لَمّا دَخَلُوا مِنْ حَيْثُ اَمَرَهُمْ اَبوهُمْ ماكانَ يُغْنِى عَنْهُمْ مِنَ الله مِنْ شىء اِلاّ حاجَةً فى نَفْسِ يَعْقوبَ قَضٰها وَ اِنَّهُ لَذو عِلْمٍ لِما عَلَّمْناهُ وَ لٰكِنَّ اَكْثَرَ النَّاسِ لا يَعْلَمون.

واتا:

٦٨ـ (كاتێ كە ویستیان بڕۆن، یەعقوب) وتی: ڕۆڵەكانم! لە درگایەكەوە مەچنە ژورێ، بەڵكو لە درگای جیاجیاوە بڕۆنە ژورێ و (من بەم دەستورە) ڕووداوێ كە لە لایەن خواوە روو بدا ناتوانم لە ئێوە بەری بگرم و لای بدەم، حوكم و فەرمان تەنیا تایبەت بە خوایە، پشتم بەو بەستوە، هەموو پشت بەستووان ئەبێ هەر بەو پشت ئەستور بن.

٦٩ـ جا كاتێ لەو ڕێگایەوە كە باوكیان پێی وتبوون، چوونە ژورێ، ئەمە نەیئەتوانی هیچ ڕووداوێك لەوان دور بخاتەوە، بێجگە لە نیازێ كە لە دڵی یەعقوبدا بوو (كە لەو ڕێگایەوە) ئەنجام درا (و دڵنیا بوو). وە ئەو لە سوێنگەی بەرەكەتی فێر كردنێكەوە،كە بەومان فێر كردبوو، زانینێ زۆری هەبوو، لە حاڵێكدا زۆربەی خەڵك نازانن.

## راوەتو راڤە كردن:

سەرەنجام براكان بە ئیجازەی باوكیان بنیامین یان لەگەڵ خۆیان هەڵگرت و بۆ دووەم جار چوونە میسر، پێتەختی میسریش وەكو هەموو شارێ تر دەروازەی زۆر بوو. بەڵام بۆچ یەعقوب دەستوری دا لە دەروازەی جیاجیاوە بچنە ژورێ و لە ئایەتەكەیشدا بەڵگەی بۆ نەوتراوە، هەندێ لە موفەسیران وتویانە: بۆ دەفعی چاوەزار بوە، چوون كوڕەكانی یەعقوب جوانچاك و باڵابەرز و خۆش قلافەو بە شەكەوت بوون، دیارە چاویش لە روانگای زانینەوە بە هۆی سەیالەی مغناتیسی

تایبەتێ کە لە چاو دێتە دەرێ و ئەپەڕێ بۆی هەیە، هەروەکو لە قورئاندا لە سوورەتی (ن والقلم، ئایەتی ٢١) هاتوە: (و اِنْ یَکادُ الَّذین کَفَروا لَیَزْلِقونکَ بِاَبْصَارِهِم) - هەرچەندە خەڵکی رەمەکی زۆریان پێوە ناوە.

هەندێ تر وتویانە چونکە کوڕەکانی یەعقوب بە شەکەوت بوون با لە دروازەیەکەوە نەچنە ژورێ،نەوەکو حەسود شەیتانیان لێ بکاو لە ولاتی غەریبی دا توشی کەندو کۆسب بین.

هەندێ تر لایان وایە کە یەعقوب دەستورێکی گرینگی کۆمەلایەتی پێداون تا گومبووی خۆیان تەنیا لە رێگایەکەوە نەخوازن، بەڵکو لە رێگای جیاجیاوە بۆی بڕۆن تا باشتر بە مەبەست و ئامانج بگەن.

جا کاتێ گەیشتنە میسر لە دەروازەی جیاجیاوە چوونە میسر (وَ لَمّا دَخَلُوا مِنْ حَیْثُ اَمَرَهُمْ اَبوهُمْ). باوەکو یەعقوب پێی وتن: (ماکانَ یُغْنِی عَنْهُمْ مِنَ الله مِنْ شیء) تەنیا فایدەی ئەوە بوو باوکیان دڵنیا بێ (اِلاّ حاجَةً فی نَفْسِ یَعْقوبَ قَضها)، هەر ئەوە کە دڵنیا بوو کە بە قسەی دەکەن بۆ یەعقوب ئارامشی دڵ و دەرون بوو، چونکە هەمیشە لە بیر یوسف و کوڕەکانیدا بوو، کە لەو سەفەرەدا چلۆن بە سەلامەت دەگەڕێتەوە،لای باوکیان و وەکو یوسف لێی دور نەکەونەوە، لە پاشان قورئان بەم رستە (وَ اِنَّهُ لَذو عِلْمٍ لِمٰا عَلَّمْناهُ وَ لٰکِنَّ اَکْثَرَ النّاسِ لا یَعْلَمون).

پەسەندی یەعقوب دەڵێ: کە خاوەن زانستە و خوازانینی پێ داوەو زۆربەی خەڵک بەوە نازانن و وەها لە دنیای هەوادا گوم دەبن، خوایان لە بیر دەچێتەوە، وا دەزانن چاوەزار و چاو پیس قەتعی‌یەو پشتیوانی خوا لە بیر دەبەنەوە، بەلام یەعقوب پشتی بە خوا بەست و خوای لە بیر بوو،وەهەروەکو لە بابەت ساحیرانی شارەوە لە سوورەتی بەقەرە ئایەتی ١٠٢ دەفەرمێ: (و ما هم بضارین به من احد الا باذن الله) - لە بان هەموو ئەوانەوە خوایەو ئەبێ هەر پشت بە خوا ببەستین و هەر

لەویش یارمەتی بخوازین.

٧٠ـ وَ لَمَّا دَخَلُوا عَلىٰ يُوسُفَ آوىٰ اِلَيْهِ اَخاهُ قالَ اِنِّی اَنا اَخوکَ فَلا تَبْتَئِسْ بِما کانوا يَعْمَلون.

٧١ـ فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجهازِهِمْ جَعَلَ السِّقايَةَ فی رَحْلِ اَخيهِ ثُمَّ اَذَّنَ مُؤَذِنٌ اَيَّتُها الْعِير اِنَّکُمْ لَسارِقون.

٧٢ـ قالوا وَ اَقْبَلوا عَلَيْهِمْ ماذا تَفْقِدون.

٧٣ـ قالوا نَفْقِدُ صُواعَ الْمَلِکِ وَ لِمَنْ جآءَ بِهِ حِمْلُ بَعيرٍ وَ اَنا بِهِ زَعيمٌ.

٧۴ـ قالوا تَاللهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ ما جِئْنا لِنُفْسِدَ فی الاَرْضِ و ما کُنّا سارقين.

٧۵ـ قالوا فَما جَزاؤُهُ اِنْ کُنْتُمْ کاذِبين.

٧۶ـ قالوا جَزاؤهُ مَنْ وُجِدَ فی رَحْلِهِ فَهوَ جَزاؤُهُ کَذٰلِکَ نَجْزی الظّالِمين.

٧٧ـ فَبَدَاَ بِاَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعاءِ اَخيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَها مِنْ وِعاءِ اَخيهِ کَذٰلِکَ کِدْنا لِيُوسُفَ ما کانَ لِيَأْخُذَ اَخاهُ فی دين الْمَلِکِ اِلاّ اَنْ يَشاءَ الله نَرْفَعُ دَرَجات مَنْ نَشاءُ وَ فَوْقَ کُلِّ ذی عِلْمٍ عَليمٌ).

واتا:

٧٠ـ کاتێ کە چوونە لای یوسف براکەی لای خۆی داناو وتی: من برای تۆم، لەوەی ئەوان دەیکەن خەفەت مەخۆ.

٧١ـ جا کاتێ باری ئەوانی بەست کاسەی ئاو خۆری پاشای خستە نێو باری براکەی، لە پاشان یەکێ جاڕی کێشا، هۆی خاوەنی کاروان ئێوە دزن!

٧٢٠ـ ئەوانیش روویان تێ کرد و وتیان چت گوم کردووە؟

٧٣ـ وتیان پێوانە (ئاوخۆری) پاشا، وە هەرکەس بیهێنێتەوە باری وشترێ (خەڵەی) پێی ئەدرێ و من زامنی (ئەو پاداشەم).

٧۴ـ وتیان سوێند بە خوا ئێوە دەزانن ئێمە نەهاتوین کە لەم سەر زەویەدا ئیفساد

(و دزی) بکەین و ئێمە قەت دز نەبووین.

٧٥ـ وتیان: هەرکەس (ئەو پێوانە) لە بارەکەیدا پەیدا بێ، خۆی سزای ئەوەیە (لە باتیان ئەبرێ و ئەگیردرێ) ئێمە ئەم ستەمکارانە سزا ئەدەین.

٧٧ـ لەو دەمەیدا (یوسف) بەر لەباری براکەی باری ئەوانی ترگەڕاو لە پاشان ئەوی لە باری براکەیدا هێنا دەرێ، ئا بەمجۆرە ڕێگا چارەمان بە یوسف فێر کرد، ئەو بە پێی یاسای (میسر) قەت نەیئەتوانی براکەی بگرێ و ڕایگرێ، مەگەر ئەوەی خوا بیەوێ، پلەی هەرکەس کە بمانەوێ ئەیبەینە سەرێ، وە لە بان هەر خاوەن زانینێک زاناو ئاگایەک هەیە.

## راوەت و راڤە کردن:

سەرەنجام براکان چوونە لای یوسف و بنیامینی برا چکۆڵەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوو و یوسفیش زۆری ڕێز بۆ دانان و میوانی کردن و فەرمانی دا هەر بۆ دوو کەس مەجموعەیەک خۆراک بێنن، کاتێ نانیان بۆ هێنان دیتیان بنیامین بە تەنیا ماوەو دڵی پڕ بوو و ڕایگەیاند کە ئەگەر یوسفی برام مابا منی لەگەڵ خۆی لەسەر خوانێکدا ئەنا، چونکە لە باوک و داکێک بووین، یوسف کە ئەمەی دی، وتی: وەک ئەوە برا چکۆڵەکەتان تەنیا ماوە، من و ئەو پێکەوە لەسەر خوانێک دائەنیشین! ئەوسا دەستوری دا خوانێکیان بۆ هەر دووکیان هێناو لە کاتی نوستنیشدا هۆدەیەکیان بۆ یوسف و بنیامین بۆ خەوتن لەبەر چاو گرت، جا یوسف بنیامینی برای خۆی هێنایە لای خۆی، بەڵام بنیامین دڵتەنگ و دڵ پڕ بوو و هەی یادی یوسفی برای خۆی دەکرد، ئیتر یوسف خۆی پێ ڕانەگیردراو خۆی لە بنیامین ئاشکرا کرد. هەروەکو قورئان دەفەرمێ: کاتێ کە هاتنە لای یوسف، ئەو (یوسف) براکەی خۆی (بنیامینی) هێنا نیزیک خۆی و وتی: من برای تۆ یوسفم، خەفەت

مەخۆو لە کارێ کە ئەوانە دەیکەن نیگەران مەبە : (وَ لَمَّا دَخَلُوا عَلیٰ یُوسُفَ آویٰ اِلَیْهِ اَخاهُ قالَ اِنِّی اَنا اَخوکَ فَلا تَبْتَئِسْ بِما کانوا یَعْمَلون) - (تبتئس) لە یؤس لە ئەسڵدا بە واتای زیان، سەختی و زەرەرە کە لێرەدا بە واتای خەم و خەفەتە یانی خەفەت مەخۆ.

مەبەست لەو کارەی کە براکان دەیانکردو بووە هۆی خەفەتی بنیامین بە تەنیا خستنەوەی بنیامین بوو،کە خۆی بە تەنیا دەزانی و ئەم کەم محەبەتیەی کە لە لایەن براکانیەوە سەبارەت بەو ، سەبارەت بە یوسف کرا بوو، بووە هۆی غەمگین بوونی بنیامین، جا یوسف کە بنیامینی هێنا لای خۆی، دڵخۆشی دایەوەو پێی وت: کردەوەی ئەوان بە زیانی خۆیان بوو، وە بووە هۆی سەرکەوتی من و بە دەستی ئەوان لەسەر تەختی بەخت و پاشایی دانیشتوم، جاکەوایە تۆیش خەفەت مەخۆ، ئەوسا یوسف بە بنیامینی وت: پێت خۆشە لای من بمێنیتەوە، ئەویش وتی: زۆرم پێخۆشە، بەڵام چونکە براکانم سوێندیان بۆ باوکم خواردووە،کە من بەرنەوە لای باوکم، نایەڵن بمێنمەوە، یوسف وتی: ئەوە بە منە، کارێ دەکەم کە ناچار بن تۆ لای من بهێڵنەوە (لە کاتی بار سازکردندا فەرمانی دا بە دزیەوە،پێوانە بە نرخە تایبەتەیەکە،بخەنە نێو باری بنیامین، چونکە بۆ هەر یەکە بارێ تایبەت ساز درابوو - فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجهازِهِمْ جَعَلَ السِّقایَةَ فی رَحْلِ اَخیهِ). جا چونکە تەنیا یەکێ لە پیاوەکانی یوسف ئاگای لەوە بوو، وە ئەوانی تر نەیاندەزانی، کاتێ کاروان کەوتە رێگا، دیتیان جامی تایبەت دیار نیە، جاڕیان دا کە جامەکە،بە دەس ئێوە بوو نەماوە، دیارە دزیوتانە (ثُمَّ اَذَّنَ مُؤَذِنٌ اَیَّتُها الْعِیر اِنَّکُمْ لَسارِقون)، جاکاتێ کاروانی برایانی یوسف ئەمەیان بیست، زۆر ترسان، چونکە بیریان لەوە نەدەکردەوە کە دوای ئەو هەمووە رێز لێنانە، بە دزی تاوانباریان بکەن، ناچار راوەستان، وتیان: مەگەر شتێکتان لێ ون بووە؟ (قالوا وَ اَقْبَلوا عَلَیْهِمْ ماذا تَفْقِدون). لە وەڵامدا پێیان

وتن: بەڵێ جامی پاشا ون بووەو شکمان لە ئێوەیە (قالوا نَفْقِدُ صُواعَ الْمَلِکِ)، جـا چونکە ئەوە بە نرخەو تایبەتی شایە، هەرکەس بیهێنێتەوە باری وشترێ جایزەی ئەدرێتێ (وَ لِمَنْ جآءَ بِهِ حِمْلُ بَعیرٍ)، ئەوسا ئەوەی ئەم قسەی راگەیاند: بۆ دڵنیایی زیاتر وتی: من زامنی ئەو جایزەم (وَ اَنا بِهِ زَعیمٌ)، کوڕەکانی یەعقوب سەخت لەم قسە تەکانیان خواردو ترسان،بە دڵ پڕیەوە وتیان: سوێند بە خوا ئێوە دەزانن بۆیێ نەهاتوین خراپەی بکەین و ئێمە قەت دز نەبووین (قالوا تَاللهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ ما جِئْنا لِنُفْسِدَ فی الاَرْضِ و ما کُنّا سارقین)، لەوە دەچێ ئیشارە بەمە بێ کە ئێوە پێشینەی کردەوەی ئێمە دەزانن،کـە جـاری یـەکـەم نـرخـی خـەلەو دانـەوێڵەکـەتان بـۆ خستبووینەوە،نێو بارەکانمان ئێستا هاتوینەتەوە ئێرە،حازرین هەمووی بدەینەوە بە ئێوە، جاکەوا بێ کەسانێ کە لە وڵاتێ دورەوە بۆ دانەوەی دەینی خۆی گەڕابێتنەوە، چلۆن دەگونجێ دزی بکەن، تەنانەت دەمبێنمان لە دەمی وشترەکانمان کردووە، تا زیانێ نەکەن و زیانێ بەکەس نەگەیێنن، ئەی چۆن کاری وا ناشیرین و دزیۆ یا دزی دەکەین؟ پیاوەکانی یوسفیش لە وەڵامدا وتیان ئەگەر درۆ ناکەن ئیجازە بدەن تا بارەکانتان بپشکێنین و بگەڕێین و بڵێین سزای ئەوە کە درۆزن بێ چیە (قالوا فَما جَزاؤُهُ اِنْ کُنْتُمْ کـاذِبین) وتیان: لە باری هـەر کـەسدا پـەیدا بـوو سـزای ئـەوەیە رای‌بگرێ لە باتیان (قالوا جَزاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فی رَحْلِهِ فَهوَ جَزاؤُهُ)، بەڵێ ئا بەوجۆرە سزای زاڵمان ئەدەینەوە (کَذٰلِکَ نَجْزی الظّالِمین)، جا یوسف فەرمانی دا بارەکانیان بگەڕێن، جا بۆ ئەوەی شک نەبەن، چیان کردووە،لەباری براکانی دیکەوە دەستیان کرد بە پشکنین، جا لە ئاخریدا باری بنیامین گەڕان و لە باری ئەمدا جامەکەیان دۆزیەوە (فَبَدَاَ بِاَوْعِیَتِهِمْ قَبْلَ وِعاءِ اَخیهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَها مِنْ وِعاءِ اَخیهِ)، جاکاتێ ئەو جامە لە باری بنیامین دا دۆزرایەوە دەمی براکـان بـو نـەتەڵەی تـەقیو، کـێوێ لە خەفەت‌باری بە سەریاندا،وەواقیان وڕما، لە لایەنێ برای ئەوان بە دز دەرچووەو

بۆتە هۆی شەرمەساری هەمووان و لە لایێ ترەوە لای شای میسر سوک و بێ برِوا دەبن و ئیتر دانەوێڵەیان پێ نادرێ، لە لایێ دیکەوە کەوتنە ئەو بیرە چلۆن وەڵامی بـاوکیان بـدەنەوە، هـەندێ لە تـەفسیرنووسان رایـانگەیاندووە کـە نـەخشەی گلدانەوەی بنیامین خوا بە یوسفی فێر کرد (کَذٰلِکَ کِدْنا لِیُوسُفَ)، جا لەبەر ئەوەی بە پێی قانونی میسر نەیدەتوانی برای ئەوان راگرێ، ئەوە بوو لە بەرا بە پێی قانونی خۆیان بەڵێنی لێوەرگرتن کە لەباری هەرکەسدا بدۆزرێتەوە لە تۆڵەدا رادەگیردرێ و کاری بێگاری پێ دەکرێ، بۆیێ قورئان فەرمودەیەتی: (ما کانَ لِیَأْخُذَ اَخاهُ فـی دین الْمَلِکِ)، لە ئایینی شای میسردا نە ئەکرا یوسف براکەی رابگـرێ، لە پـاشان دەڵێ: مەگەر خوا بیەوێ (اِلاّ اَنْ یَشاءَ الله)، ئیشارە بەمەیە کە رەفتاری یوسف لەگەڵ براکانیدا بۆ گلدانەوەی براکەی کە بە پێی داب و دەستوری وڵاتی خۆیان بوو، بە یارمەتی خوا بوو،کە یوسفی فێر کردووە، چ بکا تا ئەزمونی یەعقوب و کورەکانی تری تەواو ببێ، لە لایەکی دیکەوە قورئان دەڵێ: هەرکەس خوا بیەوێ پلەی دەباتە سەرێ (نَرْفَعُ دَرَجات مَنْ نَشاءُ)، کاتێ هەرکەس،وەکو یوسف لەگەڵ هاتبێتە دەرێ، پلەی دەباتە سەرێ، دیارە لە بان هەر زانایەکەوە زاناترو ئاگادارتر هەیە،کە خوایە، هەر ئەویش بوو ئەمەی بە یوسف فێر کرد.

## چەن نوکتەی وردو جوان جوان

١ـ ئەگەر بوترێ بۆچ یوسف لە سەرەتاوە خۆی نەناساند تا باوکی زووتر لە خەفەت رزگار بێ؟ وەڵامەکەی هەر وەکو لە بـەرا رامـانگەیاند خـوا ئـیجازەی پێنەدابوو، هەروا بۆ ئازمونی یەعقوب و کورەکانی بوو تا بزانێ بۆ گل دانەوەی بنیامین چ دەکەن و کورەکان لە راست سوێندێ کە بۆ باوکیان خواردووە چلۆن دەجولێنەوە.

٢ـ ئەگەر پرسیار بکرێ کە یوسف چلۆن بێ تاوانێکی بە دزی تاوانبار کرد؟ وەڵام ئەمەیە کە یوسف خۆی بە بنیامین ناساندو بەڵێنی وەرگرتبوو کە کارێ وا بکاو ئەمەش تاوانێکی بۆ براکانی بەدی نەهێناو تەنیا ئەوانی خەفەتبار کردو نێگەران، ئەمەیش لە راست ئازمونی خوا داگرینگ نیە.

٣ـ ئەگەر بوترێ تاوانبار کردنی ئەوانە بە دزی بە تێکڕا بە چ واتایەکە (انکم لسارقون) وەڵامەکەی ئەمەیە کە ویژەری ئەوە دیار نیە، قورئان هەر ئەونەی فەرموە (قالوا)، دیارە ئەگەر شتێ دیار نەبێ و لە یەکێ لە ئەندامانی کۆڕێ بکەونە شک روی قسە لە هەموویان دەکرێ، یانی یەکێ لە ئێوە، لە پلەی دووەم دا ئەوەی قسەکەی روی تێ کردووە (بنیامین) بووەو ئەویش بۆ ئەوەی لای یوسفی برای بمێنێتەوە رازی بووەو ئەوەش کە هەموو براکان تاوانبار کراون، چون دوای پشکنین لایەنێ کە ئەو کارەی لە بارەیەوە کراو بە (بنیامین) ناسراوە، تۆمەت و تاوانی ئەوان شوێنێ وای دانەناوە.

٤ـ ئەگەر پرسیار بکرێ سزای دزی لەو رۆژگارە دا چ بووە؟ لە وەڵامدا وتراوە کە لای کەنعانیان راگرتن و کار پێ کردن بەو کەسە بووە کە ئەو کارەی کردووە، بە ئەندازەی ئەوەی بردویەتی، بەڵام لای میسریان لێدان و زیندانی کردن بووە، جا بۆیێ یوسف بە پێی داب و دەستوری کەنعانیانی کردو بنیامینی لای خۆی راگرت تا زیندان نەکرێ و ئازار نەدرێ.

٥ـ (سقایە) یا (صواع) لە ئایەتەکاندا بەم واتایەیە: (سقایە): ئاوخۆری، (صواع)-یش بە واتای ربەو شتی پێوانەیە، ئەم واتایانەشی پێکەوە دژ نین، چونکە ئەو جۆرە ربەو زەرفانە ئاوخۆری شاو خەڵک بوون، جا لە پاشان کە قات و قڕی لە وڵاتی میسردا پەیدا بووە،بۆ گرینگدان بەوە کراوەتە ربەو پێوانە تا خەڵک لە خواردندا دەس پێوە بگرن، هەندێ لە موفەسیران نووسیویانە: ئەو ربە لە زێڕ یا زیو

بووەو رۆژێ لە رۆژان ئاو خۆری شا بووەو ئەوسا کراوەتە ربەو پێوانەو لەو گرانیەدا کەڵکی بۆ پێوانە لێ وەرگیردراوەو دیارە شتێ ناتوانێ بۆ هەمیشە ربە یا پێوانە بێ.

٧٨ـ قالوا اِنْ یَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ اَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ فَاَسَرَّها یوسُفُ فی نَفْسِهِ وَ لَمْ یُبْدِها لَهُمْ قالَ اَنْتُمْ شَرٌّ مَکاناً وَاللهُ اَعْلَمُ بِما تَصِفون.

٧٩ـ قالوا یا اَیُّها الْعَزیزُ اِنَّ لَهُ اَباً شَیْخاً کَبیراً فَخُذْ اَحَدَنا مَکانَهُ اِنّا نَریک مِنَ الْمُحسنین.

٨٠ـ قال مَعاذَاللهِ اَنْ تَأْخُذَ اِلاّ مَنْ وَجَدْنا مَتاعَنا عِنْدَهُ اِنّا اذاً لَظالمون.

واتا:

٧٨ـ (براکان) وتیان: ئەگەر ئەو (بنیامین) دزی کردووە، (سەمەرە نیە، چونکە یوسفی) برایشی بەر لەو دزی کردووە، یوسف (زۆر نارەحەت بوو) ئەم (نارەحەتیەی) لە دڵ و دەرونی خۆیدا راگرت و بۆ ئەوانی دەرنەخست (هەر ئەونە) وتی: ئێوە بەدفەرترن و خوا لەوەی ئێوە دەیلێن زاناترە.

٧٩ـ وتیان: ئەی عەزیز باوکێ پیری هەیە (و زۆر نارەحەت دەبێ) یەکێ لە ئێمە لە باتی ئەو رابگرە، ئێمە تۆ لە کارچاکان و پیاوچاکان دەزانین.

٨٠ـ وتی: پەنا بە خوا کە ئێمە بێجگە لەو کەسەکە جام و شتی خۆمان لای ئەو دۆزیوەتەوە بیگرین، چونکە ئەگەر وا بکەین لە ستەمکاران دەبین.

## راوەت و راڤە کردن:

براکانی بنیامین بۆ ئەوەی کاری خۆیان لە کاری ئەو جیا بکەنەوە و بە خەیاڵ خۆیان لای یوسف بەری بکەن، وتیان: ئەگەر ئەمە دزی کردووە، یوسفی برایشی هەروای کردووەو ئەم دووانە لە دایک و باوکێکن، لە دایکی ئێمە نین و کردەوەی

ئەوان لە هی ئێمە جیایە (قالوا اِنْ یَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ اَخٌ لَهُ مِنْ قَبْلُ)، بەمە بە خەیاڵ خۆیان کێشا دواوەو چارەنووسی ئەویان لەگەڵ هی یوسف پێوەند دا.

یوسف بەو قسە زۆر تێکچو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێناو نەیدایە نێو چاوانی ئەواندا (فَاَسَرَّها یوسُفُ فی نَفْسِهِ وَ لَمْ یُبْدِها لَهُمْ)، هەر ئەونەی پێ وتن: ئێوە لەو کەسەی کە ئەم نیسبەتەی ئەدەنە پاڵ خراپترن (قالَ اَنْتُمْ شَرٌّ مَکاناً)، لە پاشان وتی: خوا لەبارەی ئەوەی دەیلێن ئاگاترە: (وَاللهُ اَعْمَمُ بِما تَصِفون)، راستە براکان نیسبەتی نارەوایان دایە پاڵ یوسفی برایان، بە خەیاڵ خۆیان لای ئەو بەری بکەن، دیارە ئەو قسە بیانویەکی دەوێ، جا ئەوەیە تەفسیر نووسان بۆ ئەوە رایانگەیاندووە گوایە یوسف دوای مردنی دایکی لای خاڵتێک (خوشکی دایکی) دەژیاو ئەویش زۆر ئۆگری یوسف ببوو و زۆری خۆش دەویست، کاتێ هەندێ گەورە بوو، یەعقوبی باوکی ویستی لەوی بستێنێتەوەو بیهێنێتەوە لای خۆی، پوریشی بۆ ئەوەی نەیداتەوە، هێنای پشتێنی تایبەتی حەزرەتی ئیسحاقی لە پشت یوسف بەست کە لای ئەو بە یادگار مابوو، لە پاشان وتی: ئەو پشتێنە بەرێ و بیفرێنێ، بە پێی دەستوری نێو وڵات، یوسفی لە بارمتەدا لای خۆی راگرت، هەر ئەوەش بوو براکانی یوسف رایانگەیاند هەرکەس ئەوەی کردبێ بە بارمتە لە باتی شتەکە بیگرن و رای بگرن، بەڵام ئەوە کە وتیان ئەمیش وەکو یوسفی برایەتی کە دزی کردووە، بە پێی ئەو چریکەی پوری نابێتە دزو ئەوە تاوانێ درۆ بوو کە لەو دەمەدا براکان لە یوسفیان دا.

جا کە زانییان نەخشەکەیان نەیگرت، پاڕانەوە کە بنیامین باوکێ پیری هەیە، بەڵکو تۆ ئەی (عەزیزی میسر) یەکێ لە ئێمە لەباتی ئەو بگری (قالوا یا اَیُّها الْعَزیزُ اِنَّ لَهُ اَباً شَیْخاً کَبیراً فَخُذْ اَحَدَنا مَکانَهُ)، چونکە تۆ لە کارچاکان دەزانین، ئەمە یەکەمجار نیەکە چاکە لە تەک ئێمەدا ئەکەی و چاکەی خۆت لە بابەت ئێمەوە تەواو

بکە (اِنّا نَریک مِنَ الْمُحسنین)، یوسف ئەم پێشنیارەی دادواوەو وتی: (قال مَعاذَاللهِ اَنْ تَأخُذَ اِلاّ مَنْ وَجَدْنا مَتاعَنا عِنْدَهُ)، جێگای وردبوونەوەو سەرنجدانە کە یوسف لەو قسەو باسانەدا قەت نیسبەتی دزی نەدا پاڵ بنیامینی برای، بەڵکو وتی: (کەسێ کە مەتاعی خۆمان لای ئەو دۆزیوەتەوە)، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە یوسف ویستویەتی لە ژیانیدا شتێ خیلاف نەیێ بە زاریدا.

٨١ـ فَلَمَّا اسْتَيْئَسُوا مِنْهُ خَلَصوا نَجِيّاً قالَ كَبيرُهُمْ اَلَمْ تَعْلَموا اَنَّ اَباكُمْ قَدْ اَخَذَ عَلَيْكُمْ مَوْثِقاً مِنَ الله وَ مِنْ قَبْلُ ما فَرَّطْتُمْ فی یوسُفَ فَلَنْ اَبْرَحَ الارْضَ حَتّىٰ يَأذَنَ لی اَبی اَو يَحْكُمَ اللهُ لی وَ هُوَ خَيْرُ الْحاكِمين.

٨٢ـ اِرْجِعوا اِلىٰ اَبيكُمْ فَقولوا يا اَبانا اِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَ ما شَهِدْنا اِلاّ بِما عَلِمْنا و ما كُنّا لِلْغَيْبِ حافِظين.

٨٣ـ وَاسْئَلِ الْقَرْيَةَ الَّتی كُنّا فيها والْعيرَ الَّتی اَقْبَلْنا فيها وَ اِنّا لَصادِقون.

واتا:

٨١ـ جا کاتێ کە (براکان) لەو بێ هیوا بوون، چونە سوجێ و پێکەوە بە سرتە قسەیان کرد، براگەورەکەیان وتی: مەگەر نازانن کە باوکتان پەیمانی لێوەرگرتن و سوێندی دان و بەر لەوە لە بابەت یوسفەوە درێختان کرد، جا لەبەر ئەوە من لەم ئەرزە ناڕۆم تا باوکم ئیجازە بدا یا خوا فەرمانی خۆی لە بابەت منەوە دەرچێ و هەر خودایە باشترین حوکمدەران.

٨٢ـ ئێوە بگەڕێنەوە لای باوکتان و بڵێن: بابە (گیان) کوڕەکەت دزی کردووەو ئێمە بێجگە لەوە دەمانزانی شایەدیمان نەداوەو ئاگایشمان لە باتن نەبوو.

٨٣ـ (بۆ دڵنیایی زیاتر) لەو شارە (خەڵکی میسر) کە لەو دابووین پرسیار بکەو هەروا لەو کاروانەش کە پێی هاتین بپرسەو ئێمە لە (قسەی خۆماندا) راستین و راستبێژ.

راوەت و راڤەکردن:

کوڕەکانی یەعقوب بەسەر شۆڕی گەڕانەوە لای باوکیان، چونکە هەر چی بۆ ئازادی بنیامین کۆشان، کەڵکی نەبوو، لە لایەک بە جۆرێکی وابەرنامەیان داڕشتبوو، بەر بوونی ئەو نەدەگونجاو لە لایەکی ترەوە ئەم پێشنیارە کە لە باتی بنیامین یەکێ تر لە براکان گل درێتەوە لە لایەن عەزیزی میسرەوە قەبوڵ نەدەکراو سەرەنجام لێ بڕان بگەڕێنەوە کەنعان و بەسەرهاتەکە بۆ باوکیان پوخت و نەغد بگێڕنەوە، قورئان دەفەرمێ: کاتێ ئەوانە لە رزگاربوونی براکەیان هیوا بڕ بوون، چونە گوشەیەک و خۆیان لە خەڵک جیاکردەوەو بە سرتە لەگەڵ یەکدا ئاخەوتن (فَلَمَّا اسْتَيْئَسُوا مِنْهُ خَلَصُوا نَجِيًّا) - (خلصوا) یانی خالیس بوون، کنایە لە جیابوونەوە لە خەڵکی ترەو پێکهێنانی کۆڕی قسەو سرتەیە. (ونجی) لە رەگژی (مناجات)ە - لە ئەسڵدا لە (نجوە) و بە واتای سەرزەوی بەرزو بڵیندە، چونکە سەرزەوی بەرز لە زەویەکانی دەوروبەری خۆی جیایە، کۆڕی نهێنی و قسەی بە سرتە لە خەڵکی تر جیا دەکرێتەوەو بەو قسانە (سرتە: نجوێ) دەوترێ، جاکەوابێ نەجوا یا سرتە بە قسەی نهێنی دەوترێ چ لە کۆڕی نهێنی دا بێ یا بە سرتە بەگوێدا بچرپێنێ.

رستەی (خلصوا نجیا) هەروەکو زۆرێ لە تەفسیر نووسان رایانگەیاندو لە فەسحیترین و جوانترین تەعبیری قورئانیە، کە بە رستەیەکی کورت مەبەستێ زۆری بەیان کردووە، کە ئەبێ بە چەن رستە بوترێ.

هەر جۆربێ براگەورەکەیان لەو کۆڕە تایبەتیەدا بە براکانی خۆی وت: مەگەر نازانن باوکمان سوێندی داین و پەیمانی خوای لێ وەرگرتین کە بنیامین بە هەر نرخێک بگونجێ بیگێڕێتەوە لای باوکمان (قالَ كَبِيرُهُمْ اَلَمْ تَعْلَموا اَنَّ اَباكُمْ قَدْ اَخَذَ

عَلَیْکُمْ مَوْثِقاً مِنَ الله).

وە ئێوە هەر ئەوانەن کە بەر لەمەیش لە بابەت یوسفەوە کوتاییتان کرد و پێشینەی خۆتان لای باوکمان خراپ کردووە (وَ مِنْ قَبْلُ ما فَرَّطْتُمْ فی یوسُفَ) - (فرطتم) لە مادەی (تفریط)و لە ئەسڵدا لە (فروط) بە واتای پێشکەوتنەو کاتێ بچێتە بابی تەفعیل بە واتای کۆتایی کردنە لە پێشخستندا، بەڵام ئەگەر بچێتە بەر بابی (اِفعال) (افراط) بە واتای ئیسراف و تەجاوەز لە پێشخستندایە.

براگەورەکەیان دوای سرتەو قسەیێ زۆر وتی: جا کەوایە من لە جێگای خۆم لەسەر زەوی میسر تەکان ناخۆم و بەناو لێرە ماندەگرم تا باوکم ئیجازەم پێ ئەدا یا خوا دەرحەقم فەرمانێ دەرئەخا کە ئەو باشترین حوکمدەرانە (فَلَنْ اَبْرَحَ الارْضَ حَتّیٰ یَأذَنَ لی اَبی اَو یَحْکُمَ اللهُ لی وَ هُوَ خَیْرُ الْحاکِمین) - یانێ: لێرە ناڕۆم تا بمرم یا چارەیێ پەیدا بێ یا خوا داوەری بکا یا عوزرێ کە لای باوکم قەبوڵ بێ پەیدا بێ، لە پاشان بەوانی وت بگەڕێنەوە لای باوکم (اِرْجِعوا اِلیٰ اَبیکُمْ فَقولوا یا اَبانا اِنَّ ابْنَکَ سَرَقَ).

ئەمە شایەدیە کە بە چاو دیومانە، کە جامی تایبەتی پاشایان لە نێو بارەکەی دۆزیوەتەوەو باتنی کاریش تەنیا خوا دەزانێ (وَ ما شَهِدْنا اِلاّ بِما عَلِمْنا)، وە دیارە ئاگامان لە غەیبیش نیە (و ما کُنّا لِلْغَیْبِ حافِظین)، ئەشگونجێ مەبەست ئەمە بێ کە کوڕانی یەعقوب بە بابیان بڵێن: ئەگەر لای تۆ بەڵێنمان داکە بنیامینی برامان ئەبەین و دەیهێنینەوە لەبەر ئەوە بووە کە ئێمە ئاگامان لە باتنی کاری ئەو نەبووەو غەیبمان نەزانیوە کە وای بەسەر دێ.

جا بۆ ئەوەی باشیان پاکانە کردبێ، وتیان: بۆ لێکۆڵینەوەیێ زیاتر لەو شارە خەڵکی (میسر) کە ئێمەی لێ بووین بپرسە (وَاْسْئَلِ الْقَرْیَةَ الَّتی کُنّا فیها)، یا لەو کاروانە کە پێکەوە هاتینەوە کە مرۆڤی وای تیا بوو کە تۆ بیناسی و بڕوات پێی بێ

پرسیار بکە (والْعیرَ الَّتی اَقْبَلْنا فیها)، هەروەکو راغیب لە موفرەداتدا رایگەیاندووە (عیر) بە واتای کۆڕو کاروان و جەمعیەتە، کە وشتر و ئاژاڵ و یەکسم بۆ هەڵگرتنی بار لەگەڵ خۆیاندا ئەبەن کە ئینسانیشیان لەگەڵە، ئیتر نیازی بە تەقدیر نیە، هەروەکو (واسئل القریة) ئەم ئایەتە دەڵێ: کوڕانی یەعقوب بە باوکیان وت دڵنیابە کە ئێمە لە قسەی خۆماندا راستبێژین (وَ اِنّا لَصادِقون).

لەو قسانە بە گشتی وا دەرئەکەوێ کە بردنی (جامی) پاشای میسر لەو شارە گەورەدا دەنگی داوەتەوەو کار بە دەستان پێیان زانیوەو جامەکەیان سەندۆتەوەو پیاوەکەیشیان گرتووەو رایانگرتووە، جا دەگونجێ کوڕانی یەعقوب بۆیێ وتویانە: لە شاری میسر بپرسە، کنایە لەمە بێ کە ئەو مەبەستە ئەونە دەنگی داوەتەوە کە دەرو دیواریش دەزانێ.

## چەن نوکتەی وردو جوان جوان:

١ـ براگەورەکە کێ بوو؟ هەندێ وتویانە ناوی (روبین یا روبیل)، هەندێ دیکە رایانگەیاندووە کە ناوی شەمعون، هەندێ تریش بە (یەهودا)یان ناو بردووە، مەبەست لە گەورە یا لە بابەت تەمەن یا ئەقڵەوە لە نێو تەفسیر نووساندا قسە زۆرە، بەڵام لەوە دەچێ مەبەست لە گەورە بوون تەمەن بێ یانی تەمەن زۆرەکەیان.

٢ـ داوەری کردن لەسەر بنەرەتی قەرینەی حاڵیەوە، قازی ئەتوانێ مەبەستەکە بزانێ، هەرچەندە ئیقرار یا شایەدێک نیە، چونکە کاتێ جامی پاشا لە نێو باری بنیامین‌دا پەیدا بوو، کرایە بەڵگەی تاوانبار بوونی ئەو، جا بە سەرنجدان بەمە کە هەر یەکە لە کوڕانی یەعقوب خۆیان باری خۆیان پڕ دەکرد، یا لانی کەم لە کاتی پڕ کردندا خاوەن بار حازر بووە، ئەگەر دورین و بەستنێک هەبووبێ بە دەس خودان بارەکە بووەو لە لایێ دیکەیشەوە کەس باوەری نەدەکرد لەوێدا نەخشەو گزی یەک

لە کاردا بووبێ و موسافیرانی کـەنعان یـا (بـرایـانی یـوسف) لەو شـارەدا دژ و دوژمنێکیان نەبووە کە ئەو کوڕانە بخاتە داو، هەموو ئەو شتانە دەبووە هۆی ئەمە کە لە دۆزینەوەی جامی پاشا لەباری بنیامین‌دا بڕوا بەوە پەیدا بکەن کـە ئـەو، ئـەو کارەی کردووە، ئەم مەبەستە کە دنیای ئەمڕۆ لە داوەریدا پاڵی پێوە ئەدا لە روانگای شەریعەتی ئیسلامەوە نیازی بە توێژینەوەیێ زیاتر هـەیە، چـونکە لە روانگـای داوەری رۆژدا،زۆر گرینگە و دەبێ لە پەراوەی داوەریدا قسەی لێوە بکرێ و لێرەدا لەوە زیاتر هەڵناگرێ.

٣ـ لەو ئایەتانەدا کە باسمان کردن،دەردەکەوێ کە براکـانی یـوسف لەبـاری روحیەوە،زۆر لە یەکتر جیا بوون، براگەورەکەیان زۆر پابەندی سوێندو بـەڵێنی خۆی بوو، کەچی براکانی دیکە، کاتێ زانیان لەگـەڵ پـاشای مـیسر دا قسـەیان نایبڕێ، دەس بەردار بوون، دیارە حەق بە براگەورەکەیان بوو، چونکە بە مانگرتن لە شاری میسردا بەتایبەت نێزیکی دەرباری شا، بەم هێوایە کە شا دڵی نەرم بێ‌و لەسەر پیاڵەیەک کە پەیدایش بووە، مرۆڤێکی غەریب سزا نەداو باوک و براکانی داغدار نەکا، جا هەر لەبەر ئەوە ئەو لە میسردا مایەوەو براکانی دیکەی ناردەوە لای باوکی تا کارەکەی بۆ شەرح بدەن و بزانن باوکیان بیروڕای چیە؟

٨۴ـ قالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ اَنْفُسُكُمْ اَمْراً فَصَبْرٌ جَميلٌ عَسَى اللهُ اَنْ يَأتِيَنى بِهِمْ جَميعاً اِنَّهُ هُوَالْعَليمُ الْحَكيم.

٨۵ـ وَ تَوَلّىٰ عَنْهُمْ وَ قالَ يا اَسَفىٰ عَلىٰ يُوسُفَ وَابيَضَّتْ عَيْناهُ مِنَ الْـحُزْنِ فَـهُوَ كَظيمٌ.

٨۶ـ قالوا تَاللهِ تَفْتَؤا تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتّىٰ تَكونَ حَرَضاً اَوْ تَكونَ مِنَ الْهالِكين.

٨٧ـ قالَ اِنَّما اَشْكوا بَثّى وَ حُزْنى اِلىٰ اللهِ وَ اَعْلَمُ مِنَ الله ما لا تَعْلَمون.

واتا:

۸۳- (یەعقوب) وتی نەفس (هەواو و هەوەس) مەسەلەکەی لەبەر چاوتان رازاندوّتەوە، من تابشتدێنم تابشتی جوان (و خاڵی لە کوفران) هیوادارم خوا، ئەوانە بوّ لام بگێڕێتەوە، چونکە هەر ئەو عەلیم و حەکیمە کە ئێوە پێی نازانن.

۸٤- لەوان روی وەرگێڕاو وتی: ئاخ و داخ بوّ یوسف، چاوی لە خەفەتا سپی هەڵگەڕا، بەڵام رقی خوّی خواردەوە (قەت کوفرانی نەکرد).

۸٥- پێیان وت: توّ ئەونە یادی یوسف دەکەی تا گیانت دێتە سەر لێوت یا دەمری.

۸٦- وتی: خەم و خەفەتم تەنیا بە خوا دەڵێم (لای ئەو گازندە دەکەم) و لە لایەن خواوە شتگەلێ دەزانم کە ئێوە پێی نازانن.

## راوەت و راڤە کردن:

بە لوتفێک ئەزانم لە لایەن خوّوە کە ئێوە پێ ی نازانن!

براکانی بنیامین لە میسرەوە بەرەو لای باوکیان گەڕانەوە، لە حاڵێکدا بنیامین و براگەورەکەیان بەجێ هێشت، بە قوڵپی گریانەوە گەڕانەوە کەنعان و چونە لای باوکیان، کزە لە دڵ و دەرونی یەعقوب هەستا، بەتایبەت کە زانی بنیامین و کورە گەورەکەی دیار نیە، جا کاتێ کورەکان کارەساتەکەیان بێ کەم و کوڕی بوّ گێڕاوە، یەعقوب ئاڵوّزاو رووی تێکردن و پێیانی وت: (هەواو و هەوەس) وای لێکردون و ئەوەی لە بەرچاوتان رازاندوّتەوە (قالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ اَنْفُسُكُمْ اَمْراً) - یانێ دروست هەر ئەو رستەی کە لە وەڵامی ئەواندا لە ئایەتی ۱۹ دا لە بابەت یوسفەوە رایگەیاند، لێرەدا دوپاتەی کردەوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گوّڕ کە ئایا یەعقوب تەنیا لەبەر بەدی پێشینەی ئەوان، لای وابوو گزی و فزی لە کار دایە، کەچی ئەو کارە نەک لە پێغەمبەرێکی وەک

یەعقوب دور بوو، بەڵکو لە تاکی ئاسایش ئەوە دورە کە تەنیا لە بەر پێشینەی بەد کەسێ یا کەسانێ بە تاوانبار بزانێ، باوەکو بەڵگەیێ هەبێ و ڕێگای لێکۆڵینەوەش نەبەسترا بێ.

باوەکو مەبەست لەم ڕستە بەیان کردنی نوکتەیێ دیکە بووە، بۆ وێنە:

١ـ بۆچ ئێوە بە دیتنی جامی شا لە نێو باری براکەتان واتان زانی کە ئەو دزی کردووە، کەچی ئەوە بە تەنیایی ناتوانێ بەڵگەیێ ڕاست بێ؟

٢ـ بۆچ بە شاتان وت: سزای دز ئەوەیە یەخسیر بکرێ کەچی ئەوە قانونێکی خودایی نیە، بەڵکو ڕەوشتێکی نادروستە، لە نێو خەڵکی کەنعاندا (و ئەمە کاتێ وایە کە بە پێچەوانەی قسەی کۆڕێ،لە موفەسیران ئەمە بە قانونێ لە شەریعەتی یەعقوب نەزانین).

٣ـ بۆچ ئێوە لە ڕاست ئەو کارەدا بە پەلەو بە لەز خۆتان دا بەدەسەوەو هەروەک براگەورەکەتان، خۆتان نەگرت کەچی بەڵێنتان بە من دا، سوێندتان بۆ خواردم.

لە پاشان یەعقوب گەڕاوە سەرخۆو وتی: من تابشت لە دەس نادەم (فَصَبْرٌ جَمیلٌ) – هیوادارم خوا هەموو ئەوانە (یوسف و بنیامین و کوڕە گەورەکەم) بگێڕێتەوە لام (عَسَی اللهُ اَنْ یَأتِیَنی بِهِمْ جَمیعاً)، چونکە (دەزانم کە خوا لە دڵ و دەرونی هەمووان ئاگایەو لە ڕابوردو و دوا ڕۆژیش خەبەردارەو هەر ئەویشە زاناو عەلیم و حەکیم (اِنَّهُ هُوَالْعَلیمُ الْحَکیم)

لەو هەڵو مەرجەدا خەفەتێ زۆر دڵ و دەرونی یەعقوبی داگرتبوو و هەم بیری لە بنیامین و هەم بیری لە یوسفی نازدار دەکردەوە، لە پڕا ڕوی لەکوڕەکان وەرگێڕا و فەرموی: ئاخ و داخ بۆ یوسف (وَ تَوَلّیٰ عَنْهُمْ وَ قالَ یا اَسَفیٰ عَلیٰ یُوسُفَ)،کوڕەکان لە بەسەرهاتی بنیامین خۆیان بە شەرمەسار دەزانی و لە بیستنی ناوی یوسف چونە دەریای بیرو خەیاڵ و ئارەقی خەجاڵەتی بە نێو چاوانیاندا شۆڵاوگەی کرد.

ئەو غەم و خەفەتە فرمێسکی لە چاوی یەعقوب دا رشتە خوارێ، بە جۆرێکی وا چاوەکانی لە خەفەتا سپی هەڵگەڕاو سۆمای تیا نەما (وَابْيَضَّتْ عَيْناهُ مِنَ الْحُزْنِ)، لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست خـۆڕاگـرێ و رقـی خـۆی بـخواتـەوەو قسـەیێ بـە پێچەوانەی رەزای خوا بە زاریدا نەیێ (ئەو مرۆڤێکی بە تابشتو رقخۆرەوە بووە - فَهُوَ كَظيمٌ)، لەو ئایەتە وا دەردەکەوێ تا ئەو دەمە یەعقوب،سۆمای بـی بیلەی چاوی لە دەس نەدابوو، بەڵکو لە سوێنگەی گرایانی زۆر، دوای راگرتنی بنیامین لە میسر سۆمای چاوی چو و ئەوەش لە ئیختیاری یەعقوبدا نەبوو، وەلەگەڵ (صبر جـمیل) دژایـەتی نـاگـەیێ، واژەی (حـرضاً) بـە واتـای شـتێ فـاسیدو نارەحەتکونەندەیەو لێرەدا بە واتای نەخۆش،کز و کەنەفت و گیانەلآیە.

کوڕەکانی یەعقوب کە لەو فەرتەنە زۆر بە پەژارە بوون و لە چریکەی یوسفیش زۆر شەرمەسار، وەبۆ بنیامین خۆیان لە ئـەزموندا ئـەدی و خـەفەتی بـاوکیشیان ئەونەی دیکە ئەوانی تەنیبووەوە، بە پەژۆکاویەوە رایانگەیاند (سوێند بە خوا تۆ ئەونە یوسف یوسفتە تا نەخۆش دەکەوی و دەچیە سەرە مەرگ و یا تیا دەچی (قالوا تَاللهِ تَفْتَؤا تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتّىٰ تَكونَ حَرَضاً اَوْ تَكونَ مِنَ الْهالِكين).

بەلآم پیری کەنعان ئەو پیغەمبەرە دڵ ڕووناکە،لە وەلآمی کوڕەکانیدا وتی: (من شکاتم نەهێناوەتە لای ئێوە، کەوام پێ دەڵێن، من خـەفەت و شکـاتم لای خـوا هەڵدەڕێژم (قالَ اِنَّما اَشْكوا بَثّى وَ حُزْنى اِلىٰ اللهِ) و لە لایەن خواوە لوتف و شتانێ دەزانم کە ئێوە پێی نازانن (وَ اَعْلَمُ مِنَ الله ما لا تَعْلَمون).

٨٨ـ يا بَنِيَّ اذْهَبوا فَتَحَسَّسوا مِنْ يوسُفَ وَ اَخيهِ ولا تَأيئَسوا مِنْ رَوْحِ الله اِنَّهُ لا يَايْئَسُ مِنْ رَوْحِ الله اِلاَّ الْقَوْمُ الْكافِرون.

٨٩ـ فَلَمَّا دَخَلوا عَلَيْهِ قالوا يا اَيُّها الْعَزيزُ مَسَّنا و اَهْلَنا الضُّرُّ وَ جِئْنا بِبِضاعَةٍ مُزْجاةٍ فَاَوْفِ لَنا الْكَيْلَ و تَصَدَّقْ عَلَيْنا اِنَّ الله يَجْزى الْمُتَصَدِّقين.

٩٠ـ قالَ هَلْ عَلِمْتُمْ ما فَعَلْتُمْ بِیوسُفَ و اَخیهِ اِذْ اَنْتُمْ جاهِلون.

٩١ـ قالوا ءَاِنَّکَ لَاَنْتَ یُوسُفُ قالَ اَنا یوسُفُ و هٰذا اخی قَدْ مَنَّ اللهُ عَلَیْنا اِنَّهُ مَنْ یَتَّقِ و یَصْبِر فَاِنَّ الله لا یُضیعُ اَجْرَ الْمُحْسِنین.

٩٢ـ قالوا تاللهِ لَقَدْ اٰثَرَکَ اللهُ عَلَیْنا وَ اِنْ کُنَّا لَخاطِئینَ.

٩٣ـ قالَ لا تَثْریبَ عَلَیْکُمُ الْیَومَ یَغْفِرُاللهُ لَکُمْ و هُوَ اَرْحَمُ الرَّاحمین.

٩٤ـ اِذْهَبوا بِقَمیصی هٰذا فَاَلْقُوُهُ علیٰ وَجْهِ اَبی یأتِ بَصیراً وَاتُونی بِاَهْلِکُمْ اَجْمَعین.

واتا:

٨٨ـ رۆڵەکانم! بڕۆن و لە یوسف و براکەی بگەڕێن، وە لە رەحمەتی خوا هیوا بڕ مەبن، چونکە تەنیا هۆزی کافران لە رەحمەتی خوا بێ هیوا دەبن.

٨٩ـ جا کاتێ کە ئەوان هاتنە لای یوسف وتیان: ئەی عەزیزا! نارەحەتی ئێمەو خانەدانی ئێمەی داگرتووەو دەسمایەیێ کەممان (بۆکڕینی خواردەمەنی) هێناوە، بارەکانمان بۆ پڕ بکەو سەدەقەمان بدەیێ، چونکە خوا پاداشی چاکەی سەدەقەدەران زایە ناکا.

٩٠ـ وتی: ئایا زانیتان چ پەندێکتان بەسەر یوسف و براکەی هێنا، ئەو دەمەی کە نەزان و نەفام بوون.

٩١ـ وتیان: ئایا تۆ یوسفی؟ (وتی: بەڵێ) یوسفم و ئەمەش برامە، خوا منەتی لەسەر ئێمە داناوە، بەڕاستی هەرکەس لە خوا بترسێ و تابشتبێنێ و خۆ رابگرێ (سەرەنجام سەردەکەوێ)، چونکە بە حەقیقەت خوا پاداشی کارچاکان زایە ناکا.

٩٢ـ وتیان: بە خوا سوێند، خوا تۆی لە ئێمە پێشخست و ئێمە خەتاکارین.

٩٣ـ وتی: سەرزەنشت و تاوان و لۆمە بۆ ئێوە نیە، خوا ئەتانبەخشێ و لە

ئەرحەمی راحمینە[١].

٩٤-ئەم کراسەی من ببەن و دەم و چاوی باوکمی پێ بسڕن، چاوی دەکرێتەوەو بینا دەبێ و جا هەموو خاو خێزانی خۆتان هەڵگرن و بیانهێننە ئێرە.

## راوەت و راڤە کردن:

بکۆشن و بێ هیوا نەبن، چونکە بێ هیوا بوون نیشانەی کوفرە!

قات و قڕی ویشکەساڵی لە میسرو کەنعان و ئەو ناوە ناوە خەڵکی درویێنە دەکرد، خواردەمەنی نەمابوو، یەعقوب دەستوری بە کوڕەکانیدا بەرەو میسر بکەونە ڕێگا، تا هەندێ گەنم و دانەوێڵە بێنن، لە سەرەتاوە پێی‌وتن: بە وردی لە یوسف و بنیامین بگەڕێن (یا بَنّی اذْهَبوا فَتَحَسَّسوا مِنْ یوسُفَ وَ اَخیهِ).

کوڕەکان لایان وا بوو یوسف نەماوە، لە قسەی باوکیان سەرسوڕ دەمان یەعقوب پێی دەوتن: لە رەحمەتی خوا قەت هیوا بڕ مەبن، چونکە هێزو لوتفی خوا زۆر لەوە بانترە، مرۆڤ پەی پێ ببا (ولا تأیئَسوا مِنْ رَوْحِ الله)، چونکە تەنیا کافران و بێ باوەڕان لە هێزو دەسەڵاتی خوا بێ ئاگان و لە رەحمەتی خوا بێ هیوایە (اِنَّهُ لا یَایْئَسُ مِنْ رَوْحِ الله) - (تحسس) لە مادەی (حس)یەو بە واتای گەڕانە، بە دوای شتێکدا لە ڕێگای حیس و هەستەوە، لەم بارەوە کە لەگەڵ واژەی (تجسس) چ فەرقێکی هەیە لە نێوان تەفسیر نووسان و واژەناساندا وتوویژ زۆرە، لە (ابن

---

١- خوای تەعالا کار بێ جێ ناکا تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکا
کەسێ لە مەیدان گۆ دەباتەوە کاتی رق هەستان قین بخواتەوە
پیاوەتی و کاری مەردانە کردن لە بەخشین دایە نەک تۆڵە سەندن
چون بە دەرد دەخوا چارەی دەردێکە شیف و وەردێکە لەسەر بەردێکە
ئەگەر لێگەڕێ شۆفاری بەدفەڕ ئاو دەخواتەوە گورگ لەگەڵ مەڕ

عباس) نەقڵ کراوە کە (تحسس) لە کاری خێرداو (تجسس) لە کاری شەڕدا بەکار دەبرێ، هەندێ تر فەرمویانە: (تحسس) بۆ بیستنی سەربهوری مرۆڤ یا خزم و کەسە، بەڵام (تجسس) تێکۆشانە بۆ دیتنەوەی عەیب و عاری ئەم و ئەو.

هەندێکیش هەردووکیان بە یەک واتا دەگرن، بەڵام بەسەرنجدان بەم فەرمودە کە پیغەمبەر فەرمویەتی: (لا تجسسوا و لا تحسسوا) روون دەبێتە کە واتای ئەم دووانە لێک جیان و بیرو باوەڕی (ابن عباس) لەگەڵ واتی ئەم ئایەتە باشتر دێتەوە، جا ئەگەر لە فەرمودەیەکی دیکە لە هەر دووکیان نەهی کراوە، ئەکرێ ئاماژە بەمە بێ گەڕان و کۆڵینەوە لە کارو باری خەڵک چ لە کاری چاکیان یا خراپ و بێفەڕیان ناشیاوەو نەهی لێ کراوە.

(رَوْح) بە واتای رەحمەتو ئاسانی و گوشایشی کارو بارە.

(راغیب) لە موفرەداتدا نووسیویەتی: رەوح و روح لە سەروەزنی لەوح و نوح، هەر دوو بە یەک واتان و بە واتای گیان و هەناسەکێشانن، لە پاشان دەڵێ رەوح لەسەر وەزنی (لەوح) بە واتای رەحمەت و گوشایش بەکار براوە، چونکە لە کاتی فەرعانەو گوشایشدا کە تەنگ چەلەمە نامێنێ، مرۆڤ گیان و رۆحێ تازە دەگرێ و نەفەسێکی ئازادو رەحەت هەڵدەکێشن.

بەڵێ کوڕانی یەعقوب بارو بنەیان بەست و بەرەو میسر کەوتنە رێگاو ئەمە سێوەمین جار بوو کە دەچونە میسر.

ئەمجارە بە شەرم و خەجاڵەتیەوە، روویان کردە میسر، چونکە پێشینەیان لای عەزیزی میسر خراپ و بەد نێو ببوو، بە تاقمێ دزانی کەنعانی ناویان زڕا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەندەیان کوتاڵ بۆ کڕینی گەنم و دانەوێڵە پێ نەبوو، سەرەڕای ئەمانەش دڵەخورپەی لە دەس دانی بنیامین و خەفەتی باوکیان ئەونەی دیکە پەژارەی بۆ زیاد کرد بوون و دەرد لەسەر دەرد لەسەر دڵیان کەڵکەی کردبوو، تەنیا

دڵخۆشیان بەو قسەی یەعقوبی باوکیان بووکە پێی وتن: لە رەحمەتی خوا هیوا بڕ مەبن خوا غەفورو رەحیمە.

ئەوانە چونە لای یوسف و بەوپەڕی شەرم و ناڕەحەتیەوە روویان لێناو وتیان: ئەی عەزیز ئێمەو خانەدانەکەمان لە قات و قڕی و بەڵاو دەس کورتیدایـن (فَلَمَّا دَخَلوا عَلَيْهِ قالوا يا اَيُّها الْعَزيزُ مَسَّنا و اَهْلَنا الضُّرْ)، دەسمایەیێ کەممان هێناوە (وَ جِئْنا بِبِضاعةٍ مُزْجاة) - بضاعة لە مادەی (بضع) بە واتای تیکەو لەتەگۆشتێکە، کە لە لەش جیای دەکەنەوە، بە هەندێ لە ماڵیش دەڵێن کە بە ناوی نرخی کالا ئەدرێ و (مزجـاة) لە مادەی (ازجاء) بە واتای دورکردنەوەو دان و دەفع کردنە، جا چـون نرخی کەم و بێ بایەخ گیرندە لە خۆی دور دەخاتەوەو دەسی پێوە دەنێ لەبەر ئەوە (مزجاة)ی پێی دەوترێ.

کوڕەکانی یەعقوب بە شەرمەوە روویان لە یوسف ناو پێیان وت: چاومان لە کەرەم و گەورەیی تۆیە: کـەمی ئـێمەو کـەرەمی تـۆ (فَـاَوْفِ لَـنا الْكَيْلَ)و لەمـەدا بەرمنەتمان دەکەی و سەدەقەمان لەگەڵدا دەکەی (و تَصَدَّقْ عَلَيْنا)، پاداشی خۆت لە ئێمە وەرمەگرە، بەڵکو لە خوای خۆتی وەربگرە، چونکە خوا کەریمەو چاکـەی کارچاکان و سەدەقەدەران ئەداتەوە(اِنَّ الله نَجْزى الْمُتَصَدِقين).

جێگای سەرنجە کوڕانی یەعقوب باوەکو باوکیان زۆری دووپاتە لەسەر ئەوە کرد،کە دەبێ بە دوای یوسف و بنیامیندا بگەڕێن، زۆر گوێیان نەدا ئەو قسەو لە سەرەتاوە لای پاشای میسر دانەوێڵەیان خواست، دەگونجێ لەبەر ئەوە بووبێ، هیوایان بە بوونی یوسف نەبووبێ، یا ویستویانە زیاتر خۆیان بە کڕیاری دانەوێڵە بناسێنن و بە داخوازی ئازادی بنامین گرینگی نەدەن، تا بەڵکو زیاتر شوێن لەسەر شای میسر دابنێن.

هەندێ وتویانە: مەبەست لە (تصدق علینا) ئازاد کردنی بنیامینە، دەنا لە جیاتی

دانەوێڵە عەوەزیان داوەو سەدەقەیێ لە گۆڕدا نەبووە.

هەندێکیش دەڵێن: کوڕەکان نامەیەکیان لە باوکیانەوە بۆ شای میسر پێ بوو، کە یەعقوب لە دادگەری و محەبەتی شای میسر سپاس و ستایشی کردبوو، کە لەگەڵ خاندانی ئەودا کردبووی و لە دوایشدا خۆی ناساند بوو کە لە بنەماڵەی پێغەمبەرانەو خەم و پاژارەی خۆی لە دوری یوسف و بنیامین و کەند و کۆسپی ویشکە ساڵی و قات و قڕی بنەماڵەی خۆی بۆ نوسیبوو و داوای لێکردبوو کە بنیامینی بۆ بنێرێتەوە و رای‌گەیاند بوو کە ئێمە بنەماڵەی نبوەتین و قەت دزیمان تێدا نەبووەو نیە، جا کاتێ کوڕەکان ئەو نامەیان دا دەس عەزیزی میسر، نامەکەی گرت و ماچی کردو بە دڵ پڕیەوە خوێندیەوە، ئەمە بووە هۆی سەرسوڕمانی براکانی و چونە بیرەوە، کە خوایا شای میسر بۆچ وای بەسەرهات، ئەبی چ کەین و بەینی لە نێوان یەعقوب و شای میسرا هەبێ؟ چووە دڵیان نەکا ئەمە یوسف بێ؟ ئەو نامە ئاراو قارای لە یوسف هەڵگرت، کە ئیتر نەی‌توانی خۆی ئاشکرا نەکا، بە تایبەت کە دەورانی ئەزمون تەواو ببوو، دەستی بە قسەکردو رووی کردە براکانی و پێی وتن: هیچ دەزانن لەو سەردەمەی داکە نەزان و نەفام بوون چتان بەسەر یوسف و بنیامینی برایدا هێنا (قالَ هَلْ عَلِمْتُمْ ما فَعَلْتُمْ بِيوسُفَ و اَخيهِ اِذْ اَنْتُمْ جاهِلون).
گەورەیی یوسف نیشانی داوە کە لەسەرەتاوە تاوانی ئەوانی سەربەستە بەیان کردووەو فەمویەتی (ما فعلتم - ئەوەی کردتان) لە پلەی دووەمدا رێگای عوزر خوازی بەوان نیشانداوە،کە ئەو کردەوەی ئێوە لەبەر نەزانی بووەو ئەو دەورە، دەورەی نەزانی بووەو رابوردوەو ئێستا ژێر و فامیدەن!

ئەو قسانەی یوسف روون دەکاتەوە کە ئەوان لە رابوردودا ئەو بەڵاو پەندەیان تەنیا بەسەر یوسف نەهێناوە، بەڵکو بنیامینیش لە دەس ئەوان توشی ئازار بووە، لەوە دەچێ لەو ماوە کە بنیامین لە میسر لای یوسفی برای بووە، هەندێ لە

بێدادگەری ئەوانی بۆ یوسف گێرابێتەوە.

دەڵێن یوسف بۆ ئەوەی براکانی زۆر نەڕەنجێنێ و لایان وانەبێ کە تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە، بە پێکەنینەوە لەگەڵیان ئاخاوت و ئەوە بووە هۆی ئەوە کوڕەکان بە بێ ترس جوانتر لە جاران تەماشای بەژنو باڵای یوسف بکەن و شێوەی هەڵگرن، ئەو قسانەی شای میسر نیشانی دا کە ئەو لە کارەساتی یوسف و براکانی کە یوسفیان ئازار داوە ئاگادارە، کەچی لایان وابوو بێجگە لەوان و خودی یوسف کەس بەو کارەساتە ئاگا نیە، ئەمەو نامەکەی یەعقوب کە ئەوی دڵ پڕکردبوو، بووە هۆی ئەوەی کوڕەکان زیاتر و وردتر سەرنجی بەژن و باڵای یوسف بدەن و بیناسنەوە، بەڵام زۆریش باوەڕیان نەدەکرد، ئەوە یوسفی برایان بێ کە لە میسر گەیشتۆتە ئەو پلەو هەمەکارەی ئەم وڵاتە، ئەوە بوو زۆر بە دوو دڵیەوە وتیان: ئایا تۆ یوسفی؟ (قالوا ءَاِنَّکَ لَأَنْتَ یُوسُفُ)، لێرەدا دەم و چاخێ زۆر داغ و پڕ هەست بوو، بۆ براکان، نەیاندەزانی عەزیزی میسر لە وەڵامی ئەواندا چ دەڵێ! ئایا پەردە لا ئەداو خۆی دەناسێنێ یا پێیان پێدەکەنێ،وەدەڵێ ئەوە چ قسەیەکە.

دەم و چاخەکان زۆر بە پەلەو بە لەز رابورد، وە چاوەنواڕی سێبەری دیواری سوتێنەری چاوەڕوانی ئەوانی گرتابوو و لە گەرمان و لە شەرمان دەکولان، بەڵام یوسف نەیهێشت لە گەرمای بن سێبەری دیواری چاوەڕوانیدا لەوە زیاتر بسوتێن وگڕ بگرن، لە ناکاو پەردەی لەسەر حەقیقەت لادا و وتی: بەڵێ منم یوسف! ئەمەش بنیامینی برامە! (قالَ اَنا یوسُفُ و هٰذا اخی)، بەڵام بۆ ئەوە شوکری نیعمەتی خوای بەجێ هێنابێ و دەرسێکیشی بە براکانی دا بێ، رایگەیاند: خوا منەتی لەسەر داناین، دیارە هەر کەسیش بە تەقوا بێ و خۆڕاگرو بە تابشت بێ، خوا پاداشی ئەداتەوە، چونکە خوا جەزاو پاداشی چاکان زایە ناکا (قَدْ مَنَّ اللهُ عَلَیْنا اِنَّهُ مَنْ یَتَّقِ و یَصْبِر فَاِنَّ الله لا یُضیعُ اَجْرَ الْمُحْسِنین)، هیچ کەسێ نازانێ لەو دەمە داغ و پڕ لە

هەست دا چ رابوردو ئەو برایانە دوای دەیان ساڵ کە یەکتریان دی و پێک شادو شوکر بوونەوەو یەکتریان ناسیەوە، چ شادی و خـۆشی و دڵ پـڕی و هـەنسکە، هەنسکێک رووی دا. چلۆن باوەشیان بە یەکداکردو یەکتریان بە خۆیانەوە گوشی و یەکتریان راموسی و چاوی یەکتریان ماچ کـرد، چـەندیان رۆنـدک و فـرمێسک هەڵڕشت و یەکتریان هەڵمشت، بەڵام بـراکـان کـە سـەخت شـەرمەندە بـوون، نەیاندەتوانی جوان تەماشای چاوی یوسف بکەن، چاوەڕوانی ئەوە بوون تا بزانن لەو تاوانە گەورەیان دەبورێ یا خەیر، جا لەبەر ئەوە روویان کردە یوسف و پێیان وت: بە خوا قەسەم خوا تۆی پێش ئێمە خست و لە بابەت زانین و حیلم و ئەقڵ و حوکومەتەوە فەزیلەتی بە تۆ داوە (قالوا تاللهِ لَقَدْ اٰثَرَکَ اللهُ عَلَیْنا)، هەرچەندە ئێمە خەتاکارو تاوانبارین (وَ اِنْ کُنَّا لَخاطِئینَ). (آثرک) لە مادەی (ایثار) و لە بنەڕەتا بە واتای گەڕانە بە شوێن شتێکداو لەو جێگایەی کە (ئەسەر) بە واتای فەزل و چاکەو چاکیش بەکار دەبرێ، ئەم واژە بە واتای بەرزتری دان و فەزیلەت بـەخشینیش هاتووە، جاکەوابێ (اٰثَرَکَ اللهُ عَلَیْنا)، واتاکەی ئەمەیە کە خوا فەزیلەتی تۆی بەسەر ئێمەدا داوە (دیارە لەبەر کارچاکی تۆو بەدفەڕی ئێمە) - ئـیمام فـەخری رازی خوای لێ بێ رازی لە تەفسیرەکـەی خـۆیدا نـووسیویەتی: (خـاطی) و (مـخطی) فەرقیان ئەمەیە کە (خاطی) بە کەسێ دەوترێ کە بە عـەمد کـارێ خـیلاف بکـاو (مخطی) بە کەسێ دەوترێ کە بە هەڵەو نەزانی کارێ ناشیاو یا خیلاف بکا.

هەر جۆر بێ چون یوسف نەیدەویست لەو هەل و مەرجەدا کە ئەو سەرکەوتوە، زاڵە،براکانی لەوە زیاتر شەرمەسار بن،یا لایان وابێ کە یوسف ئەیەوێ تۆڵە بستێنێ، بێ سێ و دوو بۆ ئەوەی دڵنیایان بکا، وتی: (ئەمڕۆ هیچ جـۆرە سـەرزەنشت و تۆڵەیەک لەسەر ئێوە نیە - قالَ لا تَثْریبَ عَلَیْکُمُ الْیَومَ) - (تەثریب) لە مادەی (ثرب) بەو پێستە ناسکەی دەڵێن کە بەسەر (پیو)ەوەیە، کە رووی مەعیدەو ریخۆڵەکان دا

ئەپۆشن و (تـثریب) بە واتای لادانی ئەوەیە، لە پاشان بـە واتـای سـەرزەنشت و تەوبیخ کردن و لۆمەش هاتووە، دەڵێ:بەم کارە پەردەی تاوانی،لەسەر چاوی لایەکە لادراوە (تەفسیری ئیمام فەخری رازی. رۆحولمەعانی، قـاموس و مـوفرەداتـی راغیب لە بابەت تثریبەوە).

بەڵێ حەزرەتی یوسف پێی وتن فیکرتان ئاسودە بێ، وجیدانتان راحەت بێ و خەفەتی رابوردوش مەخۆن لە دواییدا بۆ ئەوەی پێیان رابگەیینێ کە نە تەنیا ماف و حەقی ئەو (یوسف) بەخشراوە، بەڵکو ماف و حەقی خودابیش لەم بابەتەوە بەم پەشیمان بوونەوە،بۆ بەخشین ئەبێ،کە خوا بتان بەخشی، چونکە خوا (یَغْفِرُاللهُ لَکُمْ و هُوَ اَرْحَمُ الرَّاحمین)، ئەمە خۆی بەڵگەیە بۆ مەزنی و ئەوپەڕی گەورەیی یوسف کە نەک هەر لە مافی خۆی چاوپۆشی کرد، تەنانەت سەر زەنشت و تەوبیخیشی نەکردن، بەڵکو لە بابەت حـەقی خـوایشـەوە دڵـنیای کـردن کـە خـوا غـەفور و بەخشندەیەو رایگەیاند: (هُوَ اَرْحَمُ الرَّاحمین).

لێرەدا غەم و خەفەتێ تر دڵ و دەرونی کوڕەکانی یەعقوبی داگرتبوو و ئەویش سپی هەڵگەڕانی چاوی باوکیان بوو کە لە دوری یوسف و بنیامینیشدا سۆمای لە دەس دابوو، وەئەوەش بوو، ئەو بنەماڵە گەورە رەنجبەر بوو، وە هـەروا بـەڵگەی تاوانباری بۆ کوڕەکان بوو، یوسف بۆ لەناوبردنی ئەو کۆسپەش وتی: ئەم کراسەی من ببەن بێخشێنن بەسەرو چاوی باوکمدا تا چـاوی گـەش بکـرێتەوە (اِذْهَـبوا بِقَمیصی هٰذا فَاَلْقُوُهُ علیٰ وَجْهِ اَبی یأتِ بَصیراً)، ئەوسا هەموو بە بنەماڵەوە،وەرنەوە لای من بۆ ئێرە (وَاتُونی بِاَهْلِکُمْ اَجْمَعین)

## نوکتەی وردو جوان جوان:

١-چ کەسێ کراسەکەی یوسف ببا؟

دەڵێن: یوسف فەرموی ئەو کەسەی کە کراسە خوێناویەکەی منی بردە لای باوکم، هەر ئەو کەسەش ئەم کراسەم بباتە لای باوکم، تا هەر وەکو بەو کارەی باوکمی نارەحەت کردبوو، بەمەش باوکم شاد بکا، جا لەبەر ئەوە کراسەکەی دا دەس (یەهودا)، چونکە ئەم وتی: من ئەوکەسەم کە کراسە خوێناویەکەم دا بە باوکم و وتم: کوڕەکەت گورگ خواردویەتی: ئەمە خۆی نیشان ئەداکە یوسف بەو هەمووە کارو بەرپرسیەوە، لە پاژ و ریزەکاری مەسایلی خوو ئەخلاقیش غافڵ نەبووە.

٢ـ مەزنی و گەورەیی یوسف:

هەروەکو ئیمام فەخری رازی لە تەفسیرەکەی خۆیدا ، ج ١٨، لاپەڕەی ٢٠٦ فەرمویەتی: دوای ئەم کەینەو بەینە، براکان هەمیشە خۆیان بە شەرمەزار ئەزانی، یەکێکیان ناردە لای یوسف و بە یوسفیان وت: تۆ هەموو رۆژێ بەرقەندە، وە بۆ نانی نیوەڕۆ، وە بۆ شێو خواردن ئێمە لای خۆت لەسەر سفرە دائەنێی، وە ئێمە خەجاڵەت ئەبینەوە، چونکە زۆر خۆمان بە تاوانبار ئەزانین، یوسف بۆ ئەوەی نەکەونە بیر تاوانی خۆیان، بەڵکو دانیشتنی خۆیان لەسەر سفرەی یوسف بەناوی خزمەتێ بە یوسف لە قەڵەم بدەن، وەڵامێ زۆر سەرنج راکێشی دانەوەو فەرموی: خەڵکی میسر تا ئێستا بە چاوی غوڵامی زەرخەریدە بۆ منیان ئەڕوانی و بە یەکتریان دەوت: (سبحان من بلغ عبداً بیع بعشرین درهما ما بلغ!!) - پاک و بێخەوشە خوایێ کە غولامێکی بە بیست دراو فرۆشراو،گەییوەتە ئەم پلەو پایە، بەڵام ئێستاکە ئێوە هاتون، پەروەندەی ژیانی من بۆ خەڵک روناک بۆتەوەو ئەزانن کە من غوڵام نەبووم، من لە خانەدانی نبووەت و لە کوڕانی ئیبراهیمی خەلیلم و خەلیلم و ئەمە هۆی شانازی و شادیە بۆ من (تەفسیری ئیمام فەخری رازی، ج ١٨، لاپەڕەی ٢٠٦).

٣ـ شوکرانەی سەرکەوت و زاڵبوون:

ئایا ئەو ئایەتانە دەرسێ گرینگی ئەخلاقی و دەستوری ئیسلامی بە روونا کترین شێوە بە ئێمە فێر دەکا؟ تا لە کاتی زاڵبوون بەسەر دژ و دوژمناندا رق لە دڵ و تۆڵە ئەستێن نەبین؟

براکانی یوسف سەخت‌ترین زەربەیان لەو دابوو و ئەویان تا لێواری مەرگ و تیا بردن بردبوو، کە ئەگەر بەر لوتفی خوا نەکەوتبا، رزگاربوونی یوسف مەحاڵ بوو، ئەوانە نەک هەر یوسفیان ئازار دا، بەڵکو بوونە هۆی شکەنجەی رۆحی باوکیشیان، بەڵام ئێستا هەموو کزۆکەنەفت و شەرمەزار لەبەر دەست ئەودان، بەڵام لە لابەلای قسەکانی بە جوانی دەردەکەوێ کە ئەو رقی لە دڵدا نیەو تازە ئەیەوێ براکانی نەکەونە بیر ئەوکارەساتە،ناشیاوانەی سەبارەت بەوکردویانە، بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبن و خەجاڵەتی نەکێشن.

جا هەر لەبەر ئەمە یوسف زۆر تێکۆشا تا ئەو هەستە لە دڵ و دەرونی براکانیدا لاباو تەنانەت ئەیەوێ تیان بگەینێ کە هاتنی ئەوان بۆ میسر بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵک زیاتر یوسف بناسن، کە لە بنەماڵەی پێغەمبەرایەتیە، نەک یەک غولامی کەنعانی کە بە چەن قۆشە فرۆشرا بم، ئەوە بۆ من جێگای شادی و شانازیە، نەک قەرزار نین، بیستێن کاریشن.

سەرنج راکێش ئەمەیە کاتێ حەزرەتی رەسول پێغەمبەری مەزنی ئیسلام لە فەتحی مەکە بەسەر دژ و دوژمنان، یانی سەرانی بوت پەرستی ئەوێدا زاڵبوو، بە فەرمودەی (ابن عباس) چۆتە کەنار ماڵی کابەو دەستگیرەی دەروازەی ماڵەکابەی گرت، لە حاڵێکدا کافرەکان پەنایان بردبووە بەر کابەو چاوەڕوانی فەرمانی پێغەمبەر بوون، لە بابەت خۆیانەوە، پێغەمبەر لەوێدا فەرموی: (الحمد لله الذی صدق وعده و نصر عبدەو هزم الاحزاب وحده - شوکر بۆ خوا کە بەڵێنەکەی بەڕاست گەڕاو بەندەی خۆی سەرخست و حیزب و تاقمەکانی دوژمنی

شکستدا) ئەوسا روی کردە خەڵک و پێی فەرمون: چلۆن بیر دەکەنەوە ئەی حەشیمەتی قورەیش کە لەبارەی ئێوەوە فەرمان بدەم؟ لە وەڵامدا وتیان: بێجگە لە چاکەو پیاوەتی لە تۆ چاوەڕوانیمان نیە، تۆ برایێ گەورەو مەزنی و دەهندەو دڵاواو دڵلاوێن، وە کوڕە گەورەی برا گەورەی ئێمەی و ئێستا قودەرت بە دەس تۆیە، پێغەمبەر فەرموی: من لە بابەت ئێوەوە هەر ئەوە دەڵێم کە یوسفی برام وتی: (لا تَثْريبَ عَلَيْكُمُ الْيَومَ) - ئەمڕۆ سەرزەنشت و لۆمەو تەوبیخێک بۆ ئێوە نیە.

حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب خەلیفەی دووەم (رضی الله عنه) دەفەرمێ: کاتێ گوێم لە فەرمایشی پێغەمبەر بوو، ئارەقی شەرم بە دەم و چاومدا هاتە خوارێ، چونکە لەکاتی چونە شاری مەکە، من وتم: ئەمڕۆ، ڕۆژی تۆڵە ئەستاندنە لە ئێوە، جاکاتێ پێغەمبەر ئەوەی فەرمو (لا تَثْريبَ عَلَيْكُمُ الْيَومَ) ، من لە وتەی خۆم شەرمم کرد (تەفسیری قورتوبی، ج ٥، لاپەڕەی ٣٤٨٧). ئەوەیە دەڵێن پێغەمبەر فەرمویەتی: (زەکاتی فەتح و سەرکەوتن عەفو و بەخشینە). حەزرەتی عەلیش فەرمویەتی : (اذا قدرت على عدوک فاجعل العفو عنه شکراً للقدرة علیه) - کاتێ بەسەر دوژمندا زاڵ بووی، عەفو و بەخشین،بکە شوکرانە بژێری سەرکەوت و زاڵبوونت.

٩٥ـ وَ لَمّا فَصَلَتِ الْعيرُ قالَ اَبوهُمْ اِنّى لَاَجِدُ ريحَ يوسُفَ لَوْلا اَنْ تُفَنِّدون.

٩٦ـ قالوا تاللهِ اِنّکَ لَفى ضَلالِکَ الْقَديم.

٩٧ـ فَلَمّا اَنْ جاءَ الْبَشيرُ اَلْقٰهُ على وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصيراً قالَ اَلَمْ اَقُلْ لَكُمْ اِنّى اَعْلَمُ مِنَ الله ما لا تَعْلَمون.

٩٨ـ قالوا يا اَبانا اسْتَغْفِرْ لَنا ذُنُوبَنا اِنّا كُنّا خاطِئين.

٩٩ـ قالَ سَوْفَ اَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبّى اِنَّهُ هُوَالْغَفورُ الرَّحيم.

واتا:

٩٥ـ کاتێ کاروان (لەسەر زەوی میسر) تێ پەڕی، باوکیان (یەعقوب) وتی: بۆنی کراسی یوسف دێتە بەر لوتم، ئەگەر بە کەم ئەقڵ و نەزانم نەزانن.

٩٦ـ وتیان: بە خوا تۆ هەر، لەسەر لێشێواوی بەرو دای.

٩٧ـ بەڵام کاتێ کە مزگێنیدەر هات، ئەو (کراسەی) هێنا بەسەر و چاوی ئەو دا، جا لە ناکاو چاوی گەش کراوەو، جا وتی: ئایا پێم نەوتن: من لە لایەن خواوە شتگەلێ دەزانم کە ئێوە پێی نازانن؟!!

٩٨ـ وتیان: باوە! بەخشینی تاوانمان لە خوا بخوازە، چونکە بەڕاستی ئێمە لە خەتاباران بووین.

٩٩ـ وتی: بە زوویی داوای بەخشینتان لای خوا بۆ دەکەم، چونکە خوا غەفور و ڕەحیمە.

## راوەتو راڤە کردن:

سەرەنجام لوتفی خوا کاری خۆی کرد:

کوڕانی یەعقوب بە شادیەوە کراسەکەی یوسفیان هەڵگرت و لەگەڵ کاروان لە میسرەوە بە ڕێکەوتن، ئەم کوڕانە کە وا شادو دڵ خۆش بوون، بەڵام تەم و مژی خەفەت لەسەر دەم و چاوی یەعقوب نیشتبوو و بەردەوام بیری لەو دوو کوڕەی دەکردەوە، بەڵام بە بزوتنی کاروان لە میسرەوە، لە ناکاو لە ماڵی یەعقوبدا شتێ رووی داکە هەموو سەریان سوڕما، یەعقوب تەکانێکی خواردو زۆر بە دڵنیایەوە هاواری کرد و وتی: ئەگەر دەس نەکەن بە قسەی هەڵیت و پڵیت و بە شێت و سەفی و کەم ئاوەز و درۆزنم دانەنێن، زۆر بە دڵنیایەوە پێتان دەڵێم بۆنی کراسی یوسف دێتە بەر لوتم (لام وایە غەم و پەژارە لاچووەو چاوم بە دیتنی یوسف شادو چاوم چاک دەبێتەوەو ئیتر خەفەت نامێنێ و کوڕەکانم لە باوەش دەگرم.(وَ لَمَّا فَصَلَتِ

الْعيرُ قالَ اَبـوهُمْ اِنّـی لاَجِـدُ ریـحَ یـوسُفَ لَـوْلا اَنْ تُـفَنِّدون)، لە رسـتەی (فَـصَلَتْ) دەردەکەویٚ کە ئەو هەستە بە دەرکەوتنی کاروان لە خاکی میسر رووی کـردوٚتە یەعقوب. (تُفَنِّدون) لە (فند)، بە واتای کەم ئەقڵی، یا سەفیهی یا دروٚ دانراوە، وە لە بنەرەتا بە واتای فەسادە کە وابیٚ (لولا تفندون) یانی: ئەگەر بە شیٚت و سەفی و بیٚ ئاوەزم دانەنیٚن.

بەڵام بوک و زاروٚک و نەوەکانی، وە ئەوانەی وا لە ماڵەوەدا مابوون،زوٚر بە پڕ روویەوە وتیان: بە خوا قەسەم هیٚمان توٚ لە پەشیٚوی رابوردو دای (قالوا تاللهِ اِنَّکَ لَفی ضَلالِکَ الْقَدیم) ، هوٚ ساڵەهای ساڵە یوسف بیٚ سەروشویٚنە توٚ هەروا لە بیری زیندوبوونی ئەو دای،ئەمە چ قسەیەکی دورە، ماوەیەک لەمەو بەر وتت بروٚن لە میسر لە یوسف بگەڕیٚن، هەر لە خوٚتەوە قسە ئەپەڕیٚنی، لیٚـرەوە روون دەبـیٚتەوە مەبەست لە (ضلالت) لاڕیٚی لە بیرو ئەقیدەدا نەبووە، بەڵکو لاڕیٚی لە تەشخیسدا لە بابەت یوسفەوە بووە، بەڵام ئەم جوٚرە قسانە خوٚی نیشان ئەداکە ئەوانە چلوٚن بە پڕ روویەوە لەگەڵ ئەو پیٚغەمبەرە پیرە رووناکبیرە قسەیان کـردووە، لە شـویٚنیٚکدا وتیان: باوکمان لە (ضلال مبین)دایەو لیٚرەشدا دەڵیٚن: توٚ لە (ضلالی قەدیم) دایی.

شەو و روٚژیٚ زوٚر رابوردو یـەعقوب هـەروا چـاوەڕوان بـوو، چـاوەڕوانـی سوتیٚنەر، کە دڵ و دەرونی پڕ و تەژی بوو لە شادی و سرور و ئارامی و دڵنیایی، کەچی ئەوانی تر هەر بیریشیان لیٚ نەدەکردەوەو قسـەو بـاسی یـوسفیان لە بـیر چوبوٚوە.

ماوەیەکی دور و دریٚژ بوو، یەعقوب لە بیرو ئەندیٚشەی یوسفدا بە دڵی پڕی دەسوتا، لە پڕا هەواڵیان داکاروانی کوڕەکان لە میسر گەڕاوەتەوە،کوڕانی یەعقوب بە راوەژوی جاران زوٚر شادو دەم بە بزە و پیٚکەنین بوون، زوٚر بە پەلەو بە لەز بەرەو ماڵی باوکیان روٚیشتن و مزگیٚنی‌دەر، یانی (یەهودا) کە کراسەکەی یوسفی پیٚ بوو،

چووە خزمەت باوکی و کراسەکەی یوسفی هێنا بەسەرو چاوی باوکیدا، ئەو دەم و چاوی، ئەو کراسەی نەدەدی، هەر ئەونە بوو کە بۆنی ئاشنای هەست دەکرد، لە یەک چاو لێک نانێکدا لەو سەردەمە تەلایەداکە پڕ بوو لە شادی و خۆشی، هەستی کردکە هەم زەڕاتی وجودی روون هەڵگەڕاوە، ئاسمان و زەوی پێدەکەنێ، سروەی رەحمەت فێنکی دەکاتەوە و تۆز و خۆڵ و خاشاکی لاداوەو دنیا بە بارانی رەحمەت ئاو پڕژێن کراوەو دەرو دیوار هاواری خۆشی و شادی‌یانەو یەعقوبیش وێکڕای ئەوان دەکەنێ، شادی و هەڵچونێکی سەیر سەر تا پای وجودی حەزرەتی یەعقوبی داگرتووە، لە پڕا چاوی هەڵێنا، دیتی وا چاوی جوان دەبینێ، هەموو شوێنێک ئەبینێ، دنیاو رەنگە جوانەکانی دنیا ئەبینێ، هەروەکو قورئان دەفەرمێ: کاتێ مزگێنی دەرهات، ئەو کراسەی بەسەر و چاوی ئەو داهێنا لە ناکاو، چاوی گەش کراوە فَلَمّا اَنْ جاءَ الْبَشيرُ اَلْقٰهُ علىٰ وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصيراً)، چاوی کوڕەکانی و نەوەو بوک و بنەماڵەکەی یەعقوب پڕ بوو، لە رۆندک و فرمێسکی شادی و خۆشی، وە یەعقوب زۆر بڕایانە، بەوانی راگەیاند و فەرموی مەگەر پێم نەوتن: لە لایەن خواوە شتگەلێ دەزانم کە ئێوە پێی نازانن (قالَ اَلَمْ اَقُلْ لَکُمْ اِنّی اَعْلَمُ مِنَ الله ما لا تَعْلَمون)، ئەم کشگێری و موعجیزە سەیر و پڕ سەمەرە، سەخت براکانی یوسفی بردە نێو بیرو ئەندێشە و بیر کردنەوەوکەوتنە نێو بیری تاریکی رابوردوی خۆیان و بڕێک لەوێدا بیریان کردەوەو رابوردویەکی تەژی لە هەڵەو خەتاو تاوان و چاوچنۆکی و چاونەزێریاندی، چەن چاکە! مرۆڤ کاتێ بە هەڵەی خۆی ئەزانێ زوو بکەوێتە بیری رێک و پێک کردن و چاک کردنیان، هەروەکو براکانی یوسف دەسەو داوێنی باوکیان بوون و وتیان باوە لە خوا بخوازە تا لە تاوان و هەڵەکانمان ببورێ (قالوا یا اَبانا اسْتَغْفِرْ لَنا ذُنُوبَنا)، چونکە ئێمە تاوانبارو هەڵەکارین (اِنّا کُنّا خاطِئین)

ئەو پیرەژیر و مەزنە کە رۆحی هەروەک دەریا قووڵ و مەندو بێ بن و گونجاو خونجاو بوو، بێ ئەوەی ئەوان سەرکۆنە بکا، بەوانی بەڵێندا کە بەزوویی لای پەروەردگارم بۆتان دەپاڕێمەوە، تا لێتان خۆش بێ (قالَ سَوْفَ اَسْتَغْفِرُ لَکُمْ رَبّی) - هیوادارم تۆبەی ئێوە قەبوڵ بکاو لە تاوانتان ببورێ ، چونکە (اِنَّهُ هُوَالْغَفورُ الرَّحیم)

## نوکتەی وردو جوان جوان:

۱- چلۆن بوو کە یەعقوب بۆنی کراسەکەی یوسفی لەو دورەوە هەست کرد؟ ئەمە پرسیارێکە زۆربەی موفەسیران قسەیان لێ کردووەو بە ناوی کشگیری و موعجیزەیەک بۆ یەعقوب یا بۆ یوسفیان داوەتە قەڵەم، بەڵام لەبەر ئەوەی قورئان خۆی لەوە بێدەنگ کردووە، ئەبێ لە روانگای زانینەوە بۆی بڕۆین.

چونکە ئەمڕۆ مەسەلەی (تەلەپاتی) رۆیشتنی بیرو هزر لە نوختەیێ دورەوە، خۆی مەسەلەیەکی سەلمێندراوی زانینیە،کە لە نێوان تاکە تاکێ کە پێوەندی نێزیکیان پێکەوە هەیە یا هێزێکی بە وزەی رۆحی ئەوتۆیان بۆ هەیە، بەرقەرار دەبێ.

لەوانەیە زۆرێ لە ئێمەمانان لە ژیانی خۆماندا لەم مەبەستە هەڵەنگوتبین کە ژنێ یا پیاوێک بێ هۆ هەست بە پەژارەیەک لە خۆیدا ئەکا، زۆری پێ ناچێ هەواڵی پێ دەگا کوڕ یا برایان لە شوێنێ زۆر دورەوە توشی کەندو کوسپ بووە.

زانایان ئەم جۆرە هەستە لە رێگای (تەلەپاتی) و رۆیشتنی فیکرو هزرو لە رێگای دورەوە تەوجیه دەکەن.

لە چریکەی یەعقوبیشدا ئەشێ پێوەندێکی بە وزەی ئەوتۆی لەگەڵ یوسف و عەزەمەتی رۆحی ئەو بوویێتە هۆی ئەوە کە هەستێ کە لە هەڵگرتنی کراسی یوسف بۆ براکان پەیدا بووبێ، لەو مەودا دورەوە هێنا بێتیە مێشکی خۆی، دیارە ئەمەش

دەگونجێ کە ئەمە پێوەندی بە پەرەداربوونی جەغزو دایرەی زانینی پێغەمبەرانەوە بووبێ.

٢- جیاوازی حاڵەتی پێغەمبەران - پرسیارێک کە لێرەدا دەکرێ ئەوەیە وتراوە:

لە میسرەوە بۆنی کراسەکەت کرد - بۆچ لە چاڵی کەنعاندا هەستت پێ نەکرد ؟

چلون بووە،ئەو پێغەمبەرە گەورە لەو رێگا دورەوە کە دەدوانزە رێی کاروان بووە، بێنی کراسەکەی یوسفی کردووە، بەڵام لە نێزیک خۆی لە چاڵی کەنعاندا کە کوڕەکان یوسفیان تێ خست، لەوە ئاگادار نەبووە.

وەڵام ئەمەیە زانین و ئاگاداری پێغەمبەران سەبارەت بە کارو باری غەیبی بە دەس خوایە، جا لە هەر شوێنێ خوا بیەوێ فێریان دەکاو لەوە ئاگاداریان دەکا.

ئەوانە هەروەکو رێبوارانێکن کە لە شەوی تاریکدا کە هەورو هەڵایەو دنیا شەوەزەنگە، دەڕۆن، جار جارە هەورە بروسکە چەخما دەکاو بە شریخە شریخ بەرق ئەداتەوەو نور دەهاوێژێ و دنیا روون و نورانی دەکاو هەموو شتێک لەبەر چاوی ئەو رێبوارانە بە رووناکی دەبیندرێ، بەڵام جارجارەش کش و مات و شەوەزەنگ دادێ کە ئەوان جوان نابینن.

ئەوەیە سەعدی شیرازی بە دوای ئەو هۆنەدا دەڵێ:

وتی حاڵی ئێمە بەرقی جهانە - دەمێ پەیدا و دەمێ نەهانە
جارێک لەسەر تارومی ئەعلا ئەنیشم - جارێکیش تا پشتە پای خۆم نابینم

جیهان لێرەدا بە واتای جەهەندەیەو بەرقی جهان یانی بەرقی جەهەندەو رەوەندە.

دورو سەیر نیە کە رۆژێک بە ئیرادەی خوا بۆ ئەزمونی یەعقوب لە روداوی چاڵاوی کەنعان کە لە نێزیک ئەو رووی داوە،بێ، ئاگا بێ،وەرۆژێ تریش کە رۆژگاری پەژارەو دڵتەنگی تەواو بووە، لە میسرەوە بێنی کراسی یوسف هەست

بکا.

٣ـ چلۆن یەعقوب چاوی چاک بووەوەو جوان توانیببینیٚ؟

- هەندیٚ لە تەفسیر نووسان رایانگەیاندووە، کە دەگونجیٚ کە یەعقوب نوری چاوی بەگشتی لە دەس نەدابیٚ، بەڵکو کزبووبیٚ،کە بە هەواڵی نیٚزیک بوونەوەی دیداری یوسف،گریٚ وا لە دەرونیدا هەڵکرابیٚ کە چاوی چوبیٚتەوە دۆخی جاران، بەڵاّم بەو جۆرەی کە قورئان فەرمویەتی چاوی سپی هەڵگەڕا بوو و بیٚبیلەی لە دەس دابوو، تەنیا لە رووی خوا پیٚداوی بووە، کە چاوی چاک بۆتەوەو دیتویەتی هەروەکو دەڵیٚ: (فارتد بصیراً).

٤ـ بەڵیٚنی ئیستغفار - لە ئایەتەکانی بە رووداو زانیمان کە یوسف لە راست پەشیمانی براکانیدا وتی: (یغفر الله لکم)، خوا لیٚتان خۆش دەبیٚ، بەڵاّم یەعقوب کاتیٚ ئەوان، دیانیان بە تاوانی خۆیاندا نا و پەشیمانیان راگەیاند و داوای پاڕانەوەیان لیٚکرد، فەرموی : (لە دوایدا بۆتان دەپاڕیٚمەوە)، هەروەکو لە فەرمودەدا هاتووە مەبەستی ئەوە بووە کە ئەو پاڕانەوە لە بەرەبەیانادا لە شەوی هەینی دا کە دەمیٚکی باشە،بۆ دوعاو پاڕانەوەو قەبوڵ بوونی تۆبە، بیخاتە دواوە (تەفسیری قورتوبی، ج ٦، لاپەڕەی ٣٤٩١).

ئیٚستا ئەم پرسیارە دیٚتە پیٚش،یوسف بە بڕایانە وەڵاّمی دانەوە، بەڵاّم باوکیان مەوکول بە دوا ژۆری کرد.

ئەگونجیٚ ئەم جیاوازییە،لەبەر ئەوە بیٚ کە یوسف لەوەی کە ئەو تاوانە بۆ بەخشین دەبیٚ قسەی کردبیٚ، بەڵاّم یەعقوب لە فیعلیەتی ئەوەو لەوەی ئەبیٚ چ بکریٚ کە ببەخشریٚن قسەی کردووە.

٥ـ تەوەسول جایزە - لەو ئایەتانە روون دەبیٚتەوە کە داوای لیٚخۆشبوون و بەخشین لە یەکیٚ تر،نەک لەگەڵ تەوحیدو خوا بە یەک زانیندا دژایەتی نیە، بەڵکو

ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە لوتف و ڕەحمەتی خـوا، ئـەنا چـلۆن بوو یـەعقوب پێغەمبەر، داوای ئیستیغفاری بۆ کوڕەکانی قەبوڵ کردو بە تـەوەسولی ئـەوانـە وەڵامی موسبەتی داوە.

ئەمە نیشان ئەداکە تەوەسول بە ئەولیای ئیلاهی جایز و دروستە و ئەوکەسانەی کە ئەمە بە دژی ئەسڵی تەوحیدو خوا بە یەکزانین دائەنێن و بە مەمنوعی ئەزانن ئاگاداری یان نیەو تەعەسوبی کوێر کوێرانە، پەردەی بەسەر دیدی ئەوانە داکێشاوە.

٦ـ دوای شەویش ڕۆژ ئەبێتەوە:

پەندو دەرسێ گەورە کە ئەو ئایەتانە بە ئێمەمانانی ئەدەن، ئەمەیە کـە کـەندو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمە، هەرچەندە سەخت و دەرداوی و خەفەتهێنەر بێ هۆی زاهیر و ڕواڵەتیش هەرچی، بەر تـەسک و نـاڕەسابێ، سـەرکەوت و گـوشایش و فەرەجیش هەر ئەندازە دوا بکەوێ، هیچ یەکە لەوانە ناتوانن بەر لە هیواو ئومێد بە لوتف و ڕەحمەتی خوا بگرن، ئەو خوایەی کە چاوی کز و نابینای بە کراسێ ڕوون و بینا کردو بۆنی کراسێکی لە مەودای دورەوە گەیاندە لای یەعقوب و ئازیزێکی ونبووی، دوای ساڵەهای ساڵ گەڕاندەوە لای باوکی، ئەو پەروەردگارە لەسەر دڵی زامدارێ دوری، مەڵهەمی سەبوری و تابشتهێنان دائەنێ و بەسەر برینەکەیا ئەساوێ و دەردو ژانی قورس شفا ئەدا.

بەڵێ لەم بەسەرهاتەی یوسفا ئەم دەرسە گەورە لەبابەت خوا بە یەکـزانـین و خواناسیوە بۆ ئێمەمانان هەیە کە هیچ شـتێک لە ڕاست ئـیرادەی خـوادا دژوارو پێچیدە نیە، خوایەو هەر خواکار سازە.

١٠٠ـ فَلَمّا دَخَلوا علیٰ یوسُفَ اٰویٰ اِلَیْهِ اَبَوَیْهِ و قالَ ادْخُلُوا مِصْرَ اِنْشاءالله امنین.

١٠١ـ وَ رَفَعَ اَبَوَیْهِ عَلیٰ الْعَرْش وَ خَرُّوا لَهُ سُجَّداً و قالَ یا اَبَتِ هذا تأویلُ رُءیایَ مِنْ قَبْلُ قَدْ جَعَلها رَبّی حَقّاً و قَدْ اَحْسَنَ بی اِذْ اَخْرَجَنی مِنَ السِّجْنِ و جاءَ بِکُمْ مِـنَ

الْبَدوِ مِنْ بَعْدِ اَنْ نَزَغَ الشَّیْطانُ بَینی و بَیْنَ اِخْوَتی اِنَّ رَبّی لَطیفٌ لِما یَشاءُ اِنَّهُ هُوَالْعَلیم الْحَکیمُ.

١٠٢- رَبِّ قَدْ اٰتَیْتَنی مِنَ الْمُلْکِ و عَلَّمْتَنی مِنْ تأویلِ الاَحادیث فاطِرَ السَّمٰواتِ والْأَرْضِ اَنْتَ وَلِیِّ فی الدُّنیا والاٰخرةِ تَوَفَّنی مُسْلِماً وَاَلْحِقْنی بالصّالِحین.

واتا:

١٠٠- جا کاتێ هاتنە لای یوسف، ئەو باوک و دایکی خۆی لە باوەش گرت و وتی: هەموو وەرنە شاری میسر کە ئەگەر خوا بیەوێ لە ئەمن و ئەماندا ئەبن.

١٠١- باوک و دایکی خۆی لەسەر تەخت داناو هەموو لەبەر ئەو چونە سوژدەو وتی: باوە: ئەمە بەڕاستگەڕانی خەوەکەمە کە لە بەرا دیم، خوا ئەوەی بە راست گێڕا، وە ئەو چاکەی لەگەڵ کردم. ئەو دەمەی لە بەند،دەریهێنام و ئێوەیشی لە بیابانەوە هێنا (ئێرە)، دوای ئەوەی کە شەیتان من و براکانمی لێک جیاکردەوەو خراپەی کرد، بەڕاستی پەروەردگارم لە بابەت ئەوەی دەیەوێ بیکا (و شیاویشی بزانێ) بە لوتفە، بەڕاستی هەر ئەویشە زاناو حەکیم.

١٠٢- ئەی پەروەردگارم بەشێ (زۆرت) لە حوکومەت بە من بەخشی و منت لە واتای خەون دیتن ئاگادار کرد، تۆی ئافەریندەی ئاسمانو زەوی، هەر تۆی سەرپەرستی من،لە دنیا و ئاخیرەتدا،بە موسڵمانی بممرێنە و بم لکێنە بە چاکانەوە!

## راوەت و نوکتەی جوان جوان

### سەرەنجامی کاری یوسف و یەعقوب و براکانی یوسف:

بە گەیشتنی کاروان، لە میسرەوە بۆ کەنعان کە مزگێنی خۆشیان پێ بوو و بووە هۆی بینایی یەعقوبی پیر، شایی و خۆشی و شادیەک کەوتە کەنعان، بنەماڵەیەک کە ساڵەهای ساڵ بوو، سۆرانی لە هەش نابوو و جلکی عەزای لەبەر دانەڕنیبوو، لە

شایی و خۆشیدا غەرق ببوونو قەت ئەو نیعمەتە گەورەی خوایان لە بیر نەدەکردەوەو لە خۆشیان لە پێستی خۆیاندا نەدەگونجان.

ئێستا بە پێی ئەسپاردەی یوسف ئەبوو ئەم بنەماڵە گەورە بەرەو میسر بجوێن، خۆیان کۆکردەوەو بارگەیان تێکناو یەعقوبیان سوار کرد، لە حاڵێکدا لە دڵەوە خەریکی یادو شوکری خوا بوون و ئەشق و ئەوێنی گەیشتن بە کۆرپەی دڵەکەی بە جۆرێکی وا هێز و تەوان و وزەی پێ دابوو، وەک ئەوەگوڕی جوانی و لاوی لەگیان و لەشی گەڕا بوو و خۆشی و شادی دەڵێبووە نێو هێز و دڵ و هەناوی.

بەراوەژوی سەفەرەکانی رابوردوی براکان،کە پڕ بوو لە ترس و لەرز و دڵە خورپێ، سەفەری ئەمجارەیان بێ غەم و خەفەت بوو و تەنانەت ئارەزوی گەیشتن بەکابە، دڕو،بوونە، حەریر، لە بن پادا.

هەر قەندەکێشێکیان بە ساڵێ بوو، چونکە زۆریان ئارەزوی دیتنی یار بوو، بەڵام هەر جۆر بوو ئەو رێگا دور و درێژەیان بڕی، ئاوەدانی و باغ و باغات و ئاوەنیا و دەشتە جوان و رەنگینەکانی میسر،لە دورەوە، دەرکەوتن بەتایبەت دارە بەرز و پڕ گەڵاکان و خانووە بەرز و جوان و چەن نۆهومەکان،لە دور و دورەوە لە چاویان ئەدا.

بەڵام قورئان هەروەک شێوەی هەمیشەیی ئەم سەرەتایانەکە بە بیرکردن و کەمێ تێفکرین روون دەبێتەوە، خۆی لێ نەداوەو لەم پلەدا ئاوا دەفەرمێ: کاتێ کە چونە لای یوسف ئەو باوک و دایکی خۆی لە باوەش گرت: (فَلَمّا دَخَلوا علىٰ یوسُفَ أویٰ اِلَیْهِ اَبَوَیْهِ) - (آوی) هەروەک (راغیب) لە پەراوەی موفرەداتدا دەڵێ: لە بنەرەتا بە واتای لکانی شتێ بە شتێ ترەوەیە، لکاندنی باوک و دایکی یوسف بە خۆیەوە کنایە لە باوەش گرتنە.

سەرەنجام شیرینترین سەردەمی ژیانی یەعقوب هاتە دی، لەم دیدارو

ویسالەدا کە دوای ساڵەهای دور و درێژ جیا بوون، بەدیهات، دەم و دەم دەمانێ لە نێوان یەعقوب و یوسفدا رووی دا، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چەن شیرین و بەمەزەو ئارەزو شکێن بووە، چەندە رۆندکی شەوق و خۆشیان رشت و چەندیان خۆشی و ئۆخەی لە دڵ و دەرون گەڕاوە.

جا لە پاشان یوسف بە هەموویانی وت بێنە نێو ئاخ و زەوی میسر کە بە ویستی خوا لە ئەمن و ئەماندا ئەبن، چونکە میسر لە حوکومەتی یوسفدا لە ئەمن و ئەماندا بوو (و قالَ ادْخُلُوا مِصْرَ اِنْشاءالله امنین)، لەم رستە وا وەدەردەکەوێ کە یوسف تا دەروازەی شار بەپیر باوک و دایکیەوە چووە،یا لە رستەی (دَخَلوا علیٰ یوسُفَ) کە پێوەندی بە دەرەوەی دەروازە هەیە،دەرکەوێ کە دەستوری دابوو،کە لەوێدا چیغ و چادر هەڵدەن و لە باوک و دایکی، وە لە براکانی میوانداریکی سەرەتایی بکرێ.

جا کاتێ کە هاتنە بارەگای دەرباری یوسف (ئەو باوک و دایکی خۆی لەسەر تەخت دانا (وَ رَفَعَ اَبَوَیْهِ عَلیٰ الْعَرْش). مەزنی و عەزەمەتی ئەم نیعمەتە خوایە، وە قووڵی و چاکی ئەم مەوهەبەت و لوتفی پەروەردگارە، ئەونە شوێنی لەسەر باوک و دایک و براکانی دانا کە هەموو وێکڕا لە راست یوسفدا چونە سوژدە (وَ خَرُّوا لَهُ سُجَّداً)، لەودەمەدا یوسف رووی کردە باوکی و عەرزی کرد بابە گیان: ئەمە واتای ئەو خەونەیە کە بەر لەمە کاتێ کە مێرمنداڵ بووم، دیبووم و بۆ تۆم گێڕاوە (و قالَ یا اَبَتِ هذا تأویلُ رُءیایَ مِنْ قَبْلُ)، مەگەر ئەو دەم عەرزم نەکردی لە خەونمدا دیتم مانگ و رۆژ و یازدە ئەستێرە سوژدەیان بۆ بردم، بڕوانە هەر بەو جۆرەی تۆ تێبینیت کرد، خوا خەون دیتنەکەمی بە راست گێڕا (قَدْ جَعَلها رَبّی حَقّاً).

وە پەروەردگارم لوتف و چاکەی لەگەڵ منداکرد، ئەو چاخەی کە لە بەند دەری هێنام (و قَدْ اَحْسَنَ بی اِذْ اَخْرَجَنی مِنَ السِّجْنِ).

سەرنجڕاکێشە لەبابەت کەندو کۆسپی خۆیەوە تەنیا لە زیندانی میسر قسەی

کرد، لەبەر دڵی براکانی باسی چاڵاوی کەنعانی نەکرد.

لە دواییدا رایگەیاند (خوا چەندی لوتف و چاکەی لەگەڵ منداکرد کە ئێوەی لەو بیاوانەی کەنعانەوە،هێنایە ئێرە، دوای ئەوەی شەیتان لە نێوان من و براکانمدا جیایی وگزی و فزی کرد (و جاءَ بِکُمْ مِنَ الْبَدوِ مِنْ بَعْدِ اَنْ نَزَغَ الشَّیْطانُ بَینی و بَیْنَ اِخْوَتی).

یوسف دووبارە لێرەشدا نمونەیێ تر لەگەورەیی و دڵ و دەرون گوشادی خۆی نیشان ئەدا و بێ ئەوەی ناوی تاوانباری ئەسڵی بێنێ تەنیا بە شێوەی سەربەستە دەڵێ: شەیتان لەم کارەدا دەسی بوو و بووە هۆی فەساد. چونکە یوسف نایەوێ لە خەتاو هەڵەو تاوانی براکانی شکات بکا.

تەعبیر لەسەر زەوی کەنعان بە بیاوان (بدو) خۆی جێگای ورد بوونەوەیەو نیشانەی جیاوازی تەمەدون و شارستانییەتی میسرە لە کەنعان، سەرەنجام دەڵێ: ئەو هەموو چاکەو خێرو بێرە لە خواوەیە، چونکە پەروەردگارم کانونی لوتفەو هەر شتێ کە بیەوێ دەیکا.

لەکاروباری بەندەکانیدا بە تەگبیر ، رێگای ژیانیان بۆ خۆش و هاسان دەکات: (اِنَّ رَبّی لَطیفٌ لِما یَشاءُ).

ئەو دەزانێ کێ نیازمەندە، وە چ کەسانێکیش شیاون، چونکە خوا عەلیم و حەکیمە (اِنَّهُ هُوَالْعَلیم الْحَکیمُ).

ئەوسا روو دەکاتە خوای دەهندەو دلاواو دڵلاوێن و خاوەنی نازو نیعمەت بەناوی شوکرانەو داواکردن دەڵێ: ئەی پەروەردگارم بەشێ لە یەک حوکومەتی پەرەدارت بە من بەخشی (رَبِّ قَدْ اٰتَیْتَنی مِنَ الْمُلْکِ). وە زانینی خەون لێکدانەوەت فێرکردم (و عَلَّمْتَنی مِنْ تَأویلِ الاَحادیث)، هەر ئەو زانستە سادە،چ گۆڕانێکی لە ژیانی من و زۆرێ لە خەڵک بەدی هێنا،وەچ زانینێ پڕ پیت و بەرەکەتە، ئەم زانینە.

Dr.Mohammad Saleh Ebrahimi Tafsire Yusef



تۆی کە ئاسمان و زەویت بەدی هێناوە (فاطِرَ السَّمٰواتِ والأَرْضِ). جا هەر لەبەر ئەمە هەموو شتێ لە راست تۆ دا مل کەچ و خۆ بە دەسەوەدەرە.

ئەی پەروەردگارم! تۆ دۆست و پارێزەرو یارمەتیدەرو خۆشەویستی منی لە دنیاو ئاخیرەتدا (اَنْتَ وَلِیّ فی الدُّنیا والاُخرةِ) ، لە راست فەرماندا بـە مـوسڵمانم بمرێنەو لەم جیهانە بمبە ژوٗرێ (تَوَفَّنی مُسْلِماً) و بم لکێنە بە پیاوچاکانەوەو لە تەک ساڵحاندا حەشرو نەشرم بکە (وَاَلْحِقْنی بالصَّالِحین) ، یانی من دەوامی مـوڵک و بەقای حوکومەت و ژیانی ئەنبوژەنیم،لە تۆ ناوێ، چونکە ئەمانە پاکیان فانین و تیا دەچن و تەنیا دور نومایەکی دڵ بزوینیان بۆ هەیە، من لە تۆ ئەی خوای گەورەو دەهندە،ئەوەم ئەوێ کە عاقیبەت بە خێر بم،بە بڕواو ئیمانەوە لە رێگای تۆ داگیان بدەم و لە ریزی ساڵحان و پیاوچاکان و دۆستانی بیخەوشت بم، گرینگ بۆ من ئەمانەن نەک ئەوانە.

## نوکتەی وردو جوان جوان:

### ١ـ ئایا سوژدە بۆ غەیری خوا جایزە؟

وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەمەیە کە ئیمام فەخری رازی لە تەفسیرەکەی خـۆیدا نووسیویەتی: سوژدەی یەعقوب و کوڕەکان و دایکی بۆ خوا بووە، بەڵام یوسف هەر وەکو ماڵە کابە،قیبلەو روگە بووە. ئەوەیە کە لە زمـانی عـەرەبیدا جـارجـارە دەوترێ (فلان صلی للقبلة: فەلانەکەس رو بە روگەو قبیلە نوێژی خوێند.

کەوابێ سوژدەکە سوژدەی شوکر بووە بۆ خوا کە ئەو هەموو چاکەی لەگەڵ یوسف کردووەو کەندو کۆسپی لە رێگای خاندانی یەعقوب پێغەمبەر لابردووە، جا لە هەمان کاتدا سوژدەکە بۆ خوا بووە، چون لەبەر عەزەمەت و مەوهەبەتێ کە بە یوسف دراو رێزی بۆ یوسفیش تێدایەو دژایەتییک نامێنێ، هەروەکو لە چریکەی

ئادەمیشدا سوژدەکە لەبەر فەرمان دانی خوا بووەو هەر بۆ خواش بووە کە مەخلوقی وای بەدی هێناوە کەلەعەینی عیبادەت بوونی بۆ خوا،بەڵگەشە بۆ ڕێز دانان لە پلەی بابە ئادەم!

۲ـ وەسوەسەو قانەقدیلەی شەیتان:

ڕستەی (نَزَغَ الشَّیْطانُ بَینی و بَیْنَ اِخْوَتی) بە وردبوونەوە لە واژەی (نەزەغە) کە بە واتای هاتنە نێو کارێکە، بە قەستی خراپەو فەسادو ئیفسادکردن، بەڵگەیە بۆ ئەوە کە وەسوەسەی شەیتانی،لەم جۆرە کارو بارانەدا نەخشێ زۆر گرینگی بۆ هەیە، بەڵام لەم وەسوەسە کردنانەدا بە تەنیایی کارێ مەیسەر نابێ، لێبڕان و لێنەوین بەدەس ئینسان خۆیەتی، بەڵکو ئەوە ئینسانە دەربیجەکانی دڵ و دەرونی خۆی بە ڕووی شەیتاندا دەکاتەوەو دەڵێ وەرە ژورێ، هەرچی دەخوازی بیکە، بەڵێ خۆیەتی کە وا بوو لەو ئایەتە هیچ مەبەستێ کە بە دژیا بە پێچەوانەی ئەسڵی ئازادی ئیرادە بێ، لێ وەدەرناکەوێ.

بەڵام یوسف بەگەورەیی خۆی، وە دڵ و دەرون گوشادی، نەیویست براکانی کە خۆیان تا ڕادەیێ,زۆر بە شەرمەسار دەزانی لەوە زیاتر تەریقیان بکاتەوەو بیانشکێنێتەوە، جا لەبەر ئەوە ئاماژەی بەوان نەکردو تەنیا دیاردی بۆگزی و فزی و وەسوەسەی شەیتان کرد کە هۆی پلەی دووەم بووە.

۳ـ ئەمنییەت نیعمەتی گەورەی خوایە

حەزرەتی یوسف لە نێو هەموو مەواهیب و نیعمەتەکانی میسر تپڵی لەسەر مەسئەلەی (ئەمنییەت) داناو بە باوک و دایک و براکانی وت: (وەرنە میسر ئینشائەڵا لە ئەمن و ئەماندا ئەبن)، ئەمە خۆی نیشان ئەدا کە نیعمەتی ئەمنییەت ڕیشەی هەموو نیعمەتێکە، دیارە هەروایشە، چونکە هەرکاتێ ئەمنییەت لە نێو بچێ، باقی مەسایلی ئاسودەیی و ئاسایش و مەواهیبی مادی و مەعنەویش

ئەکەوێتە مەترسی، لە ژینگەیەکی نائەمن دا، نەئیتاعەت کردن لە خوا دەگونجێ و نە ژیانێکی مرۆڤایەتی و سەربەرزانەو نە ئاسودەیی فیکری، نە هەوڵ و تێکۆشان بۆ پێشخستنی ئامانجی کۆمەڵایەتی و بنەماڵە.

لەوە دەچێ ئەم رستە ئاماژە بەمە بێ کە یوسف دەیەوێ بڵێ سەرزەوی میسر لە حوکومەتی مندا ئەو سەرزەویەی فیرعەونەکانی دوێنێ نیە، خۆ قەف کردن جینایەت، ملهوری و خۆداسەپاندن، خنکاندن و شکەنجەو ئازاردان و نائەمنی تیا چووەو نەماوەو گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.

٤-گرینگی زانین و عیلم

یوسف جارێکی دیکە لە دوای کاری خۆی دووبارە رووی کردە مەسەلەی زانین و عیلمی خەون لێکدانەوەو لە کەناری ئەو حوکومەتە گەورەو بێ ملۆزمەدا ئەم عیلمە بە زاهیر سادەی دانا تا روون بێتەوە کە زانین و عیلم چەندە گرینگە، هەرچەندە ئەو زانست و زانینە سادەش بێ، جا دەڵێ: رَبِّ قَدْ اٰتَيْتَنى مِنَ الْمُلْكِ و عَلَّمْتَنى مِنْ تَأويلِ الاَحاديث).

٥-دوا هەواڵ

مرۆڤ بە درێژایی ژیانی ئاڵ و گۆڕێ زۆری بەسەردا دێ، بەڵام لاپەڕەکانی ئاخری ژیان بۆ ئەو چارەنووس‌ترە، چونکە نووسینگەو دەفتەری تەمەنی، بەوە دوایی دێ و داوەری نەهاییش پێوەندی بەوە هەیە، جا لەبەر ئەوە مرۆڤی بڕوادارو وشیار هەمیشە لە خوا دەخوازێ؟ کە ئەم لاپەڕانەی ژیانی نورانی بێ و هەمیشە بدرەوشێتەوە، یوسفیش لێرەدا هەر ئەوەی دەوێ، بۆیێ دەڵێ: (تَوَفَّنى مُسْلِماً وَاَلْحِقْنى بالصّالِحين)، بە بڕواوە لەم دنیایەم ببە دەرێ و بمخە نێو جەرگەی پیاوچاکان، واتای ئەم قسە خواستنی مەرگ لە خوا نیە، هەروەکو (ابن عباس) گومانی بردووەو فەرمویەتی: (هیچ پێغەمبەرێ داوای مردنی لە خوا نەکردووە،

بێجگە لە یوسف کە لە کاتی بەدیهاتن و کۆبوونەوەی هەموو جۆرە کەرەستەی حوکومەتەکەی،عەشق و ئەوین بە خوا ئاگری سۆزی لە دەرون بەرداو ئارەزوی دیداری پەروەردگاری کرد، بەڵکو ویستی یوسف تەنیا داواکردنی هەڵو مەرج و حاڵەت بووە، یانی لە خوای ویستوە کە لە سەرە مەرگدا بە بڕواو ئیماندار بێ).

هەروەکو ئیبراهیم و یەعقوبیش ئەمەیان بە منداڵەکانیان راسپاردو وتیان: (فَلاَ تَموتُنَّ اِلاَّ و اَنْتُمْ مُسْلِمُون) - رۆڵەکان بکۆشن تا لە کاتی دەرچون لە دنیا بە بڕواو ئیمان بن و لە راست خـوادا خـۆ بـە دەسـەوە دەربـن - بـقرە ١٣٢). زۆربـەی موفەسیرەکان ئەم واتایان هەڵبژاردووە.

٦ـ ئایا دایکی یوسف چووە میسر؟

لە زاهیری ئەم ئایەتانە واوەدەردەکەوێ کە دایکی یوسف لە ژیاندا بووەو لەگەڵ یەعقوب و کوڕەکاندا چۆتە میسر، بە شوکرانەی ئەوە یوسفی دیـوەو خـوا ئـەو هەموو نیعمەتەی پێ داوە، سوژدەشی بردووە، بەڵام هەندێ لە تەفسیر نووسان پێ لەسەر ئەوە دائەگرن کە (راحیل)ی دایکی یوسف مرد بوو و ئەوە خاڵتێکی یوسف بووە، چۆتە میسرو لە جیاتی دایکی ژمێر دراوە.

بەڵام لە سەفەری تەکوینی تەورات کـەژی ٣٥ رسـتەی ١٨ دا نـووسراوە کـە (راحیل) دوای لە دایک بوونی بنیامین بەرەو لای خوا بارگەی تێکناوەو لە هەندێ ریوایەتیشا کە لە (وهب بن منیه) و (کعب الاحبار) نەقڵ کراوە کە لەو سەردەمەدا (راحیل) دایکی یوسف نەما بوو، بەڵام لەوە دەچێ ئەمە لە تەورات وەرگیرابـێ، بەڵام لە زاهیری ئایەتەکان وا دەردەکەوێ کە دایکی یوسف لەو رۆژەدا زیندوبووە، بێ بەڵگەش نابێ چاو لە زاهیری ئایەتەکان بپۆشین.

٧ـ هەروەکو لە ئایەتەکاندا بە جوانی دەرکەوت، حەزرەتی یوسف ئەوەی بۆ یەعقوبی باوکی نەگێڕایەوە کە براکانی کونج،کونجینیان پێ کرد و زۆریان ئازار داو

بە زۆر خستیانە نێو چالاوی کەنعان و کراسەکەیان لەبەر دارنی و کاروان چلۆن ئەویان لەو چالاوە دەرکێشاو بردیانە میسرو بە عەزیزی میسریان فرۆشت، بە کورتی و سەربەستە بەسەرهاتی خۆی بۆ باوکی گێڕایەوە تا باوکی لەوە زیاتر پەشێو نەبێ و رق و قین لە بابەت کوڕەکانەوە لە دڵ نەگرێ.

١٠٣ـ ذٰلِکَ مِنْ اَنْبآءِ الْغَیْبِ نُوحیهِ اِلَیْکَ و ما کُنْتَ لَدَیْهِمْ اِذْ اَجْمَعوا اَمْرَهُمْ یَمْکُرونَ.

١٠٤ـ و مآ اَکْثَرُالنّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤمنینَ.

١٠٥ـ وَ ما تَسْئَلُهُمْ عَلَیْهِ مِنْ اَجْرٍ اِنْ هُوَ اِلاّ ذِکْرٌ لِلعالَمینَ.

١٠٦ـ وَ کَاَیِّنْ مِنْ آیاتَةٍ فی السَّمٰواتِ وَالأَرْضِ یَمُرُّونَ عَلَیْها وَ هُمْ عَنْها مُعْرِضُونَ.

١٠٧ـ وَ ما یُؤْمِنُ اَکْثَرُهُمْ باللهِ اِلاّ وَ هُمْ مُشْرِکونَ.

١٠٨ـ اَفَاَمِنُوا اَنْ تَأْتِیَهُمْ غاشِیَةٌ مِنْ عَذابِ اللـه اَوْ تَأْتِیَهُمُ السّاعةُ بَغْتَةً وَ هُمْ لا یَشْعُرونَ.

واتا:

١٠٣ـ ئەمە لە هەواڵەکانی غەیبە کە بە تۆمان وەحی کرد (بۆ تۆمان نارد)، تۆ (قەت) لای ئەوانە نەبووی، کاتێ کە لێبڕان و نەخشەیان کێشا.

١٠٤ـ وە زۆربەی خەڵک هەرچەندە سوریش بێ (لەسەر ئەوەی بڕوا بهێنن، بەلام) بڕوا ناهێنن.

١٠٥ـ وە تۆ (قەت) پاداشێ لەوانە ناخوازی، ئەوە بێجگە لە یاداوەرییێک بۆ جیهانیان شتێ تر نیە.

١٠٦ـ (بۆ خواناسین) لە ئاسمان و زەویدا نیشانە چەند زۆرە کە ئەوانە بە لایدا ئەڕۆن و لەوە رووسوڕێنەرن.

١٠٧ـ وە زۆرتری ئەوانە کە خۆیان بە بڕوادار ئەزانن موشریکن.

١٠٨ـ ئایا لەوە ئەمینن کە عەزاب و ئازاری داگر لە لایەن ئێمەوە نایانگاتێ یا

سەردەمی رۆژی بەرێ لە ناکاو بگاتە سەریان و لە حاڵێکدا ئەوانە بێ ئاگا بن؟!

## راوەت و راڤە کردن:

## ئەو لافـزەنانە زۆربەیان موشریکن!

بە دوایی هاتنی چریکەی یوسف بەو هـەموو دەرسـە پـڕ و تـەژیە لە پـەندو ئەندەرزی فێرکارانەو ئەو هەموو نەتیژە بە نرخانەکە پڕ پڕن لە بەر و میوەی رەنگاو رەنگ کە خاڵیشە لە هەرێزو فرێزو،کوێرە و چـەودان و دور لە لاف و گـەزاف و ئەفسانە و خورافاتی مێژووی، قورئان روو دەکاتە پێغەمبەر و پێی دەڵێ: ئەوانە لە هەواڵی غەیبین کە وەحیمان کردن بە تۆ ذٰلِکَ مِنْ اَنْبآءِ الْغَیْبِ نُوحیهِ اِلَیْکَ) – تۆ قەت لای ئەوان نەبووی لەو سەردەمەداکە ئەوان لێبڕان و نەخشەیان کێشاکە چلۆن ئەوە بەرن بەرێوە (و ما کُنْتَ لَدَیْهِمْ اِذْ اَجْمَعوا اَمْرَهُمْ یَمْکُرون).

ئەم وردەکاریانە،تەنیا خوا پێی دەزانێ، یا ئەگەرکەسێکیش لەوێ بووبێ، چون تۆ لەوێ نەبووی کەوا بوو تەنیا وەحی خودایەکە بەمجۆرە ئەو هەواڵانە بە تۆ دەگا.

لێرەوە بە جوانی رووناک دەبێتەوە کە داستانی یوسف هەرچەندە لە تەوراتدا باس کراوەو کەم و زۆر لە مەڵبەندی حیجازدا خەڵکی تا رادەیەک ئاگـایان لەوە بووە، بەڵام قەت ئەو چریکە،بە وردی و دروستی و ئاوا پڕ لە ریزەکاری و راست و دروست نەزانراوە، تەنانەت ئەوەی لە کۆڕ و کـۆبوونەوەکـانیشدا چـریکە چـڕ خۆیندویانە، بە تەواوی لە بەریان نەبووەو ئا بەمجۆرە بۆیان ساغ نەبۆتەوە.

بەم پێ و دانەو بە دیتنی ئەو هەمووە نیشانە،خودایەو بە بیستنی ئەم هەمووە پەند و قسە جوان جوان و تەژی لە دەرس و عیبرەتە،خودایە، ئەبو بڕواو ئیمان بێنن و لە رێگای،هەڵە لادەنو بگەڕێنەوە سەر شارێگای خواناسی و حـەقیقەت خـوازی، بەڵام ئەی پێغەمبەر (هەر تۆ پی داگرو سوربە تا بەڵکو ئەوانە بڕوا بێنن، زۆربەیان

بڕوا ناهێنن (وَ ماۤ اَکْثَرالنّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤمنین)، تەعبیر بە (حـرص) بـەڵگەیە لەسەر سوربوونی پێغەمبەر لەسەر بـڕواهـێنانی ئـەوانـە، بـەلام چ فـایدە، تـەنیا سوربوون و پێخۆشبوونی پێغەمبەر بەس نەبوو، قابیلیەتی زەمینە شەرتە.

لە جێگایێ کە کوڕانی یەعقوب کە لە ماڵی وەحی و نبووەت داگەورە بوون، ئاوا گیرۆدەی هەواو هەوەسی شەیتانی بوون،تا ئەو شوێنەی ویستیان بـراو بـڕبڕەی پشتیان لە نێو بەرن، ئیتر چلۆن ئەکرێ چاوەڕوان بین،کە خـەڵک بـەسەر دێـو و درنجی شەهوەت و ئارەزودا زاڵ بن و هەموو بە یەکجاری رووکەنە قاپی خواو بە بڕواوئەعال و ساڵ و چاک و پیاو بن.

ئەم کەلامە جۆرێ دڵداری دانەوەی پێغەمبەرە،کە قەت لە سوربوونی خـەڵک لەسەر تاوان و کوفر ماندو یا بێ هیوا نەبێ،وەلە کەمبوونی هاوڕێی و کـەمبوونی هاورەنگی خەڵک دڵتەنگ نەبێ، هەروەک خوا دەفەرمێ: (لعلک باخ نـفسک عـلی آثارهم ان لم یؤمنوا بهذا الحدیث اسفاً - کهف ۶) - یانێ ئـەی پـێغەمبەر دەڵـێی دەتەوێ لە بەربڕوانەهێنانی ئەوانە بەم قورئانە،گیانی خۆت لە خەفەت خواردن لە کیس بدەی.

ئەوانە بەڵگەییێکیان بۆ وەرنەگرتنی بانگ کردنی تۆ بە دەسـەوە نـیە، چـونکە سەرەڕای ئەوە بەڵگەی رووناکی حەقت بە دەسەوەیە، تۆ قەت لە راست ئـەوەدا مزەو ئەجرو پاداشێکت لەوان نەخواستوە کە بیکەنە بیانو (وَ ما تَسْئَلُهُمْ عَـلَیْهِ مِـنْ اَجْرٍ)، ئەمە مانکردنێکی گشتییە، یاداوەرییێکە بۆ جیهانیان و سفرەیەکی راخراوە بۆ گشت مرۆڤێک (اِنْ هُوَ اِلاَّ ذِکْرٌ لِلعالَمین).

ئەوانە لەبەر ئەمە لاڕێ بوون کە چاوی روون و دڵی بینا و گوێی ژنەوایان نیە، جا لەبەر ئەمە (زۆرێ لە ئایاتی خوا لە ئاسمان و زەوی،وجودی هەیە،کە ئەوانە بە لایدا تێپەڕئەبن و رووی لێ دەسوڕێنن (وَ کَاَیِّنْ مِنْ آیاتَةٍ فی السَّمٰواتِ وَالأَرْضِ

يَمُرُّونَ عَلَيْها وَ هُمْ عَنْها مُعْرِضون). هەر ئەم رووداوانەی کە هەموو رۆژێ بە چاو دەی‌بینن، رۆژ،کە سپیدە،سەر لە ئاسۆ،دەردێنێ و بە تریژی زێرینی خۆی گزینگ دەهاوێژێتە سەر، دوندی چیاو کێوە بەرزەکان و دەرو دەشت، شێو و دۆڵ، تۆ لە رێگاو شارێگا، نسارو قەدپاڵ و پاڵ و بەژو دەریا رووناک دەکاتەوەو بەسەر هەموو شوێنکیدا نورئەفشانی دەکاو دەیکاتە خۆرو خۆرەتاو هەروا لە ئێوارانداا لە ئاسۆی ئاسماندا بەسەر کێوە بەرزەکاندا شۆڕ دەبێتەوەو ئاوا دەبێ و پەردەی قورس و رەشی شەو بەسەر هەموو شوێنێکدا دائەداتەوەو دنیا دەبێتە رەشپۆش.

راز و رەمزی ئەم نیزامە سەیر و سەمەرە، خۆرهەڵاتن و خۆرئاوا بوون، تیشکدانەوەی رۆژ ئەم هەراو هوریای،ژین و ژیانە، لەگیادا، لە مەل و پەلەوەر و باڵندەکاندا، لە جرو جانەوەران، خزۆک و بزۆک لە ئینسان و ئەنزاندا، خورەخوری ئاو،لە هەڵدێردا کە لە هەندێ شوێندا تافگە دەکاو قەڵپەزە دەستێنێ، ئەو هەموو سروەو شنەشنی با فێنک و بە کەڵکانە، هاژەی باڵی سورە قورینگ و شمقارە،جوان و باڵ تیژانە، لە ئاسمانی ساف و بێ گەردی کوردستانی رەنگین و بە پیت و بەرەکەت و خواندا، ئەو هەمووە نەخش و نیگارە جوانە لەسەر دەرو دیواردا بە ئەندازەیێ دیارو ئاشکران کە هەرکەس بیر لەوانە و لە خولقێنەری ئەوانە بکاتەوە، هەر وەک نەخشێکە بە قەد تاشەبەردو بەلاپاڵی دیواری تەویلەی پاتاڵەوە!

زۆر شتی گەورەو گچکە هەن و بە رواڵەت زۆر گرینگ،نایەنە پێش چاو، ئێمەمانان بێ سەرنجدان بەلایاندا تێ‌ئەپەڕین، بەڵام لە ناکاو زاناو بلیمەتێکی وردو تیژ بین پەیدا ئەبێ کە دوای چەند مانگێک یا چەند ساڵ کۆڵینەوە لەبەر ئەوە، راز و رەمزی سەیرو سەمەرەی لێ ئەدۆزێتەوە،کە خەڵکی جیهان واقیان لەوە ورئەمێنێ و دەمە داچەقێیان پێ دەکەوێ.

گرینگ ئەمەیە کە ئێمە مانان تێ‌بگەین کە لەم دنیایەدا هیچ شتێک سادەو

ناگرینگ نیە، چونکە هەمووی دەسکردی خودایە،کە زانین و زانست و حیکمەتی بێ دوا بڕانە و لە بڕان نایێ، سادەو کەم بایەخ ئەوانەن،کە جیهان بە کەم بـایەخ و ناگرینگ و سەرسەری بۆی دەڕوانن و مۆنەی لێ دەکەن.

جاکەوابێ ئەگەر بەو نیشانانەکە لە لایەن خواوە بۆ تۆ دێ، باوڕ و بڕوا نەهێنن، لات سەیر نەبێ، چونکە ئەوانە بڕوا بە نیشانەکانی ئافەرینش و خیلقەتیش کە لە هەر لایەکەوە دەورەی داون بڕواو ئیمانیان نەهاوردگە.

لە ئایەتی دواییدا رادەگەینێ کە ئـەوانـە وا بـڕوایشـان هـێناوە زۆربـەیان لە باوەڕەکانیان دا راست و خالیس و بێخەوش نین، بەڵکو ئامیتە بە شیرکە (وَ ما یُؤْمِنُ اَکْثَرُهُمْ باللهِ اِلاّ وَ هُمْ مُشْرِکون)...

ئەشێ خۆیان لایان وابێ کە بڕواداری بێخەوش و پالاوتەن، بەڵام رەگی شیرک لە بیرو هزر و کردەوەیاندا ریشەی داکوتاوە.

بڕوا تەنیا ئەوە نیە کە ئینسان باوەڕی بە خودا هەبێ، بەڵکو بڕوادارێکی پالاوتەو بێخەوش ئەبێ قسەیی،قسە بۆ خوا بێ، کردەوەی بۆ خوا بێ، قـانونێ بـێجگە لە قانونی خوا نەناسێ، تەوقی بەندەیی تەنیا بۆ ئەو لە مل بکاو فەرمانی خوا چ بـە مەیلی بێ یا نا بە گیان و روح و بە دڵو دەرون وەری بگرێ و لەسەر دوو رێگانەی خوا و (هەواو هەوەس) دا، هەمیشە خوا لەبەر چاو بگرێ، ئەمەیە بڕواو ئیمانی بێخەوش و پالاوتە، کە لە هەر جۆرە شیرکێک، شیرک لە بـاوەڕ، شـیرک لە قسـە کردندا، شیرک لە کارو کردەوەدا پالێوراو بێ.

راستی راستی ئەگەر بمانەوێ وردو جوان شتەکە،گوڵبژێری بکەین و زەوی و زاری باوەڕداران بژار بکەن و کاوچەودان و کویرە، لە دانەوێڵەی بیرو هزرو کارو ئاکارو خو و باوەڕ و گفت و لفتمان جیا کەینەوە، خوا بە یەک زانین بەڕاستی و پالاوتەو بێخەوش زۆر زۆر کەمە! ئەمە جێگای داغو دەردو کەسەرە! (تەفسیری

فی ظلال، ج ٥، لاپەڕەی ٥٢).

لە ئایەتی ١٠٨ ئەم سوورەتی یوسفە دا خوا روو دەکاتە ئەوانەی وا ئیمانیان نەهێناوەو بێ ئاگایانە،بەلای نیشانەکانی خوا دا تێ ئەپەڕن و بە کردەوە ریا بازن و موشریک، وشیار ئەدا کە (ئایا ئەوانە خۆیان لەم مەبەستە بە دور لە کەندو کۆسپ ئەزانن و لایان وایە توشی وەیشومەو توشی نابن، لایان وانیە لە پڕا عەزاب و ئازاری خوا بگاتە سەریان کە هەموویان داپلۆسێ بەسەر یەکدا (اَفَاَمِنُوا اَنْ تَأْتِیَهُمْ غاشِیَةٌ مِنْ عَذابِ اللهِ)، یا قیامەت لە ناکاو دەگاتێ و دادگایەکی گەورە پێک دێ و بە حیساوی ئەوانە رادەگەن، کەچی ئەوانە بێ ئاگاو غافلن (اَوْ تَأْتِیَهُمُ السّاعةُ بَغْتَةً وَ هُمْ لا یَشْعُرون) - (غاشیە) بە واتای : پۆشراو،پەپۆشەو بە پارچەیەکی گەورەش دەڵێن،کە ئەیدەن بەسەر زینداو جوان دایئەپۆشێ و لێرەدا بە واتای بەلاو سزایەکە، کە گیان و لەشی بەدفەڕان دائەگرێ، مێینە بونی غاشیە،لەبەر ئەوەیە کە سفەتە بۆ بێژەی (عقوبة)ی موقەدەر.

مەبەست لە (ساعة) قیامەتە، هەروەکو لە زۆر ئایەتی تریشدا هەر بە واتای قیامەت بەکار براوە، ئەشگونجێ کینایە لە رووداوی پڕ مەترسی بێ، چونکە لە قورئاندا زۆر جار وتراوە: قیامەت لەگەڵ زنجیرەیێ رووداوی پڕ مەترسی، وەک بولەرزە، تۆفان، هەورە تریشقە دەس پێ دەکرێ،یا ساعەت بە واتای مەرگە.

١٠٩ـ قُلْ هٰذِهِ سَبیلی اَدْعوا اِلیٰ اللهِ علیٰ بَصیرةٍ اَنا وَ مَنِ اتَّبَعَنی و سُبْحانَ اللهِ وَ ما اَنا مِنَ الْمُشْرِکین.

١١٠ـ وَ ما اَرْسَلْنا مِنْ قَبْلِکَ اِلاّ رِجالاً نُوحیٓ اِلَیْهِمْ مِنْ اَهْلِ الْقُرىٰ أفَلَمْ یَسیروا فی الأرْضِ فَیَنْظُرُوا کَیْفَ کانَ عاقِبَةُ الَّذین مِنْ قَبْلِهِمْ و لَدارُالأخِرةِ خَیْرٌ للَّذینَ اتَّقَوا اَفَلا تَعْقِلون.

١١١ـ حتّیٰ اِذا اسْتَیْئَسَ الرُّسُلُ وَ ظَنُّوا اَنَّهُمْ قَدْ کُذِبُوا جآءَهُمْ نَصْرُنا

فَنُجِّیَ مَنْ نَشاءُ وَ لا یُرَدُّ بَأْسُنا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمین.

١١٢ـ لَقَدْ کانَ فی قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولی الْاَلْبابِ ما کان حَدیثاً یُفْتَری وَ لٰکِنْ تَصْدیقَ الَّذی بَیْنَ یَدَیْهِ و تَفْصیلَ کُلِّ شَیءٍ وَ هُدیً وَ رَحْمَةً لِقَوْمٍ یُؤْمِنونَ.

واتا:

١٠٩ـ (بڵێ:) ئەمە ڕێگای منە کە من و پەیرەوانم بە بەسیرەتێکی تەواوەوە هەموو خەڵکی بۆ لای خوا بانگ دەکەم، خوا پاک و بێخەوشە و منیش لە موشریکان نیم.

١١٠ـ وە ئێمە بەر لە تۆ بێجگە لە پیاوانێ لە ئەهلی شارەکان کە وەحیمان بۆ کردون،کەسێکمان نەناردووە، ئایا (دژانی تۆ) بە زەویدا نەگەڕاون تا سەرەنجامی ئەوانەی بەر لەوان بوون ببینن کە چیان بەسەرهاتووە؟ وە بەڕاستی ماڵی ئاخیرەت بۆ خۆپارێزان باشترە، ئایا بیر ناکەنەوە؟!

١١١ـ (پێغەمبەران لەسەر بانگ کردنی خۆیان و دوژمنانیش لەسەر دژایەتی خۆیان بەردەوام بوون) تا ڕەوانەکراوەکان بێ هیوا بوون و گومانیان کرد کە (تەنانەت ئەو چەند بڕوادارانەش) درۆیان لەگەڵ کردون، لەوکاتەدا یارمەتیدانی ئێمە دەچێ بە هاواریانەوەو هەرکەس کە بمانویستبا ڕزگارمان دەکردو سزادانی ئێمە لە هۆزی موجریم ناگەڕێندرێتەوە.

١١٢ـ لەسەر بهوری ئەوانەدا پەند وەرگرتن بۆ خاوەن مێشکەکان هەیە، ئەوانە چریکەی بە درۆ نەبوون، بەڵکو (وەحی ئاسمانییەو) هاودەنگ لەگەڵ ئەوە، لە پێش ئەو دایە (و لەکتێبە ئاسمانیەکانی پێشودا هەیە) و شەرح و ڕاڤەی هەر شتێک (کە پایەی بەختەوەری ئینسانەو) ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێ کە بڕواو ئیماندارن.

## راوەت‌و نوکتەی ورد و جوان جوان:

## زیندوترین دەرسی پەندو عبیرەت وەرگرتن:

لە ئایەتی ١٠٩ی ئەم سوورەتەداکە جێگای قسە لێ کردنی ئێمەیە، پێغەمبەری مەزنی ئیسلام راسپاردەیی، پەیدا کرد،کە ئاین و رەوشت و رێبازو خەتی خـۆی نیشان بدا، ئەوەیە خوا پێی فەرمووە : (بڵێ رێگاو رێبازی من ئەمەیە کە هـەموو کەس بۆ لای خوا بانگ بکەم، خوای تاقانەو بێچون و بێ هاوبەشە ـ قُلْ هٰذِهِ سَبیلی اَدْعوا اِلیٰ اللهِ).

لە پاشان دەڵێ: من ئەم رێگایەم نائاگایانەو لە روی تەقلیدەوە نەگرتۆتە بەر، بەڵکو لە رووی ئاگایی و بەسیرەتەوەیە، خۆم و پەیرەوانم هەموو خەڵکی دنیا بۆ سەر ئەم رێبازە بانگ دەکەین (علیٰ بَصیرةٍ اَنا وَ مَنِ اتَّبَعَنی)، ئەم رستە نیشان ئەدا کە هەر موسڵمانێک پەیرەوی پێغەمبەرە، بە نۆبەی خۆی ئـەبێ خـەڵک بـۆ لای خواناسی و حەق‌خوازی بانگ بکەن، ئەبێ بە قسەو بەکردەوە رێگای خواناسین بە خەڵک نیشان بدەن.

ئەم ئایەتە هەروا نیشان ئەداکە رابەر ئەبێ ئاگاو بیناو خاوەن بەسیرەت بێ و باش ئاگادارو وشیارو رێگاناس بێ، ئەنا ناتوانێ خەڵک رێنوێنی بکا بۆ لای حەق یا رزگاریان بکا.

لە پاشان بۆ تەئکید رادەگەینێ و دەڵێ: خوا یانی ئەو زاتەی کە من خەڵک بۆ لای ئەو بانگ دەکەم، پاک و بێخەوشەو لە عەیب وکەم وکوڕی بەری و دورە (و سُبْحانَ اللهِ)، هەروا بۆ تەئکیدێ زیاتر دەڵێ: من لە موشریکان نـیم و هـیچ هـاودەنگ و هاورەنگێ بۆ خوا دانانێم (وَ ما اَنا مِنَ الْمُشْرِکین).

لە راستیدا ئەمە لە ئەرک و ئەسپاردەی یەک رابەری راسـتینە کـە بـە ئـاشکرا بەرنامەو ئامانجی خۆی جـوان بـە راشکـاوی رابگـەینێ و هـەم خـۆی و هـەم

پەیرەوەکانی لە یەک بەرنامەی روون و دیاری کراو پەیرەوی بکەن، نەک هەرکۆڕ و تاقم و پۆلێک لەبەر بێ بەرنامەیی و سەر لێشواوی، بەلایەدا بڕۆن و توشی کەند و کۆسپ ببن و خەڵکیش ماڵ وێران و لاڕێ و هەناسە سارد ئاوارە بکەن و بە کوشتیان بدەن.

قەراردانی ئەم ئایەتە بە دوای ئەو ئایەتانەی کە لە بابەت یوسفەوەن،ئاماژەیە بەمەکە رێگاو رێبازی پێغەمبەریش لە هی یوسف پێغەمبەر جیا نیە، چونکە یوسف لە کونجی زیندانیش هەمیشە خەڵکی بۆ لای خواناسی بانگ کردووە.

چونکە هەمیشە نەزانان و بێ ئاگایان ئەم رەخنەیان لە پێغەمبەران هەبووکە بۆچ ئەوانە ئینسانن، بۆچ ئەو ئەرک و ئەسپاردە گرینگە نەخراوتە سەر شانی فریشتەو پەری، دیارە لە رۆژگاری پێغەمبەری ئیسلامیشدا ئەو جۆرە قسەو باسانە هەبوو، ئەوەیە لێرەدا قورئان وەلامی ئەو قسانەی داوەتەوەو دەڵێ (ئێمە هیچ پێغەمبەرێکمان بەر لە تۆ نەناردووە، مەگەر ئەوەکە ئەویش پیاوێ بووبێ لە پیاوانێ کە وەحیمان بۆ ناردون،کە ئەوانیش ئینسان و خەڵکی ئاوایی و شارەکان بوون وَ مآ اَرْسَلْنا مِنْ قَبْلِکَ اِلاّ رِجالاً نُوحىَ اِلَيْهِمْ مِنْ اَهْلِ الْقُرىٰ)، ئەوانیش وەکو خەڵکی تر لەم شارو ئاوەدانیانەدا ژیاون و ئینسانیشن.

تەعبیر بە (من اهل القری) بە لە پێش چاو گرتنی ئەوەکە (قریە) لە لۆغەتی عەرەبدا بە هەر ئاوایێ و شارێک دەوترێ و لە راست (بَدو) دایە کە بە بیاوان دەوترێ، ئەشگونجێ لە زیمندا ئاماژە بەمە بێ کە پێغەمبەرانی خوا قەت لە خەڵکی بیاوانشین نەبوون (هەروەک هەندێ لە تەفسیرنووسان رایانگەیاندووە) چونکە بیاوانگەرەکان زۆربەیان توشی نەزانی و دڵرەشی بوون و لە مەبەستگەلی ژیان و نیازی مەعنەوی کەمتر ئاگادار بوون.

راستە لە حیجازدا عەرەبی بیابانگەر زۆر بوون، بەلام پێغەمبەری ئیسلام لە

شاری مەکە کە لەو سەردەمەدا شاری گەورەو پڕ حەشیمەت بووە لە دایک بووە و گەورە بووەو هەروا راستە کە شاری کەنعان لە راست میسر دا کـە یـوسف لەوێ حوکومەتی گرتە دەس ئەونە گرینگ نەبووە. جا هەر لەبەر ئەوەیە کـە یـوسف لە بابەت ئەو دەڵێ: (بَدو)، بەڵام دەزانین کە یەعقوب پێغەمبەر و کـوڕەکـانی قـەت بیابانگەر نەبوون، بەڵکو لە شاری کەنعاندا ژیاون.

لە پاشان بۆ ئەوەی ئەوانە تێبگەن کە سەرەنجامی دژایەتیان لەگەڵ تۆدا کە بۆ لای خواناسی و خوا بە یەک زانی، بانگیان دەکەی و بەوکافرانەی رۆژگاری خۆی رادەگاو پێیان دەڵێ چاک وایە بڕۆن و شوێنەواری پێشینان و ئەوانەی وا بەر لەوان ژیاون سەرنج بدەن و بڕوانن کە چیان بـەسەرهاتووە (ئـایا ئـەوانـە بـە زەویـدا نەگەڕاون تا ببینن و بـزانـن سـەرەنجامی هـۆزی رابـردو چـلۆن بـووەو چـیان بەسەرهاتووە (أَفَلَمْ يَسيروا فی الأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كانَ عاقِبَةُ الَّذين مِنْ قَبْلِهِمْ)، کە ئەم سەیر و گەڕانە بە رووی زەویدا و دیتنی شوێنەواری رابـواردوان و وێـرانـی کۆشک و کاخ و کۆخەکانی گوند و شار کە لە ژێر ئازاری خوادا کوتراون بەسەر یەکەدا،باشترین دەرسە بۆ ئـەوان و بـۆ ئـێمەمانان، دەرزو پـەندێکی زیـندووەو مەخسوس بۆ هەمووکەسیش دەرکـ ئەکرێ و لە ئاخریدا دەڵێماڵی ئاخیرەت بۆ بڕواداران باشترە (و لَدارُالأَخِرةِ خَيْرٌ لِلَّذينَ اتَّقَوا)، چونکە ئێرە ماڵێکە پڕو تەژیە لە دەردو رەنج و کەندو کۆسپ، بەڵام ئەو لاپەڕە لە خۆشی و بێدەنگی و شـادی و هەمیشەیشەو بێ بڕانەوەیە، بەڵام ئێرە لە بڕانە.

لە ئایەتی ١١١یشدا ئاماژە بە یەکێ لە پڕ هەستترین و تەژی لە ئاژاوەتـرین سەردەمی ژیانی پێغەمبەران دەکاو دەڵێ: پێغەمبەرانی خوا لەسەر بـانگ کـردنی خەڵک بۆ لای خوا هەروا سوربوون و هۆزە لاڕێ و سەرکێشەکانیش هەروا لەسەر دژی و دژایەتی خۆیان بەردەوام بوون، تا ئەو شوێنەی کە پێغەمبەران لەوانە هیوا بڕ

دەبوون و تەنانەت وایان دەزانی ئەو چەند کەسەی خۆیان بە بڕوادار نیشان داوە درۆیان کردووەو بە رواڵەت خۆیان بە بڕوادار داناوەو ئەوانە لە ڕێبازی دەعوەتی خۆیاندا تەنیا باڵن و کەسیان لەگەڵدا نیە. جا لەو سەردەمەداکە لە هەموو شتێک بێ هیوا دەبن، یارمەتی و سەرکەوتن لە لایەن خواوە دەگا بە هاوارو بانگیانەوەو خوا دەڵێ: هەرکەسێکیش بمان ویستباو بە شیاویشمان بزانیبا رزگارمان دەکردن حَتّیٰ إِذا اسْتَيْئَسَ الرُّسُلُ وَ ظَنُّوا اَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُوا جآءَهُـمْ نَـصْرُنا فَـنُجِيَّ مَـنْ نَشآءُ) و لە ئـاخریدا دەڵـێ: (ئـازارو عـەزابدانـی ئـێمە لە هـۆزی تـاوانـبارو مـوجریم ناگەڕێندرێتەوەو بەرپەرچ نابێتەوە (وَ لا يُرَدُّ بَأْسُنا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمين).

ئەمە سوننەتێکی خوداییە کە تاوانباران دوای پاداگرتن و سـوربوون لەسـەر کاری خۆیان و بەستنی دەروازەکانی ڕێنوێنی بەسەر خۆیاندا بە کـورتی بـڵێن: دوای تەواوکردنی بەڵگە سزای خوا بە پەلەو بە لەز دەگاتە سەریان و هیچ کەسیش ناتوانێ بەرپەرچی بداتەوە.

لە راوەت و راڤەکردنی ئەو ئایەتەدا کە ئایا رستەی (ظَنُّوا اَنَّـهُمْ قَـدْ كُـذِبُوا)، لە بابەت چ کەسانێکەوە قسە دەکا، لە نێوان تەفسیر نووساندا دژایەتی هەیەو قسـە زۆرە.

ئەوەی رامان گەیاند، تەفسیرێکە زۆربەی زانا گەورەکانی تـەفسیری قـورئان، هەڵیان بژاردووەو کورتەکەی ئەمەیە کە کاری پێغەمبەران دەگەیشتە شـوێنێ کـە گـومانیان دەکـرد خـەڵک بـە تـێکڕا ئـەوان بـە درۆزن دەزانـن، تـەنانەت بڕوادارەکانیش یان لەسەر بڕوای دینی پەراستنەدەزانی.

هەندێکیش لایان وایە فاعل (ظنوا) بڕوادارانە، یانێ کەندو کۆسپ ئەوەندە زۆر بوو کە بڕواداران وایان بیر دەکردەوە، نەکـا بـەڵێنی یـارمەتی و سـەرکەوتێ کـە پێغەمبەران بەڵێنیان داوە وانەبێ و نەیەتەدی؟! دیارە ئەو جۆرە دوودڵیانە لە نـێو

موسڵمانان ئەونە دور نیە.

هەندێ دیکە وتویانە (پێغەمبەرانیش بەشەر بوون، لە کاتی تەنگانەدا کە چارەیەک نەدەماو هەموو دەروازەیەکیان بەسەرا،دا داخراو دەهاتە بەرچاو، دادو هاوارو ناڵەناڵی بێ تابشتی بڕوادارانیش ئەونەی تر زۆرو سەختی بۆ پێغەمبەران دەهێنا، بەڵێ ئا لە هەل و مەرجێکی وادا لەسەردەمێکی ناپایەداردا بە پێی سروشتی بەشەری،بێ ئیختیار ئەم بیرە بە مێشکیاندا تێدەپەڕی کە نەکا بەڵێنی سەرکەوتن بەدی نەیێ، یا بەڵێنی سەرکەوتن مەشروت بە شەرایەتێ بێ کە نەهاتبێتە دی، بەڵام زۆر زوو ئەم بیرە لە مێشکیان ئەچووە دەرێ، و بەرقی هیوا لە دڵ و مێشکیاندا گزینگی ئەداو دوا بە دوای ئەوە سەرەتای سەرکەوتن،خۆی دەنواندو بەڵگەش بۆ ئەم لێکدانەوەیان لە ئایەتی ٢١٤ سوورەتی بەقەرە، وەرگرتووە (... حتّیٰ یَقولُ الرَّسول والَّذین آمَنُوا مَعَهُ مَتیٰ نَصْرُاللـه)، هۆزە پێشینانەکان وەها دەکەوتنە تەنگانەوەو موچورکی لەرزو تاوتۆی ئەوانی دائەگرت تا ئەو شوێنە کە پێغەمبەرەکانیان و خودی ئەوانەی بڕوایان بەوان هێنا بوو، یەک دەنگ هاواریان دەکرد: کوا یارمەتیدانی خوا، بەڵام وەڵامیان پێ ئەدراوە کە یارمەتیدانی خوا نێزیکە: (اَلاٰ اِنَّ نَصْرَ الله قَریب). بەڵام ئیمام فەخری رازی لە تەفسیری کەبیریدا دوای گێڕانەوەی ئەم بیرورایە ئەمە بە دور دەزانێ.

ئاخرین ئایەتی ئەم سوورەتە نێوەرۆکی زۆر جامیعیێ هەیە کە گشت قسەو باسێ کە لەم سوورەتەدا رابوردی زۆر کورت و پڕو فشوردە لەوا کۆکراوەتەوە کە لە بەسەرهاتی یوسف و براکانیدا و هەروا لە هی ئەنبیا و پێغەمبەرانی رابوردو و هۆز و نەتەوەی بڕوادار و بێ باوەڕ دەرس و پەندێ گەورە بۆ گشت زانایان هەیە (لَقَدْ کانَ فی قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِاُولی الْاَلْباب)، ئاوێنەیەکە ئەتوانین لەو دا هۆی سەرکەوت، تێشکان، کامڕەوایی، ناکامی، بەختەوەری و بێ بەختی، سەر بەرزیو

خواری، بە کورتی بێژین: ئەوانەی وا لە ژیانی ئینسان و ئـەنزانـدا بـایەخدارەو ئەوەی بێ بایەخە لەوەدا بی‌بێنین، ئاوێنەیەکە کاکڵ و مەغزی هەموو ئەزمونێکی نەتەوە،پێشوەکان و رابەرانی گەورەو مەزن،لەودا دێتە بەرچاو، ئاوێنەیەک کە دیتنی ئەوە تەمەنی کورتی هەر مرۆڤێک بە ئەندازەی تەمەنی تەواوی مرۆوایەتی درێـژ دەکاتەوە!

بەڵام تەنیا مێشکداران و خاوەن مەغزو ئەندێشەکان ئـەتوانـن ئـەم نـەخشە عیبرەت هێنەرە لەم ئاوێنەدا ببینن و پەندی لێوەربگرن.

لە دوای ئەوە دەڵێ: ئەوەی وترا ئەفسانەیەکی سازدراو یا چیرۆکێکی خەیاڵی و درۆیین نەبووە (ما کان حَدیثاً یُفْتَریٰ).

ئەم ئایەتانەکە بۆ تۆ بە خەلات هاتووەو پەردەی لەسەر رووی مێژوی راست و دروستی رابوردوان لاداوە،سازدراوی بیرو مێشکی تۆ نیە، بـەڵکو وەحـی‌یەکـی گەورەی ئاسمانیە،کە پەراوە راستەکانی پێشو دەسەلمێنێ و شایەدی لەسەر راستی و دروستیان ئەدا (وَ لٰکِنْ تَصْدیقَ الَّذی بَیْنَ یَدَیْهِ)و ئەوەی مرۆڤ نیازی پێ‌یەتی و لە بەختەوەری و پێگەیشتنی ئینساندا سەروکاری هـەیە، لەم ئـایەتانەدا هـاتووە (وَ تَفْصیلَ کُلِّ شَیء). جا هەر لەبەر ئەمە هۆی رێـنوێنی‌یە، بـۆ لێکـۆڵەران و مـایەی رەحمەتیشە،بۆ هەموو ئەوکەسانەی بڕوا دێنن (وَ هُدیً وَ رَحْمَةً لِقَوْمٍ یُؤْمِنونَ)، ئەو ئایەتە،وەک ئەمە دەیەوێ بـەم نـوکتە گـرینگ و وردو جـوانـە ئـیشارە بکـا کـە داستانگەلێ ساختەگی جوان و دلڕوین،زۆرەو هەمیشە لە نێوان هەموو نەتەوەیەکدا چریکەو ئەفسانەی خەیاڵی مێشک راکێش زۆر بووە، نەوەک کـەسێ وا بـزانـێ بەسەرهاتی یوسف یا بەسەرهاتی پێغەمبەرانی تـر کـە لە قـورئاندا هـاتووە، لەو چەشنەیە.

گرینگ ئەمەیە کە ئەم بەسەرهاتە پەندهێنەرو تەکاندەرە، هەموو عەینی واقیعن

وکەمترین لارێی لە واقیعییەت و عەینیەتی دەرەوەیی لەو دانیەو جا هەر لەبەر ئەمە شوێن‌دانانی ئەوە لەسەر خەڵک زۆر زۆرە.

چونکە ئەزانین ئەفسانەی خەیاڵی هەرچەندە سەرنج‌راکێش و تەکان‌دەرو رێک و پێک کرابن، شوێن‌دانانی ئەوانە لە راست بەسەرهاتێکی راستەقینەدا زۆر کەمە، چونکە:

۱ـ کاتێ کە بیسەر یا خوێنەر بە جێگای بزوێنەرترینی باسی چریکەکە،دەگاو خەریکە تەکانێ بخوا، لە ناکاو ئەم بەرقە لە مێشکیدا ئەدرەوشێتەوە کە ئەمە لە خەیاڵ وگومانێ زیاتر نیە!

۲ـ ئەم بەسەرهاتانە لە راستیدا بەیانکەرەوەی بیروڕای داڕێژێنەری ئەوانەیە، ئەوەکە شیرەی بیرو هزر و ویستەکانی خۆی لە قاڵ وکردەوەی قارمانانی داستاندا دەنوێنێ، جا لەبەر ئەمە شتێ لە بیرو هزری یەک مرۆ زیاتر نیە.

ئەمە لەگەڵ یەک راستەقینەی عەینی زۆر جیاوازەو ناتوانێ زیاد لە پەندو مەوعیزەی بێژەری ئەوە بووبێ، بەڵام مێژووی واقیعی ئینسانەکان وا نیە، ئەمە زۆر پڕ بەرو بە پیت و بەرەکەتە،وەرێگا نیشاندەرە.

ئەی پەروەردگاری دەهندەو دڵاواو دڵلاوێن چاوی بیناو گوێی ژنەواو دڵ و مێشکی زانامان پێ بدە، تا بتوانین لە بەسەرهاتی پێشیناندا رێگای رزگاری خۆمان لە کەندو کۆسپ و ئاژاوەیەک کە تێیدا نوقم بووین پەیدا بکەین.

ئەی خوای دەهندە چاوی تێژبینمان بدەرێ،تا سەرەنجامی ژیانی هۆز و نەتەوەگەلێ کە دوای سەرکەوت لەبەر دژایەتی کردن لەگەڵ یەکداو لە یەک جیابوونەوە،گیرۆدەی دەردناکترین تێشکان بوون، ببینین و بە رێگای ئەوانەدا نەڕۆین.

خودایا دڵ و دەرونێ وامان بدەرێ کە پێ‌بنێین بەسەر دێو و درنجی نەفساو

مەعریفەتیّ وامان بدەریّ،کە ئەگەر سەرکەوتین بادی هەوا نەبین و لە خۆمان نەگۆردریّین،وەگوزەشت و لیّبوردنیّ وامان پیّ بدە کە ئەگەر یەکیّ دیکە باشتر لە ئیّمە کارو خزمەت دەکا،بەوی بسپیّرین، جا ئەگەر ئەمانەمان پیّ لوتف بکەی ئەتوانین بەسەر هەموو تەنگ و چەلەمەیەکدا زاڵ بین و چرای دۆستی و برایی و یەکیەتی و سەرکەوتن و نوری قورئان و ئیسلام لە دڵماندا هەڵکەین و نەیەڵین بکوژیّتەوە.

سەرچاوە: بۆتە رجەمە و تەفسیری قورئان بەزمانی کوردی و سەرچاوە بۆ تەرجەمە و تەفسیری سورەی یوسف : المصحف المفسر ـ تە فسىری جواهیر: تە نتاوی - تەفسیری کەشاف ـ تەفسیری تەبەری ـ تەفسیری کشف الاسرار. تەفسیری ارشاد العقل السلیم الی مزایا القرآن الکریم ـ تەفسیری گازر ـ تەفسیری نمونە ـ تە فسیری المنار - تەفسیری مصطفی المراغی ـ تەفسیری روح المعانی ـ تەفسیری ابن کثیر ـ فەتح القدیر - تەفسیری قرطبی ـ تەفسیری جلالین ـ تەفسیرالدرالمنثور ـ تەفسیری غرائب القرآن - تەفسیری صابونی ـ تەفسیری مفاتیح الغیب ـ الاتقان فی علوم القرآن بە عربی و فارسی - کلمات القرآن تفسیر و بیان ـ قرآن کریم تەفسیر و بیان مع اسباب النزول ـ تەفسیری فی ظلال القرآن ـ تەفسیری زین‌العابدین راهنما (شەپۆل).

THE INTERNATIONAL JOURNAL OF KURDISH STUDIES, VOL 12, NOS. 1 & 2, 1998

## Book Reviews

*Al-Quraan al-Karim, ba tarjama-ye Kurdi* (The Holy Koran with Kurdish Translation), translated by Muhammad Salih Ibrahimi. Calligraphy by Uthman Taha. Ramadan Ghom, Iran: Second Division of the Islamic Guidance Organization, 1417 A.H. (Winter 1997).1204 pp. (Available from SDIGO, Saziman-e Tablighat-e Islami, Stad-e 2, P.O. Box 937-37185, Ghom, I.R. Iran)

Now the Koran is also in Kurdish. Apparently the competition between religion and pol-
itics in our time was not far from the minds of the editors of the newly printed Koran,
which was translated into Kurdish in the holy city of Qum, Iran. The event was celebra-
ed, but cautiously and locali as is everything else concerning the Kurds. The epilogue
confirms in clear- cut phr the importance of the Kurdish translation in strengthening
Islam among the Kurds. Th main reason, or pretext, supplied by the editors is the exis-
tence of the Bible in K dish

## چلۆن بوو دەسم دایە وەرگێرانی قورئان بە

# زمانی کوردی

دەبێ بڵێم: لە ساڵەکانی ١٣٣٦ هەتاوی تا ١٣٤٠/٦/٢٥، دوای ئیجازە وەر گرتنی مەلایەتی، لە شاری مەهاباد، لە خانە قای نەهری شەمزینی بوومە ئیمامی جوعە و جەماعەت و مودە ریسی ئەویێ و دەرسی فە قیانیشم دادەدا و دوای ئەوەی لە تاران لەوەزارەتی زانین و فێرکردنی عالی شادەی مودە ریسی و ئیفتام وەرگرت، لە ساڵی ١٣٣٧ تا ١٣٤٠/٧/٢٥ لە فێرگەی مزگەوتی سوریش بوومە، مودەریس و لە هەمان کاتدا لە فێرەگەکانی ناوەندی مەهاباد، بەمێرمندالآن و لاوان دەرسم دەوت و ئێوارانە، دوای نوێژی عەسرلە خانە قای نەهری مەوعیزەم بۆخە ڵک دەکرد و دوسێ ئایەتی قورئانم وەک گوڵبژێر لە بەردە کرد و واتاو تەفسیرەکەیم ، بۆبەیان دەکردن، ئەم هە ڵبژاردنی ئایەتانە و واتاکانی، وەک جۆرێ فیشن بەندی،کۆم کردبونەوە، تالە ١٣٤٠/٦/٢٥کە لەرێگای تاقی کردنە وە، چومەزانکۆی ئیلاهیات و مە عارفی ئیسلامی لە تاران، دوای وەرگرتنی فەوقی لیسانس (مە جستێر) و خوێندنی دەورەی تەحقیقات عالی و دوکتوری، کە دەگە رام بولێکولینەو نوسینی تیزو پایاننامەکەم، لە پەراوە خانەکانی زانکۆ و تاران چاوم بەتەفسیرێ زۆرکەوت کە زانایانی سوننی نوسی بویان، منیش دەستم کرد بە تەرجەمەی قورئان بە زمانی کوردی و تە واوم کرد. بە تایبەت کە فیش بەندی یە کانیشم هەر لا مابون، بە لآم دەبێ بڵێم سێ روداوە، لە بیرم دابو، کە هەمیشە دنەی دەدام تا ئەم کارە راپەرێنم،

١ ـ کاتێ لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٦ و رێکەوتی ١٩٤٦ی زاین، چاوم پێکەوت کە رۆژنامە و سی پارەیێ زۆر، کە بە زمانی کوردی بون و لە ماڵە پێشەوا و ماڵانی دیکە هینایابویانە، چوارچرا و نەوتیان بە سەرداکردو جندرمەی حەمەرەزا پە هلەوی سوتاندیان، من لە سەرەتاوە، وام دەزانی ئەوە دوژمنی یە، لەگەڵ پێشەوا، دوایی بۆم رون

بۆوە ئەو، کارە دزێوە، دوژمنی یە، لەگەڵ زمانی کوردی.

٢ ـ لە کاتی فەقێیەتیمدا لەئاوایی یەک، بۆ دەسنوێژگرتن چومە سەرچۆمەڵە ئاوی بەردێ، تەماشام کرد، مریشکێک، هەروەک شێت، خۆی قرژدە کرد و هەر وەک گوڵۆڵە تۆپ خۆی دەدا بە نێو درِ ودالّی دەم ئاوەکەوە، وام زانی ماروجروجانە وەری خزوک و بزۆر و بزوک، جوجە لەکانی گرتووە و دەیخوا، چەن خرکە، بەردم هەڵگرتەوەو توند چومە دەم ئاوەکە، تەماشام کرد، وا جوجە لەکانی، لە نێو ئاوەکە، مەلێ دەکەن، لەوسەردە مەدا، وام دەزانی خاوەنی ئەم مریشکە، کارێکی ناسروشتی و ناخۆرسکی کردوە، دوایی زانیم، وەئەوەی فێر کردم، کە خوێندەوارو خاوەن قەڵەم ئەگەر بتوانێ شتێ بنوسێ یا بلێ، دەبێ بە زمانی زگ ماکی و دایکی خۆی بلێ یا بنوسێ، دەنا ئەگەر کورد، بێ مەبەستێ، بە عەرەبی یا فارسی یا بە تورکی بیلێ و بی‌نوسێ، وەک ئەو مامرو مرەی بە سەردێ و خێری بەرهە مەکەی، بۆ نامۆ و بێگانە دەبێ. جا هەر لە بەر ئەمەیەکە نیشتمان ویست و دڵسۆز حاجی قادری کۆیێ بە شیعر فەرمویەتی:

وەک مریشکێک کە بەختی نەهێنێ  بێتو جوجکەی مراوی هەلێنێ
هەر بگاتە کە ناری جۆگە لە یەک  نایە تە شوێنی، بمرێ جوجەڵە یەک
ئەم لە وشکانی ئەو لە ناوئاوە  تێ دەگا... درانی پێ ماوە

٣ـلەوسەردەمەی کە لەزانکۆ، خەریکی لێکۆڵینەوەو تیزنوسین بوم، کتێبێکم دی کە نوسی بوی، لە کاتی خوێدا (مارتین لۆتێر) ئینخبیلی هێنا بووە، سەر زمانی ئەلمانی، کەشەکان، بیانویان پێگرت کە تۆچلۆن ئینجیل، کە لامی خوات هێناوەتە، سەر زمانی ئەلمانی، قسەی خوا لەکۆێ و قسەی مرۆڤ لەکوێ، ئەم کارە کوفرە و مارتین لۆتیرێان سوتاندو کوشتیان، بە لاّم ئەلمانیەکە، کە لەگەڵ ئینجیل لێکدرابو، نەیان و ێرا لە نێوی بەرن، لە ئاکامدا، کە لە ئەلمان، چاپخانە پەیدا بو، ئەو تەرجەمەی ئینجیلەیان بە زمانی ئەلمانی لە چاپ دا، ئەوکتێبە نوسیبوی، لەو سونگەوە زمانی ئەلمانی بو بەزمانی دین، بوبەزمانی تیکنیک و بوبەزمانی علیم و سەنعەت، منیش ئەوسێ مەبەستەی، کە لە سەرەوە، رام گەیاندن، دنەی دام و قورئانم هێنایە سەر زمانی شیرین و تەرو پاراوی کوردی، تا قورئان ببێتە پشتیوانی زمانی کوردی و دژ و دوژمنانی کورد، نەوێرن بی

سوتێنن و زمانی کوردی، وە نوسە روشاعیری کورد، بۆخۆبن و زمانی کـوردی گـەشە بکاو بە لکو ببێتە زمانی عیلم و زانین و ببێتە زمانی تیکنیك و زمانی سەنعەت، بە هیوای ئەوروۆژە، بە کوردی و بە کورتی بلێم: بە و هەویایانە، قورئانم بەتەواوی بە زمانی کوردی تەرجەمە و تەفسیرکرد، تا چـاوم کـردەوە، وە کـاری تـەرجـەمەو تـەفسیری قـورئانم تەواوکرد، شۆرشی گەلانی ئێران سەر کەوت و کتێبێ زۆر، لە و لاتانی ئیسلامیە وە، هاتە تاران و لە نـومایشتگە، نـیشانیان دەدا و مـنیش لەوێ تـەفسیر گـەلێ، وە ك تـەفسیری جەواهیر (تەنتاوی)، ئەلمەنار، قورتوبی، ئەلمراغی و... دەس کەوت و جارێکی دیکە، وەرگێڕ دراوە کەم، لەبەر ئەو تەفسیرانە ویرستار کرد و لەبن هەندێ واتای ئایەتە کـان، نێوی تەفسیرە کەم بۆسەر چاوە، دەنوسی و ئەوسا بە (ئای بی ئێم) پیت چنیم کرد و دامە دەس تەراح و گرافیكسازێو بەوێنەی قورئانی هێنراوە سەر زمانی کوردی، بوێسـاز کردم، تا لە چاپی بدەم، هەندێ کوردی پولدار، لە وانەی کە خۆیان دو قامك لە خوار ئیمامی رەبیانی دەزانی، لە تاران دەهاتنە، دیدەنیم و منیش پیشنیارم پێ دە کردن، تا بە لکو بە خێری خۆیان لە چاپی بدەن، هەرچی بە گوێم دا، دە خوێندن، کە براچابن ئەمە. وە کو پارچەفرۆشی، فەرش فرۆشی، قەندو چا فرۆشی خێری ئەنیوژەنی و مـالیشـی بۆئێـوە، تێیدایە، ئێوە بچن وپرسیار بکەن، رۆژنییە لە تاران قورئان بـە تـەرجـەمەی فـارسی یـا بی تەرجەمە، لەچاپ نەدرێ، دیارە ئەگەر خێری مالی و دنیایی تێیدا نەبێ، ئەوانە، ئەو کارە نا کەن، دلنیابن، چون یە کە مجارە، کە لە ئێران قورئان بە زمانی کوردی چاپ دەبێ، فرۆشی زۆر دەبێ و خێری مالی و دراوی بۆ ئێوە زۆر دەبێ، سەرە رای خێری دینی و خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی، فایدەی نەبوو، دەیان وت: ئێمە تائێستا کـاری فەرهەنگیمان نە کردوە، دەترسین زیانی مالی بکەین.

دونێر donery زاناو بیروردی ئوروپایی دەلێ [گرینگترین هۆکە ئوروپا بـە نێـوی کیانی موتەجانیس و شوێندانەر، کە بە خوێدا هات و دەرکەوت و سەرکەوت بە مجۆرە بوون: ۱ ـ هەبونی زمانی لاتین ۲ ـ ئەدەبیاتی کون ۳ ـ روناك بیران یا ئێتێلجنسیا، کە لە سەدەی سێزدەی زایینی یەوە، لە زانکۆکانی هاووێنە دەسیان کـرد، بـە دەرس و وانـە گوتنەوە. منیش دیتم زمانو شیعری عەلی عەریری و حەکیم ئـەحمەدخانی، مـەلای

جزیری و بێسارانی و حەکیم مەولەوی کورد و حاجی قادرو... زاناو نوسەرو مامۆستای دەرس بیژی زانینگەو زاکۆمان هەیە، قورئانم هێنابە سەر زمانی شیرینی رۆژباوی کوردی، **تا زمانی کوردی ببێتە، زمانی قورئان و لە نێو خەڵکدا قیداسەت پەیدا پکاو** کەس نەوێرێ زمانی کوردی قەدەغە بکاو ئەوانەی هوگری قورئانن لە ڕێگای قورئان خوێندنەوە، باشتر هوگری زمانی شیرینی کوردی بن و لەو ڕێگا یەوە، زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێ.

دوای پرس و رالەگەڵ دۆستان وەختی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئاغای پەهلبود، زاراوی حەمەرەزا شاو وەزیری فەرهەنگی ئەو سەردەم، وەرگرت و قوئانە کوردی یەکەی خۆم و کتێبێ کە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی ئینجیلی وەرگێڕا بووەسەر زوانی کوردی کە لە ساڵی ۱۳۰۹ هەتاوی کڵێسەیێ لە شەقامی قەواموسەڵتەنە لە تاران بە ناوی مزگانی نەزانی بە کوردی بۆی چاپ کردبو و پێشەکییەکی وردی پڕواتای بەفارسی بۆ نوسیبوو بردم و چومەلای پەهلبود، لە پێشدا ئینجیلە کوردی یەکەم دادەسی و پێم وت:

ئەمە کلێسە لە چاپی داوە، دیارە خەڵکی کورد، کە ئەمە بخوێنێتەوە، هوگری بۆ دینی حەزرەتی عیسا پەیدا دەکا، منیش قوئانم هێناوەتە سەر زمانی کوردی تا خەڵکی باشتر لە قورئان حاڵی بن و لە سەر دینی خۆیان زیاتر سوربن، پەهلبود، فرە بە پلە چاوێکی بە سەر، پێشەکییەکەیدا، گێڕاو تەماشای کوردی یەکەیشی کردو دانیاو قورئانە کوردی یەکەی لێوەرگرتم و تەماشای کرد لە پاشان، لەسەر میزی بەردەمی خۆی داناو منیش وتم بۆیێ هاتوم لوتف بکەی بۆم لە چاپ بدەن، لەوە لاَمدا وتی: ئێمە ناتوانین قورئان بە کوردی لە چاپ بدەین، چونکا کوردی گویشە (: بن‌زارە) ئەگەر قورئان بە کوردی لە چاپ بدرێ‌و بلاو ببێتەوە، کوردی پڕهێزو قەوی دەبێ‌و ئەوەیش زەرەر و زیان بە زمانی فارسی دەگەێنێ‌و هەرچی شێرو ڕێویم بۆهێنایەوە کەڵکی نەبوو بەدڵ ساردی لەلای هەستام و لێمداروێشتم.

شوکر بۆخوا بە پێی پەروەندەی کلاسە ۴۸۱/۴/۸۲ و ژمارەی دادنامەی ۲۵۶ شوعبەی ۳ دادگای تەجدید نەزەری ئویستانی تاران لە ۱۳۸۵/۶/۷ هەتاوی مەتەئیید نەزەری کارناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری (عەلی بیانی فەڕ)، ریشتەی کێتب و

کتێبداری و بە ریعایەتی مەوازینی شەرعی و قانونی و تەشریفاتی دادرەسی بە ئیستینادی ماددەی ۳۵۸ قانونی دادگای بەدەوی ستادی مەنتەقە ۲ سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی مەحکوم و رای قەتعی دراوە و جێی قسە نەماوە. جێی ورد بونەوە یەکە کارناسی (عەلی بیانی فەر) لەراپورتی ۸۱/۱۰/۳ خوێندا، بە پێی نامەی ژمارەی ۳/۲۳۵۱۳ مورەخەی ۷۹/۵/۲۰ کە تاریخی ئیمزاکەی ۷۹/۷/۲۶ یەکەلە لایەن سازمانەوە بە تیژاژی ۱۰۰۰۰ دانە ئیجازەی چاپی ئەو قورئانە کوردی‌یە بە بلاوکی ئاداب لە چاپخانەی جیهان لە مەشەهەد، ئەملاولا دراوە، هەروا رای گەیاندوەکە غەیرە موجاز لە چاپخانەی پیروز و هەندیٚ کەس لەم لاو لەو لا لە چاپ دراوە و لە جەلەسەی ۸۱/۹/۲۵ لە قوم ئەوەیان راگەیاندوە و کارناس رایگەیاندوە ئەو قورئانە بە زمانی کوردی ۴ جار لە تیراژی ۵۰۰۰ و ۳ جار لە تیراژی ۱۰۰۰۰ جەڵد، کە بە تیکرا لە ۵۰۰۰۰ نوسخە لە چاپ دراوە و سازمان مەجبور بووە بە پییٚ سەنەدی کەتبی دیان بەو پەنجا هەزار چاپ کراوەدا بنیٚو هەروەها کارناسی ناو براو ئەوەکە **واتای ئایەتی ٦ سورەی مائیدە لە** بابەت وضو ودەسنوێژەوە لە چاپی ئەوەڵ بە پێی بیروبڕوای موتەرجیم ئاغای دوکتور محەمەد صاڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) ئوستادی زانکۆی تاران کە ئەهلی تەسەنونە، لە چادراوەو لە چاپی دوەمدا، واتاکەی گۆڕدراوە و لەگەڵ چاپەکەی ئەوەڵ یەک ناگرێتەوە مافی وێراستاران نەبووە کە خۆیان بە ناو بە موحەقیق داناوە، ئەوان، نە شەرعەن نە قانونەن حەقی دەسکاری واتای ئەو ئایەتەیان نەبووە و لە باتی ئەوەی خۆیان بە شێوەی بیروڕای خویان قورئانیان تەرجەمە بکردایێ نەک دەس لە سەرمایەی فیکری موتەرجیم بدەن. عەلی بیانی فەرکاناسی رەسمی وەزارەتی دادگوستەری ریشتەی کتێب و کتێبداری ۸۱/۱۰/۳ ژمارەی نامە ۸۱/۵۴ مۆر و ئیمزا.

**دیتم ئەو هەمووە زەحمەتەم کێشاوە و دراوم تیاخەرج کردوە، کە چی‌لە سەر دەستم هەروا ماوە، شەوێک لە شەوانی هەینی، دە سنوێژم گرت و دەستم کرد بە نوێژ کردن و پارانەوە لە خوا، و تم: خوایە ئەگەر ئەم تەرجەمە و تەفسیرە، بە زمانی کوردی بۆنە تەوەی بە شخوراوی کورد، خێری تێیدایە، هۆی چاپی بە دی‌بهێنە، بۆسۆزیا جەناب سەیید کازم موسلیح ژارابادی، کە لە کۆواری ئاوێنەی کوردی، کاری دەکرد،**

هاتە دیدەنیم و دوای قسەو باسێکی زۆر، فەرموی بیدە بەمن، تا لەرێگای ئاوێنەوە، بۆت لە چاپ بدەین، منیش نوسخە یەکی زیراکس کراوم پێ داو ئەویش دابوی بە سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی (ستاد منطقە ٢ کشوری) ئەوانیش دوای ١٠ساڵ هێنان و ئەم دەساودەس پێ کردن، سەرەنجام لەساڵی ١٣٧٦ زۆر رەنگین و جوان لە چاپیان دا، منیش کە خواخوام بو، لە چاپ بدرێ، قەرار دادم لەگەڵ نە بەستبون، دوایی، دیتم ئەوان بازرگانی لەسەر دەکەن و لە ئوروپا بە ١٨ تا ١٩ هەزارتەمەن، لەئێران ٣ تاحەوت هەزار تمەن فرۆشراوە و هەروەکو بیستبوم لە سوری یە، فوتۆکوپی ئەوەیان بەپەنجا هەزار تمەن فرۆشتبو، لە ئەمریکا بە ٢٢٠ دولار کریبویان، (گۆیا لە بەر ئەوە فرۆشیاران وا بەگرانیان فرۆشتبو، (ستاد منطقە ٢ کشوری) لە چاپی دوەم مۆری کردبو، زیاد لە ٣ هەزار تمەن فرۆش حەرامە.) منیش گوتم: راستە، من قەراردادم لەگەڵ ئێوە مۆر نەکردوە، بەڵام مافی ئەوەم هەیە لەفرۆشەکەی بەشم بدەن، ئەوانیش دەیانوت: تۆ دەبێ پارەیێ بە دەس خۆشانە، بە ئێمە بدەی کەوا جوان و رەنگین لەچاپمان داوە، تاهەواڵم زانی، کەبێ پرسی من، بۆجاری دوەم لە چاپیان داوەتەوەو لەم چاپی دوەمەدا، واتای ئایەتی ٦ ی سورەی مائدە لەبابەت دەسنوێژگرتنەوە، گۆریوە و دەستیان تێ وەرداوەو لەگەڵ چاپە ئەوەڵەکە، یەک ناگرنەوە وزۆر لێک جیان، دیارە چون بێپرسی من، ئەم گۆرانە، روی داوەو بە بێ ئاگاداریمن ، ئەم کارەیان کردوە، من خۆم بە بەرپرس نازانم، چون بێ تاوانم، جادوای پێزانین لە ١٣٧٧/٨/٩و ریکەوتی ٣١ ئۆکتوبری ١٩٩٩ ی زاینی شکایەتم لێکردن و ئەم ئاگاداری نامەیشم بڵاوکردەوە:

> هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ
> رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

پێرست پەرە


چریکەی حەزرەتی یوسف ........................................ ٣
سورەتی موبارەکەی یوسف ........................................ ٩
نەخشی چریکە و چیروک لەژیانی مرۆڤدا ........................................ ١١
شیعر و هۆنە ........................................ ١٦
نوری هیوا و سەرەتای گیرو گرفت ........................................ ١٧
شیعرو هۆنە لەکۆبەدا ........................................ ١٨
نەخشەگە لێ کە بۆتیا بردنی یوسف کێشرا ........................................ ٢٨
تەفسیر و لێکدانەوە ـ شانۆگێری شۆفاری ........................................ ٣٥
گزی و فزی دژو دوژمنان ........................................ ٣٩
نیازی خۆرسکی مرۆڤ بە سەرگەرمی سالم ........................................ ٤٠
ئەمەیە ........................................ ٤١
لە ژێر سێبە روسەرنجی باوکدا ........................................ ٤٢
نە تۆڵە ئەستاندنو ........................................ ٤٤
تە ڵقینی دژ و دوژمن ........................................ ٤٤
ئاخرین نوکتە ........................................ ٤٦
هۆنە ........................................ ٥٣
بەرەو شاری میسر چون ........................................ ٥٦
راوەت ........................................ ٥٩
نوکتەی جوان و ورد ........................................ ٦٤
راوەت کردن ........................................ ٦٩
شیعر ........................................ ٧١
مەبەست لە بورهانی پە روە ردگار چی‌یە ........................................ ٧٦
نوکتە ........................................ ٧٨

پیرست پەرە

پاداشی چاکی و بێخه و شی ........................ ۷۹
مه تانەت و عیفەتی بەیان ........................ ۸۰
نوکتە بەر چاوەکانی... ........................ ۸۲
هۆنە ........................ ۸۴
پشتیوانی کردنی.... ........................ ۸۷
راوەت کردن ........................ ۹۰
دوای ئەوەی... ........................ ۹۶
شیعر ........................ ۹۶
راوەت ........................ ۹۷
شیعر ........................ ۹۹
راوەت ........................ ۱۰۲
هۆنە ........................ ۱۰۹
توپاک و چاک... ........................ ۱۱۳
راوەت ........................ ۱۱۴
چەن نوکتە ........................ ۱۲۰
راوەت ........................ ۱۲۳
چەن نوکتە ورد و جوان جوان ........................ ۱۲۵
راوەت ........................ ۱۲۹
چەن نوکتە ........................ ۱۳۲
راوەت ........................ ۱۳۷
چەن نوکتە ........................ ۱۳۹
بە لوتفێک ئەزانم ........................ ۱۴۱
هۆنە لە کۆبەدا ........................ ۱۴۵

پێرست پەرە

نوکتە ........................................ ۱۵۱
سەرەنجام........................................ ۱۵۵
نوکتە ........................................ ۱۵۸
چلۆن یاقوب ........................................ ۱۶۰
راوەت و نوکتەی جوان جوان ........................................ ۱۶۲
نوکتە ........................................ ۱۶۶
وەسوەسە و قانە قدیلە........................................ ۱۶۷
گرینگی زانین ........................................ ۱۶۸
ئایا دایکی یوسف ........................................ ۱۶۹
ئەولاف زەنانە........................................ ۱۷۱
سەرچاوە ........................................ ۱۸۴